# چوار نامیلکەی دوکتور عەلی شەریعەتی

## وەرگێڕانی: هەژار موکریانی

هەولێر: چاپی ئاراس ـ ساڵی ٢٠٠٧

# ناوەڕۆک

یەک؛ لە پەنای خاڵ و سیفری بێبڕانەوە .................................................................... ١
ئارێ برا، وا ڕابرا.................................................................................. ٢١
عیرفان، بەرانبەری، ئازادی ........................................................................ ٥١
دایە! باوە! کێ خراوە؟............................................................................ ٩٥

# یەک؛ لە پەنای خاڵ و سیفری بێبڕانەوە

خوێنەری بەنرخ و هێژا!

ئیمام عەلی ـ دروودی خودای لە سەر بێ ـ فەرموویەتی: مەڕوانە وێژەر کێ بووە؛ وێژراوەکە بخە بەرچاو! واتا: قسەی باش وەرگرە و گوێ مەدە کێ گوتوویەتی!

ئەم نامیلکەی دوکتور عەلی شەریعەتیت پێشکەش دەکەین، بێخوێنەوە! وەردیدەوە! وردیکەوە! لێی ورد بەوە! ئەگەر بەهرەی پێگەیاندی و شتی باشی تێگەیاندی، ماڵی ئاوا. بەرهەمەکانی تریشی لێ وەخوێنە و بەهرەیان لێ هەڵکرێنە! دەنا بەو یەکە واز بێنە و کەسمان لە کەس!

هەژار

موسوڵمانانی ڕووناکبیر، ئەبێ بە شەش ڕاوێـژ، دەگەڵ شـەش دەسـتەدا بـدوێن، ڕوونـاکبیرانی لاوەکـی، برایانی هاوئایینمان لە دەورەوە، ڕەش و ڕووتی شارستانی، گوندنشینان، چینی ژنان، تازەلاوان.

***

ئەم نامیلکە هەوەڵ دەرسە بۆ سێ دەستە:

تـازەلاوان، کەوا تـازە بـای بـاڵ دەدەن؛ بـۆ ئەو پیـاوە زلانەیە کە هەر منـداڵانە دەژیـن؛ بـۆ سەرمەشـقی نووسەرانی خۆماڵییە.

منداڵەکانمان دەیزانن:

پیاوی هەژار، پیاوی بێهێز ـ با چاکیش بێ، با پاکیش بێ ـ بەرچاو نییە. نەدار سووکە لە بەرچاوان؛ ناخرێتە ناو ڕیزی پیاوان. کەس فەقیری پێ پیاو نییە. بەڵام هەرکی خاوەن زێڕە، خاوەن زۆرە، ئەگەر پیسە، ئەگەر ڕەشە، ئەگەر بۆرە، لە بەرچاوان زل و زۆرە. دەراوی دەمی ناخۆش بێ، دەمپیس بێ، جنێوفرۆش بێ، دەڵێن پیاوێکی زۆرزانە؛ لفت خۆش، گفت ڕەوانە؛ قسەی جوانە؛ کاری جوانە؛ شارەزای شارەزایانە.

باری گەلانیش هەر واسە:

ڕۆژێ کە ئیسلام باوی بوو، لە ناو گەلاندا ناوی بوو، زێڕی هەبوو، زۆری هەبوو، چی بیگوتا، هەر ئەوە بوو. مامۆستاکانی ڕۆژاوا ـ لە فێرگە، لە زانستگایان، لە ناو کۆڕی کەیخودایان ـ کاریان لاسای موسوڵمانان بوو؛ دابی ئەوانیان پێ جوان بوو. کەوای شۆڕیان دەبەر دەکرد؛ عەمامەیان لە سەر دەکرد؛ ئەدای ڕازی و ئەبووعەلی و دینەوەریان و غەزالی و کێ و کێی دیکەیان دەردێنا. چۆن ئێستا مامۆستاکانمان ـ کە نەدارین ـ لاسای ئەوان دەکەنەوە؛ قەرزی کۆنە دەدەنەوە! لە جێژنەدا کڵاوی لەنگەری لە سەر؛ جبەی قۆڵ فش و فۆڵ دە بەر؛

ئەدای ڕۆژاوا دەردێنن؛ ئورووپاییانە دەنوێنن!
دەس ڕەنگینانی خاچ پەرست کە دەسکردێکیان ڕێک دەخست، فێڵیان دەکرد. مۆری «اللـە»یـان لـێ دەدا؛ ڕەنگی ئیسلامیان پێ دەدا. تا وابزانن ئەو کارانە هی وڵاتی موسوڵمانە؛ کاری شـام و بوخـارایە؛ کرگـاری بەڵـخ و بەغـدایە؛ ئەسـتەنبووڵە، تووسـە، ڕەیە؛ کـاری وەسـتای غرنـادەیە. تەنـانەت خـاچی گەردنبەنـد «الله»یەکیان لێ هەڵدەکەند. ئەوا ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی بـارکەوتوو، لە نـاو گـوێچکەی گـادا خەوتـوو، «made in» لە دەسکاریان دەدەن. لاسای ڕۆژاواییان دەکەن.
***
بوو بە شەڕی خاچ پەرستان؛ دوو هۆردوو بەرانبەر وەستان. پێک هەڵپڕژان؛ تێک هەڵچڕژان. یەکیان گـرت خاچ پەرست و جوو. ڕیزی دوژمنان پتەو بوو. ئیسلام لێک جودا بـوونەوە؛ بەرەو نەزانـی چـوونەوە. سـڕ بوون؛ بوونە ماران گەستە. بوون بە سەد تیرە، سەد دەستە. تێک بەربوون و پێک وەربوون؛ بە جارێـک بـێ سەر و بەر بوون.
شیعە و سوننی، تورک و عەرەب، فارس و تورک، تورک و بەڕبەڕ، لە هەموو لایەک بوو بە شەڕ. هـاودین بە هاودینی دەڵێ: من دادەمەزرێم، تۆ هەڵێ!
هەر یەک لەوانەش پێکەوە ـ خۆبەخۆیی، بە نامۆیی ـ شەڕ و هەرا و قیڕەیانە؛ گیڕەیانە. هەر لە شیعە چەنـد تیرە هەس؛ هیچ کەس ناپێوێ بە ڕبەی کەس:نیعمەتی، سـۆفی، حەیـدەری، شـێخی، ئەمەل، باڵاسـەری، پایین سەری، یەکێ دوازدەیی، یەک هەشتە. زۆری دیش هەن. تەنانەت بابی و بەهاییش، عەلیەڵڵایـیش لە مەیدانان هەرایانە! داوایانە!
سوننی چوار مەزەب، هەزار توێ، هەمووی شیر لە یەکتر دەسـوێ؛ بێ تـام و خـوێ. سـۆفی، دەروێـش، قـادرییە، چەشـتی، نەخشـی، سـۆرەوەردییە، نووربەخشـییە. هەر یەکەی چەنـد لکـی هەیە. پـێکەوە مشت ومڕیانە؛ لێکدان و قڕەقڕیانە!
جـاران حەفتـا و دوو تیـرە بـووین، ئێسـتا لە حەوسـەد زیـادترین؛ لە هەمـوو دەم

بەربادترین.
ئیسلام گوتی: خودا یەکە؛ قورئان یەکە؛ قیبلە یەکە. کەچی ئێمە هەزار خودا دەپەرستین؛ بۆیە پەستین؛ بۆیە بە دوژمن ناوەستین. هەزاران ڕووگەمان هەیە: گـۆڕی هەر ئـیمامزادەیەک، بارەگـای هەر شـێخزادەیەک، شەخس، نەزەرگە، قسنە کۆن ـ ڕاسـت یـا درۆن ـ جـێ چلـدانە و نیازمـانن؛ پێکهێـنەری داخوازمـانن. کاولەکۆن، ئێسقانی ڕزیو، داتەپیو، پواو، هەڵوەریـو، لە چۆڵگـان، لە دێ، لە شـاران، بـوونە جـێ هانـا و هەواران.
چاووڕاوکەرانی دەس‌بڕ، بە قسەی پڕوپووچ و بن‌شـڕ، خـودای پاکیـان، خـودای تاکیـان لە بیـر کـردین؛ سوژدەیان بۆ خاک پێ بردین. کانگای مێشک و بیریان دەردراین؛ تێکیان وەرداین، تێکیـان بەردایـن. لە بەر شەڕی خۆبەخۆیی، لە بەر بێ ڕاهێڵ و پۆیی، کز بووین؛ زەبوون بووین؛ تێدا چووین؛ دەتگوت نەبووین!
مەغول هات سووتاندی؛ بردی؛ کوشتی، کردی هەرچی کردی. سەرێک ما ئەوسا بۆی دەرچوو. دەورانی چەنگیز بە سەر چوو. بەڵام ئێمە، ئێمەی خەوخەو، بێهۆش، کەلەلا ڕۆژ و شـەو، لە سـەر موجتەهیـد، لە سەر شێخ، لە سەر دەف، لە سەر زەرگ و مێخ، شەڕمان، گەڕمان ئەنایەوە، ئاوڕمان نەئەدایەوە.
تا فەرەنگ هات. چ بوون فەرەنگ؟ مرۆخۆرانی بەرچاوتەنگ. بە فێڵ، بە جەنگ، قاویان کـردین؛ ڕاویـان کردین؛ چاویان بەستین. لەو ساوە ناتوانین هەستین؛ سست و پەستین.
ئێمەی لە گوێی گادا خەوتوو، بە سەدە و ساڵ، مانگ و حەوتوو ـ هەر کۆست کەوتوو ـ سـەرمان کاسـە؛ هەر نەمانزانی چ باسە. لە شوێن کۆنەکێلان وێڵین؛ زورک و ڕەقەنان دەکێڵین. کێشەی کۆنمان ژیاندۆتەوە. تۆوی شەڕمان چاندۆتەوە. با شەن دەکەین! دڕوو دەدرووین! بە سەرڕەو بەرەو پاش دەبزووین.
فەلە زل بوون؛ جوو بوو بە شت. بەشی ئـێمەش: هەر قـت، هەر فـت، هەر گزوفـت. ئەوان بە پیتـۆڵی و گزی، زۆریان هێنا، زێڕیان دزی. دژ دامایین بە لەڕی و کزی!

نامۆ بوونە داگیرکەرمان؛ پاروویان ڕفاند لە بەرمان؛ بوونە کەیخودا لە سەرمان. ئەوان ئاغان، ئێمە ژێردەست؛ ئەوان دەسدار، ئێمە بێدەست. بە عەزرەتەوە دەڕوانین؛ خۆمان زۆر بە کەم دەزانین. فەرەنگی جوانە! زۆرزانە! کەی ئەو وەکوو مەمانانە؟!

ـ ئێمە چین؟

ـ چینی هەژارین. ئەوان ڕاستن، ئێمە خوارین؛ نالەبارین. هەژار زاناش بێ، نەزانە. دارا شوورەییشی جوانە.

وا بەرەی پێگەیشتوومان ـ بە ناخێر ـ تێگەیشتوومان، شتی خۆی لە لا دزێوە. هەر لە جێوە، بە سەد شێوە، ئەدای فەرەنگی دەردێنێ؛ وە زوان ئاغا ئەماندوێنێ. بۆتە مەیموون لاساکەرە؛ «بەلاش گۆشتی سەر چەپەرە».

ئاغاش هەر ئەوەندی دەوێ بازاڕای لە برەو نەکەوێ. گەرەکیە ئەدای دەربێنن؛ خۆی چی ئەکا وا بنوێنن. کارەکانمان، شارەکانمان، نووسەرانمان، خۆنەرانمان، پیاوی پیتۆڵ و چازانمان، حاڵمان، باڵمان، ژیانی ناو ماڵ و مناڵمان، ژنمان، پیاومان، گشت و خاومان، تەنانەت لەقەم و ناومان، دەمەلاسکەیەک لەوان بێ؛ تا کلیلمان هەر بەوان بێ!

بەڵێ داگیرکەرەکانمان، ڕزق و ڕۆزیبەرەکانمان، نایانەوێ خۆ بناسین. تا وا کاسین، بۆ وان خاسین. ئەوان دەترسن تێبگەین؛ لە داو بەربین و پێبگەین. تا بێ فکر و بیرنەبەرین، تا لە خۆمان بێخەبەرین، بۆ وان مانگاین، ئەسپین، کەرین، بارەبەرین. شیرمان دەخۆن؛ بارمان دەکەن؛ سوارمان دەبن؛ غارمان دەدەن؛ لە سەد بەرد و دارمان دەدەن.

ـ تا دەخۆی بخۆ! قەڵەو بە! بۆ کاری بێگار پتەو بە!

ـ ئەبینی؟

ـ هیچ!

ـ ئەژنەوی؟

ـ هیچ!

ـ چ دەبینی؟

ـ بەژن و باڵای ڕێکی ئاغا لە وەتاغا؛ لە قۆناغا. ژن و ئەسپ و سامانەکەی، جامانەکەی، تەشک و داو و دامانەکەی!

ـ چ دەژنەوی؟

ـ لاف و گەزاف و چاوەڕاو، باسی گۆشتاو، باسی پڵاو، چەند شات و شووت، گفتی چرووک، قاقای بڵحانە، قسەی سووک!

ـ خۆت خەریک کە بە دەرەوە! تەنیا هەر بیر مەکەرەوە! تێمەگە چۆن دزی دەکا؛ گزی دەکا!

دێ و دەچێ بێهەست و چرپە؛ بەبێ خورپە؛ وەکوو مام ڕێوی؛ وەک گورپە. لە جووجەڵان دەرفەت دێنێ، بیر و مێشکیان لێ دەڕفێنێ؛ بە کەیفی خۆی ڕایاندێنێ.

ئەگەر گەورەکان تێناگەن، مێشکیان بەتاڵە و پێناگەن، با لاوەکانمان وشیار بن؛ دوژمن بناسن، بەکار بن؛ با هاوکار بن. لە لاسایی خۆ ڕزگار کەن. لە داگیرکەر خۆ قوتار کەن. با ئازاد بن؛ با ئازا بن. پیاوی خۆ بن؛ پیاوی خوا بن. لە هەقخوازی ڕانەوەستن؛ تەنیا پشت بە خوا ببەستن. هەر یەکە شیاوی پەرستن. هۆی بوون و مان، ئەو یەکەیە. ئیتر هەرچێکی تر هەیە، خاڵە لە پەنا ئەو یەکە: خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە.

عەلی شەریعەتی

## یەک

## لە پەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە

یەکێ هەبوو، یەکێ نەبوو    جگە لە خوا هیچ کەس نەبوو
هیچ هەر نەبوو
ئەو خوایە تاک و تەنیا بوو    دلۆڤان و دڵاوا بوو
دەیدی، دەیبیست، جوانی دەویست
وازی لە کاری ڕەوا بوو
بێکاری لا پەسند نەبوو    نالەباری پێ ڕند نەبوو
لە نەبوون خۆشی نەدەهات    حەزی دەکرد لە بوون، لە هات
خودا لاگیری هونەر بوو    دروستکار و داهێنەر بوو

با بزانین ئەو خوایە چی کرد؟
هەوری سازدان گەواڵ‌گەواڵ    بەری دانە هەوای بەتاڵ
گەواڵە هەوری لە چی کرد؟    لە دەنکە تۆزقاڵی زۆر ورد
ئەو دەنکە تۆزقاڵەی کۆمن    وردیلەی هێزی ئەتۆمن

هەر وردیلەی خۆرێک لە ناو         بە ئەستێران دەورە دراو
لەو خۆرە چەرخ و خولیانە
***
سروەی تەکاندەر ئەنگووتن         گەواڵە هەور بزووتن
وەک چی؟
وەک دووکەڵ، وەک گێژاو         وەک گێژەڵووکەی زۆر بەتاو
ئاورینگی هێنان بە گوڕ بوو         بەرهەمی بڵێسە و گڕ بوو
گڕ کۆوە بوو لە دەوری خۆ         بنیادەم ناوی لێ نا: ڕۆ
ڕۆژیش ئەتۆمی گەورەیە         چەند ئەستێرەی لە دەورەیە
بە دەور و بەریا خول ئەخۆن         هەر خودا دەزانێ چەند و چۆن
***
بناغەی ژیان دامەزرا         لە زەریا، لە بەژ، لە مەزرا
قەوزە ڕوا، گیا دەرکەوت         دەوەن دەرهات، دار سەر کەوت
چڵمۆکە گیانی هاتە بەر         دنیا پڕ بوو لە جانەوەر
جانەوەرێکیان مرۆیە         هەنبانەی ڕاست و درۆیە
چاکیان هەیە لە باش چاتر         هەیشە لە شەیتان خراتر
***
ـ ژین لە چییە؟
ـ ئاوێک، تۆوێک
تۆمی گیایەک لە ژێر خاکا، زۆر هەڵناکا
سەر دەردێنێ، شین دەنوێنێ

دڵۆپێک ئاو:

پزە، ساوایە، منداڵە    لاوە، سەرەیە، پاتاڵە
لە هەڵسووڕ و داسووڕدایە    ئەویش وێنەی دار و گیایە
چرای ژینی دەگوژێتەوە    لە خاکا سەر دەنێتەوە
تۆمەکەی هەڵدەداتەوە    ژیان دەس پێدەکاتەوە

ژیانیش هەر لە خولدایە
ئاوات و نیازی خۆریەتی
گیاندار یەکێ یان هەزاران
لە ڕێی ژین و بووژانەوە    ساڵ و مانگ بەبێ سانەوە
بە دەوریدا سەرگەردانن    وچان و پشوو نازانن
دەڕوێن، دەڕۆن، دەڕوێنەوە    دەگوێن، دەپوێن، دەتوێنەوە

***

یەکێ هەبوو، یەکێ نەبوو    جگە لە خوا هیچ کەس نەبوو
هیچ هەر نەبوو
دنیا لە نەبوو هاتە دی    هەوای بەرز، زەوی نەوی
ڕۆژ و ئەستێرەی بێ ژمار    بەرەی گیاندار و گیا و دار
نەدیار و بەرچاو، هەرچی بوون    بێ وچان و پشوون، دەبزوون
بەرەو کوێ؟
بەرەو مردن و ژیانەوە    وشک بوون و هەڵدانەوە
ڕۆژ و شەو، تاریک و ڕوونی    گەش و سیس، بوون و نەبوونی

گەمیەی جیهان لەنگەری گرت     خانووچکەی ژیان سەری گرت
زەوی، عاسمان، توێ لە سەر توێ     پانایی لە کوێ هەتا کوێ
بێ گیان و گیاندار، گچکە و زل     زەمەند و مێرگ و پنج و قل
وردیلە و درشتە و ناوەند     ڕووبار و دەریای خوڕ و مەند
کورت و درێژ و پەل و قووڵ     بێ‌وچان کەوتنە جم‌وجووڵ
هیچی وچان نادا تاوێک     خول دەخۆن بەرەو هەتاوێک

***

تۆ بڕوانە! هەموو شتی ئەم جیهانە
ئەگەر سڕە، ئەگەر چڕە     ئەگەر واڵا، ئەگەر پڕە
گشتی خڕە!
مانگ و خۆر، زەوی، ئەستێرە     هەزار هێندەی تر بژمێرە
ئاتۆم، گلووی خوێن، تۆم و بەر     بژمێرە لە هەژمار بەدەر
گەر بەپەلەن، گەر لەسەرخۆن     جەغزاوجەغز دێن و دەڕۆن
خاک و ئاو بە شار و دێوە     ئەگەر دەشتە، ئەگەر کێوە
ئەگەر گیا، ئەگەر گیاندارە     شەو و ڕۆژ، سبە و ئێوارە
هەموو دەم و کات و ساتێک     هەموو چاخێک، هەموو کاتێک
بە ساڵ، بە مانگ، بە ڕۆژ، بە شەو     جەغزاوجەغز کەوتوونە ڕەو
ڕوو بە هەتاوی خۆرێکن     گشتیان لە خولدان جۆرێکن

***

یەکێ هەبوو، یەکێ نەبوو     جگە لە خوا هیچ کەس نەبوو
هیچ هەر نەبوو
بڵند هەبوو، نەوی هەبوو     عاسمان هەبوو، زەوی هەبوو
ئەستێرەی زۆر و مانگ و خۆر

فەزا زۆر پان و بڵاوە    ئافەریدەش بێ حەساوە
هەردی مە، یەک لەو کۆمەیە    تنۆکەیەک لەو گۆمەیە
***
ئەگەر تۆ بە ژمارە فێری    ئەتەوێ خواکرد بژمێری
قاقەزێکی درێژ ڕاخە    بە ئیشتیا شانی لێ داخە
یەک بنووسە، بیکە بە دە    بیکە بە سەت، وچان مەدە!
بیکە بە هەزار، بە ملیار    خاڵ دانێ بە هەزارهەزار
قاقەز بڕا، هی تر بێنە    بە خاڵانی بنەخشێنە
هەڵچۆڕا ئەم مەرەکەوە    مەرەکەوی تر بگرەوە
تا دەتوانی خاڵ دانێ، خاڵ    مەپسێنەوە بە مانگ، بە ساڵ
تۆ ماندوو بووی، بیدە بە من    هەزار هاوکاریش هەر کەمن
بێوچان خۆت و هەزاران    بە شەوگاران، بە ڕۆژگاران
هەموو دەم، هەموو کاتی ساڵ    لە پەنا یەک خاڵ ڕیز کەن خاڵ
خەو دایگرتی، یان نانت خوارد؟    لە خاڵ ڕیز کردن خۆتت بوارد؟
با کوڕەکەت، با نەوەکەت    بچن لە شوێن کردەوەکەت
خۆت و هاوکارانی پیرت    هاوسەفەری زەمینگیرت
بۆ گەمەی وەخت ڕابواردن    خەریک بن بە خاڵ بژاردن
هەر یەکە و خاڵ بێ بڕانەوە    گێژ دەبن لە لێکدانەوە
***
پیری لەرزی لە کار کەوتوو!    زورهانی لە جێدا خەوتوو!
بێکار وەرکەوە، بیر کەوە    خۆت خاڵی بە پاڵ یەکەوە
دێتەوە بیرت مناڵ بووی؟    شلک و ساوا، کرچ و کاڵ بووی؟
تاوێک لە سەر سنگ ئەخزی    دەگریای لە بەر وەڕەزی

| | |
|---|---|
| گەورەتر ئاگایان لێت بوو | دای و باب هیوایان پێت بوو |
| پلەپلە بەرەژوور چووی | پێت نایە سەتەوە، پیر بووی |
| چوویتەوە دەقی منداڵی | نەبەگە و شلی و بەتاڵی |
| هەتا ساوا و لەبەرچاو بووی | گەمەجاڕی دای و باو بووی |
| ئێستا لە پاش دەیان ساڵان | بوویتە گەپچاڕی مناڵان |
| خوێن شیرنۆکە بووی بە کاڵی | ئێستا منداڵی خوێنتاڵی |

***

| | |
|---|---|
| ڕاکشێ! داکشێ! بیرکەوە، بیر! | پێشتر چ بووی مناڵی پیر! |
| ژن و پیاگێ پێک گەییشتن | بە چاو، بە دڵ، تێک گەییشتن |
| دڵۆپێک لەو، تنۆکێک لەم | لە ناو پزدانێک کران جەم |
| تێکەڵا بوون بۆ تەواو بوون | گوورا ئێسقان و گۆشت و هوون |
| نۆ مانگ، نۆ ڕۆژ و نۆ سەحات | چاوەچاو بووی تا نۆرە هات |
| ئەتۆش وەکوو جووجیلەی مەل | مایتەوە تا هەڵکەوت هەل |
| تۆکڵت شکاند پەردەت دڕاند | بەرەو ژین لەمپەرت پەڕاند |
| تۆ لە جووچک بێ هێزتر بووی | بێ دەرەتان و پێزتر بووی |
| ئەو دێتە دەر، بە جووکەجووک | بۆ دان ئەکوتێ پەل و دەندووک |
| بەڵام تۆ پلە گۆشتێ شل | نە پەل، نە مل، نە گوڕ، نە تل |
| چاو نەپشکوتوو، گوێ نەبیس | تەوەزەل، نەگریس، سیس و پیس |
| لە ناو بێشکە قەتیس و گیر | مڵچەی لێوت دەهات بۆ شیر |
| زیقەت دەهات، شیرت دەویست | دەگریای، دەبنە خۆت دەمیست |
| ئێستا چی؟ لە پاش سەد ساڵی | چوویتەوە دەقی منداڵی |
| چاو نابینێ، گوێ ناژنەوێ | دانت نەما، شیرت دەوێ |
| یەخسیری لە ناو جێگادا | مۆغەرەت زەوی بەرنادا |

**وادەی کۆچە**

گەرک سازدەی ساز و بەرگ　　بۆ کوێ بەخێر؟ بەرەو مەرگ
لە خاک ڕواوی، سەد ساڵ ژیاوی　　دەچیەوە ناو خاک، خاکاوی!
دەپوێی، دەڕزێی، دەبیەوە خۆڵ　　با دەتپڕژێنێ لە چیا و چۆڵ
بە ڕواڵەت هیچت نامێنێ　　بەڵام گڵت گیا دەڕوێنێ
ژین بڕانەوەی بۆ نییە　　باسی من‌من و تۆ نییە
تۆش و زەویش و بەهاریش　　بەگیان، بێ‌گیان، بەرد و داریش
ئەستێرە، عاسمان، مانگ و خۆر　　دەبن، دەچن، بە هەل، بە نۆر
هەرچی ناوی ئافەریدەس　　بەرچاوە یا دوورە دیدەس
گشتی لە سووڕ و خول‌دایە　　ون دەبن و دێنەوە کایە
تۆ! تۆ مرۆی پواوی ناو خاک!　　ئەگەر کارچاک بی و ژیان‌پاک
بە ناوی چاکت هەر ماوی　　بە یەکجاری نەفەوتاوی

***

وەرە ڕوونێ منالّی پیر!　　بۆی ڕامێنە! بیر کەوە، بیر!
ژمارەی مەنزوومە چەندن؟　　ئەستێرەکان چەند ئەوەندن؟
یەک و خاڵ دانێ هەزاران　　بە ملیۆنان، بە ملیاران
بە بست، بە گەز　　بە غار، بە بەز
بە مانگ، بە ساڵ　　خاڵ دانێ، خاڵ
ڕیزیان بکە، بیانکە هاوێر　　دەتوانی بیژمێری؟ نەخێر
قاقەز بێنە بە تۆپ، بە بار　　مەرەکەو بە تەشت، بە تەغار
بنووست دارە؟ قامیشە؟　　دادە! بە باقە، بە گیشە
بنووسە! خەت دە! خاڵ دانێ!　　کێ دەتوانێ هەمووی ڕانێ؟
ژمارەی مەنزوومە چەندن؟　　ئەستێرەکان چەند ئەوەندن؟

چی دیارە، چی بەرپیوارە    چی بەگیانە، چی گیاندارە
بوون، نەبوون، مەرگ و ژیانەوە    ڕیزێک سیفرن بێ بڕانەوە
لە پێش یەکێ ڕیز کراون    یەک نەبێ، گشتی بێ باون
***

بڕوانە چۆنە ئەو یەکە    ئەو هەموو سیفرەی لە تەکە
وشەی سیفر واتا بەتاڵ    بێ یەک، بێکارن نوختە و خاڵ
یەک هەیە خاڵ دێتە ژمار    یەک دەکا بە هەزار ملیار
دوو، سێ، چوار، پێنج و شەش و حەوت    هەشت، نۆ، دە، هەرچەندی سەرکەوت
زنجیرەی دەیان سەر و خوار    سەت‌سەت تا دەگەن بە هەزار
هەمووی هەر یەکە و چەند خاڵێک    هەمووی وەچ و بەرەی ماڵێک
بێ یەک هەموو شت بەتاڵە    کێلگەی قاقڕە، کڕاڵە
یەک باقییە، باقی پووکە    سیفر بەتاڵە و جەغزووکە
بە دەور خۆیا دەخولێتەوە    بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە
بزۆز بێ یان بدا هەدا    ناچار سەر لە بۆشی ئەدا
هەر پووچە تا بێ هەواڵە    سیفر جەغزێکی بەتاڵە
تا تەکە، زۆر بێ برەوە    لەگەڵ یەک هێژا و پتەوە
خاڵ با لای یەک پاڵ داتەوە    هیچگا خۆی دوور نەخاتەوە
***

تۆ! تۆی منالّی دوێنێ کاڵ    تازە پێت ناوەتە ناو ساڵ
تۆی تازەلاو، بەگوڕ و تاو    لە خاک دەرچووی، لە خۆڵ گووراو
هیچ بووی، خالّی ناوبەتاڵ بووی    جوان بووی، زۆر شەنگ و شەپاڵ بووی
بژی، بژی... تا پیر دەبی    سەد ساڵە و زەمینگیر دەبی
دەبیەوە منداڵی دوێنێ    منداڵێک ڕیش دەبزوێنێ!

گێژ بووی لەم چەرخ و خولەتدا
چی دێ بەم بیرە کولەتدا؟
هیچ بووی! سیفر بووی! بەتاڵ بووی
کاڵ بووی! داتوڵای! ژێر چاڵ بووی
هەزار جار بچی و بێیەوە
سەد جال سیس بی و بڕوێیەوە
تا خاڵی بەتەنیای، واڵای
لە دەورەی بەتاڵی هاڵای
بەڵام ئەگەر شوێن یەک کەوی
هەرچی خۆت پێت خۆشە هەوی
نیشانەی لەگەڵ «یەک»بوونت
بەڵگە بۆ دەراوی ڕوونت
گەرەک خۆت لە بیر بەیتەوە
ئاوڕ وەخۆت نەدەیتەوە
بژی بۆ خزمەتی خەڵک
ببی بە خاڵی بەکەڵک

***

تۆ! تۆی تازە نەمام و لاو
واز بێنە لە بیری بڵاو
ئاڵقەی جەغز، یەکلا کەوە
ببە ڕێگە، وە چیا کەوە
سەردەرخە لە ئاوەدانی
تا تامی ژیان بزانی
ببە بە جۆبار، بە ڕووبار
پاراو کە مەزرای چەند هەژار
ئەوسا دەڕژێیە دەریاوە
بۆ ژیان دەبیە سەرچاوە
تۆ کە ژیای بۆ داماوان
بۆ هەژاران، زۆرلێکراوان
ڕۆژ لە ڕۆژێ بڵندتری
لای خەڵک و خوا پەسندتری
بەس سیفرۆکەی جەغزووکە بە
شەپۆل بە، گێژەڵووکە بە
با گورەت بێ، بگرمێنە
دڕک و پیسی ڕاڕفێنە
هەڵەموت بە لە ناو چیا
دار بەڕوو بە لە ناو گیا

***

بەڵێ گیانە! باش بزانە!
ئەوی لە کارە، هەر یەکە
بێ حەساو سیفری لە تەکە
ئەستێرەی زۆر، زۆر مانگ و خۆر
عاسمان و زەوی کەم و زۆر

(خاڵی)

(خاڵی)

# ئارێ برا، وا ڕابرا

چەند بیرەوەرییەکم هەبوو ئەمشەو ویستم لە شوێنێک کۆیان کەمەوە، ئاڵقە و گەویان تێکخەمەوە و لە بەر خوێنەرانی ڕانێم. بەڵام کـاک پەرویـزی خورسـەند (ئەگەر نەڵـێم تەنیـا کەسـە، دەکـرێ بڵـێم بەهێزتـرین نووسەرێکە پەخشانی جوانی ئەمڕۆکەی بۆ خزمەتی بیر و بڕوای ڕابردوومان خستۆتە کار)، خستمیە سـەر ئەو باوەڕە کە واز لەم نیازەم بێنم. ئەم چەند پەڕە بە مەبەسـتێک کە بەسـەرهاتێکی خـۆمە بنەخشـێنم و لەو بارەوە ئێوەی بەڕێزیش بدوێنم. من کە دەربارەی خۆم دەدوێم، وا بیـر مەکەن کە خـۆم زۆر بە زل دەزانـم، زلی دە ئارادا نییە، هۆی ئەمەسە کە لەو دنیـا بەریـنەدا دەگەڵ زۆر چـین و زۆر تیـرە هـاودەرد و هـاوبیر و بڕوام.

خوێندەوارم، خوێندەواری ئەو ڕۆژگارە؛ بۆخۆشتان زۆر باش دەزانن چینی خوێندەواری ئەمڕۆ دەربارەی ژین، دەربارەی دین بڕوای چۆنە، ڕادەی فەرهەنگ و زانستی بەرەو کام ئامانجی دەبا؟ خەڵکـی چـۆڵگە و بێـروونێکم نە ئـاوە، نە ئـاوەدانی، نە گەشــە، نە کــامەرانی، نە وچــان، نە حەســانەوە؛ هەر ڕەنــجە، هەر چەوسانەوە و ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ.

لە ناو خێزانێک گەورە بووم کە هیچ کەسیان لە سایەی زێڕ و زۆرەوە نەکراون بە نەجیمزادە، هیچ ڕەگێکی ئەندامی من خوێنی بەرەی خوێنخۆرانی تێنەتزاوە، لەو ڕۆژەوە کە منداڵیم هەڵبواردووە و پێگەیشتووم، تێگەیشتووم کە باب و باپیرانی من تا لە مێژوودا گوم دەبن، گشتیان هەژار و ناساز و دوورەچارە و بەلەنگاز بوون.

خوێندەواری و پسپۆڕییەکەم دەربارەی شارستانیەتی پێشینانە. بە شارانەوە گەڕاوم، بە بەندەنان هەڵگەڕاوم، جێگە هەوارم زۆر دیون، شوێنەواری کەونارانم زۆر پشکنیون. هەمیشە بڕوام وا بووە گەورەترین جێی شانازیی بەرەی مرۆ ئەو شوێنەوارە کەونانەن، ئەم دیوارە ڕووخاوانە، ئەم گابەردە تاشراوانە هونەرمەندی و دەستڕەنگینیی ئادەمیزادی پێشوومان پێشان دەدەن.

پەرستگای (دیلفی) لە یۆنان بەو هەموو تەرزی و بەرزییەوە تووشی سەرسووڕمانی کردم، واقم وڕما. لە ئورووپا ڕۆم و زۆر شوێنی تر گەڕام، عەنتیکەخانەی فرەم دین، کۆشک و تەلاری زۆر لەبار، کلیسای پڕ نەخش و نیگار، بەرهەمی پەیکەرەتاشی، کاشیکاری، عاجباتی ئەندازیاری، چی بە زۆری دڵ و دیدە بەرەو خۆیان ڕادەکێشن. لە ڕۆژهەڵاتی دوورەدەست، لە ویێتنام، لە کامبووج، لە چین زۆر شتی جوان و سەیرم دین. کەژ و چیای زل، زەردوماە، لە دەست مرۆڤ نەخەلساوە؛ بە چنگەگرکێ، بە تەشوێ دایتاشیوە، پەرسگای بەرز و بەرین و نەخشێندراو و ڕەنگینی لە تاشە مەڕمەڕی سەنگین بۆ خوداکان، بۆ جێنشینی خوداکان لەسەر زەوی -واتا کاهین و مەلاکان- لێ سازداوە. ئەو شوێنە کەونارایانە بە لامەوە هێژاترین کەلەپوور بوو کە بۆ مرۆ بەجێ ماوە، ئەوی نەمدیبوو میسر بوو، تامەزرۆ و ئاواتەخواز بووم ئاسەواری فیرعەونەکانیش ببینم. ئەمساڵ هاوین لەو تاسەیەش ڕزگارم بوو، چوومە سەیری ئەهرامە بەناوبانگەکان.

لەو دیدارە دەرسێک فێربووم کە هەرگیز لە بیرم

نەچێ. لەو ڕۆژەوە تەمی خەیاڵاتی خاویم لە بەر ڕەوی، زۆر بەرزاییم لە بەرچاو نەوی بوونەوە. شارەزایەکم دەگەڵ بوو تا سەرگوزشتە و چۆنیەتی ئەهرامانم بۆ وەگێڕێ.

- بەڵێ بە ئاغای خۆم بڵێم: ئەم ئەهرامە زەلامانە کە لامانە و حەوت یەکێک لە حەوتەوانە سەیرەکانی ئەم جیهانەن، گۆڕخانەی فیرعەونەکانن ئەوسای ئەوان خونکار و دەسەڵاتدار بوون، ویستوویانە بە مردووییش جێیان خۆش بێت. گۆڕخانەی وا دامەزرێنن کە با و باران و بوولەرزە و شەڵێوە و کرێوە و تەرزە و گڕەی تاو و لەهی لافاو و بەڵای تری عاسمانی دەڕۆست نایە بیانتەپێنێ، بیانڕمێنێ، ئەوسا مردووی ماڵە گەورە، شا و شاژن و گجوولە نەجیمزادەکان تیاندا بحەسێنەوە.

لە مەڵبەندی ئەسوانەوە (ئەو شوێنەی بەربەستە گەورەکەی لێیە) تا قاهیرە، هەزار کیلۆمەتر -بیست کەم-مەودا، هەشسەد ملیۆن تاشە بەردی سەخت و تەخت و زۆر زەلام بە شان و پیلی زەلامان ڕاگوێزراوە. ئەو بەردکێشانە کۆیلە بوون بە زەبری قامچی و بە بێگار خراونە کار، نۆ ئەهرامیان پێ سەر گرتوون، شەشیان گچکەن، سێشیان ئەهرامی زەلامن کە ناوبانگیان بە ناو دنیادا بڵاوە.

وەک پێم گوتی: ئەو نۆیانە نۆ گۆڕخانەن بۆ کەلاکی بە داودەرمان هەنواوی مۆمیایی تێهەڵسواوی شا و شاژن و بەچکەکانیان. هەر دەخمەیەی کە لە ناو دڵی هەرەمدا بۆتە گۆڕیچەی لاشەیەک، وەتاغێکە لە پێنج پارچە بەردی مەڕمەڕ لێکدراوە، چواریان یەکپارچە دیوارن، یەکی یەک پارچەش لە بانە و بۆتە سەربان بۆ ئەوەی باقڵ بزانی ئەم چوار دیوار و سەربانە دەبێ چەند ئەستوور و پان بن، وەرە خۆت بەراوردی کە، چەندین ملیۆن بەردی گەورەی تا دەگاتە سەر ترۆپکی ئەهرامەکە، هەموو قورسی و گرانایی کەوتۆتە سەر ئەم بانیژە و دیوارانە، ئەوا بۆتە پێنج هەزار ساڵ بەرد لە بەردی نەبزووتووە و چرکە چییە نەیکردووە. شارەزا دەمی لێکدەدا، وەک تەرسەقول داگیرسابوو، ئەوی دەیگوت

نەیدەکوتەوە، منیش هەموو لەشم گوێ بوو. لە پڕ و نەکاو چاوم کەوت بە چەند کۆما وردە بەردێک لەسەریەک کەڵەکە کراو. پرسیم ئەو کەڵەکانە چین؟ گوتی هیچ نین، چەند ڕەهۆڵێکی زۆر قووڵ و دوور و درێژ بۆ کۆیلە تاشەکێشەکان کۆڵدراون، هەرچی لە بێگاردا مردوون لەو ڕەهۆڵەدا نێژراون، ئەو کۆبەرد و کەڵەکانە نیشانەی ئێسک و پروسکی ئەو کۆیلە نەگبەتیانەیە.

- تێت ناگەم بۆمی بڵێوە!

- ئاشکرایە. ماوەی سی ساڵ، سی هەزار کۆیلە بە بێگار نیوە برسی، دژوێن، گەمار، ئەو هەموو بەردە گەورانە لە هەزار کیلۆمیترەوە بە شان و پیل بگوێزنەوە، چەندی دەژی؟ چەندی دەمرێ؟ ڕۆژ نەبووە دەیان و سەتان لەو کۆیلانە لە ژێر باری بەردی زل و قامچی و زللەی کاربەدەستانی گرژ و تیژ سەکەت نەبن. بە دەردی "شوارتز" گوتەنی: کۆیلەداری کارێکی کرد کە چەرخ و باری ساز نەبن، چونکە کۆیلەداری و بێگار هیچ خەرجێکی بۆ گیرفانی کابرای زۆردار تێ نەدەچوو. کۆیلە دەمرێ، بە توون، بە قیر؛ پەلیان بگرن، ڕایانکێشن، فڕێیاندەنە قووڵکەوە، دایانپۆشن بۆگەن نەکەن، دەستەولەجێش زیندووی زۆر لەوان بەکارتر بکێشنە بەر بێگارە.

- باشە. بەڵام سەبەب چییە ئەم قرخنە بێ نرخانە لە پەنا شاهان نێژراون؟!

- ئەمەش وەرامی هاسانە: ئەهرام گۆڕی فیرعەونانە، ئەو کۆیلانەش هەروەک لە ژینا کۆیلە بوون بە مردووییش کۆیلە دەبن، لە ڕۆژی زیندووبوونەوەش بە کۆیلەیی ڕاست دەبنەوە، لەو دنیاش گەرەک خزمەتی فیرعەون و خزمانی بکەن، تێگەیشتی؟

- تێگەیشتم بەڵام ئیتر من تۆم ناوێ، خۆم بە تەنیا دەچمە دیاری کەندە گۆڕی ئەو کۆیلانەی کە پاش مەرگیش مافیان بۆ ڕەچاو نەکراوە و تا هەتا دەبێ کۆیلە بن.

لە سـەر کەڵەکێـک دوژ دامـام، بیـر و پەژارە دەوری دام. هەیـاران! ئەو هەژارانە خزمـی خـۆمن، دەگەڵ کەونەباپیرانم هاوهەژاری و هاوبێگارین، بەرد و کەڵەکی سەر گۆڕیان ئامۆژگاری و پەنـدە بـۆ مـن. کـێ دەڵێ هاونەژادم نین؟ کێ دەڵێ هاوولاتی نین؟ ڕەنـگ و وڵات و نەژادیـش چەنـد فێڵێکـی دەسـبڕانە بـۆ ئێمەیان داهێناوە تا پارچەپارچەمان کەن و گوردی خۆیانمان لێ بگرن.

سەرلەنوێ ڕوانیمە ئەهرام؛ بەڵام ئەوجار ئەو شکۆ و جەلالەی نەما، ئەمجار ڕقم لێی هەستابوو؛ نەک لە ئەهرام، لە گشت شوێنەواری ماوی شارستانییەتی کەونارا. دیواری چین، هەموو دامودەزگای سەر ڕووی زەمین. بۆم دەرکەوتن کە هەزارانی لە گوێن خۆم سازیان داوە، هەرکەس لە ئەرکـی بێگـار و چەوسـانەوە کۆڵی داوە، گیانی داوە؛ ئەویش وەک قوڕ لە چینی دیوار خراوە، یان ئاوا ژێـر چـاڵ کـراوە. شارسـتانی و ئاسەواری پێشینانم هاتە بەرچاو، گوڕە و نـووزەی زۆردار و زۆرلێکـراوانم هـاتە بەر گـوێ، هەر لێـدان و جنێودان بوو، هەر پاڕانەوە و گریان بوو، لەگەڵ کاروانی کۆیلاندا کە بۆ کار دەیانئاژۆتن، باب و باپیرانی خۆم دین. وێڕای هەموان لە ژێر بێگـاردا دەمـردن، لە کـاتی ئاویلکەدانـا بە حاسـتەم نووزەیـان دەهـات، دەیانگوت چینی زۆرلێکراو لێک جیا نین و هەموو بران.

گەڕامەوە خەمخانەکەم کە ناوی میوانخانە بوو، بۆ کلۆڵێک لەو هەزاران کلۆڵانەی کە نەمناسیون و برامن، نامەم نووسی، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

- برای بە نـاهەق کوژراوم:

تۆ ڕۆیشتی بەڵام دوای تۆش ئێمەی هەژار بنـاغەی شارسـتانییەتی گەپ و قەبەمـان دامەزرانـد. لە دوای تۆش قامچیبەدەستان لە پەستا ئاسۆگیان دەدا و دەهاتنە ویزەی بێهێزان. لە دێ، لە شار، کـۆ دەکـراین و ڕەپێچەک دەدراین، جەڵە دەکراین، شەتەکدراو بۆ کار دەبراین، کاری بێگار، بەردی زلیان پێ دەکێشـاین،

وارشیان پێ ڕادەکێشاین. کۆشک و تەلار بۆ زیندووەکان، گۆڕی گوشاد بۆ مردووەکان. بە شان و پیل وەشاندنی ئێمەی گیرۆدەی چارەڕەش دروست کران. بەڵام کۆشک و قەڵای بەرز و گۆڕخانە عاجباتییەکان کە دەبوونە جێ‌حەسانەوەی زۆرداران، کەس ئێمەی وەبیر نەدەهات. هونەر، هونەری ئەوان بوو، ئێمەی ڕەنجدەر و خاکەسەر ناومان لە ناو ناوان نەبوو، کارمان لە بەرچاوان نەبوو، کەس بە بیری‌دا نەدەهات کە ڕەنجی بێوەری ئێمە ئەو دەزگایانەی سازداوە و بەشمان وەژێر لیچ دراوە، بە دەردی کوردە گوتەنی: «کاڵە دڕاو چی پێ نەبڕاوە». بەڵام برا گیان! لە دوای تۆش جگە لە کاری بێگاریش، قوڵەچۆماخی زۆرداران ئێمەیان لە لادێ و شاران کۆکردەوە، چەکیان پێ‌داین، ناویان تێداین، بە شات‌وشووت فریویان داین، ناردیانینە شەڕی دوژمن، کام دوژمن؟ دوژمنی خۆیان، ئێمە خۆ بە کوشت دەین بۆیان، کێ بکوژین؟ ئەوانەی قەت نەماندیون، بە دەستی کێ بە کوشت بچین؟ ئەوانەی نەیانناسیوین، کێ دەبوو یەکتر بکووژن؟ ئەوانەی وەکوو خۆت و خۆم بێ‌دەستەڵات و هەژارن، ئەم کوشت و کوشتارە بۆچی؟ ئەم هات‌وهاوارە بۆ کێ؟ بۆوانەی زل و زۆردارن، دانیشتووی کۆشک و تەلارن، لە سایەی ئێمە بێکارن. شەڕ لە سەر چی؟ لە سەر ئەوە ئێمەی کۆیلە دەس بە دەس بین «شەڕ لە سەر لێفەی مەلایە»، زۆرداری کام لا سەرکەوت، تالانی ژێرکەوتوو بەرێ؛ ئێمەش ماڵی

تاڵانی بین، خاوەنزۆرێک بێتە جێگای مفتەخۆرێک، بێگاری ئەو بۆ ئەم بکەین، بەرباری هەر باری بێ، پاڵانەکەمان بگۆڕێ. دەچووینە شەڕ دەیانکوشتین، دەمانکوشتن، باوک و داکی زەمین گیر و لەکارکەوتەی لە کۆختەدا بەجێماومان چاوەچاو بوون بچینەوە، زەویوزار داچێنینەوە، ئاوەدانی بێخودانی سووتێندراوی تێکدراویان سەرلەنوێ ئاوا کەینەوە. بەڵام هەیهات.. لە سەد ئاوات یەکێکی نەدەهاتە دی. کێ دەکوژرا، بێ کێل و ناو لەو چۆڵ و هۆڵە دەنێژرا یان لاشەکەی بۆگەن دەبوو، کەسیش نەبوو ڕەحمەتێکی بۆ بنێرێ، فرمێسک و داخ بەشی دایکی زگسووتاو و خوشکی برانەماومان بوو. ئەگەر دەشکاین، ئاوڕووچوو بووین، کوندەبوو بووین، بەر تف و نەعلەت دەکەوتین، خۆ ئەگەر سەریش دەکەوتین، شانازی بۆ سەرکردە بوو، نیشانی قارەمانەتی بۆ تیمسار بوو، بۆ سەردار بوو، بۆ کابرای خاوەن بێگار بوو. ئەوی لە کوولەکەی تەڕیش نەبا، ناوی هەژاری بەکار بوو.

برای فیرعەونان گازەکەم!

ئەو فیرعەونەی تۆ دەتناسین، هیچیان نەمان، دنیا گۆڕا. بە گفتی وریا و پیتۆڵان عادەمیزاد پێشڕەفتی کرد، بەردکێشانی نێوان قاهیرە و ئەسوانیان بە هیچ دانا، گوتیان لەش هیچ کارە نییە، هەر گیان شەرتە؛ گیانت پاک بێ، کارت چاکە، ئەشێ گیانمان پەروەردە کەین، خوا بناسین، بیپەرستین، بۆ خواناسی و پەرستن دەبێ لەش فێرە کاران هەستن، هیچ نەوەستن، پەرستشگایان دروستکەن، شوێنی وا بن، شایانی شانی خودا بن.

ئەگەر جاران ئێمە کۆمەڵی هەژاران بە ناوی فیرعەونانەوە ئەرکی

بێگارمان دەکێشا، بەرد و کەستەکمان دەکێشا، ئەمجارە بە ناوی خودا خراینە بەر بێگارەوە، دیسان بەزۆر ناچار کراین گابەردی زل بە شان و ملان ڕاگوێزین، ئەگەر تینووین، ئەگەر نێزین، ئەگەر وەستاو و بێ هێزین، گلە نەکەین، ورتەمان لە دەم دەرنەیە، گازندە لە کاری خودا ناڕەوایە و زیانی دین و دنیایە. کۆشک و سەرسەرای چەند نهۆم، بە ڕەنجی شانی خۆت و خۆم سەریان گیرا، بەردی گەورەی سپی و کەوە و سوور و زەردی پەرسگایان لە هەشتسەد و مەشسەد ملیۆنی تێپەڕاند، کاری لە ژمارەدا نەما، هەزاران ئەهرام دامەزران بەڵام ناویان ئەهرام نەبوو، ناویان نرا: مەعبەد، هەیکەل، پەرستشگا، گونبەز و قسنی تەرز و قۆز بۆ چاک و پیرانی پیرۆز.

مەسەل دەڵێ: «بە کەریان گوت مژدەت لێبێ کوڕت بووە، گوتی بارەکەم هەر بارە». چەندین چەرخ لەو دەردەشدا تلاینەوە، بێوچان دەچەوساینەوە، بەڵام لە ناو بەردکێشانا، لە جەرگەی ناوشان ئێشانا سەرکاران بۆ ناو تێدانمان وایان بە گوێماندا دابوو: ئەو خودایەی کە ئێمە خانووی بۆ دەکەین و بۆخۆی لە ژووری عاسمانە، فریاڕەسی بێچارانە، دەرمانی دەردەدارانە و دە هانای زۆرلێکراوان دێت. لەباتی مزی ڕۆژانە لە وچانی شەوانەدا و بەر لە کاری بەیانانمان چاومان دەبڕییە عاسمان و لە بەر خوا دەپاڕاینەوە: خوایە بارمان زۆر گرانە هەڵینەگری، مناڵمان لە برسان دەگری، بەرچاومان تاریکستانە، ڕووناکییەکمان نیشان دە.

لە لای هەیکەل و مزگەوت دەنگ داکەوت: مزگێنی لە لانەوازان! خوا پیاوی دڵپاک و چازانی ڕاسپاردوون، پێیسپاردوون لاگیری لێقەوماوان بن. خۆشیخۆشیمان تێکەوت، بزەی کاڵی هومێدی تاڵ قانەقدیلەی لێوی داین، چاوی پڕ و شووبڕاومان بۆ ئاسۆی دووری دەڕوانی، زۆری نەبرد پێمان زانی، کە پیاوانی عاسمانی لە سەر زەوی دەخولێنەوە، چونکە ڕاسپاردەی خواشن ناویان لێناون پێغەمبەر.

زەردەشت، مانی، بوودا، کونفشیووس، فلان، فیستار بە ڕواڵەت بۆ

چارەڕەشی ئێمەی چارەڕەش دەکۆشن. سەرچاوان هـاتن، بەخێـربێن. هـاتن چییـان کـرد؟ سـوێندەکە بە برایەتیمان هەر لووتیان پێدا نەهێنایین، هەژار و لێقەوماوی چی؟ ڕبە و گەزی چـی و جـاوی چـی؟ دوای دڵدانەوە و قسەی خۆش، گفت و بەڵێنی والا و پـۆش، دەسـتووری بێگاریـان ئەدا و ڕێـگەی کۆشـکی زۆردارانیان ئەگرتە بەر.

کۆنفشیووس ئەو پیاوی زانـا، هەزار وتەی جوانی ڕانـا. ئێمەی کردە هۆگری خۆی، کەچی بۆخۆی خۆی کردە پیاوی دەربار و لە تەلار پاڵی دایەوە، دەگەڵ شا و شازادەکاندا دەچووە نێچیـر، ئـێمەی زویـر و بـێ پیری هەر لە بیر نەما.

بوودا نەجیمزادە و شازادە بوو، تەرکەدنیا و ئازادە بوو، دەستی لە ژیانی خـۆش بەردا، خڵـتەی زوڵمـی لە سەر دەردا، پەند و ئامۆژگاری باشی کردین، پاشان چی کرد؟ بۆ نیروانا دۆزینەوە بێ هەسـت خـۆی لـێ دزینەوە و بەجێـی هێشـتین. سـەرئەنجامی هـاتنەکەی چـی؟ هەزاران خـودابەردینە، هەزاران هەیـکەل و مەعبەد، سەدهەزاران مەلا و کاهین بە ڕەنجی شان و پیلی مە سـاز دراون، تێـر کـراون، هەرواش مـاون و هیچ کاتیش دوابڕاو نابن.

زەردەشت لە ڕەخ گۆلی ورمێ هەستا، نامەی ئازادی لە دەستا، بەڵام هێندە ڕانەوەسـتا بە دەرد و مەرگـمان ڕابگا، باری لارمان ڕاستکاتەوە، تۆزێـک بە سـەرمان کـاتەوە. بە پەلەپەل شـەقامی بەڵخـی گـرتەبەر، لە دەرباری گوشتاسبدا پاڵی داوە و ڕووی نەکردەوە ئەم ناوە. دەزانی چی بۆ جێهێشتین؟ بێگـار، بێگـار، ئاتەشکەدە دروستکردن، دار و ئاوردوو بۆ بردن هەتا مردن، میزی گای زەرد و ئەسپەندەر، بێگاری لە ڕادە بەدەر. ئەمە بێجگە لە باج و خاوە سەندنیان. نـان و بەرگی موغ و موبید و موغبەچە و هەزار جـۆرە لـق و وەچە کەوتە سەرمان، زۆردار گۆشتن و قەڵەو بوون، نزار هەر کز و لەجەر مان.

مـانی پەیدا بوو، هەتا بوو باسی تاریکوڕوونی کرد، لە تاریکایی ترساندین، چۆڵەچرای بۆ داگیرساندین، گوتمـــــــان ئـــــــۆخەی بە خـــــــوا چـــــــا بـــــــوو تـــــــاری و

خەممان لە بەر ڕەوی و زوڵم تارا لە سەر زەوی و ڕووناکییەکمان بۆ پەیدا بوو.
با بزانین مام ڕووناک چی کرد؟
باس و خواسی ڕووناکایی بە ئەسپایی وەک تۆمارێ بە قاقەزێک پێچایەوە، کردیە دیاری بۆ شاپوور شاکەی خونکاری، کرا بە ئامپیاڵەی زۆردار، لە کاتی گەمە و یاریدا لە جێژنی تاجگوزاریدا دیوانڕازێنەوەی شا بوو. لە جەنگ، لە ڕاو، بۆ شەڕ و گەڕ لە تەکیا بوو، لە سەرەندیب و بەڵخ و هیند بە کوشتی داین هەتا شکاین، ئەوسا فەرمووی: هەرکێ لە شەڕ ژێر دەکەوێ و لە بەر دوژمنان دەڕەوێ، تۆرەمەی تاریکستانە، کێش زۆر پیاوکوژ و زانایە و لە تێبەردان سەردەکەوێ لە ڕووناکایی گووراوە و پاڵی داوە بە خوداوە.
ئەی هەناسە سارد هەر خۆمان! ئێمەی زەبوون و بارکەوتوو کە هەمیشە تێکشکاوین، ئەگەر لە کار خەلەساوین، لە شەڕە شارا کوژراوین، واتا لە ڕەشی خوڵقاوین و ناشێ هەر بیر لە ڕووناکی بکەینەوە.

برای لە بێگاردا مردووم!
ئەگەر تۆ لە ژێر بێگاری فیرعەونێک و دووانڕدا مردووی، ئێمەی خزمت لە خزمەت هەزاران فیرعەونی تازە کڵدا چەوساینەوە، چەماینەوە، لە بەردکێشان، لە دەردکێشان پشت جەدو بووین، بێ برەو بووین. خونکاران، سەتان هەزاران بە ناوی خوا، بە ناوی دین، لە فەلەستین، لە هیند، لە چین، چینچین عارەقیان پێ ڕشتین، لە ژێر بێگاریاندا کوشتین، بەهرەی ڕەنجی ئێمەیان خوارد، خۆشیان ڕابوارد، خۆشیان تەواو لە ئێمە بوارد. هەزاران ساڵ ئێمەی ڕۆڵەی تاریکایی لە باریکایی پساوین، هەرتاوە لەملا و لەولاوە گزیکار سەریان هەڵداوە، بە وردی تێیان ڕوانیوین، بە بەستەزمانیان زانیوین، دیویانە کەوی کوڵیوین، بۆ نەمانخۆن؟ هاتوون خۆیان لێ گۆڕیوین، بەرگی فشوفۆڵ و هەراو، کوڵکە و ڕیشی شانەکراو، بە زریزە و چەند لیزگە مووروو، لێمان کەوتوونە لای ژووروو. ورتە و سرتەی ـ کە ئێمەی سادە تێنەگەین ـ لە بەر خۆیان ورتاندووە، گێژ بووین

گێژتریشیان کردووین. پیکی زوڕنای پێشینەکانیان گۆڕیوە، بە نەزمی تازە داهاتوو دە بلوێریان تووڕاندووە، چۆنی خۆیان گەرەکیانە ئێمەیان هەڵپەڕانـدووە، هەتـا بە خۆمـان زانیـوە تۆڕێکیـان بە سـەردا داویـن، ڕاو کراوین، زۆر بە هاسانی گیراوین، لە بەر دەستیان بێ چرپە و هەست تا مردووین و لە کار کەوتووین، هەر خوراوین و چەوساوین، جاروبارەش ئەو ڕاوکەرە فێڵبازانە بە نازانە لە سەر خواردنی نێچیران تێک گیراون، لێبڕاون ڕاوکەر ڕاوکەر ببڕێتەوە و لە هەژار کڕووسانەوە بە تەنیا بمێنێتەوە. دەستیان لە کار پـێ بەرداویـن، دەنگ دراوین بچینە شەڕ، شەڕی من‌خۆر دەگەڵ من‌خۆر، شەڕیش بە ناوی خەزاوە، خەزا لە ڕای بت، لە ڕای دین، بۆ بلێسە خۆش‌کردنی ئاتەشکەدە. ئێمەی کارگەر، ئێمەی وەرزێر، ئـێمەی سـەرچاوەی خێـر و بێر، چاری ناچار ئەبێ بە هەوای شەڕخوازان خوێنی یەکتری بڕێژین.

ئارێ برا! با بۆت بێژم چۆن ڕابرا.

پاش چوونی تۆش بە هەزاران دێر و مەعبەد وەک ئەهرامەکان و پتریش بە بێگـاری ئـێمەی هەژار سـەری گیرا، نان و خوانی سـەد هەزاران لە بێکـارانی گزیکـار ئـێمە دامـان. سـەرباری کـار، خـوێن و گۆشـتی خۆشمانیان پێ ڕەوا نەدین، کوڕمان، کیژمان، دەکران بە قوربانیی بتان، سەریان لە سەر سەکۆی مەعبەد و مەزبەح ژێ‌دەکرا، خوێنیان دەڕژا، دەیانگوت خوا تامەزرۆی خوێنی هەژارە.

برای لە خاکا ڕزاوم!

ئەگەر ئێستا بژیتەوە و لە بن بەردان وەدەرکەوی، کـاروانی خوێنـاویی ئـێمەی خـزم و هاوکارانـت بێتە بەرچاو، یان گوێ لە چیرۆکمان بگری، بۆمان دەگری، دادەمێنی، ڕادەمێنی، تێدەگەی کە ئێمەی پاش تـۆ هەزار هێندەی کۆیلە و بەندەی فیرعەونەکان چەوسێنراوین، ڕەتێنراوین و بێ سـووچ و تـاوان کـوژراوین. ئێمە سەربازی فیرعەون و قاڕوونانی زەمانەمان قوڵە کوێخای خواکانیش خواردوویانین. سێ بەش لە پێنج بەشـــــــی ئێـــــــران ـ ئـــــــاوی و بەژ و دەشـــــــــت و کەژی ـ

ببووە موڵکی موبید و موغو ئاورگ و ئاورخۆشکەران. بە ناوی ئاهوورەموزدا، بە ناوی خـوای تـاریکی و ڕووناکایی ئێمەی نەگبەت ـ خۆتاسایی ـ ڕووناکیمان بە چاو نەدیت، تا مردن بێگارمان دەکرد، کێشمان لە ژێر ئەرکا دەمرد دەخرایە ناو بۆدڕێکەوە، بە یەکی زیندووی بەکارتر جێگەیان پڕ دەکردەوە.

چوار لە پێنج بەشی ئورووپا پاپ و کەشە و کاردیناڵ و ئەسقەف و شـەماس و فرێـر بە نـاوی یەسـووع و ماری بڕیان دابوو، موڵکی خوا بوو، لە ناو خۆیان بەش کرابوو، بەش‌خوراو ئێمەی هەژار بووین، ئـێمەی کرێکار و جووتیار، ڕووت و نەدار، ئەوە هیچ کە بەشمان نەبوو زاتی ئەوەندەشمان نەبوو بەش داواکەین. هەر لە بێشکەوە هەتا گۆڕ گوێمان پڕ بوو لە باسی ژیلەمۆ و ئـاگر، ئـاگری دۆزەق، چـزووی دووپشـکی کلک‌پان، مار پێوەدان، لەگەڵ سەتان قسەی نەستەق و ڕەق و تەق. هەرچی دەکرێ کاری خوایە، خوا لای وایە، بۆ بۆرەپیاگ وا خاس‌ترە لە گەشە و خۆشی بێ‌بەش بێ، چارەڕەش بێ، نان و ئاو و جلک و پێڵاو بۆ کوێخای خوا و نەجیم‌زادان بەرهەم بێنێ و بە بەشی بێ‌بەشیەکەی خۆی قنیات بکا و بساچێنێ، نەبۆڵێنێ، پیاوانی هەڵبژاردەی خودا نەتۆرێنێ و دین و ئـیمان نەدۆڕێنـێ. تەنـانەت بـۆ نەگبەتـیمان، ئەوەی وەچەی هەژاریش بوون، کاتێک دەبوونە خوێندەوار و زانا و بەکار، لە خۆمـان دەتەکـانەوە، تەکیـان دەدا بە تەکـی زۆردارانەوە و هۆرە دەبوون لە قەڵشینمان.

زانا و دانای وەک ئەرەستوو، گەلێک زانای تریش وەک ئەو، بنیادەمیان بە چەنـدین چـین دابەش دەکـرد، گوایە خودا دەستەیەکی بۆ پاشایی، کۆمەڵێکی بۆ زانایی، ڕەوەیەکی بۆ کوێخایی قوڕ شێلاوە و خڕی داوە، زۆربەی زۆریش کە ڕەمەکی و حەشاماتن، بۆیەی کردوون خزمەت بەو سێ جونە بکەن. ئەگەر ئەو زۆربە بەربـــارە نـــرکە بکـــا و لە ڕەنجـــدەران خـــۆ بـــدۆزێتەوە، پـــیس و بـــێ‌فەڕ و دزێـــوە و لە

بەزەیی خودا بێبەشە. کارمان گەیشتە ڕادەیەک وا بیر بەرین، خواش دژی هەژارانە و لاگیری خاوەن زۆرانە و دەستی دەگەڵ گەلـخۆرانە.

لە ناو جەغزی ناهومێدی خولمان دەدا، تلمان دەدا، ئاواتەخوازی و هومێدی ڕزگاریمان جار لە دووی جار وەک بەفری پار دەتوایەوە. کەچی لە پڕ و نەکاوێک گوێچکەمان زرینگایەوە. قاو داکەوت: مژدە لە بێدەسەڵاتان! پێغەمبەرێک لە شارێکی پڕ لە بت و بتخانەوە پەیدا بووە، دەڵێ خوا منی ناردووە دە هانای لێقەوماوان بێم، با بچینە لای.

ئێمەی ژێردەست، ئێمەی بێدەست، سەری زمانی خۆمان گەست. هەیاران! ئەو پێغەمبەرەش وەک ئەوانەی جاری جاران نەکا فێڵباز و پیاوخۆر بێت، بە ناوی خوا ئێمە بخوا و لەباتی ڕزگارکردنمان تۆق و زنجیرێکی تازە بخاتە مل و گەردنمان.

گوتمان ئەم پیاگخاسە نوێیە خەڵکی کوێیە؟ شازادەیە؟ بەگزادەیە؟چکارەیە؟ ئاخۆ بە کێمان بفرۆشێ، کام بێگارمان لێ زیاد ئەکا، ئەمجارە کێ دەماندۆشێ؟

وتیان: نەخێر ئەم پیاوە پیاوێکی ترە، لە بنچینەی هەژارانە، بە سێویەتی هاتۆتە ئەم جیهانەوە، زۆربەی ژیانی ـ بە نۆجوانی ـ بە شوانی گوزەراندووە، ئاژەڵی لەوەڕاندووە، خۆی هەژارە، کرێکارە، لە دەردی مە ئاگادارە، خوا هەر بۆوەی ناردووە بە چارەڕەشان بچارێ.

- قسەی چییە؟

- قسەکە قسەی خۆی نییە، قسەی خوایە. دەڵێ خوا ڕایسپاردووم پێتان بڵێم: باوی پیاوی زێڕدار و زۆردار بەسەرچوو، ڕۆژ ڕۆژی چەوسێنراوانە، بێگار و کڕووسینەوەی بێ دەرەتانان تاوانە. زل و قرخن، خەپە و ورگن، ڕەش و سپی و بۆر و چڵکن، کەس لە کەس گەورەتر نییە، هەموو لە کن خوا وەک یەکن،

پان و بەرین بە کەلەپوور بۆ ئەوانە جێدەمێنێ کە پیاوچاکن و پێی دەچارێن. لە ڕۆژی زیندووبوونەوە بە کەس نالێن تۆ کوڕی کێی؟ لە کام تیرەی؟ نەجیمزادەی یان بۆرەپیاو؟ هەر کردەوە دێتە حەساو. تۆڵەی کۆڵە لە شاخدار دەسێنرێتەوە، پۆلای زۆرداری نالەبار بە هاڵاوی سزای خوا دەتوێنرێتەوە.

گوتمان: قسە چی تێناچێ، ببینین و ئاکار و کردەوەکانی هەڵسەنگێنین.

چووین و دیمان: بنیادەمە خۆمانەیەک، خانووەکەی کۆختەی قوڕینە، بە مۆرە و چینە و هەڵاشە، لە ماڵی کەس جوانتر و گرانتر نیە. بێ باوەشێن لەو گەرمایە ڕایەخی گەڵای خورمایە. بێ تەنتەنە و بێ سەنسەنە و بێ خزمەتکار، بۆخۆی کاری خۆی پێکدێنێ.

دیمان وتار و کرداری بەرانبەرن. بیلال کۆیلەیەکی خەڵکی حەبەشە و برش و ڕەش، لە جەرگەی یارانی ئەودا پایەبەرز و خاوەنبەش بوو. سەلمانناوێکی ئێرانی کۆنە کۆیلێکی دەربەدەر، کرابووە خزمی پێغەمبەر و زۆر لە سەر بوو. ئەبوزەرێکی غیفاری پێخواس، بێکراس و کەسنەناس و چادرنشین، ببووە یاری خۆشەویستی، سەتان و هەزارانی وا لە هەژاران و بێناوان خرابوونە ڕیزی پیاوان و ببوونە نازداری باوان. باوەڕمان هات کە ئەو پیاوە لە لای خواوە بۆ چاری دەردی هەژاران ناردراوە و جگە لەو، کەس چارمان ناکا.

لە موبیدان، لە خونکارانی ساسانی تەکیمەوە، بە سینەباز خۆم هاویشتە ناو داڵدەی ئەو دینە نوێیە، لەگەڵ ئاپۆڕەی ڕەنجدەر و خاکەسەر و ڕەش و ڕووت و قول و کۆیلە و دەربەدەران ـ لە ژێر ئاڵای ئیسلامەتی ـ حەسامەوە، برایەتی و بەرانبەری بەرەی مرۆڤ ـ لە سایەی دینی تازەوە ـ تازە لای کرد بە لامەوە.

گوتم ئۆخەی ئاواتی هەژاران پێکهات، کارمان ڕێکهات.

بەڵام داخ و هەزاران داخ، هەر لە دوای وەی مانگی گەشی ژینی ئەو هەژارپەروەرە گەورە سایەچەورە لەودیو ئاسۆی ڕواڵەتی پەنای گرت. وردەوردە و بەرەبەرە کەوتینەوە ناو تاریکی و لەجەری و ناوقەدباریکی و چووینەوە سەر دەقی پێشوو، ئەرک و بێگاری بێ تێشوو.

برای لە ناخی ئاخاش بە داخم!

ئەگەر بۆرەی دەورانی کەونارا چووبوون، بازەی تازە بە ناوی دین و دینداری، ڕێوشوێنی کەونیان ڕەچاو کرد، تیر لە کەوان، شیرهەڵکێشاو بە دەشت و دەرا بڵاو بوون، لە پاش کوشتاری خوێناوی، هەست و نست و پوخت و خاویان بە تاڵان برد، ژن و کیژ و پیاو و لاوی نەکوژراویان کردە یەخسیر، مل بە زنجیر، بە ڕاکێشان دایە پێش و لە بازێڕان بە غەریبی فرۆشتیانن، بووینە دیاری دەستی کوێخا بۆ سەرداران، بووینە ئاژەڵی ئاڵوگۆڕ بۆ فرۆشیار و کڕیاران. مێ دەخرانە حەرەمخانە و نێر دەکرانە زەحمەتکێشی بەخۆڕایی، ناویشیان لەو کارە نابوو: عەداڵەتخوایی خودایی.

کاکۆ! ئەگەر تۆ فیرعەونێکت دیت، بێگاری فیرعەونێکت کرد، ئێمە هەزاران فیرعەون بە ناوی خەلیفەی خودا، خەلیفەی پێغەمبەرەکەی، خەلیفەی خەلیفەکانی ـ ئاوی ئاوی کەروێشکەکە ـ هاتنە سەرمان، بە زەبری شیر دیسان خراینەوە بەر نیر، ڕەنجی ساڵمان بە ناوی سەرانە و زەکات، بە ناوی خێر و حەسەنات کۆ کرایەوە. بۆخۆشمان لە گوند، لە مەزرا ئارەق ڕشتن، لە ژێر بێگاردا خۆکوشتنمان بۆ مایەوە. چینی هەژار، چینی نزار دەم لە پووش و هەناسەسارد بە دەردەوە دەتلایەوە و کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە.

برام! دڵت هەر بە خۆت نەسووتێ. ئێمە گەلێک پتر لە تۆ دەردمان کێشا، بەردمان کێشا، کۆشکی کەسک، مزگەوتی شین، بورجی سپی و سووری سەنگین و ڕەنگین و چەند چین لە شام و بەغدا و قاهیرە و ئەندەلوس و مەڵبەندی زۆر و زەبەندەی سەد ئەوەندە بە شان و پیلی کڵۆڵان بە ناوی خواستی خواوە هەڵچنان و سەریان گیرا.

دیسان وەکوو مەڕی بێ شوان لە بیابانی سەرگەردانیدا مامەوە، خولامەوە، چەوسامەوە، دەرەتانم بەدی نەکرد.

بۆ کوێ بچم؟ ڕوو لە کوێ کەم؟ بچمەوە لای موغ و موبید؟ ـ مار هەر مارە ـ ئەوانیش دەمڕووتێننەوە، ئەوانیش بە ناوی یەزدان دەمخۆن، دەمکڕووسێننەوە.

بچمە بەر داڵدەی ئەوانەی دەڵێن ئێران لە داگیرکەر ڕزگار دەکەین؟! جا بە من چی؟ پێشینانمان گوتوویانە «بۆ بێهێزی دەستەوستان گەرمێن و کوێستان هەریەکە»، ئەوانیش نەوە و نەتیجەی ئەو گورگانەن کە هەزار ساڵ ئێمەیان خوارد، لە مافی ئێمە خۆیان بوارد، گەرەکیانە چنگاڵی هەڵکڕووزاویان، پەڕوپۆی هەڵپڕووزاویان بە شەڵتەی گۆشت و خوێنی مە، دووبارە ببووژێننەوە. چڕنووکیان درێژ بێتەوە، تووک هەڵەسوون بێنێتەوە، بشیشێنەوە جەستەی گەل، گەلی هەژار بچتەوە بەر بار و بێگار. بۆ من ئەگەر ڕەمەزانە و شەشەکانە بەشم هەر ژەم و نیو نانە. ئەگەر گورگە ئەگەر سوارە، یەکە بۆ بەرخی بێچارە. ئەگەر من هەر بێگار بکەم، فەرقی چییە بۆ مزگەوت یان بۆ ئاورگە کار بکەم! زۆرکەس لە پاش پێغەمبەریش بە ناوی ئیسلامەتییەوە ـ بە قسەی خۆیان ـ بۆیە هاتوون ئەوی پێغەمبەر بەنیاز بوو بۆ داماوانی دەکار کا و دەردی دەردەداران چار کا، ئەمانە نەیپسێننەوە و هەتا سەر لە سەری بڕۆن و بە ناوی ئەو ئێمە نەخۆن، کەچی ـ لە چارەڕەشیمان ـ لە هەزار، یەکیان ڕاس نەبوون و لەگەڵ هەژاران خاس نەبوون، تاکە تاکەیەک هەڵکەوتوون کە بە گیان و دڵ لێبڕاون لایەنگیری هەژار و لێقەوماوان و دژی زۆرداری و تاوان بن؛ بەڵام سەد حەیف و مەخابن! ئەوانەی بۆ ئێمە چا بن لە بەرانبەر بەرەی گەلخۆر و زۆرداران کە بەهێز و فێڵەزانن بە هیچ ئاوایەک ناتوانن بە ئاواتی پیرۆز بگەن، هەژارخۆر لە ناویان دەبەن.

بۆ نموونە یەکێک لەو پیاوە دڵپاکە هەرەچاکانەی بۆ تیرەی داماوان ژیاوە و لێبڕاوە لە چنگ گورگانمان خەلاس کا و سەر و ماڵی خۆی و مناڵی بۆ ڕەزای خوا و ڕزگاری ئێمە داناوە، عەلی بووە.

عەلی کێ بوو؟ خزموکەس و زاوا و یاری پێغەمبەر بوو، لە ئازایی و زانایی‌دا بلیمەت و بێ وێنە بوو. بەو هونەر و جەوهەرەوە وەک من، وەک تۆ ئەرکدەر و کارگەر بوو.

عەلی لە سوقڕات ژیرتر بوو، بەبیرتر بوو، بەڵام بەرهەمی بیرەکەی، نەک وەک سوقڕات بۆ چینی هەڵبژاردەی بێ، بۆ ئازادی و ڕزگاری ئێمەی کزی بارکەوتوو بوو. لە وتاردان "دیموستنس" تای نەدەکرد، بەڵام وەکوو "دیموتنس" منمن و خۆمخۆمی نەبوو. خۆی هیچ کاتێک لە بیر نەبوو، هەرچی دەیگوت بۆ ئێمە بوو. لە "بوسوئە" دەمڕاستتر و دەمپاراوتر بوو، بەڵام وەک ئەو لە دەرباری "لوئی" خۆی نەکردبووە سەربار و بە خونکاری هەڵنەدەگوت. دەهاتە دەر، لە ناو چینی دەربەدەر و خاکەسەردا قسەی دەکرد، ئاوڕووی فێڵبازانی دەبرد. مێژوو دەڵێ: "سپارتاکۆس" بۆ ڕزگاریی قولەڕەشەکان جەنگاوە. بەڵام عەلی بۆ هەموو بەشخوراوانی دنیای فراوان کۆشاوە، لە سەر مافی لەدەستچووی وەک من و تۆ لە ڕووی زۆرداری داگیرکەر ڕاپەڕیوە، شیری لە کالان کێشاوە و دەگەڵ نەیاران جەنگاوە. عەلی وێژەر و وێژەوانێکی سەرتۆپی دەورانی خۆی بوو، بەڵام نەک وەکوو فیردەوسی کە لە ناو شێستهەزار دێڕدا تاکە جارێک دەربارەی هەژارێک بدوێ: کوتکوەشێن شۆڕش بکا و سەر زۆرداری حەزیا و مار پان کاتەوە و لا لە هەژارانی خزمی بکاتەوە، بەڵام ماموەستای چڵکاوخۆر ئەو کارە پیاوانەی کاوەش بە نیوەچڵ بەجێ دێڵێ و مەگیرانی بە بەچکەزۆرداران دەکا، کاری کاوەی ڕند و پەسەن بە فەرەیدوونی ناڕەسەن کە لە بنەماڵەی گورگانە تەواو دەکا.

شێعری عەلی، وتاری جوان و ڕەنگینی وەک لافاوێک پووش و ئاومالکی خەمگینی لە چەوساوە و لێقەوماوان ڕادەماڵێ، بەرگی دزی و گزیکاری لە بەر گورگانی خوریپۆش دادەماڵێ.

عەلی کە دەڵێم زانا بوو، وا تێنەگەی وەک کاهینانی دەورانی فیرعەونەکان، یان وەک مەلا و شێخ و سۆفی و موجتەهیدانی ئێستا بوو؛ بە نازەوە، بە جلک و بەرگی تازەوە، پتەو، قەڵەو، لە پاڵەوپشت پاڵ داتەوە؛ هەر بیر لە زێڕ و زێوی زۆر، لە چێشت و لە نان و پێخۆر بکاتەوە. جگە لە خۆی و کوڕ و خزمانی خۆی،

بیر لە هیچ شت نەکاتەوە. ئێمەی باجدەر و ڕەنجبەریش لە بیرە خۆی بباتەوە.
عەلی بە برینی شیرەوە خەڵتانی خوێن، نوێنی لە بۆریا، لە کوێن. کە دەبیستێ ژنە جوولەکێکی هەژار زوڵم و ناهەقی لێ کراوە، هاوار دەکا: ئای لەم شەرمە ناڕەوایە! پیاو ئەگەر لە حەیفا بمرێ نابێ کەس سەرکۆنەی بکا. عەلی لە ناو چینی نەدار هەڵکەوتبوو. زانا، وشیار، ئازا، بەکار، دەستودڵپاک و ئاکارچاک، لە ڕێی بژیودا خەباتکار.
بەڵێ زۆر زانا و دانا بوو، بەڵام نە وەک ئەو زانایە ناسراوانەی کە من و تۆ ناسیومانن و دەیانناسین. زانان، بەڵام هیچ کارێکیان لە دەست نایە، دەستبەکارن بەڵام لە باری نازانن. ئەگەر زانا و بەکاریش بن، پیاوی شمشێروەشاندن نین، ئەگەر زانا و دەستبەکار و ئازای شەڕن، دەست و دڵ و داوێنپاک نین، ئەگەر دەڵێی خواپەرستن، خواشیان دەوێ خورماشیان دەوێ، ئەوەش هەرگیز ڕێکناکەوێ.
عەلی بەو هەموو جەوهەر و هونەرەوە کە لە هەموو لایەکەوە خۆی تاکەسوارەی مەیدان بوو، خواپەرستی بەڕاستی بوو، جگە لە خوا و جگە لە هەژارانی لێقەوماو کە خزمەتیان ڕەزای خوایە، بیری لە هیچ نەکردەوە. بەرگی جەنگی لە ڕێگەی خوادا پۆشیوە و لە سەر هەقی ئێمەی هەژار شەربەتی مەرگی نۆشیوە.
عەلی خەباتکار و پاڵە. ڕەنجی دەدا، بەهرەی ڕەنجی بۆ یارانی هەژاری بوو، کەرێزکەنە، پاچ و قوڵنگ دەوەشێنێ، ئاو دەردێنێ، خزموکەس لە خۆشیان دەتریقێنەوە، بەڵام عەلی مەودا نادا، ئەو دڵخۆشییە هەتا سەر بێت، دەڵێ مژدە بۆ خزم و کەسوکاری من کە لەم ئاوە تنۆکێکیان بەرناکەوێ، ئاوی ژێرزەوی مەدینە بۆ ئەو تینووە بێ تینانەس کە دەستکورت و بەلەنگازن و ئاوخوازن و توانای ئاوکڕینیان نییە. باخەوانە لە کاتێکا کە خێزانە بەڕێزەکەی، کیژی ڕاسپاردەکەی خوا لە ناو جێگەدا کەوتووە و خەریکی ئاویلکەدانە.
عەلی لە نێو خورماجاڕی بەرەی نەجاڕ چنگ خۆڵاوی، لەش تۆزاوی، بنکۆڵ دەکا، ئاو دەدێرێ، وشـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــکەڵان

هەڵدەپەرتێویێ، دڕکوداڵان بژار دەکا، بۆ بژیوی خۆی کار دەکا، بەڵام ناهێڵن کار بکا و خەم لە سەر هەژار تار بکا. بەرەی کۆشک و تەلارسازان، ڕەوەی دەسبڕ و فێڵبازان دەیانزانی تا عەلی بێ، بۆیان نالوێ بە ڕاشکاوی ئەسپی چاوچنۆکی تاو دەن. هاتن چییان کرد؟ بە ناوی قورعان و ئایین، بە فتوای خوافرۆشان حەشاماتیان لێ خرۆشاند و بە گژیدا چوون. کاتێ دیتیان بەرەی هەژارانی عەلی زۆریان دەبا، کەوتنە باری گزیکاری، قوڕعان بە سەر ڕمبانەوە بۆ تکا هاتنە مەیدانەوە، موسوڵمانی ساویلکەی لاگیری عەلی فریویان خوارد و خۆیان لێ بوارد، تەڵەی قوڕعان کاری خۆی کرد، ئەو لاگیرەی داماوانیان بە فەند و فێڵان لە ناو برد.

عەلی بە شمشێرێک کوژرا کە ئایەتی فەرمانی جیهاد بۆ خودای لە باڵچۆغەی هەڵکەنرابوو، مەیدان بۆ فێڵبازان چۆڵ بوو، هەژارخۆر باویان هاتەوە، سەرلەنوێ هاتنەوە سەرمان، بە ناوی خوا، بە ناوی خەلیفەی ئیسلام خواردنمان دەست پێکرایەوە.

کوڕی عەلی بڕیاری دا لە سەر شوێنی باب و باپیری خۆی بڕوا. بڕوای وابوو دەبێ دەستی زۆردار لە سەر بێزۆران لابەرێ، لە بەرانبەر داگیرکەری دنیاپەرستا ڕاپەڕێ، بەڵام ئەویش بە فتوای مێزەربەسەر و ڕیشپانانی ئەوزەمانی بە دنەدانی زۆرداری پیاوکوژ و زێڕدار بەو بەهانە کە حوسێن و پەیڕەوانی لە بەرانبەر دوژمنانی بە ڕواڵەت موسوڵماندا کەمایەتین، بە پێی ئایەت کەمایەتی لە زۆربە یاغی، خوێن و ماڵیشی حەڵاڵە، ئەو دڵسۆزی هەژارانەش لە ناو برا. هەر لەوساوە ڕۆژی خۆشی بۆ چەوساوانی بێتاوان لە موسوڵمانان بە سەر چوو. ئەو ئیسلامەی کە لە سایەی ناسینی یەک خوا، یەک ڕووگە و یەک قوڕعان بیـــــــــوە هەوێنـــــــــــێ برایــــــــــــی بــــــــــــێ مەرایــــــــــــی و

بەرانبەریەتی و تەبایی هەموو چینێک لە کۆمەڵدا، لێکهەڵوەشا، بەشبەش کرا، ئۆباڵی باوکی یەکترکوژ کەوتە ملی نەوە و نەتیجە و نەدیدەی ئاگا لە هیچ نای بێپەنا.

بە سەتان لە گزیکاران، لە هەموو دەر و ئاقاران بۆ بەرژەوەندی زۆرداران گفتی سفت و مفت و ڕاست و چەفتی دژی یەکیان لە زمان پێغەمبەرەوە هەڵبەست، هەزار مانای جۆراوجۆریان بۆ ناتەباییانەوە لە قوڕعانەوە هەڵکڕاند. بە هەزار ناو و ناتۆرە لە یەکترنان، پێک هەڵپڕژان. ئێمەی ژێردەستە و ساویلکە و دەستەوەستان و خاویلکەش هەر تاقمێکمان بە هەوای سازی فێڵبازێک کوڕڕەگوێ بووین و هەڵبەزین و بە گژ یەکتریاندا کردین.

بە ناوی سوننی و شیعەوە، بە ناوی تۆڵەی تاوانی باوانی هەزار ساڵ مردووی ڕابردوو، بە ناوی جەبر و ئیختیار، بە ناوی قادری و چەشتی، بە ناوی دوازدەیی و هەشتی و بە هەشتا هەزار ناوی تر، ئێمەی ڕەنجەڕۆ و کرێکار لە یەکتر هەڵاواردراین. سەرەڕای ئەوەی کە خوراین، تێکبەردراین؛ تا سەرمان قاڵ کەن بە قووڵە و نەکا هۆش بێتەوە بەرمان و لە دووی دەرمان هەڵوەدا بین.

لە جیات ئەمەی بەرانبەر بە یاسای قورعان یەک بگرین و وەک یەک بژین، بووینە دەسخەڕۆی خوێنمژان. وێڕای زبارەی نارەوای پێمان دەکەن، بە گژ یەکتریشماندا دەکەن. هەرکەس کوژرا بەقسەی فتوادەری نۆکەر، لە ڕاهی خودا کوژراوین و حەواڵەی بەهەشت کراوین. ئەگەر ماشین، بۆ خزمەتی ئەوان باشین. ئەشێ بەهرەی ڕەنجی ساڵمان، پێویستی ژن و مناڵمان، بکەینە دەست چەند قەڵەوێک تا لە قەڵەوی نەکەون. ئێمەش قانیع بین بە بەشی چارەڕەشی و متەقمان لە دەم دەرنەیە؛ حەقمان حەواڵەی قیامەت بێ.

برام! بەڵام وەک پێشینان گوتوویانە: «هەر زاڵمەی زەواڵێکی هەس»، ئەوانەی بە فێڵ و گزی بۆ هەژار خواردن و دزی یەکپارچەیی موسوڵمانانیان هەڵوەشاند، بە دابەشدابەش کردنمان بێهێز و بێپێزیان کردین، خۆشیان تا سەر خۆشییان نەدیت.

زۆرداران و گەل‌خۆرانی بەری ئەوبەری دەریاکان ـ کە وەکوو داڵ لە شوێن کەلاکان دەگەڕێن ـ لە چەندبەرەکی و ناڕێکی و کەنەفتی و کاڵای بەقیمەت و نەفتی ئێمە وەخۆ کەوتن. بە ناوی شارستانیەتی سپی‌پێستان، بە ناوی ئاواکردنەوەی وێران‌بووی وڵاتانی تر، هێرشیان هێنا و دەمیان تێ‌نابن. گەورە و گچکە و سپی و زەڕی و ڕەش و بۆریان کردە ئاژاڵی دۆشین و هەموو ڕەنج و تێکۆشینمان بە ڕێی ئاودا بەرەو ڕۆژاوا بار کرا. لە بەرانبەر ئەم کارەدا بە ناوی ئەو ئازادبوونەی کە خۆیان ناویان لێ ناوە و لە ڕاستیش‌دا بۆ هۆش کوشتنمان ژەهراوە، کردوویانینە کۆیلەی خۆ و تەگبیری سەربەخۆ بوونی خۆماڵیمان لە مێشک و دڵ داتەکاوە.

گەلانی گەل‌خۆر و زۆردار ـ کە ناومان ناون ئیستعمار ـ فێریان کردووین خۆپەرست بین؛ پووڵ‌پەرست بین. هەرچی ئەوان پێمان دەڵێن گوێ‌لەمست بین. ئێمە بووینە کووپەی هەڵپەساردەی ئەوان. هەرچی خشت‌وخاڵ و ئەیاغ و کار پێ‌نەماوی ئەوانە، بە گەرووی ئێمەی‌دا دەکەن. هەمیشەش کاری وا دەکەن کە بە هیچ بار یەکتر نەگرین. لە جیاوازی و شەڕ و شوور و بەربەرەکایەتی بەهرە بەرن.

کەچی لە سەر ئەو حاڵەش‌ڕا پیاوە پیرۆز و مەزنەکان (مەلا، ئاخوند، شێخ، موجتەهید) ـ کە خۆشیان زەدەی بێگانە و دیلی ئەو ڕۆژی‌بەرانەن ـ هەر لە سەر بەزمی خۆیانن و ئاورەگرەی چەندبەرەکی و لێک‌جیاوازی خۆش‌تر دەکەن.

ئێستاش هەرکەس لە نوێژی‌دا دەستان بگرێ، هێندێک دەڵێن سزای وایە لە دار بدرێ. کێ سەر وە سەر بەردە مۆرێک بکا، لای دەستەیەک لە دین و ئایین لای داوە. پوختەی وتار تەفرەقە هەر وەک خۆی ماوە و لە سایەی ئەم تەفرەقەیەش تان‌وپۆی موسوڵمانەتی هەڵوەشاوە و ئاڵۆزاوە و کاری دین‌دوژمن لە باوە.

هەژارەکەی لە بێگاری فیرعەونا مردوو!

مـــن کە هەژاری ئەم چەرخەی پەنجـــا چەرخ لە تـــۆ دوورم، پەنجـــا ئەوەنـــدەی

چینی تۆ دەچەوسێم و ڕەنجبەخەسار و بەئازار و لە بێگارم. تەنیا چارم هەر ئەوەندە لە بەرچاوە خوا ئـاوەز بدا بە گەورە و گچکەکانمان کە بچنەوە سەر ڕێ و شوێنی ڕاستەقانی خودا و دین و قورعانەکەی کە ڕێی ڕاستە و هەموو خواستی عەداڵەت و لەخۆبوردن و یەکیەتی گەلانی چەوسێنراوەیە.

بە ئاواتم ناوی "عەلی» کە سێ پیتە و هەر پیتەی ڕەمز و نیشانەی خۆشی و پیـت و سـەرکەوتنە، بکـرێتە سەرمەشقی گشت و لێی لانەدەین.

عەیـن (ع) واتـا عەداڵەت و لام (ل) ڕەمـزی لەخۆبـوردن و یـێ (ی) ڕاسـپێری یەکیەتیـیە، یـانی عەلـی ویستوویەتی دەست لە سێ ڕەوشت بەرنەدەین:

عەداڵەت، لەخۆبوردن و یەکیەتی

عەلی شەریعەتی

# ناونامه

خوێنەری بەڕێز، ئەو ناوانەی لەو نووسـراوە تووشیان دێی و نایاننـاسی، لێـرەدا بۆیـان بـڕوانە. ئەوەنـدەش بزانە ئەو ناونامەیە هی منە و وەرگێڕاوی نووسـراوی شەریعەتی نییە.

**ئەبووزەڕ**: ناوی جوندوب کوڕی جونادە، لە هۆزی چۆڵپەرستی "غیفـاری" بـووە، سـاڵی ٣٢ ی کـۆچی مردووە. چوارەمین یا پێنجەمین کەسـێک بـووە کە هـاتۆتە سـەر ئـاینی ئیسـلامەتی. لە شـاری شـام دژی مەعاویە دواوە کە کۆشکی کەسکی بە هەژدە بـار زێـڕی دارایـی ڕەش‌وڕووتـی موسـڵمانان بنیـات نـاوە. مەعاویە شکایەتی لە لای عوسمان کوڕی عەففان کە ئەوسـاکە خەلـیفە بـووە لـێ کـردووە. بردوویـانەتە مەدینە، لە مەدینەش لە سەر تەخشـان و پەخشـان و بەفیڕۆدانـی دارایـی موسـوڵمانان بە گـژ عوسـماندا هاتووە، لە مەدینەش دەرکراوە و بۆ شوێنێک بە ناو "ڕەبەزە" ناردراوە کە تـا ژیـاوە لەوێ بـووە، کە مـردووە ئەوەندەی نەبووە بەشی دوو گەزە جاوی کفنەکەی بکا.

**ئەندەلەس**: لە ناو مێژووی پێشووی عەرەباندا سەرانسەری ئیسپانیا و پورتەغاڵی ئێستەکانە دەگرێتەوە، ساڵی ٩٢ی کۆچی خەزاکەرانی موسوڵمان بە سەرکردایەتی تارق بەنی زیاد ناوێک کە عەرەب نەبووە، بەربەر بووە، دەستیان بە داگیرکردن کرد، بەرەبەرە تا سەر چۆمی "لوار"ی فەڕەنسەشیان ئاژۆت. حوکمی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ماوەی ٨٠٥ ساڵ لە ئوروپا بەردەوام بوو. ساڵی ٨٩٧ی کۆچی، سێهەمین ڕۆژی سەرساڵی ١۴٩٢ی زایینی، خاچپەرستان دوامین حاکمی عەرەبیان لە ئوروپا وەدەرناوە و ئیتر حوکمی ئیسلامەتی لەو وڵاتە دوابڕاو بوو.

**بوودا**: کوڕی فەرمانڕەوایەکی گەورەی وڵاتێک لە لای نیپاڵ لە باکووری بنارس بوو. لە تەمەنی بیستونۆ ساڵیدا وازی لە ژن و ماڵ و کوڕ و خۆشگوزەرانی خۆی هێنا. بوو بە عەبداڵ لە شوێن خوا بەدیکردن، لە ئەنجاما لە بن دارهەنجیرێکدا تیشکی خودا خۆی نیشان دا و نهێنی بۆ ڕوون بوونەوە و کەوتە بیر ڕووناک کردنەوە.

بوودا دەڵێ: ژین زنجیرە ئازارێکە؛ خواستی نەوسی بنیادەمیش سەرچاوەی ئەو ئازارەیە تا پیاو هەیە و لە سەر دنیا دەژی هەوای نەوس ـ چەل و مل ـ ملی گرتووە و گەوی ئازار ناترازێن، کەوابوو هەتا هەین پەستین، گەرەکە لە چاکی و پاکی و بێ ئازاری جانەوەران باری ئەولامان هەڵبەستین، هەستی و خۆشی بۆ پیاوی خاس لە پاش مەرگ دەست پێدەکا. زۆر لە سۆفیەکانی ئێمەش لە سەر ئەم بارە ڕۆیشتوون. وەک شاعیری هەرەگەورەی کوردەواری "مەولەوی تاوەگۆزی" دەفەرموێ:

بالام کردەوە مەیل وەلای پەستی
وردیکلانەن دەروازەی هەستی

**بوسوئە**: ژاک بنینی بوسوئە گەورەترین وتاربێژی دەورانی خۆی لە فەڕەنسە، ساڵی ١٦٢٧ی.ز هاتۆتە دنیا. لەلەی کوڕی "لوئی چاردەهەم" بووە. پێهەڵگوتن و شیوەننامەکانی بەناوبانگن، ساڵی ١٧٠۴ی.ز مردووە.

**دیلفی**: پەرستگای زۆر بەناوبانگی یۆنانی لەمێژینەیە کە ئێستاش

لە بناری چیای "پارناسۆس"دا شوێنەوارەکەی هەر ماوە.

**دیموستنس** یان **دیموستن**: لە ٣٨٤تا ٣٢٢ بەر لە زایین ژیاوە. وتاربێژ و دەمپاراوی خاوەنناوی هەرەگەورەی یۆنانی زەمانی خۆی بووە.

**زەردەشت**: لە زمانی ئاوێستاییدا زەرەتوشترە، واتا خێری وشترە زەردە. خەڵکی لای گۆلی ورمێیە، بە واتەی پەیڕەوەکانی لە نێوان چەرخی حەوت و شەشی پێش زاییندا ژیاوە. لە دەست نەیاران ڕای کردووە و چۆتە سەر چۆمی "تائیتی" کە ئەو چۆمە لە گورگانەوە دێتە خوار. فریشتە هاتۆتە لای و دڵی لە پیسی و گەماری ئەم جیهانە شتۆتەوە و بردوویەتە عاسمانان و کردوویەتە میوانی خوا، بە دڵخۆشی هاتۆتەوە سەر زەمین و خوا هێز و قەوەتی داوە بە سەر دین و دوژمنانیدا ـ کە لە ڕەخ گۆلی وان ژیاون و ناوی دێوانیان لێ ناون ـ زاڵ کراوە. گوشتاسبشا باوکی ئەسفەندیارەکەی ڕۆستەم کوشتی، زەردەشتی پەسند کردووە و دینەکەی وەبرەو خستووە.

وێدەچێ بە هەڵەش چووبم بەڵام بە بیری کورتی خۆم، چەمی "تائیتی" هەر هەمان چەمە کە پردی "تیەتی" لێیە و نزیک سەردەشت هەڵکەوتووە، گورگانیش بە لای منەوە "گەورکان"ە کە مەڵبەندی گەورکایەتی ئەودیوە. سەردەشت بە ناو زەردەشتەوە ناو براوە و پیتی زێ بە سین گۆڕاوە. سەیری خۆشیش لەوەدایە کە گوندێک لەو ناوە هەیە ناویان ناوە "هورمزاوی" واتا ئاوەدانی ئاهورەموزدا. گوندێکی دیش لە شارباژێڕی کوردستانی داگیرکراوی عێراقە بە ناوی "هەرمن" کە تەواو ئەهریمەنەکەی بەناوبانگە.

**سپارتاکووس**: ساڵی ٧٣ی پ.ز سەرکردەیی کۆیلەی ڕۆمی گرتە دەست و شۆڕشی دژی زۆرداران و کۆیلەداران هەڵایساند. بەشی زۆری لە باشووری ئیتالیا کەوتە دەست و ڕزگاری کرد. ساڵی ٧١ی پ.ز دوژمنان بە سەرکردەیی "کراسوس" و "یومیسیوس" سپارتاکووسیان شکاند و لە تۆڵەی ئەو شۆڕشە دا شەش هەزار کۆیلەیان خنکاند.

**سەلمان**: کابرایەکی ئیسفەهانی یان خەڵکی ڕامهـورمز بـووە. لە ڕێگـادا چەتەی غەریـب گرتوویـانە و بە جووێکی بەنیقورەیزەیان فرۆشتووە. کاتێ ئیمانی هێناوە لە ئاغـاکەی کـڕدراوە و بـۆتە یەکێـک لە یـارانی هەرەبەڕێزی پێغەمبەر. ساڵی ٣٥ یان ٣٦ی کۆچی لە شاری مەداین ـ کە پایتەختی پێشووی ئێـران بـووە ـ مردووە. ئێستاش گۆڕەکەی پیرۆزە و ئەو شارەی کە ئەویشی لێ نێـژراوە، هـا بە لای تـاقی کیســـراوە و بە "سلمان پاک" ناو براوە.

**شوارتز**: برتولد شوارتز، کەشە و شیمیزانی بەناوبانگی ئاڵمانی لە نیوەی یەکەمی چەرخـی چـاردەهەمی زایینیدا ژیاوە. زۆر ساڵان وایان دەزانی باڕووت هەر ئەو دایهێناوە.

**کۆنفشیووس** یان **کۆنفسیووس**: ساڵی ٥٥١ی پ.ز هاتۆتە دنیـاوە. لە تەمەنـی بیسـت سـاڵیدا کـراوەتە وەزیری کشتوکاڵی فەرمانڕەوای مەڵبەندی "لوو" کە ئێستا ناوی شانتۆنگە. لە ئاکـامدا دەسـتی لە کـاری دەوڵەت بەرداوە و ژیانی خۆی تەرخانی هەژاران کردووە. لە چین و ژاپـۆن و ڕۆژهەڵاتـی دوور ئێسـتاش پەیڕەوی زۆر زۆرن.

**مانی**: وێنەکێشی بەناوبـانگی کە بە پێغەمـبەریش ناســـراوە. لە دەورانـی شـاپووری کـوڕی ئەردەشـێری بابەکاندا ژیاوە و ئەردەشێر دینی مـانی برەو داوە. ئەردەشێریش لە ساڵی ٢٤١ی.ز یان ٢٤٠ی.ز بۆتە شـا و لە ٢٧٢ زایینیدا مردووە.

**فەرهەنگۆک**

خوێنەری هێژا، ئەگەر هێندێک لە وشەی ناو پەڕتووکەکە لەگەڵتا ئاشنا نەبوون، لێرەدا بۆی بڕوانە.

ئاپۆڕە = حەشامات

ئاخ = خاک

ئاژەڵ = ماڵات

ئاوا = جور ، تەرز

ئاوەز = عەقڵ

ئاویلکەدان = دەمی گیاندان

باری = لۆسە

بانیژە = بانوچکە

بەربەست = بەنداو

بەژ = وشکانی

بەلەنگاز = هەژار و داماو

بێروون = بیابانی وشکارۆ

پاڵە = کرێکار

پەرسگا = مەعبەد ، مزگەفت

پیت = بەرەکەت

تۆرەمە = بەرەی پاشەکەوت

جون = دەستە

چاوچنوک = بەخیل ،

خەپە = ملقەوی ، تۆپنە

داک = دایک

ڕەخ = لا ، تەڕەن

ڕەمەکی = عادی

زبارە = هەرەوەز

زریزە = زنجیروکەی گەووردیلە

زویر = ناڕازی

زەردومان = شاخ و هەڵکەوت

زەری = سپی پێستی ئاماڵ زەرد

سەرژێکردن = سەربڕین

سێوی = باب مردوو

فرە = زۆر ، گەلێک

قانەقدیلە = ختووکە

کۆیلە = عەبد

کەستەکی = گڵمەت

گازندە = گلەیی

گچولە = تووتەڵەسەگ

گزی = فێڵ و حیلە

گەپ = زەلام

گەمار = چڵکن

لافاو = سێڵاو

لانەواز = بێچارە

لەجەر = داڵگۆشت

لیزگ = هۆنە

ماف = بەش

مخابن = حەیف

مرۆ = پیاو

مرۆڤ = بنیادەم

ناوتێدان = هاندان

نزار = زەبوون

نیروانا = نەمان بۆ بەختەوەری

نێز = برسی

واڵا = بەتاڵ و پووچ

(خاڵی)

# عیرفان، بەرانبەری، ئازادی

(خاڵی)

**خوێنەری کورد!**

نووسەری یاداشتەکانی ڕۆژ لە کەیهانی ۵۸/۱۰/۲۴دا نووسیویە: مامۆستای هەرگیز نەمرمان (دوکتور عەلی شەریعەتی) دەربارەی خۆیەوە دەیگوت: وتارێکم لە مەڕ پەیڕەوانی ئیمام عەلیەوە نووسیبوو؛ دامەدەزگای کۆڕی گشتی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە مەککە. زوو بەسەریاندا دامەوە و بە چەند جوێنی بێتامەوە گوتیان: کاورا شیعەیەکی زۆر غەلیزە! هەر لەسەر هەمان وتاریش چەند ڕیشدرێژی بەکاوێژ فەرمووبوویان: شەریعەتی بۆتە سوننی کلک درێژ!

جارێکیشان لە دانشگا قسەم دەکرد؛ ڕووناکبیرانی سمێڵپان گوتیان: فڵان، لاگیری سەرمایەدارە! هەڵێکی دی هەر لەو جێیە، هەر ئەو قسانەم کردەوە؛ چەند بیرکورتێکی ڕیشدرێژ گوتیان: سوورسوور کومۆنیستە! جا بەو پێیە دەبێ ئێستە شیعەی سیس و سوننی پیس و سەرمایەداری نەگریس و کومۆنیستی لامەزەب بم. داربەڕووی بنەتاڵوو بم! یەک تەنیشتی چوارپاڵوو بم!

***

منیش ئەگەر ڕاستت دەوێ، تا دەگەڵ بەرهەمەکانی ئاشنایەتیم پەیدا نەکرد،

لام وابوو له شیعه‌تیدا شـه‌ریعه‌تی خه‌سـتێکه ئه‌سـکۆی تێنـاچێ؛ به‌ڵام له‌لام ڕوون بـۆته‌وه که ئه‌و پیـاوه به‌شوێن ڕاستیدا گه‌ڕاوه و ئاوڕی وه چیتر نه‌داوه. به پڕوپووچی سه‌د ڕیتاڵ و هه‌زار سووچی گزیکـاران ـ که بۆ به‌رماوی زۆرداران ـ فش و فۆڵ و قاڵب به‌تاڵ، بۆ ئیسلامه‌تی دووراوه و به‌ده‌سـتی پـیس و چڵکنـی چه‌ند کوڵکنێکی دووره‌هه‌ست تێهـاڵاوه و داپـۆشراوه، خه‌ریـک نه‌بـووه. گه‌ڕاوه‌ته‌وه سـه‌رچاوه. ئـاوی ڕوونی هه‌ڵێنجاوه و له چڵپاو وازی هێناوه. عیرفانه ڕاسته‌قینه‌که‌ی به‌م نامیلکه‌یه لێی‌دواوه، لای ئه‌و بووه. حه‌ز ده‌که‌م ته‌نبه‌ڵی نه‌که‌ی و بیخوێنیه‌وه تا تـۆش وه‌ک منـی بناسـی و به بسـته‌ریش به‌فریـو نه‌چـی و له ڕاسته‌ڕێش شاره‌زا بی!

ئیتر خۆشیت. برات: **هه‌ژار**

تاران، ٥٨/١١/١٧

وام به دڵدا دەهات بڵێم: وەرن با بۆ تاوێکیش بێ، خۆمان لەناو چواردیواری دیـن و کـۆمەڵاتی جـوێ ـ جوێ ڕزگار کەین و بێیـنە دەرێ. سـەرێک لەم دنیـایە دەیـن و بـێ‌هیچ سـندم و پێوەنـدێک ئەم خـۆکردە (تەبیعەت) بە دانستە شی کەینەوە و دەربارەی ژینی ئەوانەی ئەمڕۆ دەژین، بە وردی بتۆژینەوە.

گومان نییە مرۆ و خۆکرد هەرتک هەن و لە بەرچاون. جا بۆ چـۆنیەتی پەیوەنـدی ئەو دوانە بە یەکـترەوە و باری ژینی ئەم عیسانەی لەناو ئەم خۆکردە دەژی، پێویستمانە هەموو جـۆرە بیـر و بـڕوا و ڕێبـازی لێکـتر جیاوازی کۆمەڵانی بنیادەمی کۆن و تازە ـ کە ناوی دین‌یان فەلسـەفەیان لـێ نـراوە و ئەزموونیـان لەسـەر گراوە ـ بەگشتی بەسەر کەینەوە. ئەوسا ئەگەر تۆزێک زیت و وشیارانە بدرێنە بەر محەکی بیر، بـۆ پیـاوی ژیر دەردەکەوێ کە سەرچاوەی هەموانیان هەر سێ کانییە و ئەوانی‌تر هەموو جۆگە و شـێلەگەی ئەم سـێ سەرچاوەن؛ دەنا چەند لاپرەسەنێکن بایەخی لێدوانیان نییە. سێ سەرچاوە کە «عیرفـان» و «بەرامـبەری» و «ئازادی»یە. یەکەمینیان ـ کە عیرفانە ـ ئەگەر ڕاست بێ و عیرفانی هەر بەناو نەبـێ، بـێ‌گـرێ و گـۆڵ ئەو دووی دیکەش دەگرێتەوە.

## ١ـ عیرفان

مانای عیرفان بەتێکڕایی کاری کەسێکە دەیەوێ خۆی بناسێ؛ چی هێناویە؟ بۆ هاتووە؟ بۆ کوێ دەچێ؟ دەبێ چی بکا؟ هەودا و مەودای ئاڵۆز و پڕگرفچنکی دەوروبەری، لەبان سەری، لەم زەمینە پان و پۆڕ و بەرینەدا بپشکنێ؛ سەرەتای بدۆزێتەوە؛ یەک لای کا؛ گرێ کوێرەکانی ڕاکا؛ بە ماشەر هەڵیکاتەوە؛ بە عەقڵ لێکی داتەوە؛ مەودای ئەو هەودایە چەندە؟ لە کوێڕایە و هەتا کوێیە؟ کێ ڕستوویە؟ کێ خستوویەتە بەر دەستی پەلەوەر و جانەوەران بۆ چینە و لانە و لەوەڕان؟ بە کوردی و کورتی کەسێکی لەدووی ڕاستەقینە وێڵە و تا هەموو شت دەبنج و بناوان نەکا ئۆقرەی نایە، پێی‌دەڵێن؛ خاوەنی عیرفان و عارف.[1]

ڕۆژاوایی نشینەکان دەڵێن: زێدی عیرفان ڕۆژهەڵاتە و ڕاستیش ناکەن؛ چونکە زانست بە دانستە سەر بە هیچ مەڵبەندێک نییە. بگرە هەموو سەر زەوین و ژێر زەمین و پەی دەریا و عاسمانی شین و بەرزیش بۆ ئەو گەلێک تەنگەبەرە و بەگێڕە تیا دەگونجێ. دەتوانم بڵێم ناشگونجێ. هۆی ئەو هەڵە زلەش ڕوونە: دەورانی کەونارای پێشوو (هەر زوو) ڕۆژهەڵات لانکی زانیاری و ژیاری بوو. دانیشتووی نیوەتۆپەڵی خۆرنشینی ئەوسا ـ لە زانستا ـ کوێر و کوتر و کۆڵەوار بوون؛ لە ژیار و شارستانیەتی قوشقی و نەبان و بێزار بوون. ئەو دەمانەی ئەوان لە گوێی گادا خەوتوون، زانیاری بە عیرفانەوە لە مەیدانی خاوەرزەمین گاڵەی بوو؛ ڕمبازی دەکرد. هەر بۆیەش دەو قۆرتە کەوتوون کە عیرفانی ڕوو لە ڕۆژاوا نەناسراو ـ بە دای و باو ـ بە خۆرهەڵاتی بناسن؛ ئەگینا عیرفان وەک گوتمان

پاژێ گرینگ لە سروشتە و دەپاڵ هەموو کەسدا هەیە.

بەبڕوای من داروینیش[٢] ـ کە لەسەر بیر و باوەڕی ماکپەرستی ئەو هەموو تەوسەی تێدەگرن ـ بەهێزترین بەڵگەی عیرفان دەگیرفانی عینسان دەخا. ئەو کابرایە بە زوانی زانیاری دەڵێ: ڕوەک و گیانلەبەرەکان، لەڕێی ماک (مادە) و ئەرکی ئەندامانی لەشڕا (فیزیولوژیک) پێگەیشتوون. ڕوەک (نەبات) ڕووی کردۆتە زۆر بوون. پاشان ماکژی (ئامیب)[٣] و گیانداریتر هاتوونە دی. هەر تیرەیەک وردە ـ وردە بەرەو تەواوتر بوون چوون و ئەوسا مرۆی سەرەتایی ـ کە لە هەموان تەیارتر بوو، بە بەگزادەی ناو مەیموونان حەساو دەکرا ـ هەراشتر هاتە کایەوە. بەرە ـ بەرە مووی لەپی و دەستی هەڵوەری؛ توێڵی فرەهـ بوو، هاتە پێش؛ چەنەی بەرەو دواوە خزی؛ کلکی پەڕی؛ لەسەر جووتە پێ ڕاوێستا؛ ئێستا ناو نراوە عینسان.

جا با ئەوجار سەرنج بدەین کە بە شوێن ئەو قۆناغەدا، چی مرۆی لە خزمەکەی خۆی ـ کە مەیموونە و تەرحیشی لە مەیموون ئەکا ـ هەڵداوێرێ و فەرمانڕەوایی ئاوایی پێ دەسپێرێ؟ بێگومان هەستی عیرفانە.

هەر ئەو مەیموونە کوڵکەوەریوە بێکلکە، لە سەرەتا ـ لە خۆرهەڵات یان ڕۆژاوا یا هەر شوێنێکیتر ژیابێ ـ لە وچان و پشووداندا بەلانی کەم بیرۆکێکی لە مەتەڵۆکەی ژین کردۆتەوە. بەپێی مژی باش نەمەیوی و هزر و فکری نەگەییوی خۆی، بەرەو کانگای بردۆتەوە و بەخەیاڵ هەڵیهێناوە. بەڵان چونکە زۆر ساویلکانەی بۆ چووە، نرخی نەبووە و بایەخێکی پێنەدراوە کە لە دواڕۆژێک کۆم بکرێ و فێرگەیەکی بۆ دابنرێ و ئیزمێکی دە کلکی بخرێ؛ ئەگینا هەر ئەو مرۆیەی کڕنۆشی بۆ بەردێک، بتێک یان شتێکیتر بردووە، داوای کۆمەک و

یارمەتی لێ کردووە، جۆرە عیرفانێکی هەبووە کە ئێستا لەسەری ناکەین.

گەشانەوەی هەر ئایینێک بە گەشەی پەیڕەوانیەوە بەستراوە. بۆ نمونە: ئایینی هێندۆک ڕادەنێم. هەتا سەد ساڵ لەمەوبەریش گاپەرستی لە بەرچاوی موسوڵمانان ئەوپەڕی پەستی و بێهەستی و بەڵگەی گێلی و نەزانی بوو. کەچی ئێستا کتێبی وایان دەربارەی دینەکەی خۆیان داناوە کە بە خوێندنەوەی شاد ئەبین. کتێبی وان زۆر لە کتێب موسوڵمانان ـ کە دەربارەی ئیسلامەتی دانراون ـ بەپێزترن. رادها کریشنان[۴] دەربارەی پیرۆزی گا و پەرستنی، کتێبێکی وای نووسیوە کە ئێمەمانان تا ئێستاش لەمەڕ بێشەریکی خوداش نووسراوێکی وامان نییە! جگە لەوەش زۆر لە زانایانی هیندی سەبارەت بە خوداکانیان ـ کە هاوبەشن و هێندەش زۆرن دەژمار نایەن ـ شتی ئەمەندە بەنرخ و پیاو ڕازیکەریان نووسیوە کە لەوپەڕی بەرزیدایە و سەرنجی خەڵکی دنیایە بەرەو خۆیان ڕادەکێشن. لەو بارەوە وەباڵ بەستۆم لەملەدا ئەوان لەپێشن؛ کە دەبوا بەراوەژوو با؛ چونکە هەستی تاکپەرستی لانی کەمی دووهەزار ساڵ لە دینی هیندوو کۆنترە. بەو پێیە با دەبوو ئێستا ـ هەر هیچ نەبا ـ دووهەزارپا لە پێشتر باین. بەڵام چونکین کەوتۆتە بەردەستی ئێمە، ئێمەش لە پەستا بەرەو پاش دەکشێینەوە، دینەکەمان بۆتە گەپجاڕی هەندەران. وەختە بڵێم ڕۆشنبیرانی خۆماڵیش لێی بێزارن.

دەبا با دەینەوە سەر خەت:

هەستی عیرفان وێڕای سرشت ـ وەکوو جمک ـ دەگەڵ مرۆ هاتۆتە سەر ئەم زەمینە.

ـ عیرفان چییە؟

ـ دڵخورتیە، بزوێنی بەرەو زانینە؛ کە تووش مرۆی ژیر و خاوەنبیر هاتووە.

عیرفان دڵداری و ئەوینە؛ خولیای پشتی پەردە دینە. تا پیاو ئەوینـێ نەچێـژێ نەبـۆتە پیـاو. وەک مەولەوی ڕۆمی دەڵێ: مەلایەک ئەویندار نەبێ، گایە و مێـزەری لە سـەرە! ئەو شـێخە سـەرتاپا شـینەی بـۆ بیـر لەو عاسمانە پانە و ئەم زەمینە پڕ لەو هەموو تەرزەژینە، سەبرە خورپە دڵی نەبزوێنـێ، لە حانـدی دیـمەن چـاو داخا و لە دەنگ و ئاواز و سازی هەزار تەرزی نزم و بەرزی ئەم خۆکردە خوشیک و جوان و ڕەنگینە گەشە نەکا و لەلای بابێ و هەر گوێچکەی بۆ بتەپێنێ و لە کرگاری شیرینکاری ـ کە چییە و کێیە ـ دانەمێنێ و بۆ ناسین و بۆ زانینی ڕانەمێنێ، هەتا ئێستاش هەر لە جوونە مەیموونەکەی پێشینەیە؛ کوڵکەی تولەکی کردووە و هەڵوەریوە؛ کلکی کرووزی پەڕیوە و ناوی خۆی لێ ناوین عینسان.

ڕاستت دەوێ؟ کەسێ تامی ئەو دڵخورتیە پاک و چاکەی بەلادا تێنەپەڕیـوە و نەیـدیوە، گـوێرەکەیەکە لەو دەشتە بەرەڵا؛ لۆژ ـ لۆژ دەگەڕێ و دەلەوەڕێ. لەوە پێوە هیچی لە هیچ نەزانیوە. ئەگەر سەد ساڵ تەمەنـی بێ، نابێ بڵێن خۆی ناسیوە.

**سەرچاوەی دڵخورتی چییە؟**

ئەو مرۆیەی لە مەیموونی ترازاوە و ناوی پیاوی لە خۆ ناوە، نیاز و ئـاواتی لە ژینـدا هێنـدە زۆرن کە نەک پێکهێنانی هەموان، بگرە نیویشی بەخۆکرد دابین ناکرێ. ژێرکردنەوەی ئەم جانەوەرە دوو پایەی گروگـرە لە وزەی خۆکرد بەدەرە.

ـ بۆچی؟

ـ چونکە خۆکردەکە وەک هۆڵێک یان وەک دۆڵێکە کە پیاو و گا و جانەوەر و پەلەوەر و گەڕۆک و خزۆک و ڕوەک، تێکڕا لەو ڕەهۆڵە دەژین، یان لەو دۆڵە دەلەوەڕێن.

بەڵێ خۆکرد بۆ پێکهێنانی ئاتاجی گیـانلەبەران هـاتۆتە دی و پـڕ بژیـوە؛ بەڵام مـرۆ، مـرۆی بـزۆز، خـوا دەفەرمووی: «مرۆ بزۆز دروست کرا». مرۆی چنۆک و خاپینۆک، بە ژیانی جـانەوەرانەی دوور لە گـۆڕان قنیات ناکا. ئەو کۆنە مەیموونە ڕووتەی کە هەستاوە و لەسەر دوو پێ ڕاوەسـتاوە، لە جـانەوەری ڕەمەکـی

خـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــۆی

زۆر بە زلتر دەزانێ؛ بە فیزەوە بەرەو بەرزیەتی دەڕوانێ. لە هاوئاخوڕی و ئاومالّی دڕندە و چەرندەی مـالّی ـ کە ئیشێکە هەمیشە پێ و تۆقێکە لە ملی هالاّوە ـ زۆر جارزە؛ لەوەڕی لێ بۆژۆ بووە؛ شتی تـازە و زۆری دەوێ و کەمتری وەدەست دەکەوێ. لە وەڕەزیان کەم ـ کەم دەگـاتە ڕادەیەک بە تەواوی ئەم ژیـنەی لەبەر دەبێزێ. بە قێزەوە لەخۆی و لە ژیان دەڕوانێ. خۆی لەو ناوە وەکوو نامۆ و غەوارەیەک دێـتە بەرچـاو. بـۆ دەرەتانێک دەگەڕێ کە بێتە ڕێ. بەشکەم بەوێدا بگاتە جـێ ژیـانی لەم ژیـنە هەمـوانییە خۆشـتر؛ خۆشـی بۆشتر. بەچـاو، بە دڵ، بە چـاوی دڵ بـۆ سـەرچاوەیەک دەنـۆڕێ کە تینـوایەتی دەروونـی پـێ بشـکێنێ. ڕادەمێنێ تا هیچ گومانی نامێنێ کە ئەوەی ئەو گەرەکیەتی لەم مالّە دەستی ناکەوێ؛ دەبێ هەر چۆنێ بۆی بلوێ لەم کۆنەچالّە دەرکەوێ و بەرەو هەوارێ سەرکەوێ هەواکەی سازگارتر بـێ. ئەو هەوارەش نادیـارە؛ بەرپیوارە؛ عارەبان پێی دەڵێن (غەیب).

ئەو نادیارە لە کوێیە؟ نییە؟هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆنی بۆ بچێ؟ چۆنی دەقەمچی دەکەوێ؟

مـن نـامەوێ بـکەومە پەرسـڤدانەوەی ئەم لە کـۆی و چیـیە و چۆنـانە؛ چـونکە دەکەومە نـاو شـیوی سۆفیانەیەکی تایبەتی و تێیدا سەرم لـێ دەشـێوێ. بـا لێـی گەڕێـین. ئەگەر ماکپەرسـتان دەڵـێن لەدووی نەدیاران ماندوو بوون پیاو بەرەو پاش دەباتەوە و لە بارستی گەشەداری نزمتری دەکاتەوە، باوەڕ ناکەم. من لام وایە دوای ئەم نهێنی کەوتنە خۆی هەوێنی سەرکەوتنە. چونکە ئەگەر هەر بەوەندەی لەبەر چاوە قنیات بکەین، هەر کاتێ وەدەستی بخەین ڕادەوەستین. بەڵام وەختێ بەو نەختە چاومان پـڕ نـابێ، بـۆ پڕبـوونی دەبزوینەوە، ئەم بزۆزی و بزووتنە، هاندەری تێگەیشـتنە و پـێپیلکەی پێگەیشـتنە. هەڵـوەدا بـوون بـۆ ئەو شتەی کە لە ناو خۆکردا نییە، پیاو لە کەوشەن و سنووری دیاری کراوی لەبەرچاو لەخۆکردا، بەرەو بەرزتر ڕادەدا. لەو هاندەر و تەکاندەرەش مەبەستم هەستی عیرفانە.

عیرفان چرایەکی ڕوونە لە دەروونی خاوەن بیردا هەڵکراوە؛ خشت و خاڵی لێی تێپەڕیوە و بەرەو بەرزتر فڕیوە تا ڕەسیوە بە پایەیەک پەریش دەخەوی نەدیوە. بە فەرمایشتەکەی سەعدی:

ئەم سندمە گلێنە بشکێنە تا بزانی

ڕەمکێشی گش مەلانی و لە تەشقی عاسمانی

مرۆ دەگاتە شوێنێک مەگین خودا لەوێ بێ

بنۆڕ چ پایە بەرزیت؟ هەر هێندەیە خودانی

هەموو دینێک، هەموو ئایین و مەزهەبێک ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژاوایی، ئەفریقایی، ئاسیایی، بەرد و دار و بت و گا و شەیتانپەرستی، چەند خودایی یان یەکتایی، بن تایەکەی بە عیرفانەوە بەسراوە. هەر بیر و بڕوا و یاسایەک کە کۆمەڵ بەڕێوە دەبا ـ با سەر بە عیرفانیش نەبێ ـ پەرە و پتەوی و بڕەوی بە زانست و زیتی و ژیری و ئاکارچاکی و دەست و دڵ و داوێنپاکی و هێز و بەکاری و چالاکی هۆگر و پەیڕەوانیەتی. ئەوان بەکار بن، لە کارە و گەشەدارە. پەیڕەو خوێڕی و بێکارە بن، ئەویش قرخن و پووچ دەبێ و لە سووچێک دەپووچێتەوە!

شاڕێ لەبەر مرۆ دووانە: یان عیرفانە، یان گیرفانە.

ئەوی لە عیرفان بە بێزە و لە ڕامان و بیرەوەری بۆ خۆناسین ڕەوەک و دوورەپەرێزە، لەوانەیە جانەوەرێکی لێ دەربێ زۆر وریا و زیت؛ خاوەن بزاو بۆ دراو پەیدا کردن و ڕابواردن و زاڵ بوون بەسەر ئەو خۆکردەی تیا ئەژیت. لەکردەی خۆشی ڕازییە. دەکرێ بەو کابرایە بێژن: زیرەک لە جانەوریدا؛ نەک وریا لە مرۆڤایەتی. مرۆی بەڕاست ـ نەک بەدرۆ ـ گەرەک پایەی لەو جانەوەرە دوو پایە باڵاتر بێ. هۆی باڵاچوونیش عیرفانە.

عیرفان گیرفان ئاخنین نییە؛ لە زگزل کردن تەریکە؛ لەبەریکی دڵ خەریکە: لە خۆڵخوازی واڵا دەکا. ڕادەی بارستایی هەستی بۆ ڕاستینە دۆزینەوە باڵا دەکا. جا ئەو هەستە هەر چەندی بە پێزتر دەبێ، ئاواتی نەدیـــــــــــــاری دینـــــــــــــــــــــــــی لە

دڵدا بەهێزتر دەبێ و بەرەو بە پیاوبوونی دەبا؛ تا دەیکا بە پیاوی تەواو. تا پیاوەتیش تەواوتر بێ، بۆڵە و پرتەی لە ژیانی جانەوەرانەی خەڵکی ڕەمەکی زۆرترە.

کەوابوو، عیرفان و گیرفان وەکوو دووتای تەرازوو وان. کێ دەروونی ڕووناکترە، تای پارە و پوڵپەرستنی سووکتر و دوور لە خاکترە. کێش هەر بە مەیموونی ماوە و هەر لەوەڕی لەبەرچاوە و هیچیتر نا، لای ئاوەزی ڕای ڕاستینە دۆزینەوەی، پارسەنگی سەنگینی دەوێ.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێ: عیرفان بەو مانایەی گوتمان، هەستی ڕاستی دینەوەیە؛ تا دینی تێ نەچێنراوە، کاری بە خواناسین نییە. زۆر پیاوی وا هەبوون، هەشن، بلێمەت و تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، بەبێ وچان لە شوێن ڕاستی دۆزینەوە هەڵوەدا بوون؛ وەکی دیش دژی خودا بوون. داستایوسکی[٥]، سارتر[٦] و ئالبیرکامۆ[٧] بۆ نموونە دەهێنمەوە. یەکەم نیوە دوژمنێکی دینە. دووهەم خودا و هێزەکانی نەدیاری هەر پێ چ نینە! سێهەمینیان ماکپەرستە (ماتریالیستە). دەڵێ ئەو خوایەی کە دەڵێن هەیە، زای ماددەیە. نەدیاری دەئارادا نین. هەر یەکەش بۆ سەپاندنی بیر و بڕوای زۆر دواوە. کەچی ئەگەر بە وردی سەرنجیان بدەین، زوو تێدەگەین ڕەگی دڵیان بۆ جۆرێ عیرفان لێی داوە. بەڵام دەگەڵ عیرفانەکەی ئێمە ـ کە خواناسی لێ دراوە ـ یەکتر ناگرن. بە بڕوای من هەرتک تیریان بەرەو ئامانجیک هەڵداوە. یەکیان سەر و بەری کروە و یەکیان نیشانەی پێکاوە.

سارتر و هاوبیرەکانی بەڵێ دەڵێن: خودا نییە؛ بەڵام دەشڵێن ئەم وێڵی و بێخوداییە

بوون و ژینی بنیادەمی یەکجارەکی بێتام و ناکام کردووە. بەڵام چ بکەین؟ چارمان چییە؟ خودا نییە و ئەگەر نەشبوو لە کوێی بێنین؟

تۆ بڕوانە! کاتێ ئەم جۆرە کەسانە خوا لە خۆکرد هەڵداوێرن، لە نەدیاران خۆ دەبوێرن، ئەم ڕاستیانەش ئەدرکێنن کە لە سۆنگەی بێخودایی، مان و ژین لەم خۆکردەدا بۆتە مۆتە و خواخواتە لێخەت بێتەوە. بێکوێخایی لە ئاوایی، ژیان لە پیاو دەکا بە سندان. گەرەک بە خوت و خۆڕایی و بەرهەڵدایی ژین ڕابوێرین. ئەویش چ ژین؟ بێتام و خوێ؛ بێناو و توێ؛ تا سەرلەنوێ بەرەو خاک دەگەڕێینەوە! واتا ئەوانیش هەست دەکەن بە نامۆیی لە ژیانی جانەوەرانە ـ کە پنج و ڕیشەی عیرفانە ـ بەڵان دەرتان شک نابەن. ئەوسا پوخت و پاراوەکەی، دەروای دەمیان وای لێ دێ؛ چونکە دنیا بێخودایە؛ لێپرسینەوەیەک نییە و لە چاوەدێری ئەو هێزە نادیاریانە بە دووری. دەتوانی هەر کارێک بکەی؛ هەڕە! وەرە! لەسەرچۆک دانیشە! ڕابە! چۆنی خۆت پێت خۆشە وابە! چاک دەبی یان خراپ دەبی؟ خڕکە دەبی یان سواپ دەبی؟ بە دیمەن جوانی؟ دزێوی؟ زمان پیسی؟ باش داخێوی؟ گوێ مەدەرێ! ئەو خۆکردەی گەرای مرۆی وەک من و تۆی هەڵێناوە، بێسەر و زمان و چاوە؛ نەحەساوە نەکیتاوە؛ نە تەرازو داندراوە؛ نە دۆژەهە نە بەهەشتە لەو بترسی و بەهیوای خۆشی ئەمە بی. هەتا دەژی، هەتا بەسەر ئاو و بەژی، بە کەیفی خۆت جووتی خۆتی لێ دابەستە و لێخوڕە دەشتە!

جا بەو پێیە ئەگەر وردتری کەینەوە، سەیر و سەمەرە دەبینین. پیاوی زانا بۆ لەدەستچوونی پیاوەتی ئەشێ بکەونە گەرمەشین! جا چۆن ئەوی یاری هەژار و داماوان دەکا و لە ڕای ڕزگاری گەلانی بەخت کەوتووی ژێرچەپۆکەی چاوچنۆکان گیانی خۆی بەقوربان دەکا، دەگەڵ نامەرد و ملهوڕی ستەمکار و ڕژد و قرپۆک ـ کە بۆ سوودێکی بێهوودە هەزاران ماڵوێران دەکا ـ پاک لە پاک بن!؟

لەم باسە بۆمان دەرکەوت کە ڕۆشنبیرانی زۆرزانی خوانەناسیش ئاتاجیان بە خوایەک هەیە؛ بەڵام دەڵێن بەداخەوە نییە! لایان وایە ئەگەر بوایە کار لە

جێیەکی‌تر دەبوو. ترس لە خودا و هومێد بەخوای دژی پەستی و ڕاستی پەسند، دەبووە پێوەدانێکی زۆر جوان بۆ عادەمی و تەمی خەمی بێ‌شوانی لەسەر دەڕەوی.

سەرنج بدە! ئەمان دەڵێن: ئەگەر خودا هەبا، باش بوو. عیرفانەکەی خۆمان دەڵێ: ئەگەر هەبوایەی پێ ناوێ؛ هەیە و باشە.

ئاوات خوازی بۆ بوونی خوا دەگەڵ دان بە بوونی خوادانان، هەردووک بەرهەمی عیرفانن؛ هەردووکیان مرۆ لە جیهان غەوارە و نامۆ دەزانن؛ کەچی بە بارێکی دیکە وەک زانیمان لێک نەبانن.

ئەم دوو عیرفانە لەلای من وەک دوو پیاون، لە چۆڵێک ڕێ لێ شێواون؛ لە توونیان ئارام لێ بڕاون؛ تەنگەتاون. لەپڕ و نەکاو کێوێکی ڕژد و کراڵیان دێتە بەرچاو. لێ بڕاون وە سەری کەون بەشکوو لەو دیو کانییەک، چێنکەیەک، زنەیەک وەگیر کەوێ، کوڵی دڵی تینگیانی پێوەنیشێ.

یەکیان ـ کە قۆچاختر بووە ـ سەرکەوتووە و دەست لە بەرچاو دیارە بۆ شتێک دەڕوانێ و شوێنێکی بەدی کردووە. یەک ملی لە هەوراز ناوە؛ لە نیوەی ڕێدا وەستاوە؛ لەو بڕوارە قەتیس ماوە؛ وزەی سەرکەوتنی نییە. داگەڕانیش زۆر گرانە. پێشوو پێ‌دەشتی ناسیوە، وشکارۆیە. ناشزانێ دیوی نەدیوی ئەم کەژە سەرکەشە چۆنە. ئاوایی و ئاوی لێ هەیە؟ یان ئەویش هەر وەک ئێرەیە؟ دوو دڵە و کاری موشکوڵە؛ ورەی بزاوی بەرداوە.

جا ئەم دوانە هەر چەند بە یەکتر نەگەیون، بەڵام هەردووک لا تێکڕایی لە نزمایی نشینەکان بەرزترن.

بە بڕوای من لەم ناوەدا عیرفانە کەونەکەی خۆمان لەم تەرزە عیرفانە تازە لەپێش‌تر و بەکێشترە. لە بیری ئاوێتەی ئایین، هەویرێکی زۆر بە پێزی ڕەنێو هێنا، تەکیدا بەلای خوداوە. پێوەدانی بۆ ئاکار دانا؛ چاک و خراپ و پاک و پیس هاوێر دەکا؛ گراری خۆی پێش لێنان دانبژێر دەکا. بۆ کار چاکان پاداشی باش ڕەچاو دەکا. پیاوخراپان بە هەروگیف خوێڕیلە و بێزراو دەکا. دژی مرۆی

پەتپسیاگ و بەرهەڵدایە.

خۆ ئەگەر دڵخورتی عیرفان لە دەروونی پیاودا نەبێ، مرۆ وەک بەرد و سواڵەتی بێهەست و خوست و نزم و پەست، دەژێ و دەمرێ. وا دەبینین شارستانیەتی ئەمڕۆمان ـ کە بێخودا هات و هەراش بوو ـ بۆتە کۆمەڵگای زۆر تەیار؛ بەڵام پڕ لە چەند دڕندەی مرۆخۆر و بێبەزەیی!

پیشە و هونەر هەتا بێژی لە برەوایە و بەڕاستی دەوری باڵایە؛ بەڵان چونکە خودای تێدا لەبیر چووە، دەکرێ بێژین ژیار و شارستانی هەیە؛ پیاوی شیاوی تەمەددونی تێدا نییە. کەچی ئێمە لە پێشوودا زۆر پیاوی زۆر شیاومان هەبوون. داخەکەم کۆمەڵگای ئەودەم پاشکەوتە و سەرەنخون بوو!

گوتمان عیرفان (بیرکردن لە بوون و نەمان و لە شوێن ڕاستەقینە گەڕان) مرۆی لە جانەوەریتر جیا کردەوە؛ بەڵام هەرگیز خۆی لێ جیا نەکردەوە. لە ڕۆژهەڵات، کە دین داهات عیرفانیشی تێکەڵاو بوو. دین لە چاخی ساوایەتی و لە تافی خورتایەتیدا ئاوێنە بوو بۆ خۆناسینی بنیادەم؛ بۆ شاندانی ڕای هاوبەشی و ژینی بێخەم؛ دژی یاسای چینایەتی، دژی داگیرکەری و ستەم؛ بەڵام وەختێ بەساڵدا چوو، بووبە داردەستەی زۆرداران و تەوەزەلان و بێکاران، لە دژی کز و نزاران.

مێزەر بەسەری خاپێنەر ـ بەناوی چینی ڕۆحانی ـ خۆیان لەگەل هەڵاوارد و بوونە چینی باڵاتر و بە ژیانی تەنبەڵی دەژیان. بۆ پارێزگاری لەو ژینە تەوەزەلیەش نیازیان بە پارێزگاران بوو بیانپارێزێ. پارێزگار لە چینی هەژار، دەبێ ملهوڕ و زۆردار و نالەبار بێ. ناچار دەبوو وەک بۆ خۆیان لەسەر ئارەقی ناوچاوی بێ زۆر و داماوان دەژیان، ئۆباڵکێش بن بۆ زۆرداری پارێزگاریان کە دەتوانێ بخوا و بکوژێ و نەترسێ. کاکڵەخۆشەی دینەکەیان لەناو برد و پڕیان کرد لە پڕ و پوچ و خەرافات و مێشکی بێچارانیان تەزاند و دنیایان کردە هی خۆیان و بە دەم بەهەشتیان دەبەخشی. هەرکەسیش بیگوتایە لەل، بە فەرمانی مام ڕۆحانی کافر بوو؛ دەچووە جەهەندەم.

چینی چەوساوە و بەربێگار، چاری ناچار بۆ ساندنەوەی مافی لێ داگیرکراوی ـ کە گەوهەری ئـازادییە و خوا و سروشت پێیان بەخشیوە ـ ڕاپەڕیوە. ئەو چینە چەوسێنەرەوەی لەژێر ناوی گزیرایەتی خودادا هەموو مافی لێ دزیوە، لە بەرانبەر خۆیا دیوە و پێی زانیوە ئەو تۆق و کۆت و زنجیرەی بە ناوی خـوا و عیرفـان و دین لە پەل و ملی هاڵاوە، لە کێوەیە. ئیتر بێزی لە دین و عیرفان و خوداش هەستاوە و تووڕی داون. ماڵم هەقە هەقیان بووە.

ـ بۆچی؟

ـ تۆ خۆت بیری لێ بکەرەوە:

کابرایەکی ئازادیخوای ئورووپایی تێگەیشتوو یان ڕەشایی کە دەبینێ کەشیشە کوێخادینەکەی هەر بە دەم ـ بە ناوی مەسیح و مریەم ـ خـوێنی دەمـژێ، ئێسـکی دەکرووسـێنێتەوە! یـان ئەو ئیسـلامە ڕەمەکـیەی کە هەرچەند دەکا و دەکرێنێ لە بێگاری مەلا و مفتی و ئاخوند و ئایەتوڵڵایان هیچ سـات و دەم پشـوو نـادا، هەر تۆزێکیش لیچی لێ بکا بە لادا و ورتەی لە دەم بێتە دەرێ و بڵێ بۆچی؟ باسی سەریە و مێزەر بەسەر دەیکەنە دوژمنی خودا و بەناوی دین فتوای کوشـتنی دەر دەکەن و چەرمـی لەدار دەهـاڵێنن. بەسـتەزمانە لەسەر ئەو چەرمەسەرەشڕا چۆن دەتوانێ لە ئینجیل مینجیل بڕوانێ یان بچێتە سەر قورعـانێ و ماناکەشـی باش بزانێ، داخۆ خوا دەربارەی مرۆ، دەربارەی مافی ئازادی چی فەرمووە؟ ئەوسا ئەگەر ڕوانیشی چـی؟ یا خۆ ئەگەر زانیشی چی؟ چۆن دەوێرێ کوێخاگیان وەدرۆ خاتەوە و درۆی بەسەردا داتەوە؟ ئەوا گریمان وێراشـی دەمـی ببـزوێ و بـاخێوێ، کـام خـاوەن دەسـتەڵات هەیە هیچـی بە کـڵاوی بپێـوێ؟ زۆردار و دەستەڵاتداریش هەر خۆیانن؛ یـان دەسـت و پـێ و سـەربەوانن. عاسـمان دوور و زەوی سـەخت و ئەو بەدبەختەی بێبەش لە ژیان و گیانسەختە چۆن شانی هەڵنەتەکێنێ و لە هەر هەلێکـا هەڵـکەوێ، واز لەو زاڵمانە نەهێنێ؟

با جارێ لە چڵکاو گەڕێین کە فێڵباز دەڵێن ڕووناوە. پێهەڵگەڕێین تا دەچینەوە سەرچاوە. با بزانین ئـاخۆ ڕاسـت دەکەن؟ هەمـوو دینێکـی عاسـمانی لە

سەرەتای پەیدا بوونیدا، چین و مینی تێ نەخراوە. لەو ناوەشدا دینی ئیسلام (ئیسلامی ڕاست) لە ڕاست دینەکانی دیکە لەبار و بێبژارترە؟

دەڵێن قسە قسە دێنێ. ناملیکەیەکم خوێندەوە نووسەرەکەی خەڵکی ئەمریکای لاتینە. دەتگوت چاردە چەرخ زووتر ئیسلامێک ئەمەی نووسیوە. کابرا دەڵێ: بەختی خۆمان کە ئێمەی شۆڕشگێری ڕاست لە حاست یەکتر کەس خۆی بە زلتر نازانێ. ئێمە وا نین کە هێندێک پیلان ڕێک خەن و هیچ کار نەکەن. بڕێکمان هەر داهێنەربن؛ فەرمان بدەن. زۆریشمان شەکەتی کار بن و هەست ڕاگرن هەرچی ئامۆژگاریکەران پێی‌دەڵێن هەر ئەوە بکا. هەر یەک لە ئێمەی شۆڕشگێڕ هەر سێکیانین. کارکەری خاوەنبیر و ڕاین؛ بیرەوەری لە کار ئازاین؛ هەم شاگردین و هەم وەستاین.

با بزانین ئیسلام چۆن بووە و ئێستا چی بەسەر هاتووە؟

هەموو یارانی پێغەمبەر، پێغەمبەری خوداش پێڕا، هەرکەسەی هەمەکارە بوو. هەم بیرەوەر، هەم پێشمەرگە، هەم مەلا بوو. لە مزگەوت ئامۆژگار بوو. جەنگ با، پێشمەرگەی بەکار بوو. کاتی هێمنایی و تەبایی دەچووە مەزرایە وەرزێر بوو؛ لە باغی خورما ئاودێر بوو؛ سارەوان بوو؛ زۆر لە تەنبەڵی نەبان بوو.

ئەم چین چینی و هەڵاوێریە، ئەم بەزمی چاوساغی و کوێریە، مەلا و ڕۆحانی لە باڵا بە بێکاری، چینی بۆرەپیاگ لە چاڵا بە هەژاری، ئەودەم ـ نە زۆر نە کەم ـ لەناو موسوڵماندا نەبوو. گزیکارانی پاسەوان، لێی بوونە ورچی ئاشەوان! لەبری مێش لێ دەرکردنی، سەریان بە گاشە هەنجنی و مۆخەی ئیسلامەتیان چنی. وەک تۆوی گاڵ و هەرزنی بڵاویان کرد و قاویان کرد: هەرکەس بڵێ چینایەتی لە ئیسلامەتیدا نییە، مەلا و ئاغا لە بۆرەپیاو جودا نییە، وەک ئەو بێئیمانە وایە کە دەبێژێ خودا نییە! جا ئەو چینە سەرشینەی باڵانشینەی خۆی داوەتە پاڵ دەسدار و بۆتە گۆپاڵی زۆرداران لە دژی نێز و هەژاران، بوونە تاشەری نەیاران و بەداخەوە خەڵکیان لە دینەکە تاراند.

بیری لە خوا تەکینەوە لە ئەورووپا سەری هەڵدا. ڕووت و ڕەجاڵی چەوساوە

هەر لەوساوە ئازادی لێ سێندراوە، لە هەلێکی وا خەفتاوە بەگژ هۆی بەدبەختی خۆیدا بچێ؛ کە ڕەوەی کەشە و مەشەشی دەگرتەوە. تا بەر لە چەرخی هەژدەوە جار و بارە ڕادەپەڕی؛ بەڵام نە زۆر بە تەوژم. لە چەرخی هەژدە و نۆزدەوە چەرخی ماشێن کارێکی کرد کە نێوانی چینەکانی دەوڵەمەند و دڵمەندان و هەژار و دراوادارانی زۆرتر لەبەر یەک کێشاوە و بوو بە هۆی هەرا و ئاژاوە و ئەو لێشاوە دەگەڵ ڕادانی هەژاران، خوا و عیرفانی تازە کورەی کەشیشانیشی ڕامالی.

بۆ وەی باشتر ئەم باسەمان ڕوون کەینەوە گەرەک ئاوڕێک بۆ پێش و پاش چەرخی ماشێن بدەینەوە. بەر لە ماشێن وەرزێر زۆر، کرێکار کەم بوو. وەرزێری ڕووت بە سەپانی لە زەمینی زەمینداردا کاری دەکرد. زەمیندارێک بیست تا سی وەرزێری هەبوو. سەپان پێنج یەکی بەرهەمی مز دەبرد. دووکوتیش لە پێنج کوتەکە لە بنەتۆکە و ئامێر و دەمەنیای گاسن و نان و چێشتی زبارە و گا لەوەڕێن و پەرژین و بەند و جۆماڵ و بژار و سوورانەی خەرمان و هی‌تر دەچوو. ئەو پەڕەکەی بۆ زەمیندار لە دەیان چوار دەمایەوە. با وای دانێین کە تێکڕایی هەر سەپانەی پێنج خەڵواری ڕەنێو دێنا. سی پێنج ناکا سەت و پەنجا؟ لە دەیان چواری دەکا چەند؟ خۆت بڵێ شێست! بێژین سالی تەڕەساڵ با پتر دەبوو؛ بۆ هەشتا و نەوەد هەڵدەچوو. کە وەرزیش ڕژد و کراڵ وشکەساڵ با، خەڵوار دەبوونە تەخار و ڕادەی بەرهەم دەهاتە خوار. ئەوسا کە فیئوداڵ (خان و ئاغا و بەگی قەبە) نەبوو، بەشی زەمیندار ئەمە بوو؛ دەبوو قنیاتی پێ بکات. نەیشی دەکرا دووهەزار سەپان دەکار کا و خۆی بە یەکجاری تەیار کا. چونکە زۆر زەمینداری دیش لەپەنای ئەو لاسای ئەویان دەکردەوە و لە کردەوە هاوبەش زۆر بوون.

جیا لەمانەش برێ وەرزێری واش هەبوو خوردەپا بوو. پارچە زەوی و جووت و نیر و هەوجار و مەساسە و گاسن و خێشک و پاچ و پێمەڕە و شەن و بێڵ، واتا ئامرازی زەوی‌کێڵ، هەرچی هەبوو سەربەخۆی بوو. هێندێکیش پاتاڵی دۆی بوو؛ هەنگ و مامری بەخێو دەکرد. بە هێلکە و ڕۆن و ڕیچاڵ و دانەوێڵە و تەرەکاڵ و گەنم و جۆ و زوڕات و گاڵ و چەوری و سپیایی و شیرنایی و تەڕەماش و

تەڕەسازی، خۆی دەسازا و کەیفساز و بێنیاز بوو. ئیتر وەرزێر سەپان با یان خوردەپا با، ئەو پەڕەکەی هەشت مانگی ساڵ ماندوو دەبوو؛ باقی بێکار لە ماڵ پاڵی لێ دەداوە، دەحەساوە. مەودا و ماوەی بۆ دەرەخسا ئاوڕێک وەخۆی بداتەوە؛ خۆی لەناو ئەم خۆکردەدا تۆزێک بەسەر بکاتەوە. بەڵام لەچەرخی هەژدەوە کە پیشەسازی پەرەی گرت و ماشێن داهات، کارەسات لە شوێن کارەسات بەسەر چینی چەوساوە هات. بەرهەم یەک و سەد زیادی کرد. کابرا سەپانەکەی دوێنێ کە دەخرا تەنیشت ماشێنێ، بەشی خاوەن ماشێنەکەی لەدوو کردە پەنجا و سەت و دووسەت و بگرە زۆرتریش. لە پێشوودا پێنج کرێکار لە کارگەی پێڵاو دروونداا ئەگەر خۆشیان بکوشتایە تا ئێوارێ دوو جووت کەوشیان تەواو دەکرد. بەڵام بە یارمەتی ماشێن دەیانتوانی ڕۆژێ هەزار تاکیش بدروون. بەرهەم سەرجەم یەک و سەت و ئەولاتریش باڵا برا. مزی کرێکار کە جاران لە دە دوو بوو، بە هەزاران ناری عەلی، بە نیخەنیخ گەیشتە سەدیەک هەتا دوو لە بەروبوو؛ ئەوی‌تر خاوەن کار دەیبرد. زۆری نەبرد تای تەرازووی بەهرەبەران چەقیە زەوی و ڕادەی بژیوی ڕەنجدەران هێند نەوی بوو لە تام دەرچوو؛ دنیا بوو بە دوو بەشەوە: سەرمایەدار و کرێکار.

سەرمایەدار ببوو بە مار. کرێکاری وەک بۆق و مۆق و چۆلەکە ڕاو دەکرد و قوتی دەدان. ئەمجار وەک دەڵێن: ئەگەر مار مار بخوا دەبێتە هەژدیها، سەرمایەدار ـ کە دەپێشدا سەرلەنگۆڕی هەزاران بوون ـ بە خواردنی چێشکە و پێشکە دانەسەکنان؛ دەستیان کرد بە یەکتر خواردن. کێ زۆر و زێڕی زۆرتر بوو، کەم زۆرخۆر و زۆرخۆرتر بوو. سەرمایەی سەرمایەداری دراوسێی پار و پێراری، دەکردە پاروەخۆشەی خۆ و خۆیشی بەڕووتی و نەداری بە کۆمەڵی کرێکاری هەژاری دەم لە پووش دەسپارد. هەتا دەهات بەرەی نەدار دەپەنەما و سەرمایەدار هەڵدەقرچا و دەهاتە یەک. تا کار گەییشتە ڕادەیەک شارێک، مەڵبەندێک، وڵاتێک ـ خڕ و پڕی ـ دەبوو بە کۆیلەی زێڕکڕی چەند کەسێک یان چەند ناکەسێک کە بە پەنجەی دەست دەژمێران.

ئەو دەســـــــــــــــتە چەتە بـــــــــــــــــــــــێ پەتەش بە

کۆمپانی و شیرکەت و میرکەت ناو دەبران. ئیتر زەوی چی و ئاوی چی؟ ڕبە و گەزی چی و جاوی چی؟ وردەپای خاوەنزەمین و کرێکاری لە مێژینە و کۆنەداراکەی ڕووت‌کراو سەرلەبەر تێک هەڵشێلدرا و بەرگی کاری دەبەر کرا و بە نانەزگ وەکار خران. پخۆ و بڕۆ! هێزفرۆشی بێ‌سەرمایە، هەر کون دەبەیان نەدەبوو دەبوو بچێتە سەر کاری. گوێ لە مستی ماشێنەشین تا ئێوارێ بێ‌پشوودان، بێ‌سەرخوراندن ماندوو بێ. درەنگانێک دەس هەڵگرێ. شل و شەکەت بە لارەلار، دڵ پڕ چغار، گیرفان بەتاڵ، بێتەوە ماڵ. ماڵی چی؟ هێلانە پەپوو! لێ‌وەرکەوێ و سەکەت ببێ. ئیتر ئەو هەلەی لەدەس چوو کە بتوانێ لە عەرز و عاسمان بڕوانێ و بیر لە ڕەوشتی سوروشت و نەدیاری و عیرفان کاتەوە. سەرمایەدارە مارەکەش لە خوای دەوێ چینی چەوساو خوا و خۆیان لەبیر بەرنەوە و خۆی بتێک بێ، بیپەرستن؛ خۆشی دراو بپەرستێ و دەربەستی هیچی‌تر نەیە.

بێ‌مایە و بێ‌پایەکانی دەسخەڕۆ و خاپێندراوی گزی و درۆ، دەڕۆن و دێن. گیانلەبەرن بەڵام نازانن چۆناوچۆن. کراونە بورغی و بزمار و پێچ و مۆرەی خاوەنکار و کەری بەربار. کەر و بزماریش ناتوانێ خۆی بێتە بیر. چ جای خەیاڵ لە عیرفان و دەرد و سندان بکاتەوە؟!

زوڵم و زۆری خاوەنکاری سەرمایەداری بێ‌ئاکار ـ کە وەک هەودای دورەمەودا هەر بیکێشە و بنەی نایە و تا دێ هەر زۆرتری ماوە و لە پێشوو پتر بەکێشە ـ کردیە کارێ چەقۆ گەیشتە سەر پێشە و پێوانە پڕ بوو؛ لێی ڕژا. بزمار بەو باردا وەرگەڕا؛ کەر باری گرانی لار کرد؛ بووبە هەرا.

پیاوانی ژیر و خاوەن‌بیر ـ کە لەو بارە نالەبارە بە کینە و دڵگیر و زویر بوون ـ لەولاو لاوە کەوتنە تەگبیر. کارێک بکەن کە حەشاماتی چەوساوە بە بەرنامە خەبات بکا و چیتر نچیری ڕاو نەبێ. مرۆی هەژار هیچ نەبێ نیواونیو پیاو بێ. چەند بەرنامەیەک ڕێکخرا. گەوگەلی پس ـ پس تێکخرا. هەروا بەرەو دوا چەند فێرگە و کۆمەڵە و یەکیەتی و جفات دامەزران؛ دنەی چینی هەژاریاندا

بەگژ ماف خۆراندا بچن. ڕاپەڕین لەدووی ڕاپەڕین خۆی دەنواند و لەجەر لەمپەری دەپەڕاند و لەڕووی زۆرداردا دەیگوڕاند و وەک شێری شەڕانی لێ هات و دەستی کرد بە هێرش بردن.

لەم ناوە لەسای مەلاوە دینیش وەبەر هەڵمەت کەوت.

ـ بڵێ بۆچی؟

ـ چونکە وەک گوتمان مەلا و کاڵ، کەشیش و حاخامی دەسبڕ، ناو بەتاڵی بە دیمەن پڕ، وەک دەڵێن: سەرسووری بن‌شڕ، لە درێژایی مێژووی دەوری هەژار کرۆشتن و خوێنی لاواز فرۆشتندا دەستیان هەبووە. بەرەی مەلا بۆخۆی ببووە چینێک لە ڕەشایی ئاپۆرە جودا و دەستی دەگەڵ زۆرداران دژی هەژاران تێکەڵ کرد و بیلاتەژبی ببوونە تاژی ڕاوکەران، کەروێشکیان بۆ ئاغا دەگرت و هێلکە و ڕۆنی خۆیان دەخوارد.

ئیتر هەرکەس هەر کۆمەڵێک لە هەر جێیەک دژی زۆردار ڕاپەڕیوە و بۆ ئازادی خەبتیوە. کاهین، موبید، کەشە، مەلا، حاخام، مالم، شێخ، موشتەهید، کۆچەک، پیر، خواجە، مەولانا و لەم بابەتەی بەناو دیندار و عالم و لە ناوەوە بێ‌بار و بەرباد و وێران، وەکوو کوێران شوێن چاوساغی زاڵم کەوتوون، دەسکێشەکە بەرەو کوێی بردوون لەدووی چوون. بەدرۆ و بوختان و عەداڵەت خوا، چاویان لە زوڵم و زەڵاڵەت نوقاندووە. بەناوی سەبر و قەناعەت، قەزا و قەدەر و چارەنووس، بەزمانی لووس، مێشک و بیریان تەزاندوون و بە مار و دووپشکی سەرپان، بە ئاگری بێ‌ئامانی جەحەندەمیان تۆقاندوون و باسکی بزاویان سڕ کردوون. ئەگەر بەو گفتە شیرین و نەرم و ڕەقانەش ساز نەبوون و هەرا و جیق و فیق هەر ماوە، مۆری کافر و زەندیقیان بەناو چاوانەوە ناون و بە ناوی خوا و ڕاسپاردەکەی قڕیان کردوون[8] . بەڵێ چینی کەشە و مەشە و مەلا، بۆ چەور و شیرینی خۆیان ـ کە بە مانی زۆردارانەوە بەسراوە ـ لە زۆرلێکراو و

بێچاران بوونە بەڵا. لە ئورووپا ئەو چینەی هەر بە دەمی خۆی کوێخـادینە، تـا دوانەفەس و دوامـین کەس یاریدەری زۆرکارانیان دا؛ تا بە یەکجاری لەناو چوون و توون بە توون بوون.

پاش ئورووپاش نۆرەی ئەمریکای لاتین هات. سەرلەنوێ عەینی کارەسات بەربینگی ئازادیخوای گـرت. لە هەر کوێ شۆڕشێک دژی بە گەلان و پیاوگوژانی لاسار و سالار هەڵگیرسا، کەشە بەنـاوی بەرگـری لە مەزەبی ڕەسمی دەوڵەت، ڕوو بە ئازادیخوا وێستان بوونە سەرەکەری بێستان!

هەر ئەم جۆرە هەڵوێستانەی کەواشۆڕان، بووبە هۆی دیـن داچـۆڕانی زۆربەی ڕۆشـنبیرانی سـەرزەوی و گوتیان: وشەی دین و عیرفان لە گیرفانی چینی بەناو پیاوی دینی هاتۆتە دەر، تـا بنیـادەمی پـێ کەر کەن؛ تۆڕی خۆیانی وەسەر کەن؛ بیری ژیری و ئازادژینی لەسەر دەرکەن. کەوابوو کێ گەرەکیەتی ئازاد بـژی و بژیوی بەفێڕۆ نەڕوا، ئەشێ سەری سەرمایەدار و زۆرداران ـ کە سەر بە مێزەرەکانن ـ پانکـاتەوە و تریـاکی گەلان ـ کە دینە ـ هەر بەسەر خۆیان داتەوە. مێشکوشک و سەربەتاڵن؛ خوێنتاڵن؛ ئێسـکیان خـواتەوە. دین وا بە چرووکی دەرکەوت.

عیرفانیش کە دەستەملانی بوو لە ناسازی خرپ خەوت. وا ئێسـتا وەکـوو دەبینـین عیرفـان و دیـن زۆر لە کزین. لەسەر زەمین ـ مەگین لە هێندێ جێی چەپەک ـ دەرکراون. تەنیا لەلای هێندێکی کەم، بە دەم کوێخا دینی سەروپۆر، چەرم و گوشینی ڕوو هەڵماڵاو، بە ساویلکان دەورەدراو مـاوە و ئەویـش هەر بینـا دیـت تواوە و بە مەرەدی بەفری پارچوو.

**٢ ـ بەرامبەری**

ئەوا وتمان دین باری کرد، چی هاتە جێ؟ بیری ئازادیپەرستی، بەرامبەری بەرزی و پەستی؛ ئەویش لەژێر چەند ناو و ناتۆرەیەکدا:

مارکســـــیزم، سوســـــیالیزمی دوور لە مـــــارکس، بـــــزووتنەوەی کرێکـــــاران، یەکیەتـــــی

هاوپیشەکان و شتی دیکەش.

سوسیالیزم کە لە چەرخی نۆزدەهەما لە ئورووپا سەری هەڵدا، سەرنەکەوت. لەو چاخەدا کە شۆڕشی سوسیالیستان لە گوڕ و تاو نەدەوێستان، سەرمایەدار ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ کزتر دەبوون. کەچی ئێستا (لە ناوەندی سەدەی بیستا) کرێکارانی ئورووپا ئەو نەماون کە پێشوو بوون. بە تایبەت لە ئاڵماندا کە ڕاپەڕی کرێکاران لە گش شوێنان لەپێش‌تر و بەکێش‌تر بوو، ئێستا بەرەو پاشەوەی خوێنی یەکەمینە. تەنانەت پرۆتستانت و کاتۆلیکیش لەوان دەستی چەپی‌ترن. لە ماوەی سی ساڵ دوای شەڕ، مانگرتنی کرێکاران لە ئاڵماندا ڕووی نەداوە. هەر وەهاش لە ڕووس و چین و ماچین و شوێنی‌تر، ئەم بڕوا و بیرە بێ‌پیرە، لە پەل گیرە و تەواو کەوتۆتە تەنگانە و چاوەچاوی دەرەتانە. واتا ئەویش هیچی بۆ بە هیچ نەکردین.

**٣ـ ئازادی**

ئازادیخوای چەرخی نۆزدە لایان وابوو هەر کە دین لەکەل ئاوا بوو، ڕژیمی سوسیالیستی هاتە سەرکار، پیاو لە بەنی تاک‌پەرستی و ماک‌پەرستی ڕزگار دەبێ. دژایەتی چینایەتی پڕمەترسی، یەکی تێر هەزاری برسی، لەناو دەچێ. هەرگا کەس مافی کەس نەخوا، شەڕ نامێنێ؛ گەڕ نامێنێ. مرۆ تێکڕا دەس دەدەنێ و پلەی زانیاری و تەیاری هەڵدەبڕن و چڵک و کرێژ لە دڵ و دەروون دەردەخەن و بەرەو ڕووناکی هەڵدەفڕن. بەداخەوە ئەو خەیاڵاتە خەونێک بوو تەواو بەراوەژوو دەرچوو! ڕژیمی هاوبەشی پێکهات؛ بەڵام تۆقی کۆیلایەتی ڕژیم و حیزب و ڕێبەری بۆ مرۆ بە خەڵات هێنا! پرۆدون[٩] ــ کە بەر لە مارکس پێشەنگی سوسیالیستان بوو ـ قاقەزێکی دۆستانەی بۆ مارکس نووسیوە؛ دەڵێ: ئێمە ئەگەر بە تەما بین کارێکی باش ڕەچاو بکەین، دەبێ خۆمان لەبیر نەبێ. تەنیا بۆ

خزمەتی خەڵک ببزوینەوە. دیسانەوە پێغەمبەربازی ساز نەکەین. ئامۆژگاریەکەی من و تۆ نەبێتە دینێکی تازە. قسەی خۆمان بەسەر خەڵکا نەسەپێنین. زۆر دەترسم ئەم بیرەی تۆ لە دوارۆژدا ببێتە یاسای دەوڵەت و ئەوساکە دەوڵەتپەرستی جێگەی خوداپەرستیەکە بگەرێتەوە. وا دیتیشمان کە هەرچۆنی ئەو لێی ترسابوو وا دەرچوو!

ڕاپەڕینی کرێکاران بۆ ئازادی سەری گرت و بوون بە دەوڵەت. بەڵام تا بە خۆیان زانی ئەوەندووسکە ئازادیەکەی لەژێر دەستی سەرمایەداردا هەیانبوو، ئەویشیان چوو! پێشدان گوتیان ئێمە ئازادیمان دەوێ؛ کۆیلەییمان فڕێ داوە؛ سەرمان بۆ خوداش نانەوێ؛ چونکە تاکە و تاکپەرستی دەگەڵ هەستی ئازادیخوا ڕێک ناکەوێ. کەچی ئێستە بە سێ سەرە بوونە کۆیلە و بەنی دەربەست. بێچرپە و هەست کۆیلەی دەوڵەت؛ کۆیلەی ئەو هەزارە زیلەی کار ڕاپەڕێنی دەوڵەتن؛ کۆیلەی ڕابەر.

ئەم زنجیرە سێفلێقانەی سەرتاپای گیانی پێچاون. هەزار گەوە و بەسەر یەکدا جۆش دراوە و هەیهاتە هەڵوەشاندنی. سەیرە خۆشە کە لێرەیە هەر ئەوانەی بە دەم دەڵێن: تاکە کەسێک ـ هەر کەسێک بێ ـ کار ناکاتە سەر ڕەوتی مێژووی عادەمی و تەنیا هەر کۆمەڵ حەساوە و کێ تاکپەرست بێ گلاوە، بۆخۆیان تاکپەرستێکن هەزار فاشیستیان بۆڕداوە! تەنانەت مەزهەبەکەشیان بەناو تاکەوە ناو ناوە: مارکسیزم، لینینیزم، تیتەویزم، کاستروێزم، تروتیزم، مائوئیزم و...

هێشتان هەودا هەر لەدوو دێو بە یەکجاری هەڵنەکراوە، هەر بینا دیت کیل سونگیزم، ئەنوەر خۆجیزمیش پەیدا بوون! واتا ئێستا تاکی خاکی بوونە ڕووگە، بوونە خودا، چوونە جێی پێغەمبەران و تەنانەت لەپاش مردنیش جێی پەرستن! وێستێ ئەگەر موسوڵمانێک حانێک زمانی بسووتێ و بڵێ حەمەدیزم و عەلیزم، شتێکی باشە ئەگەر وەبەر خرکە و سندە و گاشەی نەدەن. هیچ نەبێ گاڵتەی پێ دەکەن ئێژن گێژە. خودا و پێغەمبەر پەرستن تاکخوازیە؛ فەلسەفە لێی ناڕازیە. شیاوی ئیزم و میزم نییە کەسیش ناشێ پێیان بێژێ: مـــــــــامی ســـــــــــمێڵ ســـــــــــوور!

لە کێوی، لۆچ وە دوو ڕبان دەپێوی؟ لۆ تاکپەرستی خۆت باشە و تاکپەرستی من بەلاشە؟ کەچی ئەگەر شارەزا بن، بێ‌لایەن لێکی دەنەوە، دەردەکەوێ خودا و پێغەمبەر پەرستن دەگەڵ لینین پەرستنا زۆر جیاوازە. با جارێ واز لە چۆنیەتی ئەو جیاوازیەمان بهێنین دوایە بۆی با دەدەینەوە.

جەنگی دووهەمی جیهانی، هەرچەندە زۆر شەیتانیش بوو، بەڵام دیسان چەند کاری نرخداری کرد: باسی خواناسی و ئاینی ڕاستیپەرستی ژیاندەوە؛ ڕادەی زانستی مرۆڤی لە فڕوفیشاڵی داماڵی؛ دەری‌خست کە مارکسیزمیش گرێکوێرەی ئابووری و مرۆڤایەتی ـ وەک پێویستە ـ ناکاتەوە.

ئەنجا ئەگەر ڕەوشتی خوداناسانە و سوسیالیزمی مارکسانە نەیانتوانی ئازادی بۆ بەرەی مرۆ دابین بکەن، ڕۆشنبیران لەو بارەوە کەوتنە بیر و لێکدانەوە: بەکام ڕێدا ئازاد بین و بۆمان بکرێ ئازاد بژین؟ پێویستە دارێک شین بکرێ، دووبەر بگرێ: هەم ڕزگاربوون لە پێوەندی کۆیلایەتی، هەم ژیانی وەشاوەی مرۆڤایەتی. نەمامیان ناشت، ناویشیان لێ نا: هەرخۆیی. عارب گوتەنی: وجوودی. وجوودیەکان بە پیاوی دیندار دەبێژن: تۆ تا کەنگێ چاو لە حەوای؟ چاوت کسکەی دێ و لە خەوای؟ بڕوانە خۆت! بڕوانە کۆت و پێوەندی پاوپلت! بڕوانە نیری سەر ملت! بڕوانە دەسبەندی دەستت! بڕوانە چاوبەستی هەستت! لەمێژە هەی! لەوەتا هەی بۆ تاوێکیش خۆت نەدیوە. هەر بۆ دوور لە خۆت ڕوانیوە. چاوت لە نەدیار بڕیوە. تۆ ئافەریدەی زەمینی! بە تەمای عاسمانی شینی! دەتەوێ خوا و خێو و دێو و جنۆکە و شەیتان ببینی، کە هەر نین و هەر نەبوون و گیانت دەرچێ نایان بینی! بەرەو خۆبینی بادەوە!

ئەمجار ئەوانەی کە لە دین تەکیونەوە و تەکیان داوە بە دنیاوە، دێننە بەر تەوس و پلار و پێیان دەڵێن: تۆ کە لە نەدیو خۆبوێر بووی، بەرەو زەمین سەرەوژێر بووی، هەڵدێراوی! تەم و دوومان لەبەر چاوی! بۆخۆت ناناسیت چ کارەی؟ لە کۆیلەیی خوا بوویتەوە؛ شەرم ناکەی کۆیلەی پارەی؟ بە لرفە و هەڵپە خەریکی تژە کردنی بەریکی و هەر ئاگات لەخۆت بڕاوە. دۆڵی ئاوەزت دراوە و

به حەو جیٚ، ملت شکاوە. بۆت ناکریٚ دەخۆت ڕامێنــی. پێــت نــاکریٚ هەر خــۆش بوخــورێنی. ئــای کە بێکارە و بێچارەی! گەر خواپەرستیت هیچ نەبوو، دراوپەرستیشت هیچە. دەس بەردە لەم قــیچەڵ فــیچە و وەرە بیرێک لەخۆت کەوە! تۆ مرۆی! تۆ تۆی! بوونت بە خۆتەوە بەندە. خۆت نازانی نرخــی ئەم بــوونەی تۆ چەندە! هۆشت ئەمەندە بڵاوە، سایە و سەرمایەت دۆڕاوە؛ پیاوەتی خــۆت لەدەس داوە. لە مەیمــوونی کۆنە خزمت نزمتری. هەڵگەڕێوە ڕێکی عەرزی. خۆت بدۆزە تــا بزانــی تــۆ چەنــد بەرزی! پــلەی مــرۆ لە هەوران و باڵاتریش تیٚدەپەڕیٚ و باڵاترە.

ئەم خۆدین و خۆناسینە ـ کە ناوی نوێی هەرخۆیی یان وجوودیە ـ ڕاستت بــویٚ تــازە نیــیە و بگــرە زۆر لە مێژینەشە. لە عیرفانی کەوناراشدا شەنگەدارێکی هەراش بوو؛ پڕ لک و پۆپ و گەڵاش بــوو. هێنــدە هەیە ئەم کۆنە شمەک تازەیە، دەگەڵ عیرفان تا ئەندازەیەک جیاوازە.

عیرفان دەڵیٚ سەرەتای هەموو شت خوایە؛ هەرچی لەم دنیایەدایە، سەربەخوایە[10]. کەوابــوو مــرۆ وەکــوو سێبەرێکە دەگەڵ سایەدەر دەبزویٚ[11].

کەوابوو هەرگا پیاو سابوو، سایە دەرەکەش خودا بوو، واتا لە خوا جودا نییە؛ خواش گەورەیە. جا کەوابوو پایەی مرۆش ـ کە سایەیە ـ دەبیٚ هێند بەرز و گەورە بیٚ، شان و پیــل لە هەوران بســویٚ و لەپــای تەختــی خوادا بلویٚ و بڕویٚ و بنویٚ.

عینســــــان لای عیرفــــــانی ڕاســــــتی زۆر بەڕێــــــز و نرخــــــدارە؛ لای وایە پیــــــاو ئــــــاوێنەیە لە

خۆی بڕوانێ خوا دیاره.

گوتمان عیرفانی بەڕاستی نەک ئەم عیرفانە پووچەڵەی خـوار و پـڕ لە هەڵە و پەڵەی خـۆی خزانـدۆتە نـاو چینی ـ بەناو دینی ـ تەڵەکەبازانی. ئەمڕۆ؛ کە لە ئازادی و خۆناسین خۆیان کردۆتە ملۆزم. عیرفان و دینـێ من دەڵێم ئەوە نییە کە دەگـوێی خاچپەرسـتان و موسـوڵمانانی سـاویلکە ئاخنـدراوە کە پیـاو لە بارەگـای خوادا، سەری سیر و قونچکی پیوازیش ناهێنێ. هەر کە گۆڕا گوناحبارە. دایکەوا سێوی دزیوە، دەبێ تـۆ تاوانی بدەی! دەبێ تا دەمری هەر بگری و خۆت سووک و چروک بزانی و نەخەڵەتیی بلێی هـیچم. بلـێ هیچ نیم!

کارمان گەیشتۆتە بارێک لەبەر خودا و ئیمامان دەپاڕێینەوە قەرزەکانمان بۆ بداتەوە؛ ڕێبەندانی خەیابانمـان بۆ بکاتەوە؛ منداڵمان خەو بیباتەوە. ئەمە مرۆ لە پیاوەتی دەتەکێنێ؛ هێندەی بە گوێدا دەخوێنێ تا ڕایـدێنێ کە هەر وەکوو نەبێ وایە و بۆخۆی هیچی لەدەس نایە!

ئاخر کەی عیرفانی ڕاستی ئاوێتەی ئیسلامی بەڕاست ئەمە دەڵێ؟ ئایینی ئیسلام پێت دەڵێ تـۆ لە بەرانـبەر خودادا هەژاری و ئەو دەوڵەمەندە. هیچت نەبووە؛ ئەو هەموو شتی داوە پێت: گوێت بـۆ بیسـتن، دڵ بـۆ نیـاز و دڵخوازویسـتن، مـژی تـژی بـۆ بیـر کـردن، دوو دەسـت دوو لاق بـۆ بـزووتن، چـاو بـۆ دیـن و هەڵنەنگووتن، بۆ ڕێگەی ڕاست بەدیکردن، زۆر شتی پێداویستی دیش. واتا تۆ هەژاری ئەوی، پەنابەری، پەنای داوی. ئامرازی خۆشی ژیان و بەختەوەری خڕوپڕ دەبەردەسـت نـاوی. ئەگەر پیـاوی دە بیسـمیلا! ئەوە گۆوشەق ئەوە مەیدان! نان پەیدا کە! چاکە بکە! پیاوی چاک بە! دەگەڵ خەڵک و خودا پاک بە! کێ دەستی وەبەر هێناوی؟ ئەگەر تەنبەڵ و خۆبوێر و خوێڕی و دڵکوێر و بێخێری و لات وایە چیت لەدەس نایە، ئۆباڵت بە ئەستۆی خۆتە؛ هەر خۆت لە خۆت بوویە مۆتە؛ خۆت هەستت لەخۆت بڕیوە؛ مەنوزێوە! گلەیی لە گەردوون مەکە! لەبەر خودا مەکرووزێوە! خـۆت کراسـی چارەنووسـت لە تەنبەڵخـانە کڕیـوە. نەتکڕیایە.

ئەو خـــودایە کە فەرمـــوویە: هیچـــت نەبـــوو، هەر بـــۆیە بـــوو نەوەکـــا لە خـــۆت بـــایی بـــی؛

چەنەوەری خۆڕایی بی. کە فەرمووشیە: هەموو شتێکم پێداوی، یان گوتوویە «مرۆمـان لە هەمـوو شـتێک بەدەوتر دروس کردووە»، مانای وایە زۆر دەستی قەدری لێناوی.

دینی ڕاست پێت دەڵێ تۆ، تۆی! ڕاستەڕێ یان لاڕێ دەڕۆی، تۆ سەربەخۆی. جگە لە خوا باڵادەستی تـۆ کەس نییە. بۆ ئامانچی بەرز بوونت ڕێگەی کادزیش بەس نییە. ئەوی بەناوی دینەوە پێت دەڵێ پیاو لە بڵقی ئاو، لە پەلەپووشێک کەمترە، ئەو بۆخۆی لە کەر کەرترە! ئەوی دەڵێ: بە گریان و دڵ لە خۆچـوون و جەزم بوون، دەستە و دامێنی ئیمام بوون نەبێ، کامـت ڕەوا نـابێ، یـان دینـە یـان درۆ دەکـا؛ بەفێـڵ تـۆ دەسخەڕۆ دەکا. دژی تۆشە و دژی خواشە. هەروا باشە گوێ نەگری لەو دەم هەراشەی ڕەزاقورسە. بـا لە پرسەی خۆی دانیشێ؛ هەر خۆی بێ و تەزبیح و ڕیشێ و ببڕێتەوە.

جا تا ئێرە بۆت ڕوون بۆوە هەرچی مرۆن بە سەر سێ ڕێگەدا دەڕۆن:

یەکەم وا وتمـان عیرفـانە و بەشـوێن ڕاسـتیدا گەڕانە. ڕوونـاک بـوونەوەی دەروونە؛ لەخـۆ، لە خـوا، لەخۆکردەوە ڕامانە.

دووهەم دۆزی بەرانبەری تاینچە و ڕەشکە و یەکسەری کە ناوە ڕۆژاواییەکەی سوسیالیزمە. چەنـد لایـیش بێ بەتێکڕایی ئامپایی نێوان ڕەشایی و جووت بەندەی خاوەن دارایی و کرێکار و زۆر و زێڕداری گەرەکە و کاری بەدیوی ئاوەژووی نەدیوی بەرپیوار نییە.

سێهەم بڕوا بە هەرخۆیی (وجوودی)ە. بڕوای بەدووی پێشوو نییە. هەر بۆ ئازادی توونیە. دەڵێ مرۆ ئـیللا دەبێ سەربەخۆ بێ؛ واز لە بووک و پەردوو بێنێ. چونکە هەردوو، بەر لە خۆناسینت ئەگرن. پیـاو گەرەکە هەرچی دەوێ، پەنا بە خۆی، وەدووی کەوێ. ئازادی و خۆناسینی ڕاست، ڕاست دەتباتە سـەر ترۆپکـی هەڵەموتی هەموو ئاوات و ئارەزووت.

دەوڵەتی هاوبەشایەتی ڕێ نادا من دەربارەی خۆم بڕیار بدەم کە چی ناکەم و چی دەکەم؛ خـۆی بیـرم بـۆ دەکـــــــــاتەوە. بەرهەم و مـــــــــــایەی بژیـــــــــــو و چارەنووســــــــــــم بە دەس

ئەوە؛ ئەوی بە هیچ حەساو نەکرێ منم. ئەم ڕێ و شوێنەش تۆقێکە بۆ گەردنم.

دینیش دژی ئازادیمە؛ هەرچی خوا نەمداتێ، نیمە. نرخی خۆناسیم تووڕ ئەدا و دەمکاتە پارسەک و گەدا لەڕای خودا. خواش نە مرۆیە، نامۆیە. ناشێ پیاو نامۆ بناسێ. دوای وەی لەهەر سێکان دواین، با بزانین هەر یەک لەمانە لە کوێدا باریکە و لە پسان نزیکە؟

**١ـ دین:** ئەوەی کە ئێستا هەمانە و پێی دەڵێن دین، ئەگەر ورد لێی وردەوە بین، گوریسە لەناو هەمانە و لە هەمان چەوت و لارترە. دەردی هەرخۆیی (وجوودی) گوتەنی: مرۆ لە پیاوەتی دەخا و دەیکاتە گەدای سەر ڕێگا. کۆیلەیە لە سەرزەمینێ بۆ ئەو شتەی کە نایبینێ. وەک قانگە لاشکی بەربایە؛ پووشێکە چی لەدەس نایە؛ هەر ئاگاشی لەخۆ نییە! خۆی نییە و بەتەمای خوایە. بە دەردی حافز گوتەنی:

دین ئەگەر هەر ئەوە بێ حافیزی خۆمان هەیەتی

داخەکەم ژین گوزەراوە بە خوت و خۆڕایی!

**٢ـ هاوبەشی** (سوسیالیزم) کە بە ماددەوە بەسراوە و خوا و ئازادی وەلا ناوە. ئەگەر باش سەرنجی بدەن، پیاو کراوە بە پەرستندەی ڕژیم و دەستندەخۆری دەستەیەک کە بەسەر ڕژیم ڕادەگەن. دەوڵەتیش ـ بە خڕی و پڕی ـ لەناو لەپی زەق و ڕەپی سەرۆک دایە. ئەگەر سەرۆک کرێکارێکی ملهوڕی سادەی ستالین‌ئاساش بێ، دەبێ هەموو بڕوای خۆمان دەربارەی ژیان، تەنانەت زمانەکەشمان لەو وەرگرین. هەرچی گوتی ـ بیلاتەژبی ـ قورعانە و نابێ لێی لادەین!

**٣ـ هەرخۆیی** (وجوودی) لاوازیەکەی لەمەدایە کە هەرچەندە نرخی مرۆی زۆر لە لایە و گەرەکیەتی ئازاد بژی، بەڵام کاتێ خوا و پەیوەندی هاوبەشیەتی خەت دەکێشێ، پیاو لەناو بۆشایی دەخا و دەیکاتە هینی پەت‌پساو!

ئەگەر من بە هەموو مانا ئازاد و بەر بەرهەڵدا بم، بە بێز لە دین و یاسا بم، ئەم پرسیارە دێتە سەرزار: «بۆ هەر دەبێ لەسەر چاکە کردن سوور بم؟

لۆچی لە بەدفەڕی دوور بم؟».
هەرخۆیی هیچ وەرامێکی بۆ ئەو پرسیارەی من نییە. وا من ئێستا لەسەر چەقی دووڕێیانم کە دەتوانم خـۆم بەقوربانی گەل بکەم، یان گەل بە قوربانی خۆم کەم. بە هەرکامیاندا ڕێبوار بم، لۆمەی ناویێ. وەکـوو مـام ڕێویەکەی چۆمە، کەیفی دنیایە لۆ خۆمە. کەس ناتوانێ ئازادیم لێ بەربەست بکـا. دیـنم نیـیە کە لە تینـی گڕی جەحەندەم بترسم. یاسای هاوبەشیشم نەویست کە پێودانی ژینی خۆمی لێ بپرسم. هەر خۆم یاسام؛ هەر خۆم خودام؛ ئازاد و شاد و بەرهەڵدام.
جا کە پیاو وا پەتپساو بوو، لەوانەیە ڕێگەی چاکە بگرێتە بەر؛ بیباتە سـەر. بـۆ فێربـوونی زۆر بە کەڵـک کۆشش بکات و ناو بکا. لەوانەشە بە کراسی ڕەنگاوڕەنگەوە، بە دەرەلنگی تەنگەوە، کیپـی لەسـەر، بـازنە لەدەست، بەرموور لە مل، بەناز و نیمناز شل و ول، خۆمان لێ بکا بە هیپی ـ کە کورد پێی دەڵێن قالۆنجە ـ هەرچی پیسی و بەدکاریە ڕەچاو بکا.
ئەگەر ئازادی ماناکەی پەتبڕی بێ، پیاو بۆی هەیە لە تەندووری هاوسـاش بـڕی. ئەگەر واش بـووی، نە پیاوی نە کوڕی! زڕی!
با بادەینەوە سەر عیرفان (عیرفانی ڕاست) کە من زۆرم پێ پەسندە و لاشم وایە دیـن و بەرامـبەری ژیـن و خۆناسینیشی تێدایە. بەبیری من هەرکەس بۆ بنچیـنەی ژیـن و بـوون و نەمـان ڕانەمێنـێ و دڵـی لەدووی نەکورکێنێ، عینسان نییە. زمانی خۆش، بگرە هۆشیش، نابنە دروشمی پیـاوەتی. وێسـتێ بەڵـگە هـاتوونە دەسـت کە ئەو قسـانەی دەیـانگوت: جـانەوەران بە هەسـتێکی خـودادای (غەریـزە) نەک بە فێربـوون دەبزوونەوە و هەر مرۆ ئاوەزی هەیە، قسەی قۆڕن. جانەوەر هەن ئەمەندە زیت و سەهەندەن کە فیلتـاحون و عارەسووش دەسک و گوڵیان لە دوو ناکەن. بۆ گەیشتن بە چێشتە یان بۆ خۆپارازتن لە ڕاوکەر سەد فێڵ دەکەن؛ بە چەندین ڕەنگ خۆ دەگۆڕن کە ناشێ بێژین فێر نەبوون. ئەگەر دروشـمی پیـاوەتی وزەی وشـە دەربڕینە، ئەوا تووتیش زمانزانە و ناشکرێ بێژین عینسانە. سەعدی دەڵێ:

بێ و پیاوەتی ڕەچاوکە! مەلیش قسان دەزانن

بایی مەبە بەوەندەی تۆزێک زمان دەزانی

بەبڕوای من ئەوی عینسان لەناو خەویان هاوێر دەکا، هەر ئەو دڵخورتی و ئەوینەس کە بۆ دینەوەی نهێنی دوورەدیدە تووشی دڵ دێ. بیری مرۆ لە ژینی خۆکردەی بۆژۆ کارێک دەکا پەل باوێژێ بۆ ئەو شتەی کە بە خەیاڵ پێی لەوەکەی خۆی باشترە. هەر ئەم پەل‌هاوێژیەی دڵە بۆتە هۆی ڕۆشن بوونەوەی دەروون و هەڵچوونی عینسان.

دڵخورتی عیرفان ئەوینە. ئەوین هێزێکی بەتینە. لە خۆراکی گەرم و نەرم و قەڵەوایی ناچێتە لەش. سەرچاوەکەشی نازانم لە کوێوەیە؛ بەڵام ئەوەندە دەزانم گڵپەیە، بەرز ئەبێتەوە؛ ئاورینگی لێ دەبێتەوە، سەرتاپام دەتەنێتەوە؛ خەریکە بمتوێنێتەوە. دڵخۆشی من بەو ئەوینە پتر لە هەموو گەنجینەی سەرزەمینە. کەسێ ئەوینی نەدیوە، نەیچەشیوە، لەوانەیە پێی بڵێن زانا و دانایە، ئەندازیارە، یان بژیشکە. بەڵام ئەو مێشک و دڵ وشکە بۆ ئامرازی کارگاکانی پیشەسازی نەبێ، نابێ.

ئەوین ئەو ورە و نەترەیە کە لە درێژایی مێژوودا لە دەورانی تازە و زوودا زۆر پیاوی ڕەنێو هێناوە و دنەداوە کە دەستیان لەخۆ بەرداوە و سەریان دەپێناو گەل ناوە؛ شۆڕشی وایان گێڕاوە، باری دنیای پێ گۆڕاوە.

پیاو کاتێ پیاوە، دڵدار بێ. دەنا هەر مەیموونەکەیە کلک و کوڵکەی لەدەست داوە.

ڕۆژێ لە حوسێنیەی ئیرشاد پرسیارێکم خستە گۆڕێ، هێندێک پەرسڤیان دامەوە. گوتم: هەڵەن! بەڵام بۆشم هەڵنەهێنان. نیازم وابوو گێرە و نێرە بنێمەوە. یەکێ لە خاوەن باوەڕان خۆی تووڕە کرد. یەکێکی دی گوتی: دەبەسیە بینمان تەنگ مەکە! زووبە بۆمان شی کەوە تا ئاسوودە بین. گوتم: گیانە! من نەهاتووم ببمە مایەی ئاسوودەیی. من گەرەکمە ئاسوودەکان وەڕەز بکەم.

من ترياک و هيرۆئين نيم هەوێنی ئۆقرە گرتن بم. لەوانەش نيم کە جوابيان دەباخەڵياندا.
ئەگەر کەسێ نيازی خزمەت بە کۆمەڵ بێ، دەبێ ڕەحەت، بێسەحەت کا. ئارام بۆ ئارام نەهێڵێ. جووتياری باش کۆدە و بە ياران دەکێڵێ. دەبێ خەڵکی فێری شەڕەچەنە و دمبەدمانێ و پرسيار و پەرسڤدان بکەين تا تێک بگەين؛ دەخۆ بگەين. قەستەم بە خوا دوودڵی هاويتنە دڵان، لە بڕوا بەزۆر پێهێنان هێژاترە.
ئەو بڕوايەی چەل و مل دەسەپێندرێ، تەزێنەرە و پڕخەتەرە. حەوسەد مليۆن موسوڵمانی خاوەن باوەڕيمان هەيە کە پوولە سووتاوێک ناژين. هەر ئەو ئيمانە بەکار دێ کە پاش شک و گومان پەيدا دەبێ؛ ئيمان هێنان دوای کافر بوون. بەڵێ ئيمانی دوای کفرە نرخی هەيە. ئەگينا بە درێژی مێژوو باوەڕی تەواو هەر بووە و قەتيش هيچی نەهێناوە.
ئەو ئايەتەی کە فەرموويە «مەردم هەموو يەک ئۆمەت بوو» شاڵاوە بۆ سەر باوەڕکەر. پێغەمبەران ڕاسپێراون کێشەکێش و چەقە و هەرای تۆژينەوە بنێنەوە؛ ئەينا تا وێستاش بنيادەم بە ئارامی لە کەريەتی و بێخەبەريدا دەگەوزين.
با ديسان تێهەڵچينەوە و لە سێ بڕوا سەرەکيەکان ورد بينەوە. داخۆ کامی لەوەکەیتر بەتامترە؟ کام گەيشتوو کامە خامترە؟ لە کامە لاوە ئەستوورن؟ بە کێهە باردا زڕاون؟ ئەگەر گشتيان لێک بهاڵێن، چی لێ دەردێ؟ ئەگەر بەتاک بمێننەوە، چيان بەسەر دێ؟
**١ـ عيرفان** کە بنچينەی دينە؛ هەوێنی گەشەی دەروونە؛ پەيژەی بەرەو کامڵ بوونە. دامانە لەناو خۆکردا؛ ڕامانە لە خێوی خۆکرد. نيشانەی بەرزەتی گيانە. بەڵام هەر عيرفان بە تەنيا و هيچیتر نا، کەڵکی خەڵکی پێوە نييە. وەکوو چقڵی دڕکەزيە؛ بێميوە و بەر، ڕەزی خێوی دەپارێزێ و ناشێ کەس توخنی بکەوێ. بۆ نموونە کابرايەک هەيە دەروێشە، چلەکێشە. بۆ ئەندێشە لە مەرگ و دواڕۆژ و سزا، دەم بە نزا خزاوەتە غارێکەوە. چاوی دڵی دە عاسمانە و بێئاگايە لەم جيهانە. لەو دەمەشدا لەپشت ديواری ئەو غارە، کوشتارە، هات و هاوارە؛

نووزە و ناڵەی بریندارە؛ گوڕە و هەڕەشەی زۆردارە. هەزاران بێگوناح دەگـرن؛ هەژاران لە برسـان دەمـرن؛ ئابڕووی ئابڕووداران دەبرێ؛ هەرچی ناشێ بکرێ، دەکرێ. کەچی کابرای کروشمەکەر، گـوێی نـابزوێ؛ نایەتە دەر. دەرگا لەسەر خۆی دادەخا؛ دوو گردە بۆری ڕادەخا. گزنەی بەهەشتی گرتووە، خەریکە بـارگە تێک دەنێ. بە خەڵکی دەوری ئەشکەوتیش ـ کە لەسەر دنیا شەڕیانە ـ پێدەکەنێ.

بەبڕوای من ـ ڕەنگە هی تۆش ـ ئەو کابرایە نەک هەستی پیاوەتی نییە، بگرە لە هەموو دەعبایەک زەرندەتر و پەستترە. مەیموون، ورچ، سەگ، بەراز، زۆر تیرەی جانەوەری دیـش بەزەیـان بە دامـاوانی هـاوڕەگەزی خۆیاندا دێ. کەچی ئەو حۆریپەرستە ـ کە هەر خۆشـی خـۆی مەبەسـتە ـ هەسـت ناکـا کە لە دڕنـدان دڵڕەقترە. وا گریمان بۆ بەهەشت چوو. دەیسا چ بوو؟ کەرەکەی نەبی عوزێریش لە بەهەشتە! هەوەڵ پیـاو بوون، ئەوسا بەهەشت. گەر بەهەشت بۆ ناپیاوانە، چوونی بۆ پیاوان تاوانە.

ئێستا من خۆم زۆر یاقیدەم بە شەمسی تەورێزی هەیە؛ مەولانـام لەلا گەورەیە. شـەمس ڕۆژی بە تیرێـژی دووره تەمە. پەسنی مەولەوی چەند بێژی، هێشتا کەمە. بەڵام ئافەرین لە چـی کەم؟ مەولانـایەک لە بەلـخ یان لە قوونییە یان لە وڵاتێکیتر ژیاوە، خۆی وا لە ناو لێفەی ئەستووری عیرفانەوە پێچـاوە، بە کوشـت و کوشتاری مغول، بە شاڵاوی خاچپەرستان، نەحەساوە. دەیسا من ناڵێم تۆ بڵێ! بوون و نەبوونی ئەو پیاوە بە بێچارە و هەژاران چی؟ بە بریندار و دەردەداری ئیمانداری موسوڵمان چی؟

دەڵێی: «گوتیە»[12] ی فەڕانسەویش چۆتە سەر بڕوای مەولەوی کە لە جەنگەی جەنگدا دەڵێ: «باشـتر وایە وەر بـــــــــــکەوم نەک دانیشــــــــــــم. نیــــــــــــازم وایە ئەگەر وێســــــــــــتابم

ڕۆنیشم. چاک ئەوەیە نەچمە کۆڵان، دەرکە داخەم. نوێنم ڕاخەم، تا لەو شەڕی کە دەڵێن دنیا دادەگرێ، بێئاگا بم. جا مەگین گوللەیەکی وێڵ شووشەی پەنجەرەم بشکێنێ دەنا ناشێ لەخەو ڕابم!».

ئاخر ئەمانە کەی پیاون؟ کەی دەبنە پیاو؟ چۆن چاویان لەبەر خوا هەڵدێ کە لە دیمەنی بریندار دڵیان تێکەڵ بێ و هێڵنج دەن؟ ئەگەر عیرفان هەر ئەوە بێ، با نێوانمان سەد گەوە بێ.

جا هەرکەسێ ئەم تەرزە عیرفانەی دیوە، ناچار هەموو عیرفانێکی بە مێشک و دڵتەزینەر و پیاوکەرکەر و ئێشکەڵی بێبەر زانیوە.

سا با ئێمە هەردوو دیوی ئەم دراوە تماشا کەین. لەو بارەوە کە لە شوێن ڕاستی گەڕانە و ئەوینی خودا ناسینە، شێریشە و شێرپەروەریشە. عیرفانی ڕاست زۆر پیاوی وای پێ گەیاندوون بێوێنە بوون. بەهەشتیان بە شیر کڕیوە و دەستی زۆریان لەسەر هەژاران بڕیوە. لەڕێگەی خزمەت بە گەلا لەخۆبوردوون. مێر ژیاون و مێرانە مردوون.

بەباری ئاوەژووشیدا لە هێندێکان ورد بینەوە. خەتێکی هێندە ناخۆشە ئێژی شەرەپشیلەیە. لە چێژەی شیرنایی گەڕێ، سەد خۆزگەت بە بەرسیلەیە. ئیتر هەرچی سمێڵسوورە نابێ پێی بڵێن هەمزاغا! ئەم هێندێکانەی من دەڵێم دەگەڵ ئەوانەی شێر هاتن ناکرێ بڵێم خواشیان یەکە! بەهەزار بوز و چرێشیش ئەو دووە پێکەوە نانووسێن؛ لەناو ئاوێکدا ناخووسێن. بە گشتەکی مێو لەسەر و تەبەنەی ئاسن کونکەریش لێک نادرێن و بە دێویش جووت باقیە ناکرێن.

ئەگەر عیرفانە ڕاستەکە شێرپەروەر بووە، ئەم عیرفانە یەک لایەنە، فسۆسگرە. خۆری و تۆری وای سازداون کە بۆ زۆردار و پیاوگوژ و کۆڵەدار و کۆنەپەرست و بێهەستان، هێژاتر لە سۆمای چاون. فەرمانڕەوایانی ملهوڕ لە درێژایی مێژوودا، قەرزاری ئەو پیاوە زلە خوێڕیانەن کە بەرانبەر بە ناڕەوا چاوی دەروونیان قووچاوە. لە خرمەی دەنگی شکانی دڵی هەژار و داماوان، هەرگیز گوێشیان نەزرینگاوە. بەڵێ وایە عیرفانی ڕووت بەکار نایە و هەروەک

دۆخەوایەک دەچێ نە دۆ نە گیای تیایە.

**٢ـ ئامپایەتی (سوسیالیزم)**، ئەویش هەر هەتا یەکلایە، کای بەربایە. بۆ نموونە: لاوە خۆی لەلا زۆر پیـاوە؛ لەسەر هەژاران بەجواوە. ئامادەیە لەسەر زەیفێک کە خاوەنکـار لە کرێکـارەکەی خـۆی ئەکـا، هەرا بکـا؛ تەنانەت خۆش بە کوشت بدا. دیارە کارەکەی زۆر چاکە و هیچ گومان لە پاکی نییە. بەلامەوە زۆر حەیـفە کوڕی هێندە باش، هێندە زرینگ، تەنیا باسی مادده و دراو، مێشک و دڵی وا بتەنێ کە لای وابێ جـگە لە جلک و خۆراکی کرێکاران نابێ لەهیچ بیر کاتەوە. مێژووی کۆن، کتێبی دینی ـ کە پڕیانە لە ئامۆژگاری و زانیـاری پـڕ لە کەڵـک و بەر بـۆ خەڵـک ـ بە کەلـلەی کـۆن و ڕێ و شـوێنی کۆنەپەرستی بزانــێ و لە خوێندنەوەیان واز بێنێ. کەچی هەر ئەو لاوە پیـاوە کە دەبینـێ فـڵان ڕامیـاری هـاوبیری فـڵان قسـەی لە ڕۆژنامەدا نووسراوە، بێهیچ سێ و دوو لێ کردن، بەبـێ ئەوە بزانــێ باشـە یـان بۆشـە، وەری دەگـرێ و وەکوو نوشتەی دەستی شێخان لای پیرۆزە؛ جا با قسەکەش بێتـام بـێ؛ جـا بـا قسـەی ئەویـش نەبـێ و هەڵبەستە بێ. هەر ئەو لاوە لە حیزبەکەی خۆی بەولاوە چیتری لەبەر چاو نییە. ئەگەر یەکێ لە حیزبەکەی ئەو لاوەکی سەد قاتی خۆی و حیزبەکەی چاکە بکـا لەسـەر هەژاران بە جـواب بـێ و لە مەیـدانی شـەڕ بەرانبەر بە زۆردار و داگیرکەران هەزار جار لەو ئازاتر بێ، بۆ یارمەتیدانی کاری حیزبەکەی ئەویش حـازر بێ، نایەوێ و لەسەری ناکا. هەر حیزب نەبێ، دوژمنە.

ـ بۆچی؟

ـ چونکە هاتووە داری پڕلکی ژیانی هەڵپاچیوە. تەنیا لکێکی هێشتووە کە ماددەپەرستیەکەیە. ئەو لکەیشـی هێند ئاوداوە تا لە کۆتەرە عەسڵیەکە زلتر بووە. هێند هەڵچووە و هێنـدەی چـرۆ دەرکـردووە کە بەرچـاوی داپۆشیوە و جگە لە ماددەپەرستن تەنانەت خۆشی نەدیوە. ڕاست بە دەردی عیرفـانەکەی خۆمـان چـووە. جیاوازیـان هەر لەوەنـدەدا: عیرفـان بـۆ گەشـەی دەروونە و ئەم بـۆ لەوەڕی بـژوونە. لەوەڕە و گەشـەی دەروونـــــــیش مینـــــــــا شـــــــــەنگڵە بەرەکەتەن؛ ئەگەر نێوانیـــــــــان

بپسێنی هەردووک بێ بەرەکەت دەبن.
وشکەسۆفی کە هەر داوێنی دین دەگرێ و هەتا دەمرێ ئاگای لە دنیا و ژین نییە و خۆی لەبیر خۆشی چۆتەوە، زۆر چرووکە و هەر وەکوو نەبووبێ وایە. کاکە سوسیالیستەکەشمان لە سنووری دیکتاتوری هاوبیرە زەرد و سوورەکەی دەرناکەوێ و هەتا ملان نوقمی حیسابی ئابووری و لێکدانەوەی نرخی هێز و بایی سەرمایە و دراوە. بەبێ ئەوە های لە خۆی بێ، چۆتە ناو گەرووی پووڵەوە و قووت دراوە و لە باسی لەوەڕان پێوە هیچ کەڵکی پێوە نەماوە و لەباری لەبیر چوونەوەی عینسانەتی، دەگەڵ سۆفی دەستەملانە.
**٣ـ** کابرای هەرخۆیی دەبینێ عیرفانی ڕووت بە حاستەم سەری لووتی خۆی نەبێ چی نەدیوە و مرۆی بێنرخ زانیوە، ماشێن و سەرمایەداری و لاساری حوکمی کرێکار، تەنگەیان بە ژینی ئازاد هەڵچنیوە، وازی لە هەرکان هانیوە. دەڵێ بنیادەم لەوە زیاترە خۆی بە پڕ و پووچی غەیبی و دەوڵەت و سەرۆکپەرستی عەیبدار کا؟ ئازاد هاتوویتە دنیاوە ئازاد بژی! لەبری ڕوانین بۆ نەدیار و لە جیات کوێلەیی ماڵدار و پرۆلیتار، ئاغای خۆت بە!
بەڵێ ئەم بیری خۆناسی و ئازادژینە زۆر بەنرخە؛ بەڵام ئەویش بە تەنیایی دەردی ژیان دەرمان ناکا. وا گریمان خۆم لە دین و یاسای سەرزەمین ڕزگار کرد، ئەوسا چ بکەم؟ گرتووم لە زیندان دێمە دەر؛ بەچی بژیم؟ چۆن بژیوی خۆم پەیدا کەم؟ بچمە لای کێ؟ لای دینداران؟ دەبێ لە نەدیاران بدوێم. واتا: دەبمە کۆیلەی خودا. ببمە ئامپای کرێکاران؟ ئازادیم کوا؟ گەرەکە کۆیلەی ڕابەر بم. دەچمە لای سەرمایەداران. دەبم بە کەری بێگاران و کۆیلەی ماشین. دەی چار چییە؟ مامۆستاکانی هەرخۆیی پەرسڤێکیان بۆ ئەو پرسیارانە نییە. تەنیا دەڵێن: ئازاد بژی و ئاوێ بێنە دەستان بشۆ. ئیتر ناڵێن ئازاد ژیان بێبەرنامە، سەرگەردانی سەرەنجامە. وا دەبینین زۆر لەوانە بەتاڵ ـ حەتاڵ، لە نیپاڵ و دۆڵی خەیبەر، لە پنجە بەنگان دەگەڕێن. لە جیاتی خۆناسینەکە، خۆیان لەبیر بردۆتەوە و هەر دەڵێی لەسەر دنیا نین!

ئەگەر سەرەنجامی کارمان هەر خۆ لەبیر چوونەوە بێ، چ ئەمە بێ و چ ئەوە بێ، فەرقی چییە؟
ئەنجا ڕەنگە لە من پرسی چارە چییە؟
بەبڕوای من دەبێ ئێمە لە عیرفانی دوور لە کزی و لە سوسیالیستی بێ‌گەزی و ئازادیخوازی زانایان بەهرە بەرین؛ هەر سێکیان تێکەڵاو بکەین. چوارچێوەی بەرنامەی ژینمان لەو تێکەڵاوە لێک بدەین. چونکە هەرسێک زۆر پێویستن؛ بەو مەرجە دەگەڵ یەکتر بن.
ئەوینی بۆ ڕاستی گەڕان ـ کە عیرفانە ڕاستەکەیە ـ بزوێنەری مێشک و دڵە؛ کە بیر لەخۆ، لە خوا و خۆکرد بکەیتەوە. مافی خۆت لە بەرانبەری و ئازادیدا ـ کە لەلای خوداش پەسندە و پێت ڕەوایە ـ بخەینە دەست. بەرانبەری کە ڕۆژاوایی پێی دەڵێن سوسیالیزم ـ کە لاگیری هەژارانە و دژی بەرەی زۆردارانە ـ تا بڵێی باشە و لە چەرخی نۆزدە و بیستەما بۆتە هۆی زۆر ڕاپەڕینان کە ئیستعماری ڕاوناوە و بەشی بێ‌بەشانی داوە؛ کە عیرفانە بێ‌خەوشەکەش لای پەسندە. هەرخۆیی کە ناوە ئورووپایەکەی «ئیگزیستانسیالیزمە» کە لای وایە ئازادی مافی مرۆڤە، بیرێکی ڕاست و دروستە و عیرفان و یەکسانی ژیانیش بێ ئازادی بیر و باوەڕ ناتەواون. ئەگەر هەرسێک پێکەوە بن، هەریەک لەوان هەم ئامپایی، هەم ئازادی، هەم عیرفانە. هەرگا ئەو سێیە یەک بگرن، گەندەڵی پڕ لە تەنبەڵی و سوسیالیزمی سەرزارەکی و پڕ لە گزی و ئازادی قالۆنچەبازی و بەنگ‌کێشی و لە ژیان وەڕەزی، پێدزە دەکەن؛ کووزوو دەبن و بۆی دەردەچن. ئەم سێ چوکڵە ڕاست و تیژە بە دادراوی، هەر یەکەیان بۆ ئەویدی دەبنە پەرژینی چوقڵاوی و پاسداری لە یەکتر دەکەن.
جا ڕەنگە هێندێ کەس بڵێن: پەکوو لەوێ حەلامەتێ! جاکوو ئەو سێ دۆزە قۆزەت لۆ لێک دەدرێ؟ کێ ئەو ماشەرە ئاڵۆزەی یەکلا دەکا و پساوەکەی بۆ تێک دەخرێ.
من بۆ وەرامی ئەوانەی ئەم چون و پەکووانە دەڵێن، دەڵێم:

هەرسێک ڕۆژێک لە ئیسلامی ڕاستەقینەکەی پێشوودا لێک کۆ ببوون. لێت تێک نەچێ! گوتم ئیسلامەکەی پێشوو نەمگوت ئێستا. نیازم ئیسلامی قورعانە؛ نەک ئەوەی ئێمە هەمانە. کە نێوانیان عاسمان و ڕێسمانە. هەرکەس وەک ئیسلامی پێشین بڵێ هەر قورعان ئیمامە و کەسی‌تر نا، زڕە موسوڵمانی ئەمڕۆ بێ‌شک بە کافری دەزانن. ئیسلامی ڕاست نە ئەوەیە کە باوکە خوالێخۆشبووەکان فێریان کردین ببین بە شیعە، بە سوننی و دەسەر و گوێی یەکتر بەربین. دەتوانم بڵێم تاوێستا کەسی وامان تێدا نەبووە، خوا ـ وەک لە قورعاندا هەیە ـ بە مەردمی بناسێنێ.

عیرفانی قورعانێ دەڵێ: «ئەم زەمین و بەرزاییانەی لە سەرتانە، ڕۆژی ڕووناک، شەوی تاریک، بەڵگەی خاوەن ئاوەزانن کە بە پێوە یان لە جێوە لەسەر پشت یان لە سەر تەنیشت پاڵ دەکەون و داناکەون. بیر لەو کردە سەرسووڕێنە لە وەستا واقوڕمێنەکەی دەکەنەوە و دەڵێن: خوایە! تۆ ئەمانەت لە هیچێ نەخستۆتە ڕوو».

عیرفانە وشکەکەش دەڵێ نابێ دەس دەکاری خوا دەی. نابێ بڵێی ئەم بایە لە کام کونڕا دێ؟ ئەو بارانە چۆن دەبارێ؟ بیر کرنەوە لەو شتانە بۆ دین و دنیات زیانە و بەهەشتەکەت لەکیس دەچێ. دەشڵێن دنیا هیچە و پووچییەکەی وەک بڵقی ئاوە و بیر لێ‌کرنەوەی بڵاوە.

قورعان دەڵێ: «عاسمان و زەوین و هەرچی لەناو ئەو دووانەدان هیچمان لە پووچێ ساز نەدا. ئەوی بە پووچێ دەزانن کافرەکانن.» ئێستا بەو پێودانە بێ، وشکەمەلا ـ وەک جووی فەقیر ـ هەر دوولایان لەدەس چووە.

خوای فەرموویە: «ئێمە ڕێزمان لە تۆرەمەی ئادەم ناوە». بزانە دەڵێ: ئادەمی، ناڵێ مەرجە سپی پێست یان موسوڵمان بێ. ئەم ئایەتە هەموو توخمی مرۆ، لە ڕەش و بۆر و زەرد و سوور و گەنمڕەنگ و کاڵ و چاوشین دەگرێتەوە. گاور و گاپەرست و جوولەکە و بابی و بەهایی و عەلیەڵڵاییش بەر دەکەون.

خوا فەرموویە: «کەسێ گیانێک بێ‌سوچ و تاوان بکوژێ، وەک هەموو

مەردمی کوشتبێ وایە. یەک لە مردن ڕزگار کردن، وەک نەجات‌دانی گش مەردم لە مـردنە»؛ «ئەی مەردم! ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێوێک خستەوە. کردیشمانن بە چەندین ڕەگەز و تیرە، بۆ ئەوە یەکتر بناسـن. کـێ لە کاری ناڕەوا بە پارێزترە لەکن خودا بەڕێزترە.»

پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: «مەردم وەک ددانەی شانە وانە. ئەگەر چەن دانە لەوانە نزمتر یان زێدە زەق بن، وەشانە حەساو ناکریە». خوا و پێغەمبەر هەر فەرموویانە مەردم. نەیان فەرموو ئەشێ سوننی یان شیعە بێ؛ نایژن دانەی سپی شانە لە دگانەی ڕەش خاسترن. پێغەمبەر نەیوت عەولادم لە خەڵکی دی لەپێشترن. سـا با بزانین داخۆ کام زانای زەمانە دەربارەی لێ‌تۆژینەوەی ئەم زەمین و عاسـمانانە، دەربـارەی بەرانبەریەتـی تیرە و چینان، ئازادی بۆ بیرکرنەوە، هێژاتر لەمانەی هەبووە؟

بەڵام با لە بیرمان نەچێ، گوتمان قورعان و پێغەمبەر، نەمانگوت مەلا و موشتەهید، ئاخوند، مفتی، شێخ، کتێبی پیوازی و پەڕەزەرد. نەمانگوت مێزەر بەسەرێ کە بە تۆزێ زێڕ و کوتاڵ، ئوبـاڵ بـۆ زاڵـم دەکێشـێ، هەقی هەژاران پاماڵ کا.

ئەگەر ئێمە موسوڵمانی بەڕاستین و جیا لە خودا ناپەرستین، دەبـێ وەک سـوێندەکە بێـژین: خـودا یەکە و نابێ بە دوو. باش دەماناکەشی بگەین، نە سوژدە بۆ بتی بەردین، یان بە ڕدێن و جبە و مێزەر دەبەین، نە بۆ شا و میر و وەزیر و نە بۆ ئاغا و کوێخا و گزیر کڕنۆش دەکەین. لەخوا نەبـێ لەهـیچ کەسـی‌تر ناترسـین. لەڕێی فێربوونی زانستا، لە سووچی حوجرە واز دێنـین؛ دەچیـنە چـین؛ وەکـوو پێغەمـبەر فەرمـوویە. بـۆ سەربەستی چینی بن‌دەست، بەگژ داگیرکەردا دەچین. بۆ ئازادی بیـر و بـاوەڕ، نـاڵێین چـونکە سـتالین و ئەنوەر خۆجە، مەلای چاوڕەش، شێخی سەرشین بڕیویانە، بێدەنگ دەبین.

هێندێک دەڵێن موسوڵمان بەرانبەر یەزدان، هێندە خۆی بێ‌نرخ دەکا، کە بۆ پایەی مـرۆ ناشـێ. خواشـیان هێندە لا بەهێزە کە نیشانی داماوی خۆیان دەردەخەن.

واتا: «فویرباخ»[13] گوتەنی: «خوای لاوازان لە خوای سازان بەهێزترە؛ چونکە ئەوان زەبـوونترن. بۆخۆیـان دەستیان ناچتە کار. ناچار یەخەی خودا دەگرن. ئەوی لەزەوی پێی ناگەن، لە خوای عاسمانی دەخوازن».
ئەم دەستە ڕەخنەگرانە لە سەرێکەوە هەقیانە؛ چونکە ئـێمەی ئیسـلامی ئێسـتایان دیـوە کە وەک مەیمـوون لاسای هەڵپەڕێنەکەمان، چەشـنی تـووتی قسـەی فێرکـار دەکەیـنەوە. فێرکـار و هەڵپەڕێـنەکەش یـان زۆر ساویلکە و نەزانن، دە هیچ ناگەن؛ یان فێڵەباز و دەسبڕن؛ نایانەوێ بۆرەپیـاگ تێگەیشـتوو بـێ. ئەگەر ئەو توانجدەرانە تەواو شارەزای ئیسلام بن، تێدەگەن بە هەڵەدا چوون.
بەڵێ ئیسلام خودا بە گەورە دەزانێ و لە بەرانبەر بەرزی ئەودا خۆی زۆر بە نـزم دەزانـێ؛ بەڵام بەرانـبەر بە خەڵکی هەتا بڵێی سەرفەراز و بێنیازە. بۆ خوا سەر دەنێتە سەر خاک؛ بەڵام بۆ کەس لەسـەر زەوی نەوی نابێ. دەڵێ خوایە! بە بەزەی خۆتم بسپێرە؛ بەڵام لەڕووی بێبەزەییان مێرە، شاڵاوبەرە، شێرە. دەکرێ بڵێین ئەوانەی خوداپەرستن، پایەبەرزیشن؛ نەویشن. خۆیان بەهیچ حەساو ناکەن؛ هەر خۆشیان هەموو شتیشن. لە دەمێکا خۆ لە خۆ جودا دەزانن. هەر ئەو کاتەش خۆیان بە خـودا دەزانـن. ئەم نەریـتە تـایبەتیە هەر بـۆ خواناسانی ڕاستە و بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە. ئەگەر نەڵێن شەریعەتی لایەنگری مەزهەبێکە ـ هەرچەندە وەکوو بیستوومە تاوانی لایەننەگیریم وەپاڵ دەدەن! ـ عەلی کە ئەو باش دەناسم بۆ نمونە دەهێنمەوە:
عەلی هەرسێک ئاکارە لە بارەکانی باسمان کـردن تێـدا هەبـوو. ڕامـان بۆخـودا و کرگـاری هێنـدە کـاری لێکردبوو کە زۆر جاران دەچووە چۆڵان، دەیگاڵاند و دەیناڵاند و لەخۆ دەچوو. ئـێمەی نەزان لامـان وایە گلەی لەو ئازارە بووە کە مەدینەیی داویانە. یان بۆ گوندی فەدەک[14] بووە. بەڕاستی لە ڕاستی دوورین!

تینی ئاگری ئەوینی بە خواگەیین تینی داوە و بەرەو سارای ڕەتاندووە و تا نزیک خودای بردووە. ئەمە باری عیرفانەکەی. بۆ هاوبەشی و بڕوای ئازادی چۆن بووە؟ ئیمام عەلی فەرمانڕەوا لەسەر هەتیوی زۆر لێکراو، لەسەر ژنێکی جوولەکەی ئازار دراو، وا دێتە جواو کە سوسیالیستان بۆڕ دەدا. هاوار دەکا: من ئەمیر بـم و فەقیرێک زوڵم و ناهەقی لێ کرابێ. ئەگەر بەو داخەوە بمرم، کەس نابێ سەرکۆنەم بکـا. ئەو دەردە هێنـدە بەژانە پیاو دەکوژێ. بۆ ئازادی بیر و باوەڕ، لە فەرمانی خودا بەدەر، گوێی بە واتەی کەس نەداوە. تەنانەت لەسەر ئەم هەقە، برای خۆشی لێ ڕەنجاوە.

من دەمەوێ وەک عەلی بین. هاوبەشی و ئـازادی و عیرفـان لێـک وەکـۆ کەیـن. بیکەیـنە بەردی بنـاغە و کۆمەڵگامان وەکوو پێشوو لەسەر ئەو هیمە هەڵچنین. ئەوسا دەکرێ بڵێـین خزمەتمـان بە گەل کـردووە و ئەرکی و ئەرکی خۆمان پێک هێناوە.

# دایە! باوە! کێ خراوە؟

**خوشک و برا کوردەکانم!**

وا چوارەمین نـامیلکەیە کە لە دوکتـور شـەریعەتی وەردەگێـڕم. ئەگەر بە وردی و ژیـرانە بـاش سـەرنجت نەدابێتە سێ نامیلکەکانی پێشوو، بۆت هەیە گلە بکەی و بە سەرمدا ببۆڵێنی: ئەرێ کاورای کوردیﻨووسی بەچـکە سـونی! تـۆ چیـت داوە لەم شـەریعەتیە شـیعەیە و بـۆچە وازمـان لـێ نـاهێنی؟! بەڵام ئەگەر تێگەییشتبی ئەڵێ چی، نەک هەر گازندەم لێ ناکەی، بگرە پەسندیشی دەکەی. با بزانین چۆن؟

لەوەتا دنیا دنیایە و زەوی لەسەر پشتی گایە، هەر دەستوور و ڕێ و شـوێنێک کە پیاوچاکـانی مرۆدۆسـت هێناویانە و ویستوویانە پڕایی گەل لە سایەیدا بەختەوەر بن، زۆر پیێنەچـووە مرۆخـۆرانی حیلەبـاز ـ بـۆ ڕووتاندنەوەی هەژاران ـ چەرخیان داوە و کردوویانەتە داردەستێک سەری نەیارانی خۆیان پێ کوتاوە.

ئەو کەسانەی پێغەمبەر بوون بۆیە هاتوون، زوڵم و زەلاڵەت نەهێڵن؛ نامەی پڕ لە عەداڵەتیان لە عاسمانەوە هێناوە. کەچی هەر لەپاش ماوەیەک گزیکاران بەلای خۆیاندا هێناوە و بـۆ گەل خـواردن و خۆبـواردن لە مـــــــــــــــــــــــــــــــــــافی چارەڕەشـــــــــــــــــــــــــــــــــــان و

بێبەشان، دەکار کراوە.

مێژووی مەسیح بخوێنەوە! کە خۆی چۆن بووە و چی ئەڵێ؟ لەمێژووی دووهەزار ساڵەی خاچپەرستیش وردەوەبە! تا بزانی پاپ و کەشە و کاردینالان چۆن بەناوی تەعلیماتی مەسیحەوە، بوونە گورگی ورگدڕ و دە بەستەزمانان ڕوو هاتوون؛ ملیان لە تالانیان ناوە! چەند ملیۆن کەسیان کوشتووە و چەند ڕووبار خوێنیان ڕشتووە.

یان بڕوانە ئەو ئیسلامەی کە بەرنامەکەی قورعانە، دەگەڵ ئاکاری ئەوانەی کە نزیکەی چاردە چەرخە بەناوی موسوڵمانەتی حوکم دەکەن پێکی بگرە! تا بزانی تا کوێ یەکتر دەگرنەوە؟! هەر لە دەورانی ئەمەوی تا سەفەوی، تا دەگاتە ئەم ڕۆژگارەی کە بۆخۆمان تیا دەژین، چەند خاوەن زۆر و هەژارخۆر ـ بەناوی دین ـ خواردوویانین و دەمانخۆن. هەر ناکەسێک و تەرەسێک دەستی ڕۆیشت، بەزۆری کوتەک و قامچی، خۆی ناو دەنێ ڕاسپاردەی عاسمان و بەڕێوەبەری قورعان و بەرانبەر بە ئارەزووی خۆی، مانای ئایەتان دەگۆڕێ و خۆ بەسەر موسوڵماناندا دەسەپێنێ. کێ دەوێرێ هاوار بکا؟ کێ زاتدەکا لەدەست زوڵم بناڵێنێ؟ هەر دەسبەجێ ئایەتێکی بۆ دێننەوە و بە کوتک لێی حاڵی دەکەن کە: هەر بێژێ لەل، کافرە و ڕەوایە خوێنی بڕژێنن.

شەریعەتی دەستی ئەو دەستە دەسبڕەی خوێندۆتەوە؛ مانای قورعانی زانیوە؛ تێگەیوە ئیسلامی پێشین زۆر لەمێژە بە مێزەر و تاڵەڕیشی دنیاپەرستان خنکاوە؛ لە خواش نەبێ لەهیچ کەسێک نەترساوە. زۆر بە ڕاشکاوی وێراویە شووشەی ئاوڕووی گزیکاران لە بەردێ دا و پشتی زۆریان لە هەردێ دا. لە ڕاستیدا من ئێرەیی بەم بوێریەی دوکتور شەریعەتی دەبەم. جا ئەگەر خۆشم ئازا نیم، لە پیاوی ئازا خۆشم دێ. پێمخۆشە ئێوەش وەکوو من ئەو مەرد ئازایە بناسن. خوا بکا هەر ئازا و ڕزگار بن.

**هەژار**

له وتاربێژی وەڕەزم؛ حەزم لێیە مامۆستا بم. لەسەر ئەم بیر و بڕوایە، دوێشەوێ بڕیاری خۆم دا: چیتر نەکەومە ناو کۆڕی حەشامات بۆ وتاربێژی؛ هەر چییەکیش لەم دواییانەدا لێیان دواوم و ئەوەندەی لەبیرم ماوە، کۆی کەمەوە و سەروبەری لێک دەمەوە و چەوت و لاری ڕاست کەمەوە و بیخەمە سەر چەند لاپەڕێک، ئیتر چیتر زانست لەبەر با شەن نەکەم!

بەڵام ئێوە، ئێوەی بەڕێز، ئەوەندە بەدەورەما هاتن و پتر لەوەی کە هەڵدەگرم خۆشەویستیتان دەربڕی، لەڕووم نەهات لە ڕووتان وەرگەڕێمەوە. وا ناچارم بۆ جارێتر لە بڕیارەکەم واز بێنم و دڵی ئێوەی تینووی دەنگ و ڕەنگی خۆم نەشکێنم.

بەر لەوە بێم لە دڵما بوو لەبارەی عەلیەوە بدوێم. بڵێم عەلی تاکێک و هەزار هونەر بوو. بەڵام وەبیرم هاتەوە: پارەکەش هەر لەم بارەوە لەژێر ناوی «عەلی وەک قارەمانی چیرۆکان» وتارم دا و دووپاتەکرنەوەی ناوێ. وا ئێستا لە نیازمدایە لەم پێچی مالاواییەدا، دەربارەی مەبەستێک بدوێم کە مەودای هەودای ژیانی ئەمرۆمانی پێوە بەندە؛ نەکا تازە هەلێکی وام بۆ نەڕەخسێ کە ئەم ئامۆژگاری و پەندە بە هاوڕەوشتەکانی خۆم ڕابگەیەنم.

## جیهانێک لەناو کۆڵانێک

ئێمەی ئەمڕۆ ـ کە خۆمان ناو ناوە دیندار ـ سوور دەزانین چینی خوێندەواری تازە، بە تاوانبارمـان دەزانـن؛ تیز و تەشەرمان تێ دەگرن. لایان وایە ئاوەزمان پارسەنگی دەوێ و ئایینداری، کۆمەڵی پێ پاش دەکەوێ. جا با بزانین هۆی ئەو کارە کارەساتە و چاری ئەم دەرد و ئازارە و دەرچوون لەم تووشی و نەهاتە، چییـە و چۆنە و برینەکەمان چەند کـۆنە و ئەو هەودایە لە کوێـوە سـەری هەڵـدایە و چەرمەسـەرە و کێشـە و گێـرە پێسیری کێ دەگرێتەوە؟

## ئێرانی چین؟

بەشی زۆربەی هەرەزۆری ئاپۆرەی وڵاتەکەمان موسـوڵمانە؛ ئەویـش چتـۆ موسـوڵمانێک؟ لە کـوێرەدێی چەپەک و پەرەوە بگرە تا دەگاتە گوند و شارەدێ و شارۆکە و گەلێک لە باژێری قەوغـاش، هەر هێنـدە لە دین دەزانن: نوێژان بکەن، ڕۆژووان بگرن، ببنە پەیڕەوی ئاخوندێک هەست و نست و شل و خەستیان بەو بسپێرن؛ هەرچی فەرمووی گفتی خوایە و بە موو لادان لە فەرمانی، بۆ دین و دنیا بەڵایە.
ئاخوندی خێوی ئەو خەڵکەش کاروباری بوێتە ئەوە لەسەر مینبەر قوت بێـتەوە، دنەی ئەم ڕەمەکیـانە دات کە هەتا زۆر بگرین کەمە. با بە گەل بچنە کەربەلا. کێ دەوڵەمەندە بچێتە حەج. زەکات و سـەدەقە بـدەن. پێنج یەکی داهاتی ساڵیان بۆ سەیدان بێ؛ دەیەکیش بۆ ناگوزوران بەخت بکەن. واز لە باسـی دنیـا بێـنن؛ هەر باسی قیامەت بخوێنن؛ جیا لە بەهشتی دوای مردن، دەهیچ شتێک ڕانەمێنن.
ئەوانەی بێ‌ئاخوندیشن دەبن بە دەروێش و سـۆفی لای پیرانـی سەرشـین و بەڕیـش و بـێ‌ئیش. نەغـد و پوختی دنیاکەیان دەنێنە ناو لەپی شێخ و ئەویش گفتی بەهەشتی مفتی پاش مەرگیان ئەنێتە مشت.

دیاره لە کۆمەڵگای وادا، بیر و بڕوای تێکڕای ئاپۆره وەک یەکە. لاوان، پیران، هاوسا و جیران، ئاوماڵ لە گوند، لە هەواران، لە هەموو ئاوایی و شاران، خوێش و غەواره و ڕەمەکی، دوکاندار، جووتکار، دەشتەکی، کەس کاری دەربارەی باری دینداری بە کەم ناگرێ. کەس پلار و تەوس و توانج لەسەر ئەم شوێن و ئاکاره هەموانییە دەکەس ناگرێ. بە تەواوی بیر و هزریان ئاسوودەیە. لایان وایە ئەم دنیایە گشتی هەر ئەوەی تێدایە کە ئەوان پێوەی خەریکن. واتا لە ئاوەز و فکرا هەموو پێکەوە شەریکن. لەدنیای بەدەر لەخۆیان، لەبیر و بڕوای نامۆیان، دوور و بێئاگا و تەریکن. هەزار ساڵە و بگره پتریش بەو بێخەبەریە دەژین و کەشکەک سڵاوەتیان دەوێ.

هەزار و ئەوەندە ساڵە ئەم حەشامات و ئاپۆره زۆر و بۆره، وان لەم حاڵە و وان لەو چاڵە و لەو سەرپەت و سنگە ماون و بەم گوڵمێخەدا کوتراون. تا مردوون و لەناو چوون و لەژێر پەردەی خاکا ون بوون، هەروا ژیون و بە موو چییە نەگۆڕاون. بە تەماشن هەر وەهاش بن؛ گۆڕانیان بە سەردا نەیە.

جا ئەم پێگە کە لە پێشدا کوێرەڕێ بوو، هێندەی پێدا هاتوون و چوون، بۆتە کاروانەڕێی هەراو. نە کۆسپێکە، نە کەندێکە، نە گیرێکە، نە بەندێکە، هەر زیپکیشیان وەبەر نایە؛ هیچ سڵ مەبە بڕۆ دەشتە و دوامین قۆناغت بەهەشتە! ئەگەر لە پرسەی حوسێندا چەند فرمێسکێک هەڵوەرێنی، ئاخوند لەخۆت نەڕەنجێنێ، لە پیتاک‌دان نەبۆڵێنی، ئەوا چەند کۆشکێک دەستێنی گشتی یاقووت و زمرووتە. ئەگەر شێخ و خەلیفە و دێوانە تێر کەی، ئەگەر نەوسی چنۆکی مفتەخۆر کوێرکەی، هەر لەم دیوەی بستووی ژیان چووی بەو دیوا، ڕووباری هەنگوین و شیره و باغی هەنار و هەنجیره و حۆری زۆره و کەیف و ڕابواردن مشەیە. ئەگەر لە شەقام کلا بی و لە فەرمایشتی شێخ لا بی! لە دنیا بەختەوەر نابی و لەولاش جێگەت جەهەندەمە!

ڕاستت دەوێ هەرکەس، هەر تیره، هەر کۆمەڵ، ئاوەها بێچەقە و گێچەڵ وەکوو کیسەڵ لەناو قاپێکی قەپاتدا بێخەم بژی و بیر و مژی بە گاڵە و هەرا

تاڵ نەکا و سەری بە پرس و پەرسقی لاپرەسەن و دژەبڕوایان قاڵ نەکا، هێنـد ڕەحەت و ئاسـوودەیە دەبـێ ئێرەیی پێ بەری و بێژی: ئای خۆزگە بەخۆی کات. بەڵام بۆ من، بۆ کەسانی هاودەردی من کە خوانـاخوا لەم جەغزۆکە کلابووە، بەرەو دنیای پڕ لە هەرای ئورووپا، ڕۆژاوا چووە، هەستی بەوەنـدە کـردووە ئەمـڕۆ سەدەی بیستەمینە، گوێ ئاخنین و چاوپۆشین و خۆپەرگرتن لەباری وێژە و زانستی بە دانستەی دژەدیـن و ڕاپڕایی خەڵکی سەرزەمین، کارێ دژوار و حەستەمە، دەبێ چی بکا؟ دەبێ دەردی چەند گران بێ؟...

بابایەکی خۆم ئاسایی کە بۆ خوێندن چووبێتە ناو کۆمەڵگـای نـوێی ئورووپـایی، هەمـوو ڕۆژێ، هەمـوو شەوێ، بگرە هەموو کات و سات و ژەم و دەمان، دەگەڵ زانایانی نامۆ، دەگەڵ کتێب و نووسراوی پیاوی خاوەنبیری بێپیر ڕووبەڕوو بێ؛ باسی کفر و خوانەناسی کاسی بکا. ئەویش بەنیاز بێ کە دینی بـاب و کاڵی بپارێزێ؛ بکەوێتە مشت و مڕ و دم لە دمنانی ئەم و ئەو، جوابی هەموو پرسیارکارێک ئامادە کا. پرس و پرسیاریش بەبار بێ؛ یەک نالەبار یەک لەبار بێ. بچتە هەر کوێ بێـتە بەر گـوێ. قسـەی بێتـام گفتـی بەتوێ. هێندێک زۆر سوێر، زۆری بێخوێ. منێک یاخۆ من ئاسایی لەم ناوەدا چۆن گیر دەخوا و ئەشـێ چی بکا؟ چۆن شـان و پیلـی کـاکیلە و زمـان و چەنـاگەی نەسـوێ؟ دەی سـا لە کـوێ دەتـوانێ بێـژێ ئاسوودەم؟ چۆن بووز دەخوات و بۆی دەلوێ وەک ئەو پیاوە ساویلکە بێ کە سـەر و بەری ژیـانی لەنـاو پەڕوای پەڕزەردی بە پیوازاو ڕەنگکراوی نووسراوی ئاخوندا دەژی؟ لای وابـێ دنیـای ئەمـڕۆکەش هـین هەزار ساڵ لەمەوبەرە و سەر و بەری هەر وەکوو خۆی سەرمۆر ماوە و جۆرێک مۆمیایی کراوە کە نە بـۆن دەگرێ نە دەپوێ و نە تەڕاییدا دەچۆرێ، نە ڕەنگ و بۆنی دەگۆڕێ. هەموو ئەرکی گرانی هەر ئەوەندە بێ: بە لۆرینەوەی ڕەوزەخوان دەست بکا بە شین و گریان؛ جنێو بدا بە ئەبووبەکر و عومەر و زۆر کەسـیتر لە ئەسحابان. ئیتر ئاسوودە دانیشێ و پاڵداتەوە تا بە پاڵەپەستۆ و ملە ئەیخەنە ناو بەهەشتەوە!

نەخێـر ئەرک و دەرد و مەرگـی ئـێمەی خوێنـدەواری ئەم ڕۆژگـارە زۆر بەژان و گـرانترە لەوەی کە بیـری لێوەکەن. دەردەکەشمان دوو سەریە: هەم بێدین لێمان تووڕەیە، هەم ديندارە ئاسوودەکەش...

بەشـی زۆر لەو سـاویلکانەی کە لە تەهـی دڵ دینـدارن، ئەوانەش کە خـاپینۆکن و ڕەنگـی دیـن دەخـۆ هەڵدەسوون، تانە لە من، لە خوێندەواری من ئاسا دەدەن کە فڵانی! بۆ نـازانێ ڕێ و شـوێنی موسـوڵمان چییە؟ بۆ هیچ ئاگات لە دین نییە؟ چیتە کراوات دەبەستی؟ بـچ دەربەسـتی ڕیش‌تاشـینی؟ بـۆچ لەکـاتی وتاری ئایینی داندا کەمتر سڵاوات لێ دەدەی؟ بۆ جارێکیان ناوی ئیمام عەلیت گوت و «عَلَیْه السّلام»ت نەگوت؟ بۆ ئەگەر ناوی زڕاوی ئەبووبەکر و عومەر دەڵێـی، جـوێنی ناموسـیان پـێ نـادەی؟! تەنـانەت هێندێک پێم دەڵێن: لەکاتی وتار وتندا ئاو خواردنت ـ بەرامبەر بە فەرمایشتی فڵان ئاخوند ـ نامەکرووفە و لەناو کتێبدا نووسراوە. دەوەرە ئەو بار و کەرە لەو چەق و زەلکاوە دەرکە! ئەم کارە پووک و سووکانەی لای ئەوانە نیشانەی لەڕێ لادانە و لەڕێی دین و دینداریدا تەگەرەی هەرە گرانە کە هـاتۆتە بەر دیـنەکە. ڕایەڵ و پۆی شەریعەتیان بەم نەختانە ئاڵۆزاوە؛ بە کراواتەکەی ملی من تەواو سەریان لێ شێواوە. دەبـڕوانە! کـورد گوتەنی: کەر لە کام جێ هەڵدێراوە و کوندە لە کوێوە دڕاوە!

من تاوانی نەخوێندەوارەکان ناگرم؛ بەستەزمانن؛ هەر ئەوەندەی لێ دەزانن کە مام مەلاگیان پێی گوتـوون کە ئەوانە لە کتێبی کۆندا نووسراوە و دانەری کتێبەکانیش موجتەهید و ئایەتوڵڵای پایەبەرز و بەناوبـانگن! بەڵێ بە گوێرەی کتێبی پەڕزەردی چاپخانەی بەردی، ڕیش تاشین و بـۆ جل‌پۆشـین لاسـای دیـن دوژمـن کردنەوە، سەلام بۆ عەلی نەنووسین، جوێن بە ئەبووبەکر نەدان، گوناهی گەورە و گرانن.

ئەو ئاخوندەش کە ئەم جۆرە کتێبانە بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە، خوا خۆی هێندە سـاویلکە بـێ تەواو بـڕوای پێ هێنابن، یاخۆ دەسبڕ و فێڵباز بێ و نیازی وا بێ فریویان دات، دیسـان ناشـێ لـۆمەی بکـرێ؛ چـونکە بێچـــــــــــارە دووکـــــــــــان و کـــــــــــونی نـــــــــــانەکەی

ئەمەیە. کسپ و کاری لەسەر نەزانی و سادەیی ئاپۆرەی نەخوێندەواری بەربار بڕەوێکی هەیە. پارەی کفن دەس ئەو کەوێ، مردوو سەدجار گۆڕبەگۆڕ چیێ! با بیشزانێ ئەوی ئەو دەیڵێ ڕاست نییە، هەر نایەوێ نان‌دەرە بێ ئاگایەکەی خەبەردار کا و خوانەخواستە ڕۆژێک دابێ باری لار کا و هەڵتۆزێنێ. کەس نەیەوێ ئاژەڵە گوان بە شیرەکەی بازەڵە بێ و لووشک باوێ و شیر دانەدا.

هەرکەسی خاوەن‌بیر و ژیر، زوو تێدەگا کە ئەو شیوەن و گریانەی مەلا دەڵێن بۆ حوسێنە و لەڕای دینە، لەڕاستیدا بۆ بەرژەوەندی خۆیانە و بۆ ئاو و گۆشت و تێکوشینە و بەرلەوە لەڕای خودا بێ، بۆ خورمایە. جا ئەو نەغدینە و سەرمایە بۆیە نابێ بە خۆڕایی لەکیس خۆی دەن.

ناڵێم هیچی بۆ خوا نییە و گشتی فێڵە، بەڵام ئەگەر ورد بینەوە، باری دنیا و ئابووریەکە زۆر لە کۆتەرەی دینداری و قیامەتەکەیان زلتر و ئەستوورترە. دراوە، پڵاوی ڕەوزە، دەلەدووی داهات و زەکات، خەرجی سەفەری عەتەبات، نەزری تەکیە، هەقی نوشتە و دۆعا خوێندن، قوربانی و سەدەقە و خێرات، میرات بەش‌کردن و ئیسقات و هەزاران جڕوجۆنگی وا، چۆن هاسان لە دەستی بدەن؟

هەتا وابێ و دنیاکە لە گۆڕیان لابێ، کاری ئاخوند ومەلاکان ـ کە وەک داڵاش لە شوێن کەلاکان هەڵوەدان ـ ساز و تەیار و لەبارە و هەر بە لەباریش دەچتە پێش. دڵی دەروێش لە خەیاڵی حۆری بەهەشت و بەریکی شێخ و خەلیفە و مەلا و ئاخوند، لە سەرانەی ئەوان پڕە و گش لا بێ‌ئەندێشە دەژین و بە دەردی کاورا گوتەنی: مێشەکرە و بێ‌مۆز و مێش دەلەوەڕێن. بەڵام بۆ ئێمەی کڵۆڵی تازە خوێندەوار دەڵێن چی کە هەزاران کێشە و هەروا وەک مێشەنگوینی هارووژاو ڕژاونەتە سەر وچاومان؟

لاوەکانمان کە دەچنە لاوە بۆ خوێندن، واتا بە فەرموودەی ئاخوند ڕوو دەکەنە کافرستانی، یان ئەو کەسانەی لە ئێران دەرسی لاوەکی دەخوێنن و لایان وایە خۆ لە کوێران هەڵداوێرن، دەبێ کام خاک بە سەردا کەن؟

کتێبە غەیرە دینەکە پڕیە لە شتی جۆربەجۆر: بەرهەڵدایی بیر و باوەڕ،

تۆژینەوە لە ماکی ژیان و مردن، وێژە و مێژووی کۆن و درەنگ، کر و هونەری هەمەڕەنگ، بێبڕوایی بەخوا، بە دین بە پێغەمبەر، گاڵتە کردن، بە زیندوو بوونەوە و مەحشەر، بێهەستی و مادەپەرستی و هەزار شتی وەهایتریش کە دەگەڵ ڕەوشی هەزار ساڵ لەمەوبەرمان ناخوێننەوە.

جا ئەو لاوەی لەو ناوەدا قەتیس ماوە و هەوڵ ئەدا ئیمانەکەی بەر ئەو لافاوە نەکەوێ و دەگەڵ فێربوونی زانستی تازەبابەت لە دینەکەیشی بنەوێ و بیەوێ ڕزگاری بکات، ناچار دەبێ مەلە فێر بێ؛ تا لەو چۆمە وەپپەڕێنێ و نەهێڵێ گۆم بیخنکێنێ.

ئەو لاوانە لەکن پیاوی کۆنەپەرست دەرس خوێندیان تاوانە. لای تازە پێگەیشتووەکانی تەواو لە ژیان نەگەیشتووش، پارێزگاریەکەیان لە دین، نەنگە و تانەی سەرچاوانە. ئیتر بە هەموو باراندا نامۆن لە جەرگەی یاراندا و بوونە گەپچاڕی ڕواڵ و مناڵی ڕیشسپی و ساوا، لە هەموو گوند و شاراندا. بەڕاستی لێیان قەوماوە.

**کێ تاوانبارە؟**

براکانم! لەبەرتان دەپاڕێمەوە. ئەگەر ئەمشەو قسەکانم تامیان تۆزێک تفت و تاڵ بێ، لێمی مەگرن! چونکە گەرەکمە بەڕاستی ئامۆژگاری دڵسۆزتان بم. بۆ ئەم دڵسۆزیەش ناچارم زمانم بە حەق بگەڕێ. پێشینانیش گوتوویانە: هەرچی هەقە تاڵە و ڕەقە. ئەوانەی لە وتارداندا هەر بە نیازن دڵخۆشتان کەن و تامی دەمی دڵ و حاڵتان بە فیشاڵ و درۆ خۆش کەن، لێتان ڕوون بێ زمانلووس و قەستەسەری چارەنووس و دواڕۆژتانن. ئەوانە دۆست نین، دوژمنن؛ کاڵەکخۆر و بێستانڕنن. بەلای من ئامۆژگاری ڕاست، وەک بژیشک و حەتار وایە بۆ نەخۆشان. ئەو بژیشکەی کە دەزانێ نەخۆشینەکە گرانە و کەوتۆسە ناو قەیرانەوە، ئەگەر بە نەخۆشەکەی خۆی بێژێ: گوێ مەدەرێ! هیچت نییە و تەنانەت پارێزیش مەکە و تەنیا دراوی من نەبێ هەرچی دەخۆی نۆشی گیانت، ئەو بژیشکە

پیاوکوژێکه نەخۆشەکەی بەرەو گۆڕ شۆڕ دەکاتەوە. بژیشکی باش ئەشێ بڵێ: ڕۆڵە! تۆ زۆر پەریشـانی و ئەگەر زوو فریا نەکەوی و لە نەخۆشگادا نەخەوی و دەرمـان و هەتـوان و تـۆزێ بـۆت دەنووسـم دەکـار نەکەی و زوو نەخۆشیەکەت چار نەکەی، لەوانەیە لەکیس بچی.

من کە ئێستا لەم سەر بەرزەکە وێستاوم و ناوم لەخۆم ناوە پەندبێژ، ئەگەر ڕاستی ڕادەی دەردەکەتان نەڵێم، ویژدانم ئازارم ئەدا.

بەڵـێ ئەی هـاووڵاتیەکەم! بـابە! دایە! دادە! کـاکە! بە ناشـکوری خـودا نەبـێ بەداخەوە دەبـێ بێـژم زۆر نەخۆشی و ژانت گران و هیلاکە. شێرپەنجە مێشکی تەنیوی؛ پەنجەی لە بنج و بنچینەی پنجـی بیردانـت هاڵاوە. تا هەل ماوە و تروسکایی هومێدێک بە چابوونەوەت دەئارادا، دەرفەت لە دەسـتە خـۆت مەدە و گوێ بۆ پەند و ئامۆژگاریم شل کە و خۆت لە دادۆشی دەم و پل پەلی زۆربێژی کاوێژکەری کای کۆن کل کە! با لەو ئازارە ڕزگار بی. ڕەنگە پەندی ڕەق و تاڵم بتئێشێنێ و وەک برین‌بڕ بە نەشـتەر ئـازارت بـدەم؛ بەڵام ئەگەر گەرەکت بێ دەردت چابێ، دەبێ وابێ و نابێ بڵێی بێ‌ئێش و ئۆف چـارم بـکە. دەزانـم لـێم تووڕە دەبی؛ بەڵام ویژدانم پێم دەڵێ ڕاستی دەردەکەت پێ بڵێم و من سەرپێچی لە ویژدانم لە ڕقی تۆ زۆر بە دژوارتر دەزانم.

جا بۆ ئەوەی باش بزانی من نیازم لەم قسانە تەنیا خۆشەویستی تۆیە و تەنـانەت بەرژەوەنـدی خـۆم لەڕای تۆدا بەخت ئەکەم، دەبا هێندێک لە چیرۆکی دێرۆکی خۆمت بۆ بێژم.

بە منداڵی لە لادێ بووم. تا بوومە لاو، لەناو کۆمەڵی دەشتەکی دڵپاک و بێ‌گەرڕدا، ژیـاوم. تێگەیـوم ئەوان چۆن دەژین؛ دەربارەی دین چەند خاوەن‌بیر و باوەڕن و چەند خاوێنن؛ چەندیان ئیمان بە خوا و قورعان و ئیمامان توند و بەهێز و پتەوە. دەگەڵ بەچکە مسکێنانی وەک خۆم، هەژار، نۆرسکێن و گوریس پسـکێنەم کردووە. پێکەوە چووینە لای مەلا، ئەلف و بێتکە و سیپارەمان بە حیـنجە و سـایە خوێنـدووە. لە فێـرگەی سەرەتاییشـــــــــــدا لەپەنـــــــــــــای ئەوان ڕۆنیشـــــــــــــتووم.

واتا زۆر باش لە چۆنییەتی حاڵ و باڵی چینی هەژار تێگەیشتووم؛ بەرەبەرە پێگەیشتووم. لە دانشسەرای بەرایی دامەزراوم. بوومە هاوڕاز و هاوکاری ئەو بنیچە هەژارانەی بە نەداری لە شارۆکە و دێهاتەوە ـ هەڵوەدا بە شوێن خوێندندا ـ هاتوونەتە گەورەشاران. لە تەمەنی هەژدە ساڵیم بوومە فێرکار. چوومەتە قوم. لە حەوزەی عیلمیەی قومیش دەرس‌خوێن بووم. زانستە ئایینییەکانم بە دەرس خوێند. ئەوسا بەرهەڵدای دنیا بووم؛ ئورووپا چووم. پاش چەند ساڵێک خوێندنی خۆم تەواو کرد و هاتمەوە و بوومە مامۆستا. واتا من هەر لە ڕۆژگاری کاڵیمەوە تا کوڵاوم، لەوساوە کە منداڵێک بووم تا ئێستا کە پاتاڵێکم، بەبێ‌وچان و پشوودان لەناو ڕووداوی جۆربەجۆر لای هێندێک گەلی بێ‌هێز و هێندێک دێوی بنیادەم‌خۆر، ڕام بواردووە.

زانستی ڕۆژئاواییانم لە کەو داوە و لەپەناوە باری ئابووری و ئازادی و بیرکردنەوەیانم دیوە و بە وردی لێی ورد بوومەوە. زانیومە لە پیشەسازی، لە هونەردا، لە وێژە و مێژووی کۆن و نوێ، چەند شارەزان. تێگەیوم کە دەربارەی دین، دینە کۆنەکەی خۆیان و دینی ئێمە و هەمـوو ئایینی سەرزەمین، بیریان چۆنە؛ چۆن ئایینداری لەلایان کەللەی کۆنە و نابێ تازە بژیتەوە.

هێز و پێزیشیان دەزانم هەتا کوێیە. دەشزانم لەسەر ئەو هێزە جەهەندەمیەش چەند بەگزی و چاوچنۆکن و لەسەر نیازی قووت‌دانی گەلانی لاواز، شەو و ڕۆژیان دەرباز دەبێ. لێ‌بڕاون تا گشتی ئەم سەرزەمینە ـ خوا لەبارەی بیر و بڕوا، خوا لەباری ئابووریەوە ـ نەخەنە ژێر چۆکی خۆیان واز نەهێنن.

سوور دەشزانم ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە ناومان ناوە دین و ڕەوشت و ڕێگەی ڕاست، هێندە لاواز و بێ‌هێزە کە نەک لەبەر لێشاوە بە پڕتاوەی ڕۆژاواییانە خۆ ناگرێت، بگرە لەبەر چۆڕەچۆڕی گوێسوانەی کاتی بارانەش، دائەتلیسێ و تێک ئەتەپێ و بە تۆزەهەڵمێکی کەم‌تین ـ وەک بەفری پار ـ دەتوێتەوە.

ـ بۆچی؟

ـ چونکە بە ناشکوری نـاڵێم، بەرلەوەی ئەوان تێـی ڕۆبـێن خۆمـان دیـنمان لەدەسـت داوە. ئەوەی ئـێمە ئێستەکانێ ناومان ناوە دین و بڕوای ئیسـلامەتی، دەگەڵ ئیسـلامی ڕاسـتیدا بە سـەد هەزاران گوریسـیش ناگەنە یەک. ئێمە ئەگەر وە دەم خۆمان ئێژین وەخێر موسوڵمانین، لەسەر شوێن و ڕای قورعانین، بوختان ئەکەین. وەک باسم کرد، من قورعانیشم خوێندووە؛ لە ماناکەشی تێدەگەم. دەزانـم قورعـان دەڵـێ چـی. دەزانم ئیسلامی بەڕاست ئەبێ چۆن بێ؛ ئەشێ چ بکا. دەزانم کە پێغەمـبەر و یـارانی ئەو چـۆن ژیـاون و چۆن دواون؛ ڕەوشت و ئاکاریان چ بووە.

جا ئەم دینە وەکوو لە سەرەتا هەبووە، ئەگەر دەگەڵ ئەمەی ئێستامان ـ کە خۆمان دەڵێین ئیسلامە ـ بەرانبەر کەین، تێ‌دەگەین ئەم جووتە یەک نین و بگرە هەر بۆرەخزمیش نین. ئەوسا باش ڕوون دەبێتەوە ئەم دینەی ئێستا هەمانە لەڕاست ئەویان گوریسە لەناو هەمانە و میراتێکی میراتی شڕ و شڕۆڵە کە لە باپیرەوە بۆ بـاب، لە بابانەوە بۆ ڕۆڵە بەجێ ماوە و هێندەی بوزگوڕ وێخراوە و هێند پینەی پێدا گیراوە، کرووک و بنچینەکەی خۆی ئاسەواریشی نەماوە. هیچ بیر لەوە ناکەینەوە دین بۆ چییە؟ چەند پەیوەندی دەگەڵ ژیانی دنیا هەیە؟ بەرلە ئیسلام، لە زەمانی نەزانیدا، دنیایەکی هەرچی و پەرچی، یەکێ تێر هەزاران برچی، تـرس و ئـاژاوە و پشێوی، بەرهەڵدایی و سەربزێوی، یەکتر کوشتن و خوێن ڕشتن، زۆرکەس فرزەندی خـۆی دەکوشـت کە نەوەک لەبرسان بمرێ؛ کیژیان زیندە بەچاڵ دەکرد تا نەبێتە کەبانووی مـاڵی غەوارە و ئـابڕووی سـووریان کاڵ کاتەوە؛ سەدەنەی بتخانە و کاهین، پاپ، ئەسقەف، موبید و موغ، بێکار، تەنبەڵ و تەوەزەل، دەژیان بە ژیانی شاهانە؛ چونکە دۆعاگۆی شاهان بوون. دام و دەزگای بەرەی قەیسەری ڕۆمـانی و شاهەنشـاکانی ساسانی، شیشابوونە خوێن و ماڵی گەلی ژێردەست و پێ‌بەست و هیچ‌کەس جـگە لە خۆیـان و لەوانەی بۆیان ببوونە ڕاوکەر لە هەژار گرتندا، بەشی لە ژیانی خۆش نەبوو.

پێغەمبەر هات؛ قورعانی بۆ هات بە خەڵات. خوا ڕایسپارد کە باری دنیا بگۆڕێ؛ زوڵم و زەڵالەت نەهێڵێ. جیاوازی لەناو چینان‌دا لەناو بەرێ. بتی بەردینە و گۆشتینە تێکشکێنێ. کرووسانەوەی کەس بۆ کەس، هەر توخم و تۆشی نەمێنێ. جگە لەخوای تاک و تەنیا و پاک و بێباک نەپەرستن. ڕەش و بۆر و زەرد و سوور و سپی‌پێست و گەنم‌ڕەنگ و خانزاد و بەچکە گاوان و دارا و هەژار وەکوو یەک تواشا بکرێ. کێ بەهرەی بۆ گەل زۆرترە، کێ لە خراپە لاترە، بەڕێزتر و لەسەرتر بێ. پێغەمبەری خوا فەرموویە: « بۆیە هاتووم ئاکاری چاک نیشانی خەڵکی دنیا دەم».

خوا فەرموویە: «ئەی موحەممەد! بە ئۆمەتەکەی خۆت بڵێ: منیش کەسێکم وەک ئێوە بنیادەمم؛ فەرمانی خوا لە منەوە بە ئێوە دەگا». پێغەمبەر قەت نەیفەرمووگە من لە خەڵکی‌تر زیاترم. نەیفەرمووگە کوڕ و نەوەم هەڵبژاردەی بنیادەمن.

پێغەمبەر و هاوڕێکانی بۆ گەشەدان بە ئایینی ئیسلامەتی و بۆ ڕێ نیشاندان بە مەردم، دایم لە ڕێزی پێشەوە دەبیندران؛ سنگیان بۆ بەڵا سپەر بوو. تەنبەڵباشی و خۆپەنادەر، مفتەخۆری بێسوودە و بەر، خان و ئاغا و میر و بەگلەر، مەلا و ئاخوندی بە مێزەر و جبەلەبەر و کەرنەکەر و هەروەها گەلی هەژاری خاکەسەری هەمیشە چەوساوە و نۆکەریان لەناو نەبوو.

سا لە سایەی ئەو چوونیەکی و یەکدڵیەوە توانیان دنیای پڕ لە تاریکی و بێباری وەرگەڕێنن؛ هەزاران لەمپەری دژوار بپەڕێنن. بەشی زۆربەی دنیای ئاوای ئەو ڕۆژگارە لەژێر ئاڵای خواوەندی تاکپەرستنا و برایەتی و بەرامبەری بەرەی مرۆ، پەنا بدەن.

خوا فەرمووی موسوڵمان بران. خوا فەرمووی ئیمام قورعانە و لێی لامەدەن. پێغەمبەری خوا فەرموویە: «موسوڵمانان وەک شورەی بەردی داڕێژراو لەڕووی دین دوژمنانیاندا سەف دەبەستن».

دەبا بزانین ئەمەی ئێمە ناومان ناوە ئیسلامەتی، دەگەڵ ئەوەی موسوڵمانان

لە پێشوودا پەیڕەوی بوون، لە چی دا وەکوو یەک دەچن؟ ئێمە ئێژین موسوڵمانین؛ بەڵام هەر هێندە دەزانین کە باوک و باپیرەی ئێمە چەیان کرد ئێمەش وا بکەین. ئەوان محەڕرەم ئەگریان؛ ئێمەش ئەگرین. ئەوان بێ ئەوەی لە قورعان ـ کە ئیمامە و فەرموودەی خودای تەنیایە ـ حاڵی ببن، هاتوون و چوون؛ ئێمەش با وەک ئەوان بژین و بێئاگا لە قورعان بمرین. بەراستی ئیمانی ئێمە دەمەلاسکەی باپیرانە و هیچیتر ناکا. ئەم ئیمانە بەبڕوای من وەک سیمانە دەقاپێلکی سەر و کەللەمان کراوە و بە خەرافات ئاو دراوە تا بۆتە بەرد. ئیتر جێگەی بیرکردنەوەی لەهیچ لاوە بۆ نەهێشتووین. تۆ بڕوانە لەم جیهانە هەراوەدا چەنسەد ملیۆن مرۆ هەیە ناوی خۆیان ناوە موسوڵمان. بەڵام لە شادە و ئیماندا نەبێ ـ کە وەکوو یەکتری دەڵێن ـ لەسەر هیچ شت پێک نەهاتوون. گورە و هەرایە و چەقەقەیە؛ شەڕە، لێکدانە تەقەقەیە، جنێو و چنگەپرچەیە؛ گازگری و لوشک و لەققەیە. خۆبەخۆ دەگژ یەک ڕاچووین؛ بێئەوەی دەخۆمان بگەین یان هەست بکەین بێبەش لە دین و دنیا بووین. دین دوژمنانی ڕۆژاواش وا بەهێز وگوڕ و هەراش، وا دڵقرپۆک و چاوچنۆک، بەو هەموو کەرستە زۆرەی بەری هونەر و زانستە، بە دانستە و بەبێوچان و پشوودان، هەر خەریکن خۆمان و ئایینەکەمان ڕادەماڵن و تەواو بە سەرماندا زاڵن.

جا ئەگەر خەڵکی ڕەمەکی نەخوێندەوار، یان ئاخوندی ئاپۆرەخۆر، ئەو هێرشە دڕندانەیان لەلا بایە و هیچ مچوڕکیان پێدا نایە، منێک یاخۆ من ئاسایی کە لە دینە پاکەکەی خۆی شارەزایە و لە گزی دین دوژمنانیشی بە ئاگایە و نیازی وایە بەرگری لە بەڵا و دەردی دوژمنان بیانجووڵێنێ، چۆن دەربەرێ؟ کەسێکی وا لە لایەن خۆیی و هاومالان، بەر پلار و جوێن ئەکەوێ و دڵسارد و ناهومێد دەژی هەتا دەمرێ.

**دەردی سێ سەرە**

ئەمڕۆ لەناو ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا کەسانێکی منئاسایی کە زانستی تازەبابەتیان خوێندووە و لێش بڕاون پارێزگاری ئیسلامەتیەکەی خۆیان بن، تا ملان دەقوڕ گیراون! چون ئەو چینەی بەخۆ دەڵێن ڕۆشنبیری دنیای تازە و لە ئەورووپا هاتوونەوە، یان ئەوانەی کە لێرەوە دەرسی ڕۆژاوایی فێر بوون، وەها شەیدای زەرق و بەرقی ڕواڵەتی تەرزی ژیانی شارستانی ڕۆژاوا بوون، لایان وایە هەرچییەک لەناو ئەواندایە بەجێ و باشە و هەرکەس وەک ئەوان بیر نەبا، لە ژیانیدا سەرناکەوێ و ئاوەزی پارسەنگی دەوێ. واتا ئەمانیش هەر وەکوو سۆفیلکەی ساویلکەی خۆمان، دەمەلاسکە دەکەنەوە و ئاوڕ لەخۆ نادەینەوە. لە تێکوڵ کڕە ـ کڕیانە و کاکڵ بەسەر نەکەنەوە. ئەو ئورووپا گەڕانەوە هەر کە دێنەوە ناو خۆمان، بۆ ئەوەی خۆ هەڵاوێرن و بە خۆیان بڵێن ڕۆشنبیر، باسی دینداری و خواناسی لەبیر دەکەن. خۆ ئەگەر لە تویی دڵیاندا هێشتا ئیمانێکیان مابێ، دەربڕینەکەی ناوێرن و خۆ دەبوێرن.

کابرای نووسەر، کابرای وەرگێڕ، فڵان زانا، فڵان دوکتور ـ بۆ قەدر و ڕێز پەیدا کردن ـ نووسراوێکی ئورووپایی وەردەگێڕێتە سەر فارسی و ناو دەردەکا؛ هەموو کەس بە زانا و دانا ناوی دەبا و بەحام پێی ئەڵێن مامۆستا. خۆ ئەگەر ئەم پیاگە خاسە زمانە زگماکەکەی خۆی پڕ کات لە وشەی بێگانەی ڕۆژاوایی و وا نیشاندا کە زوانی دایک و باوکی خۆی لەبیر کردووە، ئەوە هەر مەپرسە تا کوێ پایەی بەرزی باڵا دەچێ! بەڵام گەر خوێندەوارێکی دیکە، کە ئەورووپاشی دیتبێ و لەو تازە ڕۆشنبیرانەش پتر زانستان فێر بووبێ، هەر ئەوەندە لە تێکوڵ وازی هێنابێ و شارستانی ئورووپایی وەبەر مەحەکی بیر دابێ و هونەر و پیشە و کارچاکی و بێفەڕی و فێڵ و ناپاکی لە یەکتر جیا کردبێتەوە و بنژیلی لێ تووڕ هەڵدابێ و ساغەکەی بەلاوە چابێ، ئەوسا لە دینی ئیسلامی ڕاستەقانیش بە وردی بتۆژینەوە و لە مانای بەنرخی قورعان شارەزابێ و نیازی وابێ خەڵکیشی لێ شارەزا کات، بێنێ کتێبێک بنووسێ و ئامۆژگاری خوا و پێغەمبەر دەگەڵ ئاکاری

بەکاری ڕۆژاوایی بەرانبەر کا و هەرکان لەبەر یەکتر ڕانێ، بە کەللەی کۆنی دەزانن و بە نامۆیی لێی دەڕوانن. دەڵێن بە خوا حەیفێ فڵان چوبووە ئوروپا شت فێر بێ، کەچی هەر وەک خۆی نەزانە. لاوەکان گاڵتەی پێدەکەن؛ مامۆستای فەرەنگی مەعاب، وەبەر تیر و تانەی دەدەن؛ وەکوو بەسەر خۆمیان هێنا. لەم بەینانە یەکێک لەو ڕۆشنبیرانەی ـ کە هەواڵی چەند ساڵم بوو ـ لە ڕۆژنامەی ئایندەگان دەربارەی منی نووسیبوو: «فڵانەکەس ئەگەرچی زانا و داناشە و پیاوێ باشە، بەڵام ـ بە ناشکوری ناڵێم ـ پووش و پەڵاشی خەرافات، خشت و خاڵی ئایینداری ـ کە لە باب و کاڵیەوە بۆی بەجێ ماوە ـ ئەوەندە مێشکی تەنیوە پرزەی بیری ڕووناکبیرانەی بڕیوە، خەون و خەیاڵی بێهوودە کە بە تڵفی فێری بووە، وای چاوی دڵ دادووریوە کە بەداخەوە کوێر بووە و هیچ نادینێ!».

گازندەی ئەم ڕۆشنبیرە هەر بۆیە بوو کە من ناچم نووسراوی سارتر و مارکس وەربگێڕم؛ چووم کتێبم دەربارەی ئیسلام نووسیوە یان لەسەر بەرزەک وێستاوم و دەربارەی ئیسلام دواوم.

هێندێکی دیش لەو کەسانەی کە مامۆستای بەناوبانگ و لە زانستی لاوەکیاندا تژە و دارماڵ و شەشدانگن، کاتێ دەمێنن وا سوورم لەسەر دین و لەسەر پێکهێنانی ئەمر و فەرمانی قورعانی و خۆم بە موسوڵمان دەزانم، بزێکی تاڵ گۆشەی لێویان دەبزوێنێ و لایان وایە منیش هەر خۆیان ئاسایی ڕۆشنبیری بێئیمانم؛ بەڵام بۆ ماستاو کردن و کلکەسووتەی مەلا دەستەڵاتدارەکان ئەم ڕواڵەتسازیە دەکەم و ڕەنگی ئایین لەخۆم دەدەم و دەمەوێ لەسای ڕووبینی، نان و دراوم دەسکەوێ. واتا بە دووڕووم دەزانن.

**ئەمجار با بزانین مەلاکان چیم پێ دەڵێن؟**

«ئەم کاورا سمێڵ تاشراوەی شەپکە لەسەرەی بێفەڕەی مل بە پەتی کافرانە پێچراوە کێیە؟ کێ ڕێی داوە دەست دەکاری ئێمە وەردا؟ چۆن پیاو کەوای شۆڕی نەبێ و بە لانیکەم ناوی حوججەتول ئیسلامی لێ نەنرابێ، ڕای دەکەوێ بێخود وەسەر مینبەر کەوێ و ئەوەی ئێمە ئەبێ بیکەین، ئەم هەروا سەربەخۆ بیکـــــات؟

ئەم تازەگی لە کافرستان هاتۆتەوە؛ ئیمانەکەی دۆڕاندووە. گەرەکیەتی باجدەرە مسکێنەکانمان فریو بدا و لە ڕێ دەرکا و نەهێڵێ بە گوێمان بکەن. ئەم ئاژاوەچییە کافرە، فرەشووی لێ هەڵکێشاوە؛ پێویستە لەناوی بەرین».

لێم ڕوونە خۆشتان دەزانن کە من لە سۆنگەی ئەم ڕێگەی بۆ خۆمم هەڵبژاردووە، چەندەم پەتپەتی پێکراوە و چەند جوێن و تەوسم خواردووە. هەم ڕۆشنبیرانی بەناو، هەم تازە پێگەیوانی لاو، هەم پیرانی مێشکپواو، منیان ناوێ و لە کۆمەڵگا دەرم داوێن. بە قسەی ئەوان وەک جووی هەژار لە هەردوو دونیا بێبەشم.

**قسەی ئێستام**

وامن باری دنیای خۆمم بۆ ئێوە ڕۆشن کردەوە و تێم گەیاندن کە بەری کردەوەیانم خوێنتاڵی و بێحاڵ و ماڵی نەبێ، نەبووە. جا ئێستاکە نیازم وایە بتاندوێنم، بۆیەم نییە کە خۆم لەبەر چاو ڕابێنم و وا بنوێنم وتاربێژێکی لەزەبرم. بۆیەش نییە کە زۆرەکی ـ وەک زاناکانی بە ڕواڵەت ـ خۆ بەسەر گەلدا سەپێنم. ئامۆژگاری دڵخۆشکەرەی ئاخوندانە وەلۆرێنم. وا بکەم کە ئێوە بە زانا و مامۆستای گەورەم بزانن. نەخێر، زۆر لە خوا سوپاسگوزارم کە هیچ کاتێ لە درێژایی تەمەنمدا، نە بە ناوی دینداریەوە نەبە ناوی ڕۆشنبیری، نانم لە مەردم نەدزیوە و ناشی دزم.

هاتووم لە جیاتی ئەوانەی ناویان چینی ڕووناکبیرە، ئەو گەنج و لاوە تازانەی خوێندەوارن و لە دینەکەمان بێزارن، بتاندوێنم و بە تاوانبارتان دەرێنم. واتا بێئەوەی کە لاوان بمکەن بە دەمڕاستی خۆیان، خۆم بۆیان بوومە دەمڕاست و دەمەوێ ڕاستی و دروستی لە مەبەستا ـ هەرچۆنێک هەس ـ بێپێچ و ڕوودەروایستی بخرێتە ڕوو. خوا لە قورعاندا فەرموویە: «مزگێنی بێ لەو عەبدانەم کە بۆ وتاران گوێ دێرن و بەشوێن ڕاستەکەیدا دەچن. ئەو کەسانە لەلای خواوە شارەزاییان پێدراوە و خێوی دڵی تێگەیشتوون».

دەبا بزانین ئەو لاوانەی کە ئێوە لێیان نەبانن و بە بێئیمانیان دەزانن و ئەوانیش بە ئێوە ئێژن گێژ و بێمێشک و کەللەپووک، تامی دەم و پلیان چییە؟ هۆی بێزاری لە یەکتر و لێک نەبانی لەکام کانییەوە هەڵدەقوڵێ و شێلەگەکەی لە کامە دەراودا دراوە؟ وا من لە زمان کیژێکی خوێندەوارەوە ڕوو ئەکەمە دایک و دەڵێم: دایەگیان دایکی دڵسۆزم! من کچی تۆم. تۆش ژنێکی زۆر بەدینی. بۆچی وا ناکەی بمبینی؟ بۆ نامدوێنی؟ بۆ ناپرسی چیم لە دڵدا؟ ئاخر تاکەی ڕۆڵە و دایک لێک دڕدۆنگ بن؟ قڕوقپ لێک مۆڕ بینەوە؟ تۆ بەرلەوە من بە کافر و بێئابڕوو ناوزراو کەی، وەرە بزانە ئەڵێم چی؟ وا پکە بزانم ئەڵێی چی؟

یا خۆ لەجیاتی کوڕێکی تازەلاوی پێگەیشتووی لەباری دنیا گەیشتوو، باب بدوێنم: مام سۆفی گیان! خاوەن ئیمانی مڕومۆچ! تۆ بۆچ بەرلەوە گوێ بگری کە ئەم کوڕەت لەبەرچی لە دین بێزارە، چۆن پەلاماری دار ئەدەی و دەتەوێ شاربەدەری کەی؟ نازانی ئەم توندکێشانە لەوانەیە نێوانەکە بە یەکجاری بپچڕێنی؟ ئەی ئەوانەی کە خۆ بە دیندار دەزانن و دەزانم چی لێ نازانن! ئەی ئەوانەی کە بە مێزەر و کەوای شۆڕ خۆتان لە مەردم گۆڕیوە و لەسەریان بوونەتە کوێخا و لاتان وایە نابێ هیچکەس بەبێ ئێوە قامک لەناو ئاو ڕابکا! ئەگەر وەک بۆخۆتان ئێژن بۆ دینەکەتان دڵسۆزن، ئەگەر بەڕاست گەرەکتانە ئەو ئیمانەی کە لاتان وایە هەتانە لەناو نەچێت، ئەگەر گوێ بە قورعان ئەدەن کە فەرموویە: «خۆتان و خێزانەکەتان لە ئاگرێ بپارێزن»، وەرن تۆزێک وەک پیاوی ژیر، بەڕاو تەگبیر، دوور لە هەرا و چڕە و گوڕە لە کۆڕێکدا کۆ ببنەوە و بیرێک لە خۆتان، لەوانەی خزمتانن بکەنەوە. سەروبەری لێک دووریتان لە بڕوادا، گلە و گازندەی دووراودوور لە یەکتری، بە زانایی لێکدەنەوە. دانیشن بە لەسەرخۆیی ـ نەک بە دڕدۆنگی و نامۆیی ـ گوێ لە گفتی یەکتر بگرن. هەرکەس بۆلای خۆی نەکێشێ. لەسەر ئەو بیر و باوەڕەی کە لە باب و باپیرەوە فێرکراون، پێ دامەگرن. کوێر کوێرانە دەست بە کلکی خەڵکی گرتن، پیاو دەخاتە کەنداڵ و قۆرت و چاڵەوە.

بەڵێ وا من ئەمڕۆ هاتووم پێتان بڵێم: گڕی ئاگر لە هەمـوو لا دەوری داون. زوو فریـای خۆتـان نەکەون، تێدا دەچن؛ دینەکەشتان لەناو دەچێ.

ئێوە لە خەیاڵ پڵاوان وا بڵاون پێ ناحەسێن دوژمنانی زانای ئێمە خەریکی چین. بە چەند هەزار تەپـکە و تەڵەکەی شەیتانی دەوریان داوین. ئەم دنیـایەی ڕۆژبەڕۆژ، بگـرە سـاتبەسـات بە هەنگـاوی زل و بەلەز بەرەوپێش بەلەسە بووە و سەردەکەوێ و گەشە دەکات. بەڵام بەداخەوە ئێمە ـ بۆیشـم هەیە بێـژم ئێـوە ـ پێنجسەد ساڵە تۆزکاڵێکیش نەجووڵاون. خۆ ئەگەر بزووتبێشتن، بەرەو پـاش گەڕاونەتەوە. بەڵـێ هەسـت دەکەن ژێردەستەن؛ پێتان زانیوە زەبوونن؛ بەڵام دەخۆڕا نابینن دەس هەڵێنن. دەگژ دوژمن ڕاچوونتان هیچ، مێشیش لە خۆتان دەرناکەن! هەموو هەوڵی پێشکەوتنتان، چەکی بەرامبەر دوژمنتان، هەر پاڕانەوە لە خوایە و دەتانەوێ خۆتان لە ماڵ پاڵ دەنەوە و خوا هەموو شتێکتان بۆ بکا. جا لە سایەی ئەو تەنبەڵـیە کە ناوتـان ناوە «تەوەکول» لەباتی بەرەو پێشچوونتان بەرەو پاش دەگەڕێنەوە. بوونتان لەسەر بایەک بەندە کە دوژمن بۆتان هەڵ بکا. مەسیح دەڵێ: «موو لە چاو خەڵکا دەبینی؛ کاریتە لە چاوی خۆتدا هەست پـێ نـاکەی!» ئەمە لە ئێمە ڕووی داوە.

ڕۆژانە بیست تا سی نامەم بۆ دەنووسن. زۆربەیان پڕیە لە جوێن و تیر و تانە و سەرکۆنە و تەوس و پلاری خوێندەواری تازە کوورە. دەڵێن بە باسی دین کردن کۆمەڵ بەرەو مردن دەبەی؛ زیان لە پێشکەوتن دەدەی؛ پیسـی و بێویژدانـی دەکەی! هێنـدێکیش لەو کـاغەزانە هـین سەرسـۆفیلکەی سـاویلکەی خەرافـاتی و کـۆلکەمەلای کەڵەکبـازە. بەر تەشـەر و تـوانجم ئەدەن، کە تـۆ هـیچ لە دیـن نـازانی؛ کەچـی دەمـی تێوەردەدەی!

بۆ نموونە بۆم دەنووسن: تۆ چۆن ئەڵێی: «پێغەمبەری خوا کە دیتـی موسـوڵمانان بە بـێئەویش یەکیەتـی ڕائەگرن زۆر دڵخۆش بوو؟».

یەکێ ئێژێ بۆ لە وتارێکدا باسی موفەرکی بەردەمۆر ناکەی؟ بۆ نەیەژی «مفتاح الجنان» کتێبێ زۆر پیرۆزە و هەرکەس نەیخـــــــوێنێ کـــــــــافرە؟ جـــــــــا مـــــــــــن کەوا

لێم قەوماوە و لەگش لاوە لە ڕوو ناخۆشی بەولاوە بەشم نییە، هیچ گوێ نادەمە ئەوانەی کە بەقسەی خۆیان دیندارن و لەسەر باسی بەردەمۆر و کتێبی میفتاح نەکردن لێم بێزارن. چونکە دەزانم نەزانن؛ ناشترسم کە نانم ببڕن. خوا شوکور نانی دین ناخۆم؛ لە سایەی مێزەر و جبەی فش و فۆڵەوە نەژیاوم؛ میحراب و مینبەرم نییە؛ مرید و مەنسووبی گێژ و پوڵدار و شیردەرم نییە. بەڵام پرتەوبۆڵە و گلەی ڕۆشنبیران لام گرینگە. هەر لەوان دڵ نیگەرانم چونکە دەزانم ئەوانن هەوساری دوارۆژی گەل و سەرەپەتی چارەنووسی ئەم وڵاتەیان بەدەس بێ. نووسەر ئەون، بیربەر ئەون، وشیار ئەون، بژیشک و ئەندازیار ئەون، گورج و چالاک و پتەون. مێشک و دڵیان باش کار دەکا. پیاو بۆی دەکرێ بیاندوێنێ؛ تێیان بگا و تێبگەیەنێ.

هۆی ئەمەسە کە من هاتووم ئەمشەو لێرەوە زمان ئەو ڕۆشنبیرانە بتاندوێنم و پێتان بێژم:

ئەی لە دنیا بێ‌ئاگایانی ساویلکە! سەر هەڵبڕن! چاو داچڕن! کەمێ لەخۆتان بڕوانن! تا بزانن هیچ شتێکیان بۆ نەماوە. ڕۆژ لە ڕۆژیش پتر دەم لە پووش ئەکرێن و لەناو دەبرێن. بە فەرموودەی ئیمام عەلی ـ دروودی خودای لەسەر بێ ـ «دوژمن بە فێڵ و تەڵەکە خەریکتانە؛ هەر تاوەی هێندێک لە ئێوەی بێ‌ئاگا تاق دەکاتەوە و دەتاندزێ. ئێوە نەک ڕقتان هەڵناسێ، بگرە هەر بە خۆش نازانن».

هاتووم لە زمان ئەوانەوە بتاندوێنم کە زیاتر لە مەلاکانمان بەرپلار و جوێنم دەدەن. ئەڵێن: تۆیەکی ڕۆشنبیر، خوێندەواری تازەبابەت، دەست و قەڵەمێ خاست هەس؛ کەس نازانێ خەریکی چی؟ ئەم باسی ئایین کردنەت خەیانەتە بە کۆمەڵگا و ئۆباڵی دێتە گەردنت. تۆ ئەبوایە ڕێنموونی بیر و بڕوای بە کەڵک بای؛ چیت لەم کۆنەپەرستیە؟

نووسەرێکی زانا و سەرناس ـ کە ڕۆژێک شاگردی خۆم بوو ـ لای دۆستێکی من فەرمووبووی: شەریعەتی ئەگەر هێندە لاگیری مەزەب نەبوایە، دەبوایە

ڕۆشنبیرانمان وەکوو بتێک بیپەرستن.
مـن ئەگەر دڵخـورتیم هەیە، بـۆیە نیـیە کە نەمتـوانی بـبمە بـت و بمپەرسـتن؛ خـۆم بە تونـدی دژی بنیادەمپەرستیم. تەنیا لەمە نیگەرانم کە ئەم هەموو ڕۆشنبیرە زیت و ژیرە لە ئایین دوور کەوتـوونەوە و هەر دوورتریش دەکەونەوە. ئەگەر ئێوەی بە خۆتان دەڵێن ئیماندار، وەک هەمیشە بە کەترەخەمی ڕابوێرن و خۆ لەو بەڵا مـاڵوێرانکەرە ببـوێرن و هەسـت نەکەن لە دەوروبەرتـان چـی ڕوو دەدا و دوژمنـانی دژەدیـن و دژەژینتان بەو هەموو زرینگی و زۆڵی و زانستەوە، گویٚقوڵاغ و لەسەر هەست بن کە کێسـی خۆتـان لـێ بێنن، دەتانخۆن و ئێسکیشتان دەکرووسێننەوە. بە فەرموودەی ئیمام عەلی ـ دروودی خودای لەسەر بێ ـ «وا نەیاری گزیکارتان لێتان خەفتاوە بتانبا. یەکەیەکە ڕاوتان دەکا بە بیٚئەوە ئاگـا بـکەن. سـوێند بە خـودا کۆمەڵ ئاوا لێک بڵاو بێ و هەرکەسە تاوانی شکان بخاتە سەر کەسێکیتر، ژێر دەکەویٚ و لەناو دەچـیٚ».
بەڕاستی خەمی ئێوەمە؛ ئەگینا من گویٚ نادەمیٚ. با مەلا جوێنم پیٚبدەن؛ با ڕۆشنبیر لـێم تـووڕە بـن. مـن ڕێگەی خۆم گرتۆتە بەر و ئەم ڕێگەیەش بە حەق دەزانم. هەقـیش ڕەقە و تەقە و ڕەقەی لەدوو هەیە. بەڵام لێبڕاوم هەر چون بیٚ بیبەمە سەر؛ یان سەرم لەڕێدا بچیٚ.
من بۆ نموونەی پیاوچاکی، بۆ وێنەی دەست و دڵپاکی، ئیمام عەلیم کـردۆتە محەکـی ئەزمـوون. لام وایە هەر موسوڵمانێک هەموو ئاکار و کردەوەی وەکوو ئیمام عەلی نەبیٚ و بە موو لەڕێی عەلی لادا، لە ڕێگەی ڕاستی لاداوە. جا ئەم ئەزموونە دژوارەش هەروا سووک و هاسان نییە؛ هەویرەکە ئاو زۆر دەبا!
دەبا بزانین لە دنیای ئەمڕۆی ئێمەدا، کـامە ئـیمام، کـامە ئاخونـد و موجتەهیـد، کـامە شـێخ، کـام مەلا و حاجیت دەس ئەکەویٚ کە سەد یەکی ئیمام عەلی لەخوا ترس و پارێزگار و موسوڵمان بیٚ؟
دەیسا کاتیٚ کە من گوتم: هەرکەس هەموو ئاکاری وەک عەلی نەبیٚ، بە موسوڵمانی نازانم، چۆن ئەوانەی بە دەم ئەڵـــــــــــێن لەشـــــــــــوێن عەلـــــــــــی دەڕۆیـــــــــــن و بە

کرداریش هەزار فرسەخ لە ئیمام عەلیەوە دوورن، وا هاسان لە من دەبوورن و لە قسەکانم تووڕە نابن؟

هەر من وا نیم. بەرلە منیش بە درێژایی مێژووی ئیسلام، هەرکەس وەک من بەبێ ڕووبینی و مەرابی لەسەر دینی ڕاستەقینەی هاتۆتە دەنگ، گزیساز و ڕیابازان تەنگەیان پێ هەڵچنیوە و بە کافریان بردووە و زۆر زوو لە ناویان بردووە.

من دەڵێم: مێژووی ژیانی ئیمام عەلی بخوێننەوە؛ ئەو چۆن ژیا، ئاکار و ڕەفتاری چۆن بوو، ئێوەش وا بن. ئەوسا دەڵێم ئێوەش وەک ئیمام عەلی خواپەرستن. کەچی ئێوە بە بێئەمە تۆزکاڵێک وەک عەلی بچن، خوداشتان لەبیر چۆتەوە و هاتوون عەلی دەپەرستن. پەرستنی سەرزارەکی و لە ئاکار و ڕەفتاریشیدا پەیڕەوی ئەمەویەکانن و لە نەهرەوانیان پیسترن. من دەڵێم عەلی پەرستن دەگەڵ بتپەرستیەکەی پێشوودا وەکوو یەکە.

جگە لە خوا کەس شیاوی پەرستن نییە. پەیڕەوی لە ئیمام عەلی واتا خواپەرستی بەڕاست و لە فەرمانی خوا و قورعانەکەی لانەبوون.

قسێکی خۆش: پارەکە چووبوومە مەکە تا لە کۆنگرەی ئیسلامی ببمە بەشدار. وتارێکم دەربارەی ئیسلام نووسیبوو، ویستم لەوێ بیخوێنمەوە. کاربەدەستانی کۆڕەکە وەریان نەگرت و ڕێ نەدرام قسە بکەم. گوتبوویان ئەم شەریعەتیە لە شیعەتیدا زۆر خەستە و قسەکانی لە مەڕ ئیمامی عەلیەوە گشتی درۆ و هەڵبەستەیە و لە جیاتی خوداپەرستی ئیمام عەلی دەپەرستێ. کەچی وەک خۆشتان دەزانن، لە ئێرانەکەی خۆشماندا بە تۆمەتی سوننیگەری بە گژمدا دێن. واتا بانێکە و دوو هەوا. لای سعوودی شیعەی گەڕ و لای ئێرانی سوننی بێفەڕ! من بەم جوێن و بوختانانە سڵ نابم و لە ڕێگەی خۆم کلا نابم. خوانەخواستە ئەگەر ئەم ڕێگەی گرتوومە ڕاستیش نەبێ، دیسان خۆم زۆر پێ لەو کەسانە باشترە کە هەم لە توور دەلەوەڕێن هەم لە ئاخوڕ.

سوور دەزانم کە تا لەسەر دنیا ماوم، نە دەبمە خاوەن مینبەری مێزەر بەسەری

پیاوکەرکەر، نە دەشبمە مامۆستاکەی بتئاسایی ڕۆشنبیران بمپەرستن. بەڵام هێشتان دڵم خۆشە کە پێموایە لەسەر هەقم و پیاو لەسەر هەق هەرچی بەسەر بێ قەیناکا.

مەبەستی گرینگ ئەمەیە: چینی تازە خوێندەوارمان، چینی کەون بە کۆنەپەرست ئەزانن و بە قێزەوە لێی دەڕوانن. ئەم قێز و بێزەش کەمکەمە گەشە دەکا تا وای لێ دێ دینەکەشیان لێ دەبێتە مڵۆزمێک و بە میراتی کۆنەپەرستی دەزانن و تەواو لێی دەسڵەمێنەوە. ئەوان دەڵێن: ئێمە چی لەو دینە بکەین کە پڕیەتی لە فەرق و جیاوازیەتی چینی چەوساوە و چەوسێنەر و هەر زاڵم تیا لەسەرە و هەر هەژار ڕەنجی بێوەرە.

لەم بارەوە ئێوە خۆتان زۆر لە من باشتر دەزانن کە کارەکە تا کوێ گەندە و هەروا بەرەو گەندیش دەچێت. کوڕ و کچتان کە ناردووتاننە مەدرەسە و تۆزێک لە دنیا گەیشتوون، چەند دەگەڵتاندا ناڕێکن. چۆن هیچ دەیەکتری ناگەن. لە هیچ سنووران پێک ناگەن. بەڵام هەرگیز بیرتان لێ نەکردۆتەوە ئەم دڕدۆنگی و لە یەکتری مۆڕ بوونەوە لەچی ڕایە و لەبەر چییە؟

بەبڕوای من هۆی ئەم دژایەتی و سڵیە چەند هەڵەیەکی ئێوەیە کە وەک تەڵە تێی کەوتوون و بەرتان نادا. بۆ نموونە:

**١ـ لەخۆ ڕازین:**

باوک و دایکی ئەم ڕۆژگارە گەزارەیان لە مناڵەکان کێشاوە: ئەی خوا هاوار! جا قەت بووە عەولاد لە قسەی باوک و دایکی دەرچێ؟ پەندی باوک دەگوێ نەگرێ و ڕێگەی پێچەوانە بگرێ؟ دیارە ئێوە لاتان وایە: هەرکەس ساڵێک، مانگێک، ڕۆژێک تەمەنی بەرەژوورتر بێ، لە کەمتەمەن زاناترە. جا چونکە دایک و باب لە کوڕ لە کچ زووتر هاتوونە دنیاوە، ئەشێ ئەم کوڕ و کچانە چاویان ببڕنە دەمیان و گوێ شل کەن و هەرچی ئەوان نەیانگوت نەیکەن. جا با مناڵ لە دانشگاشیان خوێندبێ و دای و باویش هەڕە لە بڕە نەکەنەوە و نەزانن خوێندن یانی چی.

**٢ـ نێر لە سەر مێوینە زاڵە**

لاتان وایە پیاو هەرچونکە نێر خولْقاوە، ئەگەر ئاوەزیشی نەبێ، ئەگەر لە کەریش کەرتر بێ، گەرەک لە ژن لەپێشتر و لەسەرتر بێ! با ئەو ژنەش لە هونەر و زانایییدا نموونە بێت. ئەوی نێر بێ ـ با زۆریش خـوێڕی و بێخێر بێ ـ فێر کراوە کە ژن بە گوناحی مێ بوونی ئەشێ بە زەبوونی بژی. قژی درێـژ نیشـانەی کۆتـایی ئەقڵە. کار گەیشتۆتە ڕادەیەک ژن هەر چونکە مێوینەیە، ڕێگەی نادەن لە مزگەوتیش بۆ گوێ گرتن لە دام و دەستووری ئایین ـ کە مەلای تـایین دەیخـوێنێ ـ لە ڕێـزی نێـران ڕۆنیشـێ. ئەبـێ بچێـتە پشـت پەردە؛ پەردەکەش ئەستوور و ڕەش بێ. کابرایەکی چەقاڵ ـ بەقاڵی بێمێشکی هیچ نەزانی ڕەزاگران هەر چـونکە بە نێر خولْقاوە، ڕێگەی هەیە لە مزگەوت ڕێزی پێشەوە داگیر کا. کار بە پشت پەردە چوونی ژن نابڕێتەوە. ژنێک با لە خوێندەواریدا هەزار ئەوەندەی مێرد بێ، با دوکتور یـان ئەنـدازیار بـێ، ئەگەر دڵـی بکـورکێنێ بچێتە ناو ڕێزی ژنان بۆ گوێ گرتن لە باسی دین، گەرەک مێردە نێرینەکەی ـ جا با وەک گـۆلکی گێـژیش بێ ـ ڕێگەی بدا. بێئیجازە لە مێردەکەی گوێ گرتنی لە ئاخوندیش ناڕەوایە.

**جا با جارێ لەسەر ئەم دوو باسە بڕۆین**

باوک چونکە نێرە و پیرە، دیارە لە زاڕۆڵەکانی ـ کە زۆر لەو کەمتەمەنترن ـ لە ژنەکەیشی ـ کە نێر نییە ـ پـتر ژیرە! دەیسا نە منداڵ و نە ژن ناشێ بە بێپرس و ڕای ئەو تەنانەت ئاو بخۆنەوە. گەرەک قڕوقەپ دانیشن؛ گوێ بۆ فەرموودەی ئەو شل کەن و مافی وەرامدانەوەشیان لەو بخوازن.

بۆ نموونە: فلان حاجیاغای نمەدماڵ، یان فیسار مەشەدی بەقاڵ، کوڕی کەربەلایی زەیناڵ، پیـت و لەتـی نەخوێندووە؛ خەبەری لە دنیا نییە؛ با تووی کەر و باینجان لێک ناکاتەوە؛ تەزبێحێکی سەت و یەکدانەی لە دەستا، بۆ ژمارەی سڵاوەتان. یەک ـ دوو ویرد و زیارەتنامەی ـ بێمانـا زانـین ـ لەبەرە. هەمـوو هـونەر و جەوهەری لەسـەر بنـڕیش هەڵـدانەوە و حیسـاب بە چـۆرت لێکـدانەوە

دەبڕێتەوە و ئاوی بێنە و دەستان بشۆ. ئەوسا کوڕی، کچی، ژنی، باپلەی دکتۆراشیان بێ ـ مافییان نییە بیر و بڕوای دڵی خۆیان ئاشکرا کەن. لە سەریانە گوێ لە نێرە پیرە بگرن و هەرچی ئەو فەرمووی تەواوە. بۆچی؟ چونکە هەم تەمەنی زۆرە، هەم تمەنی زۆرتری دەباخەڵدایە.

**٣ـ عەقڵی پووڵ**

زۆربەی زۆرتان لاتان وایە عەقڵ نۆکەری دراوە و جێگەی لەناو گیرفاندایە. زۆرم دیوە زۆر کەس لەو مێزەر زلانەی کە بە زانایان دەزانین، کاتێ دەگەڵ چینی نوێدا قسە دەکا، هەقیان دەدا و خۆی دەکاتە ڕۆشنبیرێک لەوان ژیرتر. بەڵام کە دەچتە ناو بازاڕ لەسەر دووکانی فڵان مەشەدی دەوڵەمەند دادەنیشێ، یان کە دەڕواتە سەر مینبەر و دەزانێ چەند کەربەلایی دەوڵەمەند لەو کۆڕەدا هەن، هێرش دەباتە سەر لاوان و تاوان دەخاتە سەر بیری تازە بابەتی زانایان و سەربەندی وتارەکەیشی بەستەیەکی گریاناوی دەخاتە سەر تا پارەداری گەڕەک و خاوەن ئیحتوباری بازاڕ، لێی ڕازی بن و گۆشەی چاوێکی بدەنێ.

من نازانم لەکام کتێبدا نووسراوە، لە کامە زانا بیسراوە، تا داری تەمەن کۆنتر بێ، بەری زانست پتر دەگرێ؟ یان کەی دراو وەکوو کتێب بۆ پیاو خوێندەواری دێنێ؟ فڵانە حاجیاغا هەیە، نەخوێندەیە؛ پارەی هەیە. هەموو ڕۆژێ تێلا بەدەست چینێک و دوان دە منداڵان دەسرەوێنێ. کوڕ و کیژی بەستەزمانیش کە ناچارن خەرجی ڕۆژانەکەی خۆیان لەو وەرگرن و بیانکرێ بچنە مەدرەسە، بە ملکەچی لە بەردەستی ڕادەوەستن؛ ئێش و ئازار قبوڵ دەکەن؛ هەر ناوێرن ئۆفیش بڵێن. ئەگەر بتوانی حاجیاغا و ڕۆڵەکان لەبەر یەک ڕاگری و سەرپۆش لەسەر هۆشیان داگری، دەزانی ئەو منداڵانە لەچاو ئەو باوکە چەند زانا و دانا و زرینگ و وشیارن. خۆ ئەگەر جارێک لە جاران یەکێک لەو بەچکە حاجیانە سەری زمانی بسووتێ و بە دڵسۆزی بڵێ باوە! فەرماسشتت نابەجێیە و چونکە خوێندەواریت نییە نازانی دنیا چ باسە، من لە دانشگا خوێندوومە و زۆرم کتێب

خوێندۆتەوە؛ لەتۆ پتر شارەزای ژین و ژیارم و زۆرتر لە دنیا دەزانم، دەبێتە قیرەی حاجیاغا: ئەی هاوار ئاخر زەمانە! نیشانەکەی هاتۆتە دی. منالێکی دەمڕووت و هەرزەکاری خۆم، کە دوێنێ دەپاڵ خۆی دەمیست و خۆم ناومەتە بەر خوێندن و ئێستاش بە نانی من دەژی، لەڕووم وەردەگەڕێتەوە و لایشی وایە ئەو لە من ئاگادارترە. ئاخر هەی داد و هەی بێداد! کێ دیویەسی کەسێک نە ڕیشی هاتبێ و نە پوولی لە باخەڵدا بێ، داوای عەقڵ و ژیری بکات؟

**باوکی بەڕێز!**

پێت خۆش بێ یان لات گران بێ، زۆر هەڵەی و لە تەڵەی هیچ نەزانیندا گیرۆدە بووی! بەڵێ کوڕت یان کیژەکەت لە سەرەتا منالی شلک و ساوا بوو؛ هەرچۆن خۆت دەفەرمووی وابوو. دەستت گرت بە دارەدارە فێری بەڕێوە چوونت کرد؛ تێت گەیاند تارەت گرتن و دەسنوێژ هەڵگرتن چۆن ئەبێ؛ هەرچی دەربارەی زیارەتی ئیمامزادەوە دەتزانی بەویشت گوت. واتا بە قەد خۆت زانات کرد. بەڵام ئەم کیژەت، ئەو کوڕەت، لە فێرگەی سەرەتاییڕا تا ناوەندی و تا چۆتە پلەی دانشگا گەلێک شتی وا فێر بووە کە بۆنیشت نەکردووە.

مناڵە ساواکەی دوێنێت ژان پۆل سارتر، برشت و ڕۆسۆی ناسیوە. نووسراوەکانی دیکارت و مارکس و هێگڵ و ئینگلز و کێ و کێی خوێندۆتەوە؛ دەزانێ دنیا چ باسە. تۆ گەرەکتە بیخەیتە ناو کوولەکەوە و دەمی بگری و هەر خۆت فێری تارەت و مردووشۆردن و سەرقسنی ئیمام بردنی بکەی؟ ئەتەوێ تەنیا کتێبی «طوفانالبکا» (گێژاوی گریان) و «محرق الفواد» (دڵسووتێن) تماشا کا و هیچیتر نەخوێنێتەوە؟ خۆت هیچ لە هیچ تێ نەگەیوی و لاشت وایە تێگەیشتووی. دەتەوێ ڕۆڵە زاناکەت لە زانست بتەکێتەوە و بەرەو پاش بگەڕێتەوە و ببێتە توونی بەستەزمان؛ هەرچی جەنابت پێت خۆشە فێری کەی، ئەویش بۆتی بڵێتەوە. دیارە لە گوێی گادا نووستووی!

ئێستا ئەگەر منالە خوێندەوارەکەت لە داری دەستت نەترسێ، یان لە ترسی

مووچەی ڕۆژانە نەمانی خۆی کڕ نەکا و شەرمی لە ڕووتا نەمێنێ و بتوانێ وەک خۆی گەرەکیە بتدوێنێ، ڕاست پێت ئێژێ: باوە! ئەوەی تۆ ناوت ناوە و دین و بە شتێ زۆر باشی ئەزانی و پێی دڵخۆشی، بەلای منەوە گەمەیە و ئەگەر دیانەت ئەمەیە کە تۆ هەتە، پڕوپووچێکی بێ‌نرخ و زیانبارە. پێغەمبەری خوا فەرموویە: «دنیا مەزرایە بۆ قیامەت». خوا فەرموویە: «کەسێک لە ژینی دنیایە نابینایە، ڕۆژی بساتیش هەر کوێرە.». سا ئەگەر بەم حیسابانە بێ تۆ تا ئێستا نە هێڵێکت شێو بڕیوە، نە تلّپاتی تەڕت دیوە. واتا دنیات لەدەس داوە و بەشیشت لەولا بڕاوە.

تۆ کە ئێژی خاوەن دینم، من دەتبینم مەودای تەمەنی ژیانت هەر بۆ دەمی پاش نەمانە و ترس و لەرز و هەڵچۆقانت لەترسی داغی دۆژەهە و هیچی‌تر نا. تۆ دەفەرمووی ئیمانم هەر بۆیە دەوێ لە گیان‌کێشان فریام کەوێ؛ لە گۆڕیچەی تەنگەبەردا، لەبن بەردا ـ کە پێمێردم دێنە سەرێ و وەبەر پرسیارانم دەدەن ـ بەسەر ڕاستی پەرسڤیان لێ وەگەڕێنم.

بەڵام منێک کە لە سایەی خوێندەواری و ئاگاداری چاوم ڕوونە و مێشکم لە کار نەکەوتووە و دڵ و هۆشم نەخەوتووە، گەرەکمە لە مەزرای دنیا تۆ بچێنم؛ دەس لەسەر دەس بە هیوای مەرگ و پاش مەرگ دانەمێنم.

تۆ لەو دۆژەهە دەترسی کە پاش مردن تووشی دەبی؛ بەڵام هیچ بیر ناکەیتەوە کە وا ئێمەی موسوڵمانی هاوئیمانت ـ کە خۆشت یەکێک لە ئێمەی ـ دەناو دۆزەقی بەتینی زوڵمی زاڵمدا سووتاوین و بووینە قەقنەس. جەنابی ئێمانداریشت بۆ ڕزگاربوون لە گۆڕەوشاری ناو قەبر دەناڵێنی و دەباڕێنی و زۆڕزۆڕ دەگری و فرمیسک دادەبارێنی.

**دایە! باوە!**

من گەرەکمە ئەو ئاگرە وەکوژێنم کە هەژارانی بێچارە دەسووتێنێ. من دەمەوێ لەم دۆژەهەی کە دوژمنانی دینەکەم بۆ من و ئێوەیان نێڵ داوە ڕزگار

ببین. سا ئەوساکە بە ئازادی بیر لە سازوبەرگی مەرگ و وەرامی ئەنکەر و مەنکەر بکەینەوە. ئەو بەهەشتەی بە خەیاڵتان سازتان داوە، لەڕێی ئازادی بەولاوە هیچ ڕێگایەکی بۆ ناچێ.

**باوە! دایە!**

زۆر جاران خۆم لێ مات داون کە خزاونەتە سووچێک و لەسەر بەرماڵ گریاون و کرووزاونەوە. خوا و پێغەمبەر و قورعان و ئیمامان و هەموو خۆشەویستانی خواتان هەڵپێچاوە و لەبەریان پاڕاونەتەوە: خوایە لە گوناهم ببوورە! خوایە! خۆشم و مناڵیشم نەخۆش مەکە! خوایە ڕسق و ڕۆزیم زۆر کەی! قەرزەکانیشم بۆ بدەوە! کوڕەکەمان چۆتە سەفەر بە خۆشی بگەڕێتەوە. لە شۆڕ بوونەوەم بەرەو گۆڕ فریام کەوە نەوەک شەیتان بمرفێنێ. دەرگای ئاگرم لێ داخە! لە بەهەشت بەڕەم بۆ ڕاخە! کەیف بکەم. دەبڕوانن لەم هەموو پاڕانەوەدا، جیا لەخۆتان هیچ کەسێ‌ترتان لە بیرە؟ تەنانەت ناوی کوڕیشتان دەگەڵ ناوی خۆتان دێنن. هەر من، هەر من! خودایە! فریای من کەوە! ئاگات لە خزمانی من بێ! کوڕەکەی من کامڕەوا کە! کیژەکەی من بەختەوەر بێ. بەڵێ هەر خۆتان لەبیرە و کەسی‌تر نا. واتا لەبات خواپەرستن، خۆپەرستن. هەر خوریلەی خۆتان خۆش بێ، کەیفو تەختە و بە ئێوە چی کە خەڵکی دی قەرەبەخت و ژیان سەختە؟

دەیسا من ئەم دینەم ناوێ کە هەر بە چاوی خۆبینی خۆ ببینم. کارم بە هیچ‌کەس نەدابێ.

من لەدووی ئیمانێک وێڵم کە گش کۆیلە و دیلی ئەم سەرزەویە ڕزگار بکات؛ هاریکاری بێکەسانی هەژار بکات. لە ڕێگەی ئاوا ئیمانێک ئەگەر خۆم و کوڕ و کچ و هەست و نستم بەخت کەم، شانازی دەکەم.

من لەو ئیمانە دەگەڕێم کە پیاوێکی خوا فەرموویە: «ئەی خودایە! هەرگا ئیرادەت وەهایە بمخەیتە ناو ئاگرەوە، ئەندامم هێندە زەلام کە جەحەندەمێ پڕ کاتەوە تا جێگە بۆ کەس نەمێنێ بێتە ناوی.»

**دایە! باوە!**

ئەو خوای ئێوە بە ئارەزووی دڵی خۆتان سازتان داوە، ئەشێ بیر و کار و بار و ئەرکی سەرشانتان لە ژینـدا لەسەر ئەوبێ و خۆتـان تەمەڵ و تەوەزەل پـاڵ دەنەوە و دەس بـۆ ڕەش و سـپی نەبەن. جـا بـۆ ئەوەیـش خوداکەتان ـ وەک خۆتان ئارەزوو دەکەن ـ هەرچی ئێوە داوا دەکەن پێکـی بێنـێ، گەرەکتـانە بە بەرتیـل و دیاری و زمانلووسی و ڕیاکاری نەرمی بـکەن و لاتـان وایە خـودای گەورەش ـ وەک کاربەدەسـتی ئەم دەورە ـ چاوچنۆکە و بەپارە هەڵدەخەڵەتێ و بەرتیل، بەردیـش نەرم دەکـا. ئەم ڕێـوی و تەڵەکەبـازیەی بـۆ پێکهێنانی کار خۆتان دەگەڵ خەڵکی دنیای دەکەن، وا تێدەگەن دەکرێ دەگەڵ خواشی بکەن.

باج و پیتاکی دەوڵەتیو هاتۆتە سەر. دەتانەوێ بنلیچی دەن و خۆشتان لە سزا ڕزگار کەن. بەرتیل بە دەست و پێ دەدەن؛ تکاکاران پەیدا دەکەن؛ کلکەسووتە و ڕیابازی لەلای کاربەدەستان دەکەن. زمـانی لووسـیان لێ دەدەن تا خۆ لە ئەرکی سەرشانتان بدزنەوە. بەڵێ هەر تۆ باوکی ئیمانـداری بەڕێـز! دەسـتی مەردمـت بڕیوە؛ماڵی دزیەتیت کڕیوە؛ بەردی تەرازووت نوقسانە؛ هێشتا دەسـتی لـێ دەنگێـوی. کووتـاڵە عەنبـارە پۆکەت بە گەزی ناهەق دەپێوی؛ بە وامی بەسووت و سەلەم ماڵی هەزار موسوڵمانت بە سێ چەپـی قـوڕ گرتووە. سوور ئەزانی لە فەرمانی قورعانی پیرۆزی خودا خۆت بواردووە و گوناهباری؛ ئێستا گەرەکـتە بە گریان، بە شلەی زەرد بە شینەوە، چەند تیکەنان بە پارسەکدان، خوا فریـو دەی؟! ڕەشـایی گوناهەکانـت یەکجارەکی بشواتەوە و ئازا بەسەرت کاتەوە؛ لە دنیا ئاسوودە بژی و هەرکە مردی بتخاتە ناو بەهەشتەوە و گەلەحۆری دەورت بدەن! بەڕاستی خەیاڵت خاوە و نیشانەکەت نەپێکاوە.

**بەڵێ باوکی خۆشەویستم!**

من لەو ئاکارە بێزارم کە تۆ ناوت نا شوێنی دین. نامگەرەکە فەندوفێڵ لە خوداش بکەم. خوا بە بەرتیلخۆر نــــازانم. دەشـــــزانم خـــــودای بـــــانیســـــەر لە پیـــــاوی

تەنبەڵ و بێکار خۆشی نایە. بە تەماش نیم ـ وەکوو جەنابت گەرەکتە ـ تەنیا لە خودا بخوازم لە شەیتان دەربازم بکا و لە گۆڕدا جوابی پێمێردان بدەمەوە و لەسەر دنیا تەنبەڵ و بێکارە بژیم.
تۆ دەفەرمووی: دنیا بەهەشتی کافرانە و بۆ موسوڵمانان زیندانە و ئەبێ بە زیندان خوو بگرین. باوە! من زیندانم ناوێ. من ئەمەوێ دنیا بۆ هەژارانی گەل بەهەشتی کامەرانی بێ. من نامەوێ ژێرچەپۆکەی داگیرکەر و خاکەسەر و دەردەدار بم؛ ئەمەوێ ئازا و ڕزگار بم. من ئەمەوێ بە هۆی باهۆی بەهێزی خۆم ـ کە خوا پێمی داوە ـ بژیم؛ نەک بپاڕیمەوە و بگریم. ئەمەیە بیر و بڕوای من. جا تۆ هەر جوێنم پێ بدە و بقیڕێنە و بنەڕێنە و لە داخم کەف هەڵخڕێنە و تا دەتوانی خۆت بە دار و بەردا بدە و شەکەت ببە!

**باوە! دایە!**

ئێوە سەیرن! چاوتان لەناو زگتان دایە. هەر ناشزانن باوەڕتان بەجێ هێناوە؛ هەر نازانن ڕێگەی خواناسین کامەیە!
بۆ نموونە: قەزا و قەدەرتان بیستووە و لاتان وایە مانای وایە: هەرچی لە دنیا ڕوو ئەدا، هەرکێ دەژی، هەرکێ دەمرێ، هەرچی نەبێ و هەرچی ئەکرێ، هەر قامچییەک زاڵم لە مەزڵوومی دەدا، هەر بێگوناهـ و تاوانێک کە بە ناهەق ملی بە پەتەوە دەکرێ، هەر ماڵێک بە تاڵان ئەبرێ، هەمووی لە ڕۆژی بناوان داندراوە و خەت دراوە و لە چارەنووسمان نووسیاوە. هەرکەس لای وابێ دەتوانێ خۆی لە قەزا ڕزگار بکا، بێئیمانە و بەتاوانە. کەوابێ بە گفتی ئێوە پیاوی خراپ ناتوانێ خراپە نەکات. زۆرلێکراوی بەستەزمان ناشێ شکات لەدەس زۆرداری لاسار و بەدکار بەرێتە لای دادپەرستان. کورتەی وتار: ئەوی بە پیسی گووراوە، لەدەستی نایە پاک بژی. هەرکەسیش پاک پاڵێوراوە، هونەر هونەری خۆی نییە؛ هەرچی هەبووە و هەرچییەک دەبێ، لە دەستەڵاتمان بەدەرە و هەمووی هەر قەزا و قەدەرە بۆی داناوین. بەم پێیە بێ، نە پیــــــــــــــاوخراو خەتابــــــــــــــارە، نە

ماف‌خوراو هەقی هەیە گازندە لە مافخۆر بکا و نە هەژار دەبێ لای وابێ بە هەوڵدان و ماندوو بوون نان و پێخۆر پەیدا دەبێ، نە تاڵانکراو بۆی هەیە داوای ماڵەکەی خۆی بکا و نە دارلێدراو هاوار بکا. ئەگەر دەستەڵاتدارانی دڵڕەش و ملهوڕ و لاسار، گەلانی بێ‌هێز و نزار، ناڕەوا قەڵاچو دەکەن، خوێنی بێچاران دەڕژێنن، نان لە دەم برسی دەڕفێنن، تاوانکار نین؛ فەرمانی قەزا و قەدەرە پێکی دێنن.

داوای تۆڵەی خوێنی کوژراو، دادپرسینی تاڵانکراو، ڕزگار کردنی ئەسیران، لە بەند و کۆت و زنجیران، دەبنە گوناهی زۆر گەورە و پێچەوانەی قەزا و قەدەر.

بەڵێ فەرمووت ڕیوایەتە: هەرچی دەکرێ و هەرچێ دەبێ و چی لەم دنیایە ڕوو دەدا، هەر لە ڕۆژی سەرەتاوە لەناو تەتەڵە نووسراوە و خڕوپڕی دێتە گۆڕێ و بە کەس تۆزقاڵێک ناگۆڕێ.

بەرامبەر بەم حیکایەتە ـ کە تۆ فەرمووت ڕیوایەتە ـ ئێمە، من، تۆ، خەڵکی دیکە، هیچ کارێکمان لەدەس نایە. ئەگەر ڕوحمە، ئەگەر پیسی و ناپاکیە، ئەگەر پیاوەتی و چاکیە، بەر لە هاتنە سەر دنیامان، لەناو چاوانمان نووسراوە و مۆر کراوە. ئێمە چین؟ ئێمە ئێمە نین. هاتووین وەکوو لەیستۆکێک بە دەس منالۆکێکەوە ئەمدیو ئەودیومان پێ دەکرێ. وەک چووی پەلین؛ چەق و تەفمان لەدەس ئەودا و چۆنمان هەڵخاتەوە وا دێین. بەبڕوای تۆ قەزا و قەدەر وەک چەپەرێکی ئاسنە؛ مرۆی تێدا قەتیس ماوە و دەرەتانی لێ براوە و ناتوانێ خۆی لێ ڕزگار کا. هەرکێش بڵێ من وا دەکەم، یان وا دەچم، کافر دەبێ و دژی ئەو چارەنووسیە کە خوا قەڵەمی لێ داوە!

دەیسا باوە! من وا بڕیاری خۆم داوە خۆم نەخەمە ناو ئەو قەفەسە تەنگەوە و لەناچاری و بێ‌ئیختیاری دەربچم. بیر و بڕوای من ئەوەیە کە دەبێ چارەنووسی خۆم بەدەس خۆم بێ. ڕێبوارێکم لە ڕووبارێک دەپەڕمەوە. گەرەکە بۆ بوار بپرسم. یان هیچ نەبێ قووڵایی تاقی کەمەوە و ئەوسا بڕۆم. ئەگەر بوارم بەدی

کرد و چوومە ئەوبەر ئافەرین بۆ هۆشی خۆمە. خۆ ئەگەر ڕێبازم گۆمە و دەمخنکێنی، دیسان تاوان لە بێهۆشی و نەزانیمە. من لام وایە لە سایەی کار و کۆشش و زانینەوە پیاو بۆی دەکرێ بەختەوەر بێ و لە سۆنگەی تەنبەڵیشەوە نەگبەتبار و قووڕەسەر بێ. باشە، ئەگەر ئێستا بە فەرمایشتی تۆ هەرچی بەنیئادەم دەیکا، خوا پێی دەکا و ناتوانێ بە موو لێی لادا، کەوابوو تۆ هەقت چییە لە کافر بوونم تووڕە بی و بە سەرمدا ببۆڵێنی؟ ئەگەر خراپەئاکارم، بەدڕەفتار و چەوت و لارم، ئەگەر دزی و حیزی دەکەم، ئەگەر ماڵ بە فیڕۆ دەدەم، ئەگەر خەڵک لەدەستی من بە زاڵەیە، ئەگەر کاکڵەکەم تاڵەیە، تۆ ناشێ لە منی بزانی. خوایە بەملیدا سەپاندووم. دەستی قەزا ڕای‌تەکاندووم. هەرچی دەیکەم ئەو پێم دەکا.

چەند جار لە خۆتم بیستووە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: «بێ‌بەختان و بەختەوەران، هەر لەناو سکی دایکاندا مۆر کراون و بۆ ئەو کارانە گووراون کە ئەبێ لە دنیا بیکەن!». دەیسا من نا، تۆ خۆت بیری لێ بکەرەوە و تۆزێ ورد لێکی بدەوە: ئەگەر ئەم فەرموودەت ڕاست بێ، مرۆڤایەتی، بەزەیی، زوڵم و دڵڕەقی، خەزا چوون لەڕای خودادا، کافری و موسوڵمان کوشتن، هەمووی خودا لەناو زکی دایکماندا بۆی دانابین و ناچار بین لە ژیاندا وابین، تۆ قسەی حەساویت چەیە؟

ئەگەر تۆ بڕوای تەواوت بەو زگنامەی دایکە هەیە، چیتە بە عەلی هەڵدەڵێی؟ کە زۆر ئازا و زانا بووە. بۆچی بۆ ئیمامی حوسێن دەگری؟ دەڵێی زوڵمی لێکراوە. بۆچی جوێن بە شمر ئەدەی؟ ئێژی بێ‌فەڕ و گڵاوە.

وەحەساوی زگنامەی تۆ، حوسێن بۆ کوشتن خوڵقاوە و شمر هەر بۆیە بێتە بەندەی یەزید و حوسێن بوگژێ. نە حوسێن بۆ گریان ئەشێ و نە شمریش بۆ جوێندان دەبێ. ئەگەر ڕووداوی کەربەلا نالەبارە، ملی قەزا و قەدەر بگرە. شمر و حوسێن بێ‌ئیختیار هاتوون ئەم دەورە ببینن.

ئەگەر وردتری کەیتەوە، تێدەگەی کە تۆی بێ‌خەوەر، خوایش بە خەتابار

دەردێنی. ئەم بیر و بڕوا بنشڕەت بۆ پیاگی خراپ و زاڵم سەرمایەیەکی گەورەیە و تەنیا پیاوی وەک یەزید و شمری بێفەڕ بەهرە لەم دینە دەبینن.

**باوکی بەڕێز!**

وا من لە داخی ئەو مێشکەت ـ کە پڕیەتی لە پڕوپووچ و خەرافات ـ بەجێم هێشتی. ئەو خەتەشم کوژاندەوە کە لە ناو زگی دایکمدا لەناو چەوانم نووسرابوو. چوومە سەر بڕوای هەرخۆیی (وجوودی) کە لای وایە چارەنووس بە دەستی خۆتە. چیت بەسەر دێ، سەرکەوی یان دەبەرکەوی، نەویایەتی، بەرزایەتی، خۆشی، تاڵی لە ژیاندا، بەستە بە کار و کۆشش و هۆش و زیتی و چاپکی و چالاکی خۆتە. بڕوام بە سارتر هێناوە کە گوتوویە:«بەبڕوای من ئەو مرۆیەی کە هەر زگماک شەپڵەدارە، ئەگەر نەبێتە پێشەنگی ملەکاران لە غارداندا، تاوانی لەستۆی خۆیەتی».

دە بڕوانە ئەم بڕوا لەبار و جوانە چۆن دنەی بنیادەم ئەدات کە کار بکا و ئازاد بژی و هیچ خەتاش ناخاتە سەر خوا. هەر چەند ئەگەر ئاگات لە قورعانیش هەبا، دەتزانی خودا فەرموویە: «مرۆ هەرچی بە کۆشش وەدەس خۆی نەخا، تووشی نابێ».

ئێستا تۆ بەبڕوای سارتر ئێژی کفر و بنبەستی پەستی و بێهەستی و لامەزەبی؛ بەڵام بەو تەنبەڵبازاڕیەی کە خۆت هەتە دەفەرمووی خوداپەرستی؟!

**باوە گیان!**

تۆ لە پەند و ئامۆژگاریت بۆ دینداری، هەر وشەی «نەکەی» دەزانی. من و خوشکم لەو ڕۆژەوە کە گوێ لە فەرموودەت دەگرین، سەروبنی فەرمانەکانت هەر «نەکەی»ە. نەکەی بچییە فڵانە شوێن! نەکەی دەم لە فیسارشت بدەی! نەکەی بێگانە بدوێنی! نەکەی هەرامە بخوێنی! نەکەی تماشای نامۆ کەی! نەکەی! نەکەی! بەڵام هەرگیز تاقەجارێک پێت نەفەرمووم: بۆچی نەکەم؟ ئەگەر ئەو کارەی

دەتەوێ نەکەم، بیکەم، چی ڕوو ئەدا؟

ئەم نەکەیە و تخوون مەبەت لێ بۆتە خوو؛ لاشت وایە دینداریە. وا من لە نکەنکی تۆ و لەو نەکە و مەکەی هەمیشەت خۆم دزیەوە. گوێم بۆ ئەوانە گرتووە کە پێم ئەڵێن: بیر بـکەوە! بخـوێنەوە! زۆر بخـوێنە! هەوڵ بدە تێ بگەی! کۆشش بکە ئایندەی خۆت دابین بکەی!

بە گفتی کاورای کتێبنووس: هەزار بەڵام لەو دینەدا کە «نە»ی لە «ئاریێ» زۆرتر بێ.

**کتێب بخوێنە و تێ مەگە!**

تۆ بڕوات بە قورعان هەیە؛ ممبارەکە. دەوەرە جارێک پێم بێژە چی تێگەیوی؟ تۆ سەری خۆت هیچ ئەزانی چی تیایە؟ لێم ڕوونە، نا.

تۆ ڕەشخوێن قورعان دەخوێنی و بۆ ماناکەی دادەمێنی. منیش هەر بە فەرمانی تۆ نەموێراوە مانای ئایەتـان بپرسم. کەوابوو: منی لادین و تۆی خاوەندین لە نەزانینی قورعاندا وەکوو یەکین. تەنیا لەوەدا لێک جیاین کە من هیچ کارم پێ نییە و شتێک کە نەزانم چییە و چی هاتیا، خۆمی دەگەڵ ماندوو نـاکەم. بەڵام تـۆ کە تێشی ناگەی، فرە بۆی شەکەت و ماندووی. دەبەرگی پەشمینەی دەگری؛ ماچی دەکەی؛ لە بەرزتر شوێن دایدەنێی. ئەگەر گوێت لێی بێ دەیخوێنن ـ بە بێئەوە هیچ دەماناکەی بگەی ـ دڵت گەرم دادێ و دەگری. هەرگا تووشی ژان و برک و ئازار و ئێشی ورگت بووی، دەباوەشی خۆتی دەگـری. ئەگەر باوەڕیـت پـێ نەکەن سوێند بەو دەخۆی. ساتێ لە ماڵ دەردەکەوی، کاتێ دوکان دەکەیەوە یان دایـدەخەی، لەبـن لێـوان ورتەورتێکت لێوە دێ؛ پاشان قفڵەکە فوو ئەدەی. گوایە ئەمەش ئایەتێکە دژی دزە و بە بێزانینی مانـاکەی وا ناکەی دز پێت بزانێ. نوشتەی مەلا بە سـێ سـووچی دەمێـو دەگـری؛ بە بەر یـاخەتیەوە دەدرووی؛ کە تووشی نەخۆشی نەبی. تەنانەت ملی گاکەشت نوشتە و ئایەتی تێدایە؛ کە لە چاوی بەد بە دوور بێ و هەر بەهێز و ملئەستوور بێ.

### من چی ئەکەم؟

ئەگەر هەستم بە ئازار کرد، دەچمە لای بژیشکی پسپۆڕ؛ دەرزی و دەرمان و هەتوانی لێ وەردەگرم و نەخۆشینەکەم بەردەگرم. گای لاواز و بناو بوێرم نیشانی بەیتاڵێک دەدەم. دەچمە بازار قفڵێکی زۆر قایم دەکڕم کە داخستن و کرنەوەی بە ژمارە بێ. نە فووی دەوێ نە دز نە باوکی دزانیش دەتوانن دەستی بۆ بەرن.

تۆ ئەتەوێ کارێ بکەی، لەجیات بیر و لێکدانەوە و پرس و ڕاوێژ بە چازانانن، پەلاماری قورعان دەدەی؛ کردووتە بە فاڵنامەی خۆت. دەیگریەوە و ناوت ناوە ئیستخارە. شەرمیش ناکەی قورعانی فەرموودەی خودات کردۆتە پەتەی یانسیب و سواپی چۆمان تەڕ و وشکی پێ‌هەڵدەخەی.

دەیسا منێک کە بە لای تۆوە بێ‌دینم و باوەڕ ناکەم ئەم قورعانە هی عاسمانە و جوبراییل دەگەڵ خۆی هێنا، هێشتان بەلامەوە نەنگە ئەو سوکیەتەی بەسەر بێنم. قورعان لای من زۆر بەرز و پیرۆز و ڕندە و نەک هەر قورعان بگرە هەموو کتێبێکی دیکەش لای من زۆر شایانی ڕێز لێنانە و لەسەرمانە قەدری بگرین.

من فاڵی پێ ناگرمەوە؛ دەزانم فاڵنامە نییە. گاڵتە بە ئەقڵی خۆم ناکەم. بۆ ئەنجامدانی کاری خۆم، پرس بە زانایان دەکەم. لە پسپۆڕی و شارەزایی وریا و زیتان بەهرە دەبەم. سەروبنی کارەکەم لێک دەدەمەوە. نییەت دێنم، دایدەبەستم. ناڵێم قورعان باش نییە. بەڵام دەڵێم تێ‌نەگەیوم باشە یان نا. تۆ لات وایە من نابێ دەمانای بگەم. خۆیشت لە مانای نازانی.

بەڵێ ئەگەر بمزانیبایە چی تیایە، لە باشیەکەی حاڵی دەبووم؛ بەشوێن پەند و ئامۆژگاریەکدا دەچووم. تۆش لە زانستی قورعاندا زۆر لەخۆم کۆڵەوارتری. حەی ئەڵڵا چاو دەنووقێنی، خۆت و بەختت دەیکەیەوە. یەکەم ڕووپەڕ، یەکەم ڕستەی لای دەستی ڕاست، لە یەکەم دێڕی سەرپەڕێ تەواو وەک شەمۆلەی ژنان. چی تیابوو، بە خەیاڵی بەتاڵی خۆت مانایەکی بۆ ئەتاشی. لەو سارد و سەودایە کردن بەهەرەت چەند وە دەست ئەکەوێ؟ کابرای هاوسات بۆتە دۆستت یان لە

ژێرەوە دوژمنتە؟ فڵان بێوەژن بخوازی یان واز لەو دڵداریە بێنی؟ بە سەفەر بچی یا نەچی؟ باغ بکڕی یان تۆ بچێنی؟...

**باوی بەڕێز!**

ئەگەر جارێک تۆی ئیماندار کتێبەکانی دەرسی من ـ بە دەردی قورعانی پیرۆز ـ بەری و بیانکەی بە فاڵ گرەوەی خۆت، تووڕە دەبم. چۆن لات وایە ئەو خودایەی کە قورعانی بۆ پێغەمبەر بە خەڵات نارد، لێت نارەنجێ کە تۆ بیکەیتە فاڵنامە؟!

من لە فاڵنامە ناگەڕێم. بڕوام بە ڕاست و دروستی شەمۆلەی ژنانە نییە. کە تۆ کارێکی وا ناکەی لە مانای قورعان تێبگەم، پەنا بە کتێبی‌تر دەبەم کە پیاوانی خاوەن ناوی زانا و دانا دایان‌ناون؛ پڕ کراون لە ئامۆژگاری و پەندی باش و واش نووسراون کە بە سانایی تێدەگەم.

تۆ هەر بۆیە لە من قەڵسی چونکە شتێک ناخوێنمەوە کە تێی ناگەم.

**باوە!**

ئەتبینم نوێژ ئەکەی؛ دایکیشم وەک تۆ نوێژ دەکا. ڕۆژێ پێنج جار وەرزش دەکەن. شتێکیشی بە نووزەنووز تێدا دەڵێن بێ‌ئەوەی مانای بزانن؛ بێ‌ئەوەی لێتان حاڵی بێ کە نوێژ کردن بۆچی ئەبێ و ئەبێ چۆن بێت.

وا من کە وەک تۆ نوێژ ناکەم، هەر لە خەو هەستام بەیانی، وەرزشی سوێدی دەکەم. وا تۆ چەند عەیام و ساڵە وەرزشی نوێژت کردووە؛ وا منیش هەژ ـ نۆ ـ دە ساڵە وەرزشی بێدینان دەکەم. دەسا وەرە با لە پەنایەک ڕاوەستین و خۆمان لەبەر چاوان ڕانێین: جەنابت یەکی زگ‌زلی قاچ‌باریکی مل بە لۆچی کووڕەپشتی خوار و خێچی تەنبەڵ و بە هانکەهانک پشووسواری. لەشی منیش بێنە بەرچاو. ناو قەد زراو، سنگ داچەقاو، مل‌ئەستوور و باسک بەهێز، ئەندامێکی شل و بەپێز و پڕکێش و لنگ و لەتەر سفت و بێگەرێ و ڕێک‌وپێک، ئێژی بە قەڵەم کێشراوە.

تەوژمی خوێنم تەواوە. هەناسەدانم تەیارە.

لەکاتی وەرزش کردنا پێچی ڕادیۆ دەکەمەوە. دەنگی موزیکی گیانپەروەر، شێعر و ئاهەنگی دڵخۆشکەر. پەردەی گوێم دەلاوێننەوە؛ وەکوو گوڵ دەمگەشێننەوە. بەڵام پیاو لە هەق لانەدا تۆ لە سۆنگەی دەسنوێژەوە، دەست و پاش پانییەت قەڵشیوە و تا بشڵێن زۆر سوژدە دەبا، کەمرەیەک وا بە توێڵتەوە کە من لەم دوانە بێبەشم!

ئێستا وەرە با سەرمەیان و زیانی خۆم و خۆشت لێکدەینەوە:

تۆ دەفەرمووی نوێژ کردن خودا دواندنە و تۆوی ئاخرەت چاندنە. من قبووڵمە و ئێژم ڕاستە. بەڵام هەر لە خۆت دەپرسم، بۆرەپیاگێ لەگەڵ یەکی پایەبەرزتر لە خۆیا وتووێژ کا، ئەمما نەزانێ چی ئەڵێ ـ مینا تووتی چەند وشەیەک کە واتاکەشیان نازانێ ـ ئەویش بە سرکە و دڵخورتی و ترس و لەرز لەڕووی کابرای پایەبەرز بدرکێنێ، بترسێ نەک ڕێ هەڵە کا، نەک «ض» و «ز»، یان «ص» و «س» جێ بگۆڕن و ئەو مانایەی کە نایزانێ لە جێ بچێ، چەند گاڵتە و گەپێکی خۆشە! تۆ نەزانی بە سەروەری خۆت چی ئەڵێی، چۆن ئەزانی ئەوی عەرزی ئەکەی باشە یان نا؟

با باسی نوێژ و خوا نەکەین؛ هەر خۆت ئەڵێم: نەک پەنجا ساڵ، هەر دوو مانگ، سێ مانگ کاورایەک گش ڕۆژێ پەنج جار بێتە لات، بە سەرکزی و لەبن لێوان قسە بکات. بەڵام نەزانێ چی ئەوێ و چی لە جەنابت گەرەکە. تۆ چی ئەکەی؟ چی ئەدەیتێ؟ جا نەخوازە ئەگەر بۆشت ڕوون بێتەوە کە ئەم کابرا ڕوو قایمە، بە بێئەوەی بزانێ چی لێت گەرەکە، لێی بۆتە خوو، ڕۆژێ پێنج جار یەخەت بگرێ و بە چەنەچەنی خۆڕایی گێژت بکا، چیت بەسەر دێ؟ تووڕە نابی؟ لە پێستی خۆت ناچییە دەرێ؟ ئەگەر بە پاڵە پەستۆدان دەری نەکەی لانیکەم جوێنی پێ دەدەی. خودای مەزن، خودای بەرز و بەدەسەڵات کە هەر لە خۆشتم بیستووە ئێژێ لە ئەحمەق تووڕەیە، لەو نەزان و گێلۆکەیە کە نازانێ چی گەرەکە و هەموو دەم بەربینگی دەگرێ، دەبێ چی بکا؟ چۆن هەر لە یەکەم

ڕکاتدا ـ پشت بە ڕووگە ـ بە شەقێک هەڵیناندێرێ و نایهاوێتە ناو ئەم دنیای سێهەمەوە کە وەک چوارپێ لە بەردەستی ئیستعماری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوادا بار بکێشێ و دڕک بخوا و سوپاس بۆ خوای لە دەمدا بێ و بە تەما بێ لە پاش مردن ئیشی باشە! ئەگەر ئێستا سەرزەمینی جەهەندەمە و لە سەریەتی بە دیلی و ژێردەستی و پەستی و دوورەهەستی گوزەران کا و خۆی ببێتە بوولەهەب و ژنی دارکێشی دۆژەهـ بێ، لەپاش مەرگی لە سایەی ئەو نوێژانەوە ـ کە ماناشی نە ئەزانین ـ دای دەکەنە ناو بەهەشت و لەوێش لەوەڕ سێوەرەیە!

**باوە گیان!**

تۆ هەر وەکوو گای کۆلووبیر، لەوەتا بیرت بردووە بە دەوری خۆتا سووڕ ئەخۆی، ناشزانی بۆ دێی و بۆ دەڕۆی. خۆت کز دەکەی قڕوقپ بێهەست و چرپە، لە قوژبنێک کروشمەتە. چاو دەگلۆفی تا تەڕایی لێ پەیدا کەی؛ گوایە دەگری! لە خواردن و خواردنەوەی خۆش بەپارێزی. ئەم نەدوێنی و لە سووچ کروشمە کردنە و کەم خواردنە و نەخواردنەت، ناو ناوە سۆفیگەریەتی.

وا دەشبینی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی کافری خاوەن دەستەڵات، وەک گورگی هار دەمیان ناوەتە ئیسلام و ناویان ناوین دنیای سێهەم. کاڵ و کوڵیومان دەڕفێنن؛ پێشەمان دادەکرمێنن؛ خەریکن لە بنەمان دێنن. کەچی تۆی سۆفی ممبارەک هەر متەقیشت لێ نایە. لەسەر مەزڵووم نایەیتە جواو. چۆن لات وایە دەنگ نەکردن یاخۆ شوکرانە بژاردن لەسەر ئەو ئەحواڵە تاڵە، بەرانبەر بە ڕەزای خوایە؟ ئەوە کام خوایە فەرموویە: ئەگەر زۆریشتان لێ کریا وەدەنگ مەیەن؟!

**باوە گیان! تۆ بتپەرستی**

تۆ پیاوێکی دەست و دڵ و داوێن پاکی؛ زۆر نوێژ دەکەی. بە گفتی خۆت خوای خۆتی تێدا دەدوێنی. ئەو خوایەش کە دەیپەرستی ـ وەک لە جەنابتم بیستووە ـ لە عاسمانە. دەسا من لام وایە ئێوە (تۆش و دایکم) گێرەتـــــان لە

دەشتەبێڵە و هێشتا دەخۆتان نەگەیون. ئەگەر تۆزێک بە سەرنجدان لە خۆتـان و دەوروبەرتـان بکـۆڵنەوە، تێدەگەن کە نوێژەکانتان بۆ بتانە. بتیش زۆرن: سەرمایەداری هەژارخـۆر، پاشـا و خونکـاری خـاوەنزۆر، مەلا و شێخی عابا لەبەر و شاڵبەسەر و زۆری وای لە ڕادە بەدەر. تۆ لە سـەرتە ملـت بـۆ هەموویـان کـز کەی. ناشێ هیچ کامیان عاجز کەی. هەرکامێکیان لێت بڕەنجێن، دنیا و قیامەتەکەت دەچێ.
بتی پێشوو لە بەردی ڕەق دەتاشران و بێزاد و تێشوو دەمان و دەم و ددانیشیان نەبوو. بەڵام بتەکانی ئێسـتا وەک خۆمانن؛ زوان زانـن. بەرگ و پۆشـاکیان گەرەکە. خانوویـان دەوێ بـۆ سـتار. خواردنیـان دەوێ بە تەغار. هەوەسیان هەس، ژنیـان دەوێ. زێـڕ و جەواهێریـان دەوێ. هەرچـی ئـارەزووی نەوسـنە، گەرەکە دەستیان بکەوێ.
ـ لە کێ؟ لە تۆی بەستەزمانی بە ئیمانی دڵ ساویلکە کە لات وایە ئەمـانە گزیـری خـودان لەسـەر زەوی. ئەگەر دەقورعان بگەیبای دەتزانی خوا نە گزیر و نە وەزیر و نە باجئەستێنێکی هەیە.
**ڕۆژووەکانتان:**
مانگێک ڕەبەق، تۆش و دایکم ڕۆژوو دەگرن. لە بۆلێڵەی بەیانەوە هەتا تەنگی نوێژی شێوان هیچ ناخۆن و ناخۆنەوە. لە تینوان لێوتان دەمژن و لە برسان هەر وەختە بمرن. بەڵام هێشتا حاڵی نەبـوون ئەو نەخـواردنە بۆ چییە؟ هەر ئەوەندەی لێدەزانن دەمی ژەمی قـاوەڵتی و شـێوتان گـۆڕاوە و هیچیتـر نـا. لە مـاوەی ئەم ڕۆژووانەدا کام برسی و هەژارتان تێر کرد؟ زمانتان بە چاکە فێر کرد؟ تۆبەتان کرد کە ئیتر بێفەڕی نەکەن؟ بەرلە ڕەمەزان چوو دەکرد، بە ڕەمەزان تەرکوو نەکرد. بەهرەی زگ هەڵقرچاندتان هەر هێندە بـوو مانگێـک دەمە تێشووەکانتان لێ هەڵوەشا و مـانگەکەیتر هـاتنەوە سـەردەقی پێشـوو. بەڵام لە سـای ئەو ژەم و دەم گۆڕینەتـــــان تووشـــــــی نەخۆشـــــــیش هـــــــاتوون و هێندێکیشـــــــتان تـــــــوون

به توون چوون.

منی بێڕۆژوو چی ئەکەم؟ جارجار سەر لە دوختۆر ئەدەم. ئەگەر گوتی چەورایی لە لەشتا زۆرە، تەوژمی خوێنت باڵایە ـ وەک خۆی ڕێگەم بۆ دادەنێ ـ ڕژێم دەگرم؛ خۆم لە نەخۆشی ئایندەم دەپارێزم.

**حەجەکەتان**

باوە! دایە! منیش لەگەڵتان هاتمە حەج[١٥] . باوە حاجی! زۆر باش چاوم لێ بوو چیت کرد. بە فڕۆکەی بۆینگی حەوسەت و حەوت هاتیە مەکە. هەرکە لە فڕگە نیشتەوە، دەستت برد لە تەنیشتەوە حەجنامەیەکی پەرپووتت ـ کە نووسراوی چەند پیاوی گەورە و بەناو بوو ـ لە خورجێنەکەت دەرێنا و ملت لێنا: «هەرگا گەیشتیتە مەکە و لە سواری وشتر دابەزیت، لاقی ڕاستت بەر لە چۆپەت بخە عەرزی»! وشتر لە کوێ و بۆینگ لە کوێ؟ لە حەجنامەکەتم ڕوانی؛ لەمپەڕ تا ئەوپەڕ پشکنیم؛ گشتی باسی چوونە حەجی چەندین سەدە لەمەوبەرە و تا ئێستا تاقە پیتێکی نەگۆڕاوە.

لەگەڵتا هاتمە مەدینە. تۆش چووی دەگەڵ هەزارە زیلەی حاجیاندا بەرامبەر بە ڕەوزەی پاکی پێغەمبەری خوا ڕاوێستای. زیارەتنامەی ئێرانیانەت لێک کردەوە و دەستت پێکرد. گشتی باسی پەرستنی کەسانێک بوو کە هەر نەشتزانیوە کێن؛ بۆچی شیاوی پەرستنن؟ ئەوی لەو زیارەتنامەدا زۆری سەرنج ڕادەکێشا، جوێن و نەفرینی بەبار بوو لەو کەسانەی کە حەجاجەکانی دیکە

زۆریان لەلا ممبارەک بوون. ئەو حاجیانەش خۆیان بە ئیسلام دەزانی و دەگەڵ تۆدا هاتبوونە ئەم شوێنە پاکە.

وەختی نوێژ هات. دەنگی بانگی موحەممەدی لە مزگەوتی پێغەمبەر دەنگی دایەوە. کۆمای حەجاج لووزەوی بەست: کاسبکار، بێکار، کاربەدەست، دارا و نەدار و ڕووت و کۆک، ڕەش و سپی و زەرد و سوور و کەوە و بۆر و عەرب و تورک و تەتار و هیندی و پاکستانی و چینی و ئەندونیزی و فیلیپینی و سەنیگالی و زەنگباری و ئەفغانی و میسری و سوودانی و هەزاران خەڵکی شوێنیتر، ڕژانە ناو مزگەوتەوە و بە بانگی «اللهاکبر» ڕیزیان بەست و ئەتوت مزگەوت دەریایە و لە ئیماندار شەپۆل دەدات.

لەو کاتەدا من خەیاڵم دابووە سەر تۆ. دەمگوت ئێستا باوەحاجیم ـ کە لە ئێرانڕا هاتووە و لە ئیماندا خۆی بە سەرتۆپی ئیسلامی دنیا دەزانێ ـ بیلالی حەبەشی ڕەشی دەنگخۆش و دەورانی خۆش و نوورانی پێغەمبەری خوا و یارانی کەوتۆتە بیر و دڵی گەرم داهاتووە و حاڵی جەزبەی لێهاتووە و دڵی بەم حاڵاتە خۆشە. کەچی لە نەکاو دیتمی وەک جنۆکەی ناوی خودای بەرگوێ کەوێ خۆت و چەند هاومەزەبێکت بە پەلەپەل کەوش بە دەست وزاقتان بەست. گازی لە یەکتر دەکەن و بەسەر خەڵکیدا باز دەدەن. ڕیزی جەماعەت بڕ دەدەن و دەردەپەڕن.

لێت دەپرسم: باوە چ بووە؟ چی قەوماوە؟ بەرەو کوێ وا تەنگەتاوی؟ بۆ لە مزگەوت نامێنی وێڕای ئەم گشت موسوڵمانە ڕیز ببەستی و نوێژ دابەستی؟

ئێژی: لاچۆ! ئێمەی شیعە دەگەڵ ئەمانە نوێژ ناکەین. ئەبێ لەم مزگەوتە ڕاکەین. جەماعەت دەگەڵ ئەوانەی لەگەڵمانا هەومەزەب نین نارەوایە. ئێمەی شیعە پێشنوێژی خۆمان جیایە. ئەشێ بچینەوە ئوتێل بۆ نوێژ کردن.

گوێم لێیە موسوڵمانیتر کە ئەتانبینن وا دەکەن، کەوش بە دەست لە دەست جەماعەت ڕادەکەن، بزەیان دێتە سەر لێوان و لەنێوان خۆیاندا پێکەوە باس و خواسیانە: ئەمانە ئەگەر ئیسلامن، بۆ لە مزگەوتی پێغەمبەر دەسڵەمنەوە؟ نەخێر وا دیارە هەر بۆیە هاتوونە حەج تۆی دووبەرەکی بچێنن؛ بە ئاشکرا

لە ڕووی موسوڵمانانی دیکەدا جنێوی پیس بە خێزانی پێغەمبەر و یارانی هاوکاری بدەن.

باوەحاجی! ئەو شیرینکاریە تۆ ئەیکەی هەر بە کاری ئیستعماری ڕۆژاوا دێت؛ کە هەل بۆخۆی بڕەخسێنێ و خۆتان لێ پکا بە گوێرەکەی سامیری و تێکتان بەردا و قوڕی دنیاتان وەسەردا. پێتان بڵێ: سوننی مەزەب ناسبی و سەر بە عومەرن و دژ بە وەچەی پێغەمبەرن. با سوننی مەزەبیش بێژێ: ئەم ڕافزیە شیعانە عەلی بە خودا دەزانن. لایان وایە قورعان دەسکاری کراوە و باسی خۆشەویستی عەلی لێ دزراوە. لاشیان وایە کتێبی «مفاتیح الجنان» (کلیلەکانی بەهەشت)، بیلاتەژبی بە قەدەر قورعان پیرۆزە. ئەم حاجیانە بۆ تەوافی ماڵی کابە نەهاتگن؛ هاتوون لە دەوری مەرقەدی ئیمامەکان بوخلێنەوە.

**باوە!**

لە تەوافا چاوم لێ بوو هەردووک شانی دایەحاجیت توند گرتبوو بەرانبەر بە ماڵی کابە، هەر ڕاستە و پاستەت پێ دەکرد؛ نەوەکا خودای نەخواستە بە قەدەر موو شانی خوار بێ و تاعەتەکەی لێ خەسار بێ. دەڵێی بۆمبا تەقاندنە ئەگەر سەرەسیمێک لار بێ، یان ناتەقێ، یان تەقێنەرەکەی دەکوژێ! کەچی هەر خۆشت دەتفەرموو: پێغەمبەر بە سواری وشتر حەجی دەکرد.

**باوی بەڕێز!**

بەداخەوە هەموو ژینت بەم ڕواڵەتپەرستیە لەدەس خۆ دا. وەک کەرستەی ماشێن دەچی دەبەر دەستی وەستاکەیدا؛ هەر چوویت و پرسیت: چۆن بکەم؟ قەت نەتپرسی بۆ وا بکەم؟

تۆ لە لایەک هێندە موسوڵمانی چاکی کە ناتەوێ گۆشەی شانی خۆت و ژنت بەقەد موویەک لە بەرانبەر کابە لابێ؛ کەچی هەر تۆی موسوڵمانی وا بە ئیمان کە پێت ئەڵێن: وا جوولەکە لە فەلەستین موسوڵمان قەتڵوعام دەکەن، ماڵ

بەسەر ژن و مناڵدا دەتەقێنن، هەر وەنازانی مێشوولەش بە بن گوێتا تێپەڕیوە. شانی بۆ هەڵـدەتەکێنی و بە بۆڵەوە ئەدرکێنی: ئا بە من چی! جا کێ دەڵێ عەرەبەکانی فەلەستین ـ کە هەموویـان مەزەب سـوننین ـ لە جوولەکە خراپتر نین؟ هەی دەستی جوولەکە خـۆش بـێ؛ دەبـا تـۆڵەی ئـیمام حوسـێنی شـەهیدیان لـێ بسـتێنێ. گـۆڕی گیانیـان. ئەوانەش لەو عەرەبـانەن کە فیلمـی بێعەدەبـانە دروسـت ئەکەن؛ ئـابڕووی ئیسلامیان بردووە. با شیعە بان تا بۆیان بە تەنگەوە بام!

حاجیەک لەو حاجیانەی ئێران دەیگوت: بە تانییەکەم گوم کردبوو. هەرچی گەڕام نەمـدۆزیەوە. چـووم لە بازاڕی عەرەفات بەتانییەکیترم کڕی. چونکە دەڵێن ڕیوایەتە: بێ پەتوو بچییە عەرەفات خێری نییە. لە بازاڕ دەگەڕامەوە. پەتووەکەی خۆم بە حاجیەکی ئێرانی دیت؛ ناسیمەوە. دیار بوو لێی دزیبـووم. بەڵام چـونکە ناشێ لە حەج ماڵی تەقەڵ دروەت پێ بێ، پەراوێزە چنراوەکەی لە پەتوو هەڵوەشاندبوو. واتا بەر شـەرعی خستبوو تا دزینەکەی حەڵاڵ بێ! دەسا وەرە بەو کـارە سـەیر و سـەمەرە پـێ مەکەنە. لە حەج، لە ئیحـرام بەستنا کە گۆیا خەزای گەورەیە و حەشر و نەشر و قیامەتمان بیر دەخاتەوە، تۆی مام حاجی پەتوو بـدزی و بۆ ئەوەی بو ئیحرام بشێ، تەقەڵی لێ هەڵوەشێنی و بە خەیاڵ وەبەر شەرعی خەی!

ڕەنگە بێژن: جا ئەوە حاجیەکیش دز بوو، گوناهی حاجیتر چییە؟ دەی بۆ ئەمەیتر دەڵێن چی؟

لەنێوان سەفا و مەروادا بۆخۆم دیتم جووتێک حاجی لە حاجیەکانی ئێرانی لەو جەنگەدا کە بە گورگەلۆقە کردن دەچوونە ڕێ و تەواو تەنگەنەفەس ببوون، یەکیان بانگی لەویتر کرد: ئاهای حاجیاغا! گوێ بگـرە. ئەم ڕۆژانە شتێکم بۆ دەرکەوتووە زۆر گرینگە. حاجی گوێگر بە هەناسەسواری دەڵێ:

ـ ئادەی کامە؟

ـ ئەم سوننیانە کە دێنە حەج وەک خۆمان نین هیچیان تەوافی ژن ناکەن. خۆیشت دەزانی هەر کەسێک لەم تەوافە خـــــۆ ببـــــوێرێ، حەڵاڵـــــی لـــــێ حەرام دەبـــــێ. جـــــا

بەو پێیە ئەم سونیانە کە باوک و دایکی هیچ کامیان لەم تەوافە بەشدار نەبوو، بۆ خۆت بزانە چی ئەڵێم...
ـ ئارێ ئارێ. هەر ئافەریم بۆ ئەو عەقڵ و کەماڵاتەت. واتا دەتەوێ بفەرمووی ئەمـانە هەموویـان: ئـاوا... هاها!

هەر ئەو ڕۆژە لەنێوان سەفا و مەروادا، دەگەڵ بژیشکێکی چازان بـوومە هـاوڕێ. دوکتـور دەیگـوت مـن لەمەوبەر لاموا نەبوو ئاییندارێ، بە تایبەتی زیارەتی حەج، تا ئەوەندە دڵبزوێن و گیـانپەروەرە. ژیـانی بـۆ دراو ماندوو بوون لەبەر چاوی پیاو دەبێزێ و لە تەماح و چاوچنۆکی و ئارەزووی جانەوەرانە ڕزگار دەبێ. کاکی دوکتور زیارەتنامەیەکی پێ بـوو، هەر تاوناتـاو هێنـدێکی لـێ دەخوێنـدەوە و بـۆ هەمـوو ڕسـت و وشەیەک مانای ورد و جوانی تازەی دەدۆزیەوە و هەر لە پەستاش بە دڵگەرمی بەهـ بەهـ و ئافەرینی بـوو. کەچی لەپڕ لە خوێندنەوەی زیارەتنامەدا گرێی کرد و بە سەرسامیەوە لێی پرسیم: شتێک لێـرەدا نـووسراوە من لە ماناکەی تێناگەم. تۆ پێم بڵێ!
کتێب دەڵێ: لەسەر پێپیلکەی چوارەمین وچان بدە و ئەم دۆعـایە ـ کە لەم پەڕەدا نـووسراوە ـ بخـوێنە؛ پووڵت زۆر دەبێ! ئەمە چییە؟ سەرم گێژ بوو من لە جوابی ئەم پرسیارەدا بڵێم چی؟ بابایەکی وا ڕۆشنبیر و زانا و ژیر بۆ یەکەمجار ئاییندارێ بێتە بیر و دڵی بۆ حەج بکورکێنێ و لە ماڵی دنیـا واز بێنـێ و لای وابـێ حەج، دڵی گەماری دنیادار بە جارێ مشتوماڵ دەکا و لە خشتوخاڵی زەمینـی بەتـاڵ دەکـا. گیانفیـدا بوونی سمایل، ڕۆڵەبەخشینی برایم لەڕای خوادا، وەبیر مرۆ دێنێتەوە. نومایشتی حەشر و نەشر و زینـدوو بوونەوەی شان دەدا. کەچی لەپڕ تووشی شتی ئەوەندە نامەردانە بێ کە کابرایەکی بێشەرمی پارەپەرسـتی ناڕەسەن خستوویەتە ناو کتێبی حەجنامەوە. ئای لەم نەنگ و ئابڕوو چوونە. بەڕاستی زۆر شەرمەزار بووم؛ دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو. ویستم پینەی پێدا بگرم، گوتم: دوکتور گوێ مەدەرێ. ئەو وشـە تورەهاتـانە بـۆ دەسـ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــبڕینی

حەجاجان کتێبفرۆشانی مەکە دەیخەنە ناو کتێبانەوە. مامۆستا زاناکانی دین هەرگیز بەمانە ڕازی نین. دوکتور بە زەردەخەندەوە زیارەتنامەی پێکەوە ناو پشتی بەرگەکەی نیشاندام. ناوی پیاوێکی زۆر گەورە و بەناوبانگ و جێ تەقلیدی زۆربەی زۆری شیعەی ئێرانی پێوە بوو. گوتی ئەمجار چی ئەفەرمووی؟ سەرسام دامام. ئارەقەی ڕەش و شینم کرد. هەر هێندەم لەدەس هات ڕاکەم و بەجێی بێڵم.

من ناڵێم پارە خراپە. بەڵام هەی بەدەم خواخواز و بە دڵ شێت و هاری پارە! ئەوە کارە؟ تۆ لەجیاتی ئەوەی هۆشت لەم شوێنە ممبارەکەدا لەسەر خودا و پێغەمبەر و مەرگ و زیندوو بوونەوە بێ، بیرت لەسەر لیرە گیر بێ و ئەویش لە کوێ؟ لەسەر پێپیلکەی چوارەمی سەفا و مەروە؟ گوایە لەوێ پوول دەبارێ؟ دەک داوەشێی!

مام ئاخوندی موشتەهید و پێشەنگی گەل! بە شەرەفت ـ ئەگەر هەتە ـ سوێندت دەدەم ئەو پووڵ وماڵەی خۆت هەتە لە کوێت هێنا؟ پەیڕەوانت نەیاندایەی؟ دەستت بۆ پان نەکردنەوە؟ سواڵت نەکرد؟ هەر ساڵە و ساڵ هاتیە حەج و چوویتە سەر پلەی چوارەمی سەفا و مەروا و دۆعات خوێند و لە عاسمانەوە بۆت باری و بە خورجێنی پڕ زێڕەوە بەرەو ئێران هاتیتەوە و تا ساڵیتر لە خزمەت دایەخانمدا گوزەراندت.

من دەزانم پووڵت زۆرە. تۆش دەزانی لە پلیکانی سەفا و مەروات نەهانیوە. لەو کێوە سکە لێ نادەن. من دەزانم؛ تۆش دەزانی. ئەو پووڵانەت لە داڵانی ئاوەدانی خانووی بەرزی لەسەر تەرزی ئیتالیایی و ئەمریکایی دەسکەوتووە.

مامۆستا گیان! تۆ دەچی بۆ بەستەزمانی هیچ نەزانی ساویلکۆکە بەرنامەی حەج لەڕووی کتێبی هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە ئەنووسیت. هیچ بیرت بۆ ئەوەش ناچێ تۆزکاڵێک دەسکاری بکەی و دەگەڵ ڕۆژگار چەرخی بدەی.

ئێستە حاجی بە سواری فڕۆکەی بۆینگ دەچنە حەجێ. تۆ هەر باسی سواربوونی وشتر دەنووسیت. بەرەکەتی ڕاستەبازاڕی حەتاران ئاخۆ چییە؟ پلەی

چوارەم لەنێوان سەفا و مەروایە بۆچی خەزێنەی تێدایە؟
تۆ ئەنووسی: ئەگەر لەژێر لووسی کابە ئەم تووکەی کە من نووسیومە دژی دوژمنت بخوێنی، خودا دەیکاتە قالۆنچە! ئەگەر هەزار نەخۆشی و لەش بەباریت بێ، ئەم دۆعایەی من بخوێنە، هیچ خەش لە لەشتا نامێنێ!
کابرای ساویلکەی بڕواکار لای وایە ئەم نووسراوەی تۆ لە سەرچاوەی قورعانەوە هەڵگیراوە و بڕوای پێیە و دۆعاکانت دەکار دەکا. لە ئەنجامدا گەر کار نەکا و دوژمن نەکرا بە قالۆنچە و باری لەشی گرانتر بوو، ئەگەر لەسەر پلەی چواری سەفا و مەروا پووڵ و پارەی بۆ نەباری، چی بەسەر دێ؟
لێم ڕوونە کابرا هەرچەندی گێژ و هور و ساویلکەش بێ، بڕوای بە ویرد و قورعان و دووکانەکەی تۆش نامێنێ.
**باوی بەڕێز!**
قسەکانت لەمەڕ دینەوە یەک ناگرن. جارێک ئێژی: سامانی دنیا هیچ نییە؛ هەژاری نیعمەتی خوایە. ئێژی پێغەمبەر فەرموویە: شانازیم بە هەژاریمە.
کەچی جارێتر ئەفەرمووی: پیاو بچێتە زیارەتی فڵانە ئیمام، فیسارە ئیمامزادە، دەس دەشوباکیان وەرێنێ، ئەسرینان زۆر هەڵوەرێنێ، فڵانە دۆعاش بخوێنێ، خوا پارەی فرەی ئەداتێ. من دەزانم تۆش دەزانی پووڵ بە گریان و بە زیارەت پەیدا نابێ. بەڵام سەیرەکە لەمەدا زەقزەق دیوتە هەموو دارایی وڵاتت، هەموو کانگای پڕ لە نەوت و زێڕ و زێوت، بەروبووی پێدەشت و کێوت، لادین دەیبەن و دەنگ ناکەی!
بە عەزرەت و ئاواتەوەی لەو سامانەی لێتی دەدزن هەزار یەکێکت بدەنێ؛ ناشت دەنێ. خۆت ڕووت و ڕەجاڵ و بەتاڵ و پەرێشانحاڵ، چاری ناچار بە ویرد و دۆعا و نوشتەوە و فوو لە دەورەی خۆکردن و نووکەنووک و گریانەوە خەریک دەکەی؛ تف قووت دەدەی؛ دڵخۆشی خۆت دەدەیەوە: ئاهـ چی لێ بکەم؟ با دنیا جەژنی کافر بێ. کافر وەک داڵ و قاڵاون. لە کەلاکی بۆگەنی دنیا هاڵاون. با

بیخۆن خۆ لەدوای مردن لە بەهەشت و هۆری و شیر و هەنگوینی پـاڵاوی بەشـی موسـوڵمان بێبەشـن؛ بەخت ڕەشن. ئەوسا گزوفتیان ئەدەین.

من تێناگەم چۆن دوو دژ لێک کـۆوە دەکەی. لە لایە پەسـنی هەژاری و هەناسـە ساردیم بـۆ ئەدەی. لە لایەکیش بە گریان و پاڕانەوە داوای پووڵ لە خودا دەکەی. کامیان باشـە؟ هەژاری یـان پـارەداری؟ ئەگەر دەڵێی پارە باشە، پارەی کانگای وڵاتەکەی خۆت باشترە وەری گـری، یـان ئەو پـووڵەی لە سـەفا و مەروا دەبارێ؟ بمبوورە ئەگەر پێت بێژم: گێژی و ئاگات لەخۆت نییە.

دەی من کە لات لامەزەبم چیم پێ باشە؟

بەبڕوای من ئێمەی موسوڵمانی هەژار کە نامۆی خودانەناسـی داگیرکـاری بێبەزەیـی وڵاتـی لـێ داگیـر کردوین، گشمان یەکتری بگرین و دەس لە دەس و قەوەت لە خوا، دەگژی ڕاچین و داپاچین و لە وڵاتی خۆمانی دەرکەین و ئازاد بژین و بە ئازادی سامان و بژیو پەیدا کەیـن. بـۆ داگیـرکەر دەرکـردنیش گەرەکە کەرستەمان بێ. بۆ پەیدا بوونی کەرستەش ئەبێ دەرسی زۆر بخوێنین. هونەرمەند و پیشەسـاز بـین. ئەوی داگیرکەر دەیزانێ خۆمان فێر کەین تا بتوانین دەرۆستیان بێین.

هەتا ئێمە دەسمایەمان تەنیا پاڕانەوە و گریان لەبەر گۆڕی ئیمامان بـێ، هەر ژێرچەپـۆکە و یەخسـیری ئەو زۆردارانە دەمێنین کە لە خۆمان زاناتر و وریاترن.

**کەربەلا**

باوە! تۆ چیرۆکێک هەس، باسی حوسێن و کەربەلا. دایم و دەرهەم بە ساڵ، بە مانـگ، بە شـەو، بە ڕۆژ، کردووتە بە بنێشتە خۆشکە و دەیجوویەوە. دەگەڵ چیرۆک گوتنە کەشا بە کوڵ دەگری و دەبارێنی. من ئەو چیرۆکە نازانم چۆنە، چونکە خۆیشت هیچ لەو بارەوە نازانی تا بۆمانی شی کەیەوە.

لێت ئەپرسم: حوسێن کێ بوو؟ بۆچی کوژرا؟

تـــۆ دەفەرمـــووی: نەوەی پێغەمـــبەری خـــوا بـــوو، گیـــانی خـــۆی کـــردە قوربـــانی لە

پێناو موسوڵماناندا.

ـ قوربانی دانی گیان چییە؟

ـ لە کەربەلا خۆی دایە کوشت تا لەڕۆژی قیامەتدا تکاکاری ئۆمەتی باپیرەی خۆی بێ.

دەیسا باوە ئەم جواوە تەواو لە وێنەی وەرامی فەلەکانی خاچپەرستە لەسەر لەداردانی مەسیح. ئەویش دەڵێن: بابەدەم سێوی دزیبوو، لەسەر دزیەتیەکەی گراو لە بەهەشتی خوا دەرکرا و دەرگای بەهەشت لەخۆی و زاڕۆڵەکانی گاڵە درا و بڕیار درا ئیتر نە ئادەمی سێودز نە بێچوولە و نەوەکانی ئەو سێودزە ـ نەبە ئاشکرا نە بە دزی ـ تازە نایەنەوە بەهەشت؛ مەگین قوربانی وا بدەن کە خوای گەورە لە بارتەقای سێوی بەهەشتی بزانێ و دایانکاتەوە ناو بەهەشت. مەسیح بوو بەو قوربانییە و خۆی بە جوولەکان بە کوشت دا و تاوانی سێو دزینەکەی باوەگەورەی بە خوێنی خۆی بژاردەوە.

ئەگەر ئەم فەرموودەت ڕاست بێ و ئیمام حوسێنیش وەک مەسیح لە ڕێی بەخشینی گوناهی موسوڵمانان خۆی کردبێتە قوربانی، ئیتر یەزید و یارانی خەتابار نین. بە قسەی تۆدا جەنگی حوسێن دەگەڵ یەزید بۆیە نەبووە کە زوڵمی زاڵم نەمێنێ و بەرەی زۆرلێکراوی هەژار لەژێر دەستی خونکاری لاسار و کافر ڕزگار بکا و دادی بێچاران بستێنێ. حوسێن بۆیە خۆی دابەکوشت کە ئێمە بۆ گوناه کردن بێلەمپەر بین؛ هەرچی کاری پیسە بیکەین. بەڵام لە دەی مەحەڕەمدا بۆی بگرین و لەخۆمان دەین. ئەویش لە ڕۆژی قیامەتا ئۆباڵمان وەئەستۆ بگرێ و لە سزای خوا ڕزگارمان کات. ئیتر باسی دنیا و منیا نییە. پوختەی باسەکە وای لێ دێ: هەرکەس موسوڵمانی باشە و پەیڕەوی ئیمام حوسێنە، هەمووی حەواڵەی پاش مەرگە و پاداش لەو دنیا وەردەگرێ و کاری بەم دنیایە نییە!

بەڕاستی ئەم فەرمایشتەت بۆ ئەوانەی دنیاخۆرن و خاوەنزۆرن و هەژاران دەکروسێننەوە، چاکترین دڵخۆشکەرەیە و بۆ لاواز و لانەواز و لێقەوماوان،

بەهێزترین تەزێنەری مێشک و دڵە.

**باوکی بەڕێز!**

من دەمەوێ لە دنیادا قارەمانێ وا هەڵکەوێ دەهانام بێ؛ دەستم بگرێ. زوڵمی زۆرداری بەدکارم لەسەر لابا و مافم نەخورێ. هانەم بدا لە ڕێگەی ئازاد بوونمدا بەگژ داگیرکەردا بچم. بۆ پارێزگاری لە ناموس، لە ئابڕووی گەل، سەنگەر بگرم و بۆی بمرم. وامدەزانی حوسێن ئەو قارەمانە بوو کە بۆ دیفاع لە مافی چینی بەشخوراو بەرەنگاری یەزید بووە و لەڕای ڕزگاری هەژاران شەهید کرا؛ کارەکەیم زۆر بەدڵ بوو. کەچی وا تازە تێدەگەم کە هیچ کاری بەسەر کاری هەژارانی بێپەنا و بێبناوانی چەوسێنراوی بێتاوانی دەورانی ئەمەوی نەبووە. ئەم جەنگ و خۆبەکوشتدانەی هەر بۆیە بوو لە مەحشەرا تکا بۆ ئەوانە بکا کە محەڕەم بۆی گریاون. دەیسا پێم بێژە کەربەلا ـ جگە لە قازانج و بەهرەی بۆ مام مەلا ـ کام دەردی من دەرمان دەکا؟

باوە! وەبیرت دێ جارێ لەبارەی ئەم مەبەستەوە عەرزم کردی کەربەلا چۆن بۆ مەمانان ـ کە لەم ڕۆژگارەدا دەژین و سەدهەزاران گرێ و گۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیمان تووش هاتووە ـ بێبەهرەیە، تۆ لە وەرامی ئەم قسەم کتێبێکت پێ نیشاندام، فەرمووت: ئەمە بخوێنەوە تا تەواو دەمکوتت بکا. کتێبەکەم لە تۆ وەرگرت. ناوی ئایەتوڵڵایەکی بەناوبانگی لەپشت بەرگەکە نووسرابوو؛ کە لە شاری پیرۆزی قوم دادەنیشێ و ئەم کتێبەی دەربارەی خوێنی حوسێن و کارەساتی شەڕی کەربەلا داناوە.

پێشەکیەکی بۆ نووسیوە بەخۆی هەڵدەڵێ و خۆیمان وا پێ دەناسێنێ کە لە زانستی ئایینی و ئابووریشدا پسپۆڕی هەرە گەورەیە.

لە شوێنێکی ئەو کتێبەدا نووسراوە: ڕاپەڕینی ئیمام حوسێن دژی یەزید، بۆ هەموو خەڵکی سەرزەمین و بەتایبەتی بۆ موسوڵمانانی ئێران خێر و خۆشی و خەنی بوونە. ئەم خەنی بوونەش دوو جۆرە: یەکەمیان گەشــــــــــــــــــــــــــــــــــەی دەروونە و

دووهەمیان هۆی پوولدار بوونە:

**١ـ** گەشەی دەروونییەکە چۆنە؟ ئەگەر ئێستا کۆمەڵێک لە تـوێژەرەوە و ژمـارگەی زۆر کـارامە تێکـڕا بـێن و سیایی ناوی ئەو هەموو ژن و پیاوانە، ئەو هەموو بیـر و لاوانە، ئەو هەمـوو جـووتە چـاوانە کە لە پرسـەی ئیمام حوسێندا گریاون و لە سۆنگەی ئەو گریانەوە لەلای خواوە بەخشراون و بۆ بەهەشـت بەڕێ کـراون بگرنەوە، بە بێگومان لە میلیۆن و چی‌چی‌لۆنیش تێدەپەڕێ و هێشتا نیوەشی نانووسرێ.

**٢ـ** لەبارەی ئابووریشەوە: هێندە بە بەهرە و گرینگە کە ئەشێ لە بەرانبەریا لـۆرت و خـاوەن سـەرمایەکان، پسـپۆڕانی زانسـتی مـاڵ بە ماڵـدان و سـارد و سـەودا و بازرگـانی لە جیهانـدا کڕنـۆش بەرن و بـزانن دەستەوستانن.

من کە تا ئێرەم خوێندەوە، تەزوێکی ساردم پێدا هات. یاخوا خێر بێ. ئەی بۆ منێک کە زۆر شتم لەم بارەوە خوێندۆتەوە تێنەگیوم کە بەهرەی ئابووری گریان بۆ حوسـێن و قـازانجی چـوونی کەربەلا لە چیـدایە و چۆنە و چەندە؟ وا دیارە من نازیرەکم. ئەو مامۆستا بلـیمەتەی ئەم کتێـبەی بـۆ نووسـیوین، لە زیرەکـی و لێهاتوویی شتی وای دۆزیوەتەوە کە بە بیری ئێمەی سادە و تێنەگەیشتوودا نایە.

مامۆستای زانا ئەم باسەی شی کردۆتەوە و فەرموویە: سەرنج بدەن! هەموو سـاڵێک ئەو هەمـوو خەڵکـی ئێرانەی موسوڵمانە لە سەبزەوارەوە بگرە تا قەزوێن و دەوروبەری لە گونابـاد و کاشـان و یەزد و سـمنان و کوردکۆی و موحەمەدئاباد و گش‌لا، لە سەرانسەری ئێرانـدا، گشـتی دەچێـتە کەربەلا بـۆ زیـارەتی ئـیمام حوسێن؛ دروودی خودای لەسەر بێ.

هەریەک لەو زیارەتکەرانە بۆ باروبنەی سـەفەریان، بـۆ تۆشـەی ڕا، کەل‌وپەل دەگەڵ خـۆ دەبەن. لەکـاتی گەڕانەوەدا چییان پێ هەبێ دەیفرۆشن. ئەوسا بۆ دیاری و متفەرک و یادگاری، شـت لە کەربەلا دەکـڕن و دەیهێننەوە. ئەم کڕین و فرۆشتنە و ماڵبەماڵە و کەل‌وپەل پێک گۆڕینەوە، هەموو ساڵێک ئەوەنـدە بـازاڕی

ئێران وە برەو دەخا و هێندە قازانجی ئابووری بە ئاپۆرە دەگەیەنێ کە لە سەرانسەر دنیادا هێشتا وێنەی نەدیتراوە.

دەئاخر چۆن پێ‌نەکەنم؟ دە یاخوا نووسەری گەورەی سوالکەر و چەورەی نارەسەن! ماڵت برمێ بۆ کەریەتیت! ئەگەر بۆخۆت گێل و حۆل و ماڵوێرانی، خەڵکی بۆ بە کەر دەزانی؟ من ناڵێم مێشکت کار بکا؛ بەڵام هەر چاوت کوێر نەبا و دەوروبەری خۆتت دیبا، دەتزانی کە شیرکەتێکی زۆر چکۆلەی بازرگانی لە ژاپۆندا چەند ئەوەندەی بێنە و بەرەی ئاڵوگۆڕی ماڵ و کاڵای تێدا هەیە. تەنانەت هەر شارەزاییت لە شارۆکێکی ئێران با ـ کە چەند کاڵای دەرەکی دەتوێنێتەوە و تەرازووی هاوردە و بردەی هەتا کوێ دەخوێنێتەوە ـ ئەم فەرمایشتە قۆڕانەت نەدەفەرموو. تەپڵەی لباد بە سەرێکی شەکاڵ شڕۆڵی دێهاتی بە جەنابت خەڵەتاوە و هانت داوە سەفەری کەربەلا بکات. ئەو پووڵ و پارەی هەیەتی خەرجی چوون و گەڕانەوەی دابین ناکا. سوور دەزانێ لەوانەیە لە نیوەی ڕێگە پەک بخا و زیارەتی بە نسیب نەبێ. چاری ناچار پەڵاسێک، تەشکەبەرەیەک، تەختە کوێنێک، خورجێنێکی پڕ لە پینە دە لابارەکەی ڕادەکا. لە کەربەلا بە عارەبێکی پاپەتی، وەکوو خۆی ڕووت و نەگبەتی دەفرۆشێت و بەو چەند قۆشە و قرۆشەوە دەچێتە بازاڕی کەربەلا، بەردەمۆر و خۆڵی تەیەمموم کردن و تەزبیحی ڕەشی گڵ دەکڕێ و دەیکاتە دیاری دەستی خۆی بۆ هاوسا و دەر و جیران و کەدخودا و منداڵەکانی و بۆ ئاخوندیش پارچێک قوماشی کڕیوە. ئیتر چیتر؟

دەک یاخوا لە بەغیلیانت سۆمایی چاوانت دابێ! تۆ لات وابێ ئەم سارد و سەودایە زۆرە و پڕقازانجە، لە سەرانسەری جیهاندا هێشتا وێنەی نەبینراوە! وا بیربەری تێر و تەسەلی ئێرانیان بە سەفەری کەربەلاوە بەستراوە.

هیچ بە دووریشی نازانم بۆ دینەوەی ئەم بیرە قووڵ و ژیرانەت ئیمام حوسێن بە منەتباری خۆت بزانی. پێت وابێ ئیمامی شەهید پێویستە سوپاست بکا کە تۆی بلیمەت و زانا تێگەیشتووی شۆرش و خۆ بەکوشت‌دانی هەر بۆیە بوو کە تەزبیح و بەردەمۆران وە برەو بخا و ئێرانی پێ دەوڵەمەند بن!

ئەگەر ئەو شەهید نەبووبا و ئەگەر یارانی پاکی ئەو لەسەر خاکی کەربەلا خوێنیان نەڕژایە، کێ ئەو هەموو بەردەمۆرە و قوڕە زۆرەی تەزبیحانی دەکردە تەنخوا و سەرمایەی بازرگانی لە ئێراندا؟
خوا نەیبڕێ نیو ئەوەندەی ئەم ئێرانە تەزبیحی گڵ و بەردەمۆر لە سەرانسەری ئەمریکا و ئورووپادا دەس ناکەوێ.

**بەڵێ، باوکی ئاییندارم!**

گەورەترین سوود و بەهرەی شەهیدبوونی ئیمام حوسێن ـ کە بەڕاستی ڕووداوێکی دڵتەزێنە و دەبوایە سەرمەشق بوایە بۆ خواناسینی بەڕاست و فیداکاری لەڕای هەقدا و سەردۆڕاندن لە ڕێگەی مافی ڕەوادا ـ لەلای خاوەنی کتێبی نووسراوی موجتەهیدی قوم، کە بە ناوی «دیفاع لە حوسێنی شەهید» ناو نراوە، بۆ بەرەنگاری یەزید و نەمانی زوڵم و لاساری بەردەی دەستەڵاتدار نەبووە؛ داڕژتنی پڕۆژەیەکی ئابووری پڕ لە سوود و سەرمایە بوو کە بەردەمۆر و تەزبیحی گڵی کەربەلا بفرۆشرێ و ئێران پێ ببووژێتەوە.
با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەو پیرە مامۆستایەی خاوەنی ئەم فیکرە بیکرە، هەر لەو کتێبە جوانەیدا وێڕای باسی ئیمام حوسێن و پڕۆژە پڕقازانجەکەی، هەتا زمانی گەڕاوە و هەتا تەڕایی لێ بڕاوە، جوێن و سخێفی ناڕەوای بە ئەسحابە و موسوڵمانانیتر داوە؛ کە لای وا بووە ئەویش هەر بەرژەوەندی ئیمانە.
هەر ئەو کابرا کتێبنووسە ـ کە وەک وتمان لەشاری قوم دادەنیشێ و ڕیشێکی پڕپشتی هەیە و بە قسەی خۆیدا سەرگەلەی مامۆستاکانە ـ دزی لێ ئاشکرا بووە؛ چی کردووە؟ هێناویە قسەی لاتانەی ئەو نامەرد و چرووکانەی کە دەربارەی حوسێنیەی ئیرشاد دەیکەن و دەیانەوێ ئەو شوێنە پیرۆزە سووک کەن ـ بێدەسکاری ـ بە بێئەوە شەرم بیگرێ، بە ناوی خۆی خستوویەتە ناو کتێبەکەیەوە و خوێندەوار وا حاڵی دەکا کە ئەم درۆ و هەڵبەستانەش هی خۆیەتی!

دەی من نـاڵێم ئێـوە بڵـێن! پیـاوێکی وا درۆ و بوختـان و قسـەی پـیس لە پیـاوی درۆزن بـدزێ و نـاوی نامەردەکەی پێشووش وە بن لیچدا و بە دووسەرە ببێتە دز، کێ بـڕوا دەکـا ڕاسـت بکـا و ئـیمام حوسـێنی خۆش بوێ و دزی وا چۆن ڕای دەکەوێ باسی ئیمام حوسێن بکا!

**باوە! دایە!**

ئەگەر ئێوە لاتان وایە ئەم چەند کەسە ناکەسانەی درۆهەڵبەست و بوختانکەر نابن بە بەڵگەی شوورەیی بۆ ئاییندارانی دیکە و دەڵێن چەم بێ چەقەڵ نابێ و ئەم بابەتە کتێبنووسە زمان لووسـەش چەقەڵـی چەمـی ئیسلامن؛ پێتان وایە کتێبی زۆر باشتر هەیە کە پیاوە بەناوبانگەکان نووسیویانە و هەرچی فەرموویانە ڕاسـتە و گەرەک ئەوان بخوێنمەوە، خاسە؛ بەڵام با بزانین ئەو کەسەی لە دانشگا خوێندوویەسـی؛ بزیشـکە یـان ئەندازیارە یان دەرسبێژی زانکۆیە و لە ئابووری و کیمیا سەری دەردەچێ؛ بە درێژایی تەمەنی خـۆی هەر کتێبی ڕۆشنبیرانی بێـدینی خوێنـدۆتەوە؛ شـارەزایی لەسـەر وێـژەر و وێژەوانـی ئورووپـایی ناموسـوڵمان دەبڕێتەوە؛ ئێستا ئەگەر دڵی بۆ ئیمان لێ بدا و بمانەوێ کتێبی خۆمان وەخوێنێ، چۆنی ئامۆژگاری بکەین کە کێهە کتێب زۆر باشە و لە کامەیان بەهرە بەرێ؟ نازانم تۆ چی ئەفەرمووی؟ بەڵام مـن خـۆم لەم وەرامە دادەمێنم. بۆچی؟ چۆن دەبیـنم بـۆ نمـوونە فـلان کتێـب زۆر زەلامە؛ نـاوی پیـاوی زۆر زلیشـی لەسـەر بەرگەکەی نووسراوە. بە چەندین نازناوی ڕەنگین دەوری ناوەکەی دراوە. هەر خاوەنی ئەم کتێبە بەناوبانگە لەسەر مینبەر ئامۆژگاری نەخوێندەواری گەل دەکا؛ ئاییندااران دەگریەنێ؛ گەورە و گچکە خۆشیان دەوێ. چەند ئاخوندی زانا و داناش پەراوێزیان بۆ ئەو کتێبە نووسیوە و فەرموویانە: هەرچی فەرمـوویە پەسـندە و تەواو بەر ئیسلام دەکەوێ. کەسێک سەری لە مانـای قورعـان دەرنەچـێ، چـۆن دەزانـێ کە هەرچـی لەم کتێبەدا، لە قورعاندا نەنووسراوە؟

هەر هەمان مەلاش فەرموویە بۆ پیاوی ڕەمەکی ناشێ مانای ئایەتان بزانێ. واتا ئێمە لەسەرمانە بێ لام و جوم هەرچی لەو کتێبانەدایە بە فەرموودەی خوا و پێغەمبەری بزانین و نقە نەکەین!
جارێکیان لە خۆتم پرسی: باوە! تۆ کامە کتێبت زۆر پێ باشە بیخوێنمەوە؟ ناوی کتێبەکەت برد و فەرمووت سەرتۆپی هەموو کتێبە ئایینییەکانی ئەمڕۆیە و کەس ناتوانێ لەڕووی نووسەرەکەیدا بکۆخێت. ئەو هانەدانەت هەڵینام پەیدای کەم و بیخوێنمەوە.
سەردێڕی یەک لە وتارەکان وا نووسرابوو: «پێغەمبەر لە سەرەمەرگا چۆن وەسیەتی بۆ عەلی کرد؟» بە خوێندنەوەی ئەم سەردێڕە مچوڕک و تەزوم پێدا هات؛ لەشم وەسەر ئارەق گەڕا. دەبێ پێغەمبەری خودا لەلای عەلی ـ کە ئامۆزا و یاری هەرە بەڕێزی بوو ـ چی فەرموبێ؟ لێم ڕوونە باسی ڕووداوی داهاتووی چەند هەزارساڵی پێ فەرمووگە. ئەم وەسیەتە هێندەی شتی پڕ لە بەهرە بۆ موسوڵمانان تێدایە کە مەپرسە. داخوا دەربارەی ئەم دینە و دەربارەی ئەم سەرزەمینە چەند ڕازی نهێنی و گرینگ بە ئیمام عەلی گوتراوە کە لەپاش کۆچی پێغەمبەر ئەو بیزانێ و کەسی‌تر ئاگای لێ نەبێ.
باوە گیان! ئێستا دەزانم تۆش بە هەڵپەی کە بزانی ئەم وەسیەتەی کە پێغەمبەر بە گوێی عەلیدا دەچپاند چەند گرینگ بوو؟
دەساوەرە با پێکەوە ئەو کتێبەی کە خۆت فەرمووت گەورەترین کتێبی مەزەبیمانە لێک کەینەوە و ئەو مەبەستە کە باسی ئەم وەسیەتەیە پێکەوە بیخوێنینەوە و لەسەر سامی ڕزگار ببین. دەقی نووسراوی ناو کتێب لەو بارەوە بەم جۆرەیە کە لە خوارەوە نووسراوە: «پێغەمبەر هەستی کردبوو کە زۆر لە دنیا نامێنێ. ویستی وەسیەت بۆ خۆشەویستی خۆی (عەلی) بکا؛ لەدوای کۆچی دوایی ئەو عەلی چی بکا؟ حەزی نەدەکرد هیچ کەسێک بەم کەین و بەینە بزانێ. تا ڕۆژێک هەلی بۆ ڕەخسا و دوور لە چاوی چاونەزێران خۆی گەیاندە ماڵی عەلی. دوور لە ئەغیار و گوێ‌دێران پێغەمبەر وەسیەتەکەی کرد فەرمووی: عەلی! زۆر

دەمێکە دوو نهێنیم لە دڵدایە گەرەکمە هەر بە تۆی بێژم چونکە لەتۆ خـاترجەمم کە ڕازی مـن لەلای هـیچ کەس نادرکێنی. دەیسا بەڵێنم پێ بـدە کە ئەم دوو ڕازە گـرینگە بە کەس نـاڵێی. عەلـی فەرمـووی: بەڵـێن دەدەم».

من کە گەیشتمە ئەو حاندە باوەڕ بکەن هەموو لەشم هاتە لەرزە دەبێ پێغەمبەری ئاخرزەمان لە دواڕۆژانـی ژینیدا کام دوو ڕازی زۆر بەنرخی بە ئامۆزای خۆی فەرمـووبێ؟ مامۆسـتای نووسـەری کتێـب دوای ئەو پێشەکیە بە سامە، باسی وەسیەتەکە دەکا و دەڵێ:

«پێغەمبەری خودا فەرمووی: من زۆرم نەماوە بمرم. لێم ڕوونە هەر لە ماڵی تۆ و لە باوەشی تۆشدا دەمـرم. جا هەر کاتێک لە کاتی گیانەڵاومدا سەرم وە سەر سنگی تۆ کرد، زۆر وشیار بە! هەرکە دیتت گیانی پاکم لە لەشم جوێ ئەبێتەوە، تۆ هەر لە جێ دەستت بە دەممەوە بگـرە و گیـانم بۆخـۆت بقـۆزەوە و دەسـەر و چاوتی هەڵ بسوو؛ مەهێڵە لە دەستت دەرچێ! ئەمە یەکیان. دووهەمینیـان هەرکە مـردم گـوز و گـومبەت دەستت بەرەو سیرەتمی پێ داپۆشە کەس نەیبینێ. چونکە هەرکەسێ ببینێ سۆمایی چاوانی دادێ و کۆرە دەبێ.» وەسیەت خەلاس! تۆ بەخێر و من بە سڵامەت.

جا ئێستا باوکی بەڕێزم! هەقم پێ دەدەی یان نادەی؟ کە من لەو ڕێبازەت دەرچم و بەرەو شـوێنێکیتر بـاز دەم؟ وەشوێن چارەنووسم کەوم و لە زانست و خوێندەواری و هونەرمەندی گەلانی دنیای ڕووناکی بەهرە بەرم؟

تۆ پێت خۆش بـێ و پێـت نـاخۆش بـێ لەجیـاتی ئەو کتێبـانەی تـۆ نـاوت نـاون مەزهەبـی، مـن کتێـبە بەناوبانگەکانی دنیا کە پڕن لە ئامۆژگاری زۆر بەنرخ و پیاو بەرەو ڕووناکی دەبەن دەخوێنمەوە. بـۆ متـاڵا: گەمەی نێو ئەوین و مەرگ، شۆڕشـی گەورەی فەڕانسـە، بـا دارشـکێن وەخەبەر بـێ، سـەربەخۆ بـوونی ئەمریکا، پێشکەوتنی پیشەسازی ئینگلیسەکان، چین لە شەڕدا، شەوی ڕەشی کۆیلەداران، پێنجەمین ساڵی ڕاپەڕین لە جەزایر، چارەڕەشانی سەرزەوی، بۆ ئەفریقا، ئاژاوەی شەکر لە کووبا و شتیتریش هەڵدەبژێرم و مێشکی خۆمیان پێ دەسپێرم.

ئەمادارم بەم بۆنەوە دەگەڵ پیاوە گەورەکانی پایەبەرز و فەیلەسووفانی جیهانی کۆن و تازەی وەکوو: ڕۆمان ڕۆڵان، مالرۆ، ئارن، مۆریس توریز، لوکاج، نەهرۆ، فەرحات عەبباس، فلانتز فانۆن و ئەبولکەلامی ئازاد و سارتر و کەسانیتردا ئاشنا بم. پەند و ئامۆژگاریەکانیان بکەمە ڕێبەری خۆم و لەسەر شوێنی ئەوان بـڕۆم. تۆی بەسەزوان و سـاویلکە، جـگە لە باسـی کەربەلا، ئەویـش چـۆن باسـێک؟ ئەوەی کە خێـوی کتێبـی پڕجنێوی مەلای قومی کە دەربارەی باری ئابووری لە کاروانی کەربەلا نووسیویەتی ناخوێنییەوە، بەتەمای منیش وەکوو خۆت لە دنیا بێخەبەر بکەی! بێ‌هەست و خوست چاوم لە فەرموودەی تۆ بێ. تـۆیش هەر کتێب و نووسراوێک ئاخوند نەڵێ بیخوێنەوە، بە کفرنامەی بزانی و ڕێگەم نەدەی تماشای کەم؟ هەر زانایە لە دنیادا نووسراوەکەی بۆ گریاندنی سەر مینبەر بەکار نەیەت، بە گومڕاکەر ناوی بەری و فەرمان بدەی کە نەیناسم؟

پوختەی وتار: تۆ گەرەکتە من چـاوم لە دەمـی تـۆ بـێ، تـۆش چـاوت لە دەمـی مەلا، مەلاش چـاوی لە ڕووپەڕی کەربەلانامە هەڵنەگرێ. دەسا باوە! کەی ڕەوایە و خوا هەڵدەگرێ تۆ خۆت هیچ بی و نەشهێڵی من ببم بە هیچ؟

نا، باوەگیان با خەیاڵت ئاسوودە بێ! بە سەری تۆ بە قسەت ناکەم. زۆرم مێشکی خۆم هەڵگووشـی کە لە پرسەی عاشوورایە و نووزەنووزی ڕەوزەخـوێن و سـینگ‌کوتانی ڕەمەکیـان و دەنگـی واوەیـلا و گریـانی شیوەن‌گێڕانی کەربەلا حاڵی ببم؛ بەداخەوە حاڵی نەبووم. ناچار دەستم لێ هەڵگرت و کەوتـوومە شـوێن زانستی وا کە تێی بگەم.

**بابی بەڕێز!**

تۆ لات وایە پەنا بردن بە خۆشەویستانی خودا ـ کە ناوت ناوە «تەوەسول» ـ کۆڵەکەی دین و ئیمانە و لە سەرووی هەموو کارانە.

لەبیرتە ڕۆژێکیان فەرمووت: وەرە بتبەمە جێگەیەک یەکێک لە پیاوانی دینی زۆر دانا و زانا و بلیمەت و لە زانستی کۆن و تازەدا شارەزا، ئەویش وەک تۆ و یارانی تۆ خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانێ و قسەی تازەبابەت دەکا و دەزانم بە کەیفی تۆیە، لەو شوێنەدا وتار ئەدا.

لەگەڵتا هاتم چوینە کۆڕ. ئاخوندە زۆر پەسندەکەت لەو دەمەدا باسی بەهەشت چوونی دەکرد. فەرمووی: «کابرایەکی زۆر گوناهبار کە چەندین قەتڵی کردبوو گەرەکی بوو تۆبە بکا. ڕێگەی کەوتە لای ئاخوندێک و لێی پرسی من پیاوکوژم؛ زۆرم خراپە کردووە. ئاخۆ دەکرێ ڕێگەیەکی وام نیشان دەی خودا لە گوناهم خۆش ببێ؟ ئاخوند گوتی: نەخێر تۆ جەهەندەمیت و چارەت نایە. کابرا شیرەکەی هەڵکێشا و ئاخوندی کوشت. سەری لە زۆر ماڵە ئاخوندی دیکە دا، ئەو پرسیارەی لێکردن و هەمان وەرامیان دایەوە و ئەویش هەر بەو دەردەی بردن. تا کار گەیشتە ڕادەیەک نەوەد و نۆ سەلکە مەلای بەشیر پەڕاند. تا گەیشتە ئاخوندێکی کە سەتی پێ تەواو دەبوو. پرسیاری گۆڕینی لێ کرد. ئاخوند ناوبانگی بیستبوو؛ سوور دەیزانی ئەگەر فێڵێک دەکار نەکا ناچار دەبێ گیانی دانێ. گوتی هەرچەند باری گوناهت گرانە و بە ڕواڵەتی ڕزگار بوونت زۆر چەتوونە بەڵام حیلە شەرعێک هەیە. ئەگەر بیکەی زۆر هاسان دەتبەنە بەهەشت: خەڵکی فڵانە ئاوایی زۆر پاک و خاوەن ئیمانن. هەرچۆنێک بێت بچۆ لەگەڵ ئەوان بژی. هەرکاتێ ئەوان بە کۆمەڵ لەبەر خودا پاڕانەوە و داوای لێبوردنیان لێ کرد، تۆش وێڕای وان دەس هەڵێنە و بپاڕێوە. بەزەیی خوا بەلێشاوە و هەموانییە.بە پانەوە بەسەر نزاکارەکانیدا دەڕێژێ و کەس نابوێرێ و تاک‌تاکی لێ دەرناوێژێ. ئەوسا تۆش ڕەگەڵ دەکەوی و لە بەشە بەزەت دەنەوی و پاک دەبیەوە.

کابرای پیاوکوژ ـ کە بەجگە لە خەڵکی دیکە سەری نەودونۆ مەلای لە حیلە

شەرع بە دووری قرتاندبو ـ ئەم کڵاو لەسەرنانەی خوای زۆر لێ خۆش هات. ڕێگەی گوندی پیاوچاکانی گرتە بەرێ. بەڵام لە نیوەی ڕێگەدا سەکتەی تووش هات و سەکەت بوو.

دەبوو بە هەموو حیسابان بە ئاخر شەڕی مردبێ؛ کەچی ئاخریشی خێر بوو. یەکێک ئەو کابرا پیاوکوژەی لە خەودا دیت. لە بەهەشتا کەیف دەکا و کاری سازە. لێی پرسی ئەتۆ و ئێرە چی؟ ناکا خەونی بەراوەژووم پێوە دیبی؟

پیاوکوژی بەهەشتی فەرمووی: نەخێر ڕاستە و بەهەشتیم و ئەمەش بەسەرهاتەکەمە: کاتێ لە نیوەی ڕێ مردم، دوو دەستە فرشتەی خودام لێ پەیدا بوون. دەستەیەکیان پیلیان کێشام بۆ جەهەندمم ڕەکێش کەن. ئەوانیتر پڕیان دامێ و کێشایانم گوتیان بۆ بەهەشتی دەبەین. بووبە هەرا و زەنا ـ زەنای مەلائیکەتان لەو دەشتە! چڕە و گوڕە و هەرایەک بوو هەر مەپرسە! دەتگوت کاسەی قەرەچی ئاو بردوویەتی. ئەم دەمکێشێ دەڵێ: ئاوردووی دۆزەقە؛ ئەویان لە پیلم دەنەوێ ئێژێ نەمامی بەهەشتە. منی بێچارەش لەو ناوە هەر وەختابوو جیقم دەربێ و لەبەر یەکچم. ئیتر سەرت نەئێشێنم لەپاش هەزار چەرمەسەرە و بێنەوبەرە و هەڕە و وەرە، ڕێگەی چارەیان دۆزیەوە. لەناو خۆیاندا پێک هاتن نێوانی ئەو دو گوندانەی کە ئاخوندە حیلەبازەکەی لێ دەژیا دەگەڵ گوندی پیاوچاکەکان لەگەز بدەن بزانن شوێن لاشەکەی من لە کام لاوە نزیکترە. ئەگەر بەلای مەلادا بووم ئەوا بمبەنە جەهەندەم. ئەگەر لە مەلاش دوورتر بووم ئەوا گوێچی فرشتەکانی بەهەشتم.

گەز و هەنگاو و بست و گوێل چوونە ڕێوە؛ لە هەردوو لاوە پێوایان. بەختم هێنای بە ئەندازەی گەی ئەنگوستێک لە گوندی ئاخوند دوورتر بووم. جەهەندەمیەکان دۆڕاندیان بەهەشتی بردمیانەوە و بێئەوە هیچ کەس لێم پرسێ چکارەیی و چکارێکت ئەنجام داوە، هاوردوومیانە بەهەشت و خوێنی ئەوانەی کوشتومن بە فیڕۆ چوو».

بەڵێ ئەمە زانا ڕۆشنبیرەکەت بوو کەوا بە سووک و هاسانی خوێنی

حیلەنەزانانی بەفیڕۆ دا و فێڵی تەڵەکەبازانی سەرخست کە ڕێگەی هەق و ناهەقیان تێکەڵاو کرد.
جارێکی‌تر دایک و خوشکیشم هاتبوون گوێ لە ئاخوندی گەڕەکمان ڕابدێرن کە لە ماتەمی حوسێندا وتار ئەدات. ئاخوند وەسەر مینبەر کەوت؛ دەربارەی گریان بۆ حوسێن کە چۆن ئەبێتە تکاکار لەلای خودا و چۆن گوناهمان بەو گریانە هەڵدەوەرێ. زۆری فەرموو لەنێوان وتارەکەیدا ئەم چیرۆکەشی گێڕاوە:
«لە ڕۆژێکی عاشورادا خەڵکی شارێک لە حوسێنیەی شارەکەیان تۆپەڵ ببوون و دەگریان. لە ماڵی خێرەومەندێکیش هەریسە و شلەی عاشورا لێندرابوو کە بدرێ بە شیوەن‌گێڕان.
ژنێک لەو شارەدا هەبوو، تەواو داوێن‌پیس و بەدناو. لەشی خۆی بە خەڵک دەفرۆشت و بەو پارە گلاوە دەژیا. ئەو خۆفرۆشە بێ‌شەرمە هێندە بازاڕی گەرم بوو کە هەموو ڕۆژگاری ساڵێ ـ تەنانەت ڕۆژی عاشوراش ـ بێکار نەبوو. لەو ڕۆژە عاشورایەدا چەند پیاوێکی هەرزەکاری گوناهباری دەپاڵدابوو. ژنەی بەکەڵ دەبوایە بۆ کەڵەگاکان شیو لێ بنێ و دەفریای فراوینیان خا.
ئاگر نەبوو؛ دەبوو لە ماڵی جیرانان ئاگر بێنێ. ماڵی کابرای خێرەومەندی دەوڵەمەندیش زۆر نزیک بوو. ویستی لە موبەقی ئەوان سەرەبزووتێک وەدەس خات. ئاگری بن بەرۆشەکان دامرکابوو؛ بزووتەکان بە خۆڵەمێش داپۆشرابوون. ویستی بە فوویەک دوو پۆلوو وەگەشێنێ، مشکی و دووکەڵ چوونە چاوی. چاو ئاوی کرد، یەک دوو دڵۆپی لێوەری.
لەو دەمەشدا ڕەوزەخوان لەباسی حوسێن گەیشتبووە ئەم مەبەستە کە ئیمام لەناو قوڵکەدا قەتیس مابوو؛ کافر دەورەیان لێدابوو. خەنجەرێک بەر ملی کەوت؛ خوێن فیچقەی کرد. ئیمام بانگی کردا تینوومە؛ چۆرێک ئاوم دەفریا خەن. لەجیاتی ئاو لەگش لاوە نێزە و بەردی بۆ داباری. ئیماندارەکانی گوێگر دایاندایە قوڵپی گریان. دوو تنۆکە ئاوی چاوی ئەو ژنەتیوە بێ‌شەرمەش لەو کاتەدا هاتبووە خوار؛ بە

بێئەوە کە گریابێ و بە بێئەوە هەر بیری لە عاشوورا بێ.

لەپاش چەند ساڵێک ژنە مرد. خەڵک هەزار جوێن و نەحلەتیان بۆ نارد و کەس نەیدەگوت ئیمانی برد. وا هەڵکەوت لە شەوێکا ئەو بەدکارە هاتە خەوی ئیماندارێک؛ چی ببینێ! ئەو سۆزمانی کۆنە جندە، ئەوەندە ساز و بەکەیفە خوا بزانێ. لە پلەی بەرزی بەهەشتا دەگەڵ ژنە بەهەشتیەکانی داوێنپاک تێکەڵاوە و بەوپەڕی خۆشیەوە دەژی. خەونبین هەر واقی وڕما. بە سەرسوڕمانەوە پرسی تۆ چۆن گەیشتوویتە ئێرە؟ چۆن لە بەهەشت ڕێ دراوی و ئەویش وا بە قەدر و حورمەت؟

ژنە لە وەراما گوتی: وەک دەزانی من ژنێکی بەدکارە بووم. پەڵەی پیسی ئەم شارە بووم. هەرکە مردم پەتپەتێنێکیان پێ کردم، هەر وەختابوو لە عەیبەتان شێت و هار بم. دیتم تەرازوویان هێنا؛ چ تەرازووی؟ جیا لەوەی لە سەنگی کردەوەکانمی دەخوێندەوە، خەیاڵاتی پڕوپووچی دڵیشمی لە قەپان دەدا. خوا بە تووڕەیی دەیفەرموو هەی واوا پێکراوی گڵاو! هەر ئەگەر بەقەد تۆزکاڵێک، بەقورسایی مێروولەی زەردی هەرەوورد، چاکە یان خراپەت هەبێ، تەرازوو نیشانی دەدات.

خۆ دەشزانی کە من تا لەسەر دنیا بووم ژنێکی تاک و تەنیا بووم. کەسم نەبوو نان و ئاوێکم بداتێ. مایەی ژینم لە داوێنتەڕی دەردەچوو. هەرزەکارەکانی شارتان پیاوە گوناهبارەکانتان کەف و کوڵی ئارەزووی ناڕەوای خۆیان لەلای من دەنیشاندەوە. هەرگیز ناوی چاکەکاری و ئیمانداریم نەبیستووە؛ نەمدەزانی چییە و چۆنە تای تەرازووی گوناهانم نیشتە زەوی. چەند فرشتە لێم نەوین و زنجیرێکی ئاگرینیان کردە ملم و ڕایان کێشام. بە جوێندانەوە دەیانگوت تۆ لە ماکی پیس گووراوی و هەر بۆ جەهەندەم خولقاوی و تا هەتا هەر دەوێدا بە.

خوایە! منی بابان وێران و سەربەهەش ئەبێ چی بکەم؟ ناهومێد و هیوا بڕاو، چارەڕەش و سەرلێشێواو، لێم ڕوون بوو بە هیچ ئاوایەک لەم قەیرانە ڕزگار نابم. کەچی لەپڕونەکاوێک دیتم سیایی گوناهەکانم با بردی. قورعان و تەرازووی

حەشر لەلام نەمان. تەنانەت خواوەندی گەورەش لە هەڕەشە گوڕەشەکەی کەم کردەوە. هەروگیفی پێشووی نەما. نەمدەزانی خەبەر چییە، هەر چاوی خۆم هەڵدەگلۆفی. لاموابوو خەونە دەبینم. لەپڕ دیتم وا تکاکاری هەژار و خاکەسەران تەشریفی هات.

بە پەلە لە پیلم نەوی و هێنامیە دەر لە دادگای پڕمەترسی و خستمیە سەر شەقامەڕێ بەرەو بەهەشت.

گوتی: بڕۆ! ڕزگارت بوو.

ـ بۆ کوێ بڕۆم؟ نە پەتەی بەهەشتم لایە نە نامەی عەمەلیان داومێ کە لە دەستی ڕاستم دابێ و باش نووسرابێ و ببێتە بەڵگەی ڕزگاریم.

دەروازەوانی بەهەشتیش بە چوار چاو خەڵکیان دەپێوا؛ توند و تیژ و مڕومۆچ بوون. نەک هەر منی گوناهباری پیس و چەپەڵ، بگرە پیاوی زۆر دیندار و خواناسیشیان دەپشکنی. ئەوسا بە سەد جیڕەبابە. دەیتوانی بچتە ژوورەوە. ئیتر من ئەوەندە ترسام کە حەپەسام و هەر لە دوورەوە وێستام و نەوێرام خۆمیان نیشان دەم. دیتم دیسان ئاغا تەشریفی هاتەوە و کەوتە پێشم. فەرمووی: وەرە! شوێنی کەوتم. بردمیە لای باپەنایەک کە لە چاوی پاسەوانەکان نەدیو بوو. لەبەر دەرگایەکا وێستا کە داخرابوو. وا دیار بوو قاچاغەڕێیە و ئاغا نەبێ کەس نایزانێ. دەرگای بە کلیل کردەوە و حەواڵەی بەهەشتی کردم.

باوەڕ بکە ئێستاش وەختە باوەڕ نەکەم کە من هاتوومەتە بەهەشت؛ هەر دەمگوت خەونە دەبینم. یان دەمگوت دیارە نامناسن ڕەنگە منیان لێ گۆڕابێ. بەڵام نەخێر، بۆم دەرکەوت بەڕاست هاتوومە بەهەشت و هەتاهەتا بەهەشتیشم؛ چونکە دیتم زۆربەی زۆری بەهەشتیەکانی هاوماڵم هیچیان لە من پاکتر نەبوون. لات و لوت و چەقۆکێش و گیرفانبڕ و کێشەکڕ و عەوام فەریب و دەسبڕ و حاجی سوتخۆر و هەتیوباز و درۆکەر و خان و ئاغای گەلچەوسێن و چەتە و دز و تالانبەر و کرێگرتەی ئیستعمار و سەرمایەداری بێبار و لۆتی و پۆتی دامێنتەڕ و ژنی سووک و خۆفرۆش و کۆلانگەڕ و لەم جوونە بێفەڕانە بوون؛

کە دەیانگوت خودا ئەمانەی خۆش ناوێ.

گشت ئەمانە لە بەهشتا پلەی شەهیدیان پێ درابوو. واتـا دەگەڵ ئەوانەدا کە لە خەزادا کـوژراون و دەگەڵ عەلی و شەهیدانی کەربەلادا ـ کە گیانیان لە ڕاهی خودا لەدەس دابوو ـ بە یەک چاو تماشا دەکران.

سەیری خۆشتر: چەند ژنێکی کۆنەجندەی هاوکاری خۆم ناسینەوە کە دەپێش منـدا مـردوون و بەر لە مـن هاتوونە بەهەشت. لێم پرسین: مەسەلە چییە؟ ئاخر وەکوو بیستبوومان ئەگەر حەساو کیتاوێ لە ئارادا بـا، ئێمەمانان ئێستە دەبوو لە دوڕ جەهەنـدەم بووینـایە؛ سـەرم لەم کـارە دەرنـاچێ؟ گوتیـان: هەی سـەڵا لە ئەقڵت! خۆ ئێمە عەداڵەتی خوا نەیبەخشیوین. تکاکاری ئیمام حوسێن ئێمەی هاوردۆتە ئێرە.

ـ ئیمام حوسێن بۆچی تکای بۆ ئێوە کرد؟

یەکێ گوتی: لە مەلا دۆعایەک فێر بووم. شەوانە لەناو جێ دەمخوێند. مەلا فەرمووی: ئەگەر مردی پلەی شەهیدت ئەدەنێ.

یەکێتر وەرامی داوە: من زیارەتی کەربەلام بە نەسیب ببوو. خۆت ئەیزانی ڕێگەی کەربەلا بـۆ بەهەشـت ڕاکێشراوە.

سێهەم گوتی: من لاوێچێک خاکی کەربەلام لەلا بوو. وەسیەتم کرد بیکەنە ناو کفنەکەم ئەوسا بمنێژن.

چوارەم فەرمووی: پارەم زۆر بوو؛ جارێک شوباکێکی زێڕم بۆ سەر گۆڕی ئیمام کڕی.

پێنجەم وەرامی دامەوە: بە زیندی سەر، بە پووڵی زۆر، جێ گۆڕێکم لەلای ئیمامزادەیەک کڕیـوو. هەرکە داهێڵرامە ناوی، کونێکی لەولاوە تێبوو بەو کونەدا هەڵیانکێشام بۆ عاسمانان. ئەوسا کەژاوەی لە نووریان ڕازاندەوە؛ چوومە ناوی. هێنایانم و لە بەهەشت دایان بەزاندم.

وتم باشە. ئەوا ئێوە لەسایەی دۆعـا و کەربەلا و گڵـی کفـن و شـوباک و جـێ قەبـر کـڕین بەخـتەوەرن. هێنـــــــدێک لەو ژنـــــــانەیتریش ـ کە وەکـــــــــوو خـــــــــۆم

خۆفرۆش بوون ـ دەمدیتن ڕۆژی عاشورا دەچوونە ڕەوزە بیستن و دەگریان و شـلەزەردیان دەبەشـیەوە. وا وتمان ئەوانیش لە سایەی ئەو شیوەن و شلە بەشینە بەهەشتین. بـۆ منـی نەگـبەت ئێـژن چە؟ خـۆ مـن نە کەربەلام دیوە، نە هیچم بۆ کەس کڕیوە، نە دۆعای شەوم زانیوە، نە شلەی زەردم بەخشـیوە، نە لە پرسـەی ئیمام حوسێندا گریاوم. لەوەتـا خـۆمم ناسـیوە لە هەمـوو وەرز و فەسـڵێکا، لە هەمـوو شـەو و ڕۆژێکـا، تەنانەت ڕۆژی عاشـوراش لە زینـا و کـاری خـراپە نەوێسـتاوم. مـن لەپـای چـی بەخشراوم و گونـاهم شۆراوەتەوە؟ هەرچەندی لێکمان دایەوە و سەروبنیمان پشکنی، نە خۆم نە کەس هەودایەکی لەم ماشەرە و تێک ئاڵۆزاوە هەڵنەکرد. تا خوا و ڕاستان یەکێک لەو کۆنەجندانەی کە ئێستا ببوورە هەواڵم و زۆریش زیت و کۆنەکـار بـوو، کەوتە پێوشـوێنی باسـەکە و زۆر بە وردی باسـی ژیـن و ژینـامەی هەمـوو ئەو دەور و حەیامەی تیا ژیاوم؛ چەند جاران پیَ وەرد دامەوە؛ ئەوسا مەتەڵی هەڵێنا و بە یەکجاری حەسامەوە.
ئەو ڕۆژە عاشورایەکەی بۆ بزووت چووم، بە فووی مشکی بنی دیزەی شلەزەردی ئیماندارانم لاداوە، چـڕە دووکەڵ چۆتە چاوم؛ ئاوی لە چـاوم هێنـاوە. لەو دەمەشـدا گـوێم لە باسـی سـەربڕانی حەزرەتـی ئـیمام گرتووە. ئەو ئاوەی کە ئەشکیش نەبووە هەر چونکە لەچاو ڕژاوە، بۆم بە شیوەن بۆ ئـیمام حەسـاو کـراوە. هەرچی پەڵەی سەرداوێنە و هەرچی هەڵەی ناخاوێنە بەو دوو تنۆکە شۆریاوە و لە بەهەشتا ڕێم دراوە. ئێتر ئەوسا موسوڵمانان تێگەیشتن کە گریان لە عاشوورادا چەند گرینگە»!

**باوە! دایە!**

وەک ئەزانن ئەمە دەقی چیرۆکی ئەو ئاخوندە بوو کە وەک ئێوە شـنەفتتان منـیش بیسـتم. دەیسـا وەرن بـا تۆزێـــــــک وردی کەیـــــــــنەوە و ئەنجــــــــــامەکەی لێــــــــــک دەیـــــــــنەوە.

ئەگەر ئەم چیرۆکە ڕاست بێ و چرووک نەبێ، دەبێ بێژین هەرچی فەرمانی خودایە، هەرچی لەناو قورعاندایە، هەرچی پێغەمبەر بۆی هاتوون، هەرچی ئیمام فەرموویانە، هەرچی دەربارەی جیهاد و شەهیدبوون لە ڕاهی خوادا بیستوومانە، هەموو حیکمەت و دەستوور و ڕێ و شوێنەکانی عاسمانی، هەموو کردەوە و ئاکاری باش و ڕند و خواپەسند و ئەرک کێشان لە ڕێگەی دین، سەرانسەری بەرانبەرە بە دوو تنۆک ئاوی چاوی نەگریاوی بەدکارەیەکی خۆفرۆش!

**دایکی بەڕێز و دیندارم!**

کیژەکەی تۆ هەقیە بڵێت: هەر ئەو شەوە کە گوێم لەو باس و خواسە بوو، لەشم وەک مێوژۆکە لەرزی. هەموو هومێد و هیواکەم بە پاداشی کاری چاک و پارێزگاری لە خراپە، بوو بە هەڵم و هەوا بردی. تازە ئیتر باوەڕیم بە هیچ هەر نەما. لەو ڕێبازەت خۆم دەرباز کرد و ڕادەکەم. لە راکردن وچان نادەم. وا ناکەم تۆش و باوکیشم هەر بە تۆزیشم ڕابگەن. مەیەن! وە شوێنم مەکەون! پێتان وابێ دەمگێڕنەوە. خەیاڵی خاو لەسەر دەرکەن! من وا چووم و هەرچی پێم خۆش بێ وا دەکەم. جا ئێوە هەر لە دوورەوە بە قەڵسی و چاوی سوورەوە، جنێو بدەن؛ چەقە بکەن؛ خۆتان لە دار و بەرد بدەن. هەیهاتە تازە بێمەوە سەر ڕێگەتان.

ڕەنگە ئێستا قرمی خۆتان خۆش کردبێ دەقەمچی خۆتانم خەن و بە زەبری قامچی نەرمم کەن؛ بمخەنەوە بەر ئەو بارەی کە بە بێزاری فڕێمدا. ئەو سندم و پێوەندانەی پساندوومە، دووبارە جۆشیان دەنەوە و خڕمچوون بمبەستنەوە؟ هیچ دڵی خۆتان خۆش مەکەن. ببڕای ببڕای ئەوی دیتان نایبیننەوە. نە گەف و هەڕەشەکەتان، نە نووزە و پەندی ڕەوزەخوان، تۆزکاڵێ کارم کارم لێ ناکەن؛ تازە ئازادی ئازادم. بە ئازادی بیرکردنەوەم پێ لەو مەزەبەی هەتانە زۆر باشترە کە ئەم هەموو بەند و قڵف و قەڕازەی پێوەیە و بە تەنیا تنۆکە ئاوێک، هەموو گەوی هەڵدەوەشێ.

**دایکی بەڕێز!**

مەزبەکەت لە ڕۆنیشتن، ڕێ ڕۆیشتن، لە نان خواردن، خۆ جوان کردن، تەنانەت سەرپێشاو چوونیش هەزار لەمپەر و بەرگری بۆ داناوم. هەر دەبزووم، ئێژن وا مەکە! نافەرمانی لە خوا مەکە! وا ڕێ مەڕۆ! وا نان بخۆ! دەستت هێندە هەڵمەهێنە! سەرت هێندە دابنوێنە کەس نەتبینێ! شەو کاتی خەو لەسەر تەنشتی ڕاست بنوو! ڕووت بکەوێتە ڕووگەوە. ئەمە بکە! ئەوە مەکە! هەزار مەکە و بکەی وەهاش کە خۆشتان نازانن بۆچی.

**دایکی دڵسۆز!**

زۆر بەزەم پێتدا دێتەوە. هێشتان بەخۆت نەزانیوە کە دەردەکەت چەند گرانە و ژینەکەت چەندە بەژانە. هەر پێشت ناکرێ بزانی تۆچی و بۆچی دەژی و دەمری. شەو و ڕۆژ دەتبینم دەگری. هەموو گەشە و خۆشی ژینت، زەردەخەنە و پێکەنینت، بەقوربانی دین کردووە. لەخوات دەوێ، ڕۆژێ، شەوێ، ڕێگەت دە مەجلیسێک کەوێ، گوێ لە ڕەوزەخوانێ بگری بتگریەنێ. کاتێ بە ئاواتیش بگەی، ئەوسا دەبێ لە شوێنێکی وا ڕۆنیشی پیاو نەتبینن. گەرەک لەلای خوارووی کۆڕدا بچییە پشت پەردەی ڕەشەوە و تەنانەت نابێ ئاخوندی مل‌ئەستووریشت لێ دیار بێ. لای سەرووت شوێنی پیاوانە. پیاو چی؟ چەند نەخوێندەی کوڵکن؛ چڵمن و قرخن و چڵکن! هەرچی هونەر و ئاوەزە شکی نابەن. تەنیا چونکە نێرەوەزن، لای سەرووت لێ دەبڕنەوە. هەر چونکە سمێڵیان ڕواوە، گەرەک لە ژن لەپێشتر و لەڕووتر بن. پیاو دەتوانن لە مزگەوتیش بۆ هەموو لایەک بڕوانن. ژن نابێ لە ئاخاوتنا دەنگ بڵند کا؛ نەوەک نامەحرەم بیبیسێ. بەڵام کابرای نێری بێ‌خێر بۆی ڕەوایە بە کەیفی خۆی دەنگ هەڵێنێ؛ بنەڕێنێ. سەری ئێوەش بە چەقەقە و هەرا کاس بکا. دەم دە دەمی مەلاش بنێ. با هیچیش لە هیچ نەزانێ. مەلاش لای وایە ئەو

پیاوە چونکە نێرینە خوڵقاوە، بۆی هەیە بڵێ؛ بپرسێ؛ ڕووهەڵماڵاو بێ؛ نەترسێ. بەڵام تۆ! تۆی قەرەبەخت، هەر چونکە مێوینە گووڕای، ئەگەر سەرت بگاتە پەرەی عاسمانێ، ئەگەر لە هۆش و زانستان سەد ئەوەندەی ئاخوندی گەڕەک سەنگت بێ، لە دینداری و چاکەکاری هیچ نێرێک بارتەقات نەکات، ناگەیە پلەی نێرینە. لە کەلەپوور بەش کردندا، لە کاتی شایەتی‌داندا، نیوە پیاوی. دەنگت، ڕەنگت، نابێ دەرچن. دەبێ نزم قسە بکەی. دەبێ لەژێر چادرەی ڕەشدا خۆ وەشێری. دەبێ لە کۆڕی ئایینیش بچییە گۆشەی تاریکیەوە. بێ‌هەست و خوست گوێ بە وتاری مەلا دەی. کە هەموو باسی بەهەشتە و لە بەهەشتا پیاوەکان چۆن جێژنەیانە و هەموو شت هەر بۆ ئەوانە و ژنیشی هەر لە بیر نییە کە لە بەهەشتا چۆن دەژی و چی ئەدەنێ. بەو حاڵەشڕا هەرگا گریان دەستی پێکرد، ژن لەبن پەچە و عەباوە، گەرەک زۆر بە کوڵتر بگری.

خۆ ئەگەر خودای نەخواستە ژنێک لەوانەی لەو کۆڕی دینە بەشدارن، نیسکێک تیسکی پرچەکانی لەبن پەچەوە دەرچووبێ و بێچارە لەبیری چووبێ کە داپۆشێت، ئاشکرایە چی ڕوو ئەدا. نەک ئەو ژنە، بگرە هەموو ژنانی‌تر لەو کۆڕەدا بەرجوێن و پلار دەکەون و بە سووکی وەدەر دەنرێن و لە خێری چوونە مزگەوت بێ‌بەش دەکرێن. کار بەمەش کۆتایی نایە. ئەو مەلایەش تەنانەت ئەو بارەگایەش کە ڕەوزەی لێ خوێندراوە، دەکەونە بەر تەوس و توانج کە بۆچ درەنگ زاندراوە، ئەو پرچە دانەپۆشراوە؟!

وەرە خۆت لێکی دەرەوە! ئەو مەزەبەی تۆی گیرۆدەی ئەم هەموو بەندە کردووە، چۆن بانێکە و دوو هەوایە؟ لە لایەک هێند توند و تیژ و بەدەمارە کە دیتنی پرچی ژنێک ـ با ئەو ژنەش زۆر دیندار بێ و هاتبێتە مزگەوتەوە کە گوێ لە ڕەوزە بدێرێ ـ بۆتە کفری دوازدە ئیمام؛ کەس نایبەخشێ. لە بارێکی تریشەوە هێندە دڵاوا و چاوپۆشە نەبێتەوە. لە «مفاتیح الجنان»دا ـ کە کتێبی هەرە بەڕێزی ئێمەیە ـ دەخوێنینەوە: «ئەگەر ئەم دۆعا نووسراوە بخوێنییەوە، با بەقەد

کەفی دەریایە، با هێندەی ڕەڵمی بیابان، بارتەقای ئەستێرەی عاسمان، گوناهت بن، عافوو دەبن؛ لەناو دەچن! سەرباریش خێری چەند شەهید قازانج دەکەی. تکاکارت ڕۆژی مەحشەر هێند زۆرن دەژمارە نایەن.»

هەر لەو کتێبەدا دەڵێ: «پێغەمبەری خوا فەرموویە: سڵاوەت لە دیداری من، لە دیداری پێغەمبەرانی بەرلە من لەبیر نەکەی، ڕۆژی قیامەت من و ئەو پێغەمبەرانە گشتمان تکای بەخشینت بۆ دەکەین».

**باوی بەڕێز!**

لەبیرتە جارێکیان فەرمووت: مرۆ دەبێ بڕوای بە ویلایەت هەبێ. من پرسیم: ویلایەت چییە؟ گوتت: عەلی و کوڕ و نەوەی عەلیمان دەبێ خۆش بوێت. ویلایەت مانای ئەمەسە.

لێم پرسی: عەلی کێیە؟

تۆش ملت نا لە پێدا هەڵدانی کەسێک کە هەمووی هەر ئازایەتی و مۆجزات و کەشف و کەراماتی زۆر بوو. بە شیرێکی دووسەرەوە ـ کە دەبوایە بێژی دوو دەم ـ هەزار شتیترت فەرموو کە هەرگیز لەدەس هیچ کەسێک نەهاتووە.

فەرمووت عەلی دەروازەی گەورەی خەیبەری ـ کە چەند هەزار مەن پۆڵا بوو ـ لەسەر دەستی خۆی دانابوو؛ وەک مەتاڵ شەڕی پێ دەکرد. ئەو شەڕەشی بۆ بەرگری لە ئیسلام و ئایین دەکرد. باوە گیان دەی ئێستە چی بکەین؟ نە عەلی هەس نە دەرگای پۆڵا لە خەیبەر. جوولەکە وان لە فەلەستین؛ بە ڕیشی تۆ پێدەکەنن!

وتت: عەلی هەر نانی جۆی دەخوارد؛ جلکی کۆنی دەبەر دەکرد. لە خواردنی نانی گەنم، لە بەرگی تازە خۆی دەبوارد. برسیایەتی و بێشمەکی لای ئەو مایەی شانازی بوو.

گوتت: خودا بەر لە ئادەم دروست کردن، لە نووری خۆی عەلی سازدا. پێغەمبەر کە دەچووە میعراج، خوا لەو بانە بە دەنگی عەلی بانگی کرد؛ تا

پێغەمبەری دڵخۆش کات.

فەرمووت: جارێک پیاوێکی نەیار بە عەلـی، دژمـانێکی بە عەلـی دا، هەر دەسـتەولەجێ بـوو بە سـەگ! هەلێکیتر عەلی لە پیاوێک تووڕە بوو، نزای لێ کرد؛ کابرا وەرگەڕا و بـوو بە ژن؛ مێردێکـی کـرد؛ حەوت منداڵیشی دەرفرتاند! ڕۆژێک عەلی لە ڕێبازێکا تووشی هات، بەزەیی پێدا هاتەوە؛ بـۆی پـاڕاوە و هـاتەوە سەر دەقی پێشوو. ئەو کابرا هەم نێر هەم مێیە، دەگەڵ ئەم حەو زگ کردنەش هەر لای وابوو ئەم ئـاڵوگۆڕ پێکردنەی لە مەودای هەناسەدانێک پتر نەبووە.

وتت: عەلی هێشتا منالێ ساوا بوو، دەناو پەڕۆوە پێچرابوو، هەژدیهایەک لە شاری مەکە پەیدا بـوو. ورد و درشتی خەڵکی شار لە ترسان زارەترەک بوون؛ ڕوویان نا لە دەشت و چۆڵان. هەژدیها بە کۆڵاندا هات، تا گەییشتە ناو ماڵەکەی ئەبووتالب. عەلی دەستی لەژێر پەڕۆکە دەرهێنا زاری هەژدیهای دادڕی! وا لەوسـاوە عەلی نازناوی حەیدەری پێدراوە. حەیبە بە عارەبی مارە و دەریش هەر ئەو دڕینەکەی خۆماڵیە!

بەڵێ باوە! ئەم بەند و باوە خۆشانە زاناکانتان نوویسویانە و کتێبی «بحارالانوار»، پەڕاوی «منتهی الامـال» دەخوێنییەوە و ئەو قسانەی لێ فێر دەبی و لاشت وایە ئیمانەکەت بەوانەوە ڕاوەستاوە و گرینگتر لە نـان و ئاوە. بەڵام بە بیر و بڕوای من ئەوی تۆ ناوت نا عەلی، هەر ڕۆستەمەکەی خۆمانە؛ عەگاڵێکت لەسەر ناوە و ڕەنگی ئیسلامت لێ داوە.

ئەو عەلی تۆ باسی دەکەی هەر بە کاری وەرزشکاری زۆرخانە دێ کە لە کاتی زۆرانبازی باسی بکرێ یان ئەشێ لە دیوەخانی خان و ئاغا یان لە تەکیەی دەروێشاندا ناوی ببرێ. من هەرچی بیرم کردەوە نەمکرا ئەم پاڵەوانەی ئەفسانەیی ـ کە تۆ ناوت ناوە عەلی ـ بە ڕێبەری هەڵبژێـرم و شـوێنی کەوم. مـن ڕێـبەرێکم پـێ ناوی کە لە هیچ کەسیتر نەکا. لەشوێن ڕێبەرێک هەڵوەدام بنیادەمە خۆمانە بێ؛ هـیچ مـۆجزاتی لانەبـێ. تەنیا لە عەقڵ و شوعوور و مشوورخۆریدا باڵا بێ و دەرد و دەرمانم بزانێ و ڕێگەی ڕزگاریم نیشاندا.

من ئەو کەسەم ناگەرەکە بە سیلەی چاو درگای داخراو بکاتەوە. دوژمنی خۆی بە دۆعا و فـوو، بکـات بە سیسرک و گەنە.

جارێک ئێژی عەلی هەمیشە برسی بوو؛ لە کەمخۆریشدا تای نەبوو. جارێکیتر خۆت دەفەرمووی عەلـی لە تاکە شەوێکدا لە یەک دەما، ببووە میوانی حەوماڵ و لە هەر حەوتانیش نانی خوارد. بە کامەیـان بـاوەڕ بکەم؟ کەمخۆری یان زۆرخۆریەکە؟!

ئەگەر دەفەرمووی کەمخۆر بوو؛ پارچەیەک نانی جۆی دەخوارد؛ لە هیندوستان مورتاز هەیە دوو مانگ بە دەنکە بادامێک قنیات دەکا و بە خۆیشی ناڵێ ئیمامم.

فەرمووت: شەوێک کە پێغەمبەر لەشاری مەکە دەردەچوو ـ بۆ شوێنەونکە لە کافر ـ عەلـی لە نـوێنی ئەودا نووست. وا لەوساوە خودای مەزن هەموو ڕۆژێک ئازایی و گیانبـازی عەلـی لە ڕێـگەی ئامۆزاکەیـدا، بە مەلائیکەتان دەڵێ و بە شانازی باسی دەکا. ئێوە ئەو شەوخەوەی عەلی بە ئەوپەڕی ئازایی لە قەڵەم دەدەن؛ کەچی دەشڵێن عەلی هەرگیز چاوی لە مردن نەترسا و هەر بۆ مەرگ تێکۆشاوە. وا ئێستاش زۆری وا هەیە کە لەڕای بیر و بڕوادا، سەر و ماڵ دەپێناو دەنێ و مردن بە خەڵات دەزانێ. دەی چیترت لە جانتای خەیاڵدا ماوە دەربارەی عەلی بیفەرمووی؟ لێم ڕوونە هیچ. زانستەکەت وشکاوی هات. هەر ئەوەندەت لەلا مـاوە بەر بارانی جوێنم دەی و پێم بێژی کافری بێدین! تا کەی بـاوەڕم پـێ نـاکەی؟ تـا کەی دەگەڵ لامەزەبـان تێکەڵ ئەبی و ئیمانەکەت پووچەڵ ئەکەیت؟

**باوکی دڵسۆز!**

من بە دڵسۆزی پێت ئێژم: نە ئەفسانە خوێندنەکەت بەهرەدارە نە جوێندانەکەت بەکارە. هەتا وابـی بە هـیچ نابی و ڕێگەی ڕاستت لێ گۆڕاوە و سەرمایەی ژینت دۆڕاوە. بەرلەوەی عەلی بناسی، باسـی دەکەی. تـۆ پێویسـتە

فێرگەی عەلی، عەقڵ و عیلمی فرەی عەلی، ئامۆژگاریە باشەکانی، دڵسۆزی و فیداکاریەکەی، خواپەرستی و دینداریەکەی، چۆنی هەبووە، وای بزانی. عەلی بکەی بە ئاوێنە و لەوێدا لەخۆت بڕوانی تا بزانی ئاخۆ کردار و ئاکارت وەکوو ئەوە یان جیاوازە؟ وەدەم خۆت ئێژی من شیعەم؛ شیعەی عەلی. واتا عەلی هەرچی کردوویە وا دەکەم. هەر کەسێک باوەڕت پێ بکا لای وابێ عەلیش وەک تۆ بوو، لە عەلی و مەزەبەکەشت بێزاد دەبێ و ناچار دەبێ هیچ بایەختان بۆ دانەنێ.

**باوە گیان!**

تۆ ویستووتە کیژۆڵەکەت بۆ ئایینداری ڕابێنی، بۆ نموونەی ژنی زۆر چاک، باسی زێنەب و فاتمت بۆ کردووە؛ کە ئەم دووانە لە دنیادا تاکیان نەبووە.

با ئێستا بزانین داخۆ، تۆ هۆی پیرۆزی و گەورەیی ئەو دوو ژنەت لەچی زانی؟ فەرمووت: حەزرەتی فاتمە کیژی پێغەمبەری خودا و خێزانی ئیمام عەلی بوو. ئەبووبەکر و عومەر ناویش دوو عەرەب بوون، دوژمنی ئیمام عەلی بوون. عەلی دەبوو بە خەلیفەی موسوڵمانان، ئەو دووانە بوونە بەرهەڵست؛ نەیانکردێ. هەر بەوەندەشەوە نەوێستان. گوندی «فەدەک» موڵکی حەزرەتی فاتم بوو کە لە پێغەمبەری خواوە بە میرات بۆی بەجێ مابوو. عەلی مێردی، بۆی بەو گوندە ڕادەگەیشت. ئەبووبەکر ئەویشی لەدەست دەرێنا. هەرچی داد و هاواری کرد ئێستاش دەستی نەکەوتەوە. جارێکیشیان لە جەنگەی شەڕەدندووکە، لادەرگایەک بەسەر کەلەکەی حەزرەتی فاتمدا کەوت؛ لەتاو دەرد و ژانی برکی، هەتا ماوەیەک دەیناڵاند.

گوتت: خاتوو ئایشێ ناوێکیش ـ کە کیژی ئەبووبەکر بوو ـ ببووە ژنی پێغەمبەر و دەگەڵ حەزرەتی فاتمدا هەمیشە کێشە و هەرای بوو. بەمە باسەکەت کۆتا بوو.

ئەگەر حەزرەتی فاتمە هەر ئەوەبێ کە تۆ وتت وا دیارە ممبارەکیەکەی

لەوەدایە کە لە شەڕدا لەسەر مێردی کردۆتەوە و دوژمنی باوەژنەکەی بوو! واتا: دوو ژن لەباتی خزمەت بە ئیسلام، لەباتی داوای هەق کردن بۆ موسوڵمانانی هەژار، یەک لەسەر باب، یەک لەسەر مێرد پێک وەربوون و بە کێرد و چەقۆ تێک بەربوون.

دەیسا ژنێک کار و باری هەر ئەوە بێ شەڕ بکا یان بناڵێنێ، پیرۆزیەکەی لە چیدایە؟ بۆ دەگەڵ ژنانیتردا فەرقی هەیە؟

سەبارەت بە زێنەب فەرمووت: سپێدەی ڕۆژی عاشوورا، لە جەنگەی شەڕ و کوشتارا، لە خێوەت دەهاتە دەرێ؛ بۆ شەهیدان شینی دەکرد و دەگەڕایەوە ناو خێوەت.

ـ ئیتر چیتر؟

ـ هیچیتر نا!

ئەوا تێگەیشتین زێنەب، بەیانی ڕۆژی عاشوورا، پیشەی هاوار و گریان و لەخۆدان بوو. پاش نیمەڕۆی ڕۆژی عاشوورا چی لێهات؟

نە من، نە تۆ، نە مێژووی ئاخوندەکانمان ئێستاش بۆیان دەرنەکەوت ئەو ژنە براکوژراوە لەپاش کوژرانی براکەی چی بەسەر هات؟ دوای ئەو کارەساتە چی کرد؟ بەرلەوە بێتە کەربەلا چ کارێکی ئەنجام دەدا؟ سەرەنجامی بە کوێ گەیشت؟ هەرگاش ئەو پرسانە دەکەم، دەڵێی: ڕەنگە لەناو کتێبان نووسرابێ؛ بەڵام ئێمە نەماندیوە. واتا ئەو مەتەڵە سەختە، هێشتا هەڵنەهێنراوە و نازانم ئەگەر زانیشمان، چ دەردێکمان دەرمان دەکا؟

باوە! ئەوەیە دینی تۆ کە لامەزەبان پێی دەڵێن مێشکتەزێن. تۆ دەفەرمووی: پیاو تا لەسەر ڕووی زەمینە، با پیشە و کاری گرین بێ. هەرکەس لە دنیا هەژارە و دەردەدارە، لەو دنیا ساز و تەیارە؛ ژنی جوان و کۆشکی زێڕ و زێوی دەبێ.

مەلایەکی زۆر قسەخۆش، جارێک گوتی: ئەم دۆعانامەم کڕیوە؛ دەڵێ هەر کەس شەوانە جارێک بیخوێنێ، لەپاش مردن لە بەهەشتا حەفتا کۆشکی

یاقووتی سووری دەدەنێ. خۆ من پیاوێکی نوێژکەرم. لەپاش نوێژان هەزار دۆعـای وا دەخـوێنم؛ وەرە بـا سەودایەک بکەین. من هەر حەفتا کۆشکی ئەولام دەدەم بە تۆ، تۆ وەتـاغێکی سـێبەچوار، لە خـوارووی شار، بدە بە من، کەسمان لە کەس. ئەگەر لەولاش چوومە بەهەشت، سیپاڵەکەم لەبـن دارێکـدا ڕادەخەم؛ خانووم ناوێ!

باوە تۆ فەرمووت: ویلایەت واتا عەلی خۆشویستن؛ بەڵام نەتفەرموو لەبەر چی؟

گوتت: هەر کەسێ کە عەلی خۆش گەرەک بێ ـ هەرچەندە گوناهیش بکا ـ خـوا گونـاهەکەی بە چـاکە حەساو دەکا. هێندێک لە قورعانزانەکان لە تەفسیری ئەو ئـایەتەی کە لە سـوورەی «فورقـان»دایە: (ئەوانە خراپەکانیان بۆ بە چاکە دەژمێردرێ)، دەڵێن: مەبەست لەوانەیە دۆستی عەلین.

هەر خۆت وتت: خوا فەرموویە: کەسێکی عەلی خۆش بوێ ـ با لە خوداش یاغی بووبێـت ـ بەهەشـتیە. کەسێک دوژمنی عەلی بێ ـ با زۆریش خوداپەرس بێ ـ جێی دۆزەقە. یاغی بوون لەخوا یانی چی؟ واتـا: گوێ بە فەرمان نەدەی؛ زوڵم لە هەژاران بکەی. ئاخر کەی خودا بەرداره پیاوی زاڵم و بەدکارە، بە تەنیا یـا عەلی گوتن ببەخشرێ؟ مـن ئەو ویـلایەتەم نـاوێ کە ئەگەر زۆرداریـش بـکەم، ببەخشـرێم. مـن پاپـای ویلایەتێکم کە نەهێڵێ زۆرداران زۆریم لێ بکەن. ڕێ نەدا مافی ڕەوای خۆم زەوت کەن.

**با باسی ئیمامەت بکەین**

باوە! تۆ فەرمووت: پێغەمبەر بە ئاشکرا وەسـیەتی کـرد و ڕایگەیانـد کە ئـامۆزاکەی خـۆی عەلـی بکـرێتە جێنشینی ئەو. لەپاش عەلیش کوڕ و نەوەی بە زنجیرە فەرمـانی موسـوڵمانانیان لە دەسـتا بـێ. هێنـدێک کەس هەن لایان وایە: ئیمامەتی بە کەلەپوور، دەسکردی ئێرانییەکانە کە لە سەر دام و دەستووری پاشایەتی ساسـانییەکان دامەزراوە. ڕەنـگە ئەو تەرزە کەسـانە درۆ بـکەن؛ بەڵام

ئێستا درۆ یا ڕاست خوا لاسای ساسانییەکان بێ یان ڕاستەڕێی موسوڵمان بێ، بە ئێمە چی؟ کـام بارمـان لەسەر سووک دەکا؟

وا گریمان باوەڕم کرد کە فەرموودەکەی تۆ ڕاستە و دەبوایە ئەو ئیمامانە ـ یەک لەشوێن یەک ـ فەرمانڕەوای سەرزەمین بان؛ کە وەک دەشیزانین نەبوون. ئەوجار ـ وەکوو خۆت ئەیزانی ـ هەتا ساڵی ٢٥٠ ئیمامـان لە گۆڕێ بوون. ئەی ئێستا چی؟ من کە ئێستا دەستم بە ئیمامەکان ڕاناگـا، ئەشـێ چـی بـکەم؟ تـا ئێسـتاش حاڵیت نەکردووم ڕژیمی حوکمی ئیمامان دەگەڵ حوکمی خەڵکی‌تردا فەرقی چییە؟

باوە گیان! هیچ ئاگاداری کە ئەوەی بۆی بە تەنگەوەی و شەڕ و هەرای لەسەر دەکەی، ئەوانەی ناخۆشت دەوێن، ئەوانەی تۆ خۆشت دەوێن، ئێستا لە کوێن؟ ئەبووبەکر و ئەو کەسانەی هاوکاری ئەبووبەکر بـوون هەموو مردوون. ئەوانەی سەر بە عەلی بـوون، ویسـتیان بـیکەنە خەلـیفە، هەزار و ئەوەنـدە سـاڵە لەبەیـن چوون. ئەوانەی دژمنایەتی پێغەمبەر و ئەبووبەکر و عەلی و ئەسحابانیان دەکـرد، تێکـڕا ون بـوون و بـای بردوون. تۆ تازە تێهەڵدەچییەوە و کۆنەشەڕان دەژینییەوە. کسپ و کارت وەلا نـاوە؛ شـەو و ڕۆژت هەر بە باسی کێشە و هەرای نێوان عەلی و ئەبووبەکر دەبڕێتەوە. داخوا کام ڕێی دەوەشاوە خەلیفە بێ؟

دەیشت فەرموو: ئیمامەکان گشتیان بە پاکی گووراون؛ بێ‌گوناهن. خوا دەسـتی ڕێـزی لـێ نـاون؛ لەلای خۆیەوە دایناون. تا ئەگەر ئێمەی گوناهبار ئەوانمان کردە تکاکار، خوا لە تاوانمان ببوورێ و لە پاش مردن تووشی چەرمەسەرە نەبین. دیسان هەر فەرمووت: دوای مردن، نەتفەرمـوو لەپـێش مردنـا چـۆنن بۆمـان. ئێمەی موسوڵمانی ئەمڕۆ، ئیمامێکی وامان دەوێ پێشمان کەوێ، لەژێـر چنگـی داگیـرکەری خوانەنـاس ڕزگارمان بکا. بۆ ئیمامی وا ئاتاجین کە ئیستعماری گەل‌خۆری خاوەن‌زۆری بێ‌بەزەیی ببەزێنـێ و ژینـی سەربەست و ئازادمان وەدەست بێنێ و ئێمەش ماوەیەک لە دنیا سەربەخۆ بین.

تـــــۆ دوازدە ئیمامـــــــت هەیە، بە زنجیـــــــرە ناوەکانیانـــــــت لەبەرە و لات وایە

ئەوەندەت بەسە.[16] بڕوانە تۆ ئەم شتە کەم بایەخانە و چەند هەزاری وەک ئەمانەت دەمێشکی من ئـاخنیوە. مێشکی خۆشت تا بنەوبان هەڵچنیوە و پێشت وایە دنیـا هەر ئەوەی تێـدایە و هیچی‌تـر نـا. ئیـتر کۆشـش لەڕای شۆڕش بۆ ئازادی و فێربوونی زانستی تازەی دنیای ئەمڕۆ ـ بەلای تۆوە ـ گشتی بـایە. ئەو گەلانەی گەرەکیانە لەژێر نیری دیلایەتی ڕزگار ببن، ڕژیمی لاسار لابەرن، خۆیان چارەنووسی خۆیان بگرنە دەس، بەلای تۆوە خراپ دەکەن؛ چونکە تێکۆشان بۆ دنیا تەنیا بە کافر ڕەوایە.

دەسا ـ من پێچەوانەی تۆ ـ هونەر و زانستی تازەم پێ پەسندە. بیر و بڕوای فەیلەسووف و پیتۆڵانی هەموو دنیا دەخوێنمەوە. لە زانستی دنیای تازە، گیانم تازە دەکەمەوە. ناچم وەک تۆ بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر ئـاوڕ دەمەوە. من وەک تۆ نیم بڕوام وابێ هەزار و ئەوەندە ساڵە دنیا کە هەر وەک خۆی ماوە و نەگۆڕاوە.

**با دیسان تێهەڵچینەوە**

من ئێژم پێویستە بژیم. ئەرکی ژیانیش زۆر گرانە؛ باری گەورەم لەسەر شـانە و لەسـەرمە لە هەزار بە هەزار وەسەری خەم. هەر نابێ وچانیش بدەم؛ هەر ڕەت بەرم؛ هەڵدێران و هەپـروون بە هەپـروون بـوون، یەکە. تۆش دەفەرمووی واز بێنە وەدووی من کەوە! هەزار قۆناغ بەرەو دواوەت دەگێڕمەوە. ئەوسا ئەگەر دنیاشت چوو، هەرگا مردی کارت سازە. بەبڕوای من تۆ ڕێگەی خۆت گوم کردووە. منیش ئەگەر شوێن تۆ کەوم، وەکوو تۆ شرت و گوم دەبم. هەر بۆیە لێت جوێ دەبمەوە.

تۆ ئێژی هەژاری خاسە. برسی، خۆشەویستی خوایە. پێغەمبەر زۆر جار لە برسان بەردی لە ورگی بەستووە؛ بژیوی دەس نەکەوتووە. بەم فەرمایشتە جوانەترا، ئەشێ هەر کەس نان شک نابا، سوپاسگوزاری خودا بێ؛ چونکە ڕۆزی پێ نەداوە. جا کەوابوو با سوپاسی ئەو داگیرکەرانەش بکەین کە نانەکەمان دەڕفێنن و تالانی وڵاتمان دەبەن! فەرمووت: هەرکێ لە سەرزەمین زەبوون و بێدەرەتان بێ، لە قیامەت ساز و تەیارە. ئەگەر لێرە کوللێرەیان لێ ڕفاندی، ئەگەر لە نێزی و بێنانی منداڵەکەیان گریاندی، دڵت خۆش بێ؛ لە بەهەشتێ بابۆڵەی زلت بۆ دەکرێ و بۆ خەندە ختووکەت دەدرێ! کەوابوو ئەبێ ئەوانەی ژێردەستە و دیلی زۆردار و ئیستعمارن، ئەوانەی داهاتی ساڵیان، نەغدینە و سامان وماڵیان تاڵان دەکرێ و داگیرکەر پێی خەنی دەبێ، ڕۆژ و شەویان بە سوپاس بۆ داگیرکەران تەرخان بکەن؛ چونکە ئەوان بوونەتە هۆی بەختەوەری ئەو بێچارانە لە قیامەت.

باوە! ئەوانەی پێت دەڵێن با تیکەت لە دەم بڕفێنن، با برسیت کەن، بۆ ڕۆژی قیامەتت باشە، گزیکارن؛ بەناوی دیانەتەوە پاروو لە دەم تۆ دەڕفێنن؛ خۆیان ئەیخۆن. ئەگەر تۆ چاوت نووقاوە و نایانبینی، من دیتوومن کە چۆن تیکەڕفێنێکن! ئەوانەی کە بەناوی دین چاویان بەستی و هەست و هۆشیان لێ سڕ کردی، ماڵە تاڵانییەکەی تۆیان لەناو خۆیاندا بەش کرد و پێت نەزانی.

باوە گیان! چۆن تۆ بە تەمای، منی ڕۆڵەی چەرخی بیستەم خۆم کەڕ کەم و چاوم داخەم، ئەو کتێبە نەخوێنمەوە کە خۆت و دایکم نایزانن. هەر بچمە مزگەوت و تەکیە، هەر ئەو قسانە ببیسم کە هەزار ساڵی ڕەبەقە ـ بە دەردی بنێشتە خۆشکە ـ بێزراوە؛ هەرگیز بەقاس نووکی دەرزیش بەهرەی نەبووە. من دەچم ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە کە تۆ ئێژی ئامیانی لە دین لادانە؛ کە پڕیانە لە ڕازی نهێنی سروشت؛ کە لە زانستی بەکەڵک پڕ کراون.

**برا خۆشەویستەکانم!**

هەرچەند بە ئێوەم ڕاگەیاند کە لە جیاتی چینی تازە پێگەیشتووی لە دین نەبان دەتاندوێنم، بەڵام خۆشم دەوە ناگەم چۆن دەتوانم ببم بە دەمڕاستی ئەوان؛ چونکە من یەکێک لەوان نیم و بگرە منیشیان خۆش ناوێ.

لاوەکانمان من بە مەزهەبی دەزانن؛ بە مۆڕەوە لێم دەڕوانن. لایان وایە منیش نیمچە ئاخوندێکم. ئاخوندی مێزەر بەسەریش منیان دەدزێ. لایان وایە منێکی کراوات لە مل، مافی چوونە سەربەرزەک و وتاری دین دانم نییە. لاو بە مەلام حەساو ئەکەن؛ مەلاش بە لاو. نازانم ئێوە چی ئەڵێن؟ هەر چۆنێک بێت من ناچارم لە فەرمانی ویژدانی خۆم دەر نەکەوم. بەرانبەر بە ویژدانی خۆم پێتان دەڵێم:

هامدەرسان! مامۆستاکانم! دەسڕەنگینان! ڕۆشنبیران! نووسەرانی قەڵەم ڕەوان! ئەویندارانی ئازادی و دیمۆکراسی و ئەی ئەوانەی بە ئاواتن ژیانی هەژاران بگۆڕن و بۆ یەکسانی و کامەرانی لە خەباتن! لاشتان وایە دینداری هۆی دواکەوتنە، تێنەگەیون ئەوەی کە ئێوە دیوتانە دەگەڵ ئەو دینەی من دەڵێم زۆر لێک دوورن.

من کە دەڵێم با دیندار بین، مەبەستم لە ئایینێکە لە سایەیدا هەموو مرۆ ئازاد دەژی. چینایەتی و نزم و بەرزی تێدا نییە. دنە ئەدا پیشەسازی و هونەری جوان و زانستی هەموو جۆرە فێر ببین و هەر لەسەر پشتی بێشکەوە تا دەچینە گۆڕیچەوە، دەرس خوێن بین. ئەو ئیسلامەی کە من گەرەکمە بمانبێ ئەوە نییە کە ئێوە لێی قەڵس و تووڕەن.

جارێک یەک لە شاگردانم بە تەوسێکەوە پێی وتم: تۆ بۆ سوودی تایبەتی خۆت، خۆت کردۆتە وشکەشیعە ئەگینا وەک دەڵێی وا نیت!

گوتم: کاکۆ! کامە قازانج؟ ئەوی بەسەر من هاتووە بەسەر کێ دێ؟ ژیانی لاویم، تافی جوانیم، دەرفەت و هەلی ژیانم لەسەر ئەم بیر و بڕوایە لەدەس داوە. ئەنجامەکەی وا دەبینی خۆت و لاوانی هاوبیرت بە مێشک پووچم دەزانن. لەولایشەوە مەلا و کاڵی سەربەتاڵی مفتەخۆریش لایان وایە لامەزەبم و هەزار

جنێوم پێ دەدەن! ئەگەر منیش پێم لە ویژدانی خۆم نایە و گوێم بە عەیب و عار نەدایە، دەمتوانی وەکوو ئەوانەی دینیان بە دنیا دەفرۆشن، گوند و ڕەز و زێڕ و زۆری زۆرم بوایە.

خۆ ئەگەر بێلایەنیش بام، کارم بە سەر ئەو کارانەوە نەبوایە و کڵاوی خۆم توند بگرتایە با نەیبا، کەس کاری بە من نەدابوو. دوژمنایەتی ئاخوند و دژایەتی توندی لاوانم نەدەدی. بەڵام وەک وتم ویژدانم هانەم ئەدا کە دینەکەم ـ وەکوو دەپێشوودا هەبووە نەک ئەوەی ئێستاکێ هەیە ـ بە دنیایە بناسێنم؛ بیانخەمەوە سەر ڕاستەڕێی موسوڵمانەکانی بەرێ و لە گومڕایی دەریانبێنم.

ئێرنێست ڕێنان ئەو زانا خاچپەرستەی کە ئێمە دەڵێین کافرە، دەربارەی ئیسلام گوتوویە: «ئیسلام واتا ئینسانییەت». من دەمەوێ ئەو ئینسانییەتە نیشاندەم. کە دەشڵێم بە مەزەب شیعەم، نابێ هیچ کەسێک لای وابێ کە من شیعە ـ وەک ئورتودۆکس و کاتۆلیک و پرۆتستانت لە دینی خاچپەرستاندا بەرانبەر بە یەک وێستاون ـ لە کۆمەڵگای موسوڵماندا لە حاند سوننی و ئیسماعیلی و زەیدی و ئەشعەری و هیتریش، بەڕەوشت و ئاینێکی سەربەخۆ و جیاواز دەزانم.

من لام وایە ئیسلام یەکە و نابێ هیچ لکی لێوەکەین. ئەو هەموو لکەی کە ئێستا لێی بۆتەوە، هۆی ئەمەسە کە ئیسلامە ڕاستەکەمان بیر چۆتەوە.

من لە شیعەتی مەبەستم پەیڕەوی لەو کەسانەیە کە بەر لە موسوڵمانانیتر بە گژ زاڵم و لاساری ڕەگەزپەرست و فاسقدا هاتوون و بەو نیازە بوون کە نەهێڵن مافی موسوڵمانی هەژار بەرپێ بدرێ. وا دەشزانین کە ئەوانە سەرنەکەوتوون و لە ڕاهی خودا تێدا چوون. ئەو ئیسلام داگیرکەرانەش چۆن بە ناوی ئایینەوە دەمیان ناوەتە ناو خوێنی هەژاران و چەند هەزار درۆ و بوختانیان بۆ دینەکە هەڵبەستووە! بەڵێ من مەزەب شیعەم و هەردووک ئەسڵی مەزەبی شیعایەتیشم پێ پەسندە و بڕوام پێیە. دوو ئەسڵەکەش: ئیمامەت و عەداڵەتە. من ئیمامێکم

گەرەکە خوداپەرستی ڕاستی بێ و هەموو توانای لە ژیانیدا بۆ خزمەت بە هەژاران و بۆ مافی چینی چەوساوە و ژێرچەپۆکە بەخت بکا. ئیمامی وا دیارە ئەو عادڵەش دەبێ کە لە ئەسڵی دووهەم دایە. ئیتر من ئەو شیعەیە نیم کە لام وابێ بە گریان و قوڕپێوان و بەرۆک‌کوتان، هەموو کار دەچێتە سەر و بەهەشتی خواشم دەدەنێ.

لێم ڕوونە ڕۆشنبیرانیش ئەو بڕوایەم پەسند دەکەن. ئەگەر ئەوان ئەمڕۆ لە دین گازندە و گلەیان هەیە، لۆمە ناکرێن. چونکە ئەوەی ئەم ڕۆژانە ناو نراوە ڕەوەشتی شیعەگەریەتی، هەر ناوی بێ‌ناوەرۆکە و کوێرە و کلۆر و قرپۆکە.

لە درێژایی سەتان ساڵدا گزیکاران لەژێر جبە و مێزەر و ڕیش، بە چاپ و گوپ و فڕ و فیش، بۆ قازانجی دنیای خۆیان دینەکەیان لێ گۆڕیوین. ئەوەی ئێستا بە ناوی دین، بە ناوی مەزەب دەیبینن، تەپکە و داوە؛ بۆ خواردن نراوەتەوە.

داخەکەم! ئەو بێ‌فەڕانەی دینیان کردە کەرستەی هەژار فریودان، ئەوەندە ئینسافیان نەبوو کە هەرگا ناوەرۆکەکەی لەناو دەبەن، ناوەکەشی نەهێڵنەوە. فێڵە، بوختانە، درۆیە، دەسبڕینە، ناندزینە، هەر پێشی ئێژن ئیمان و شیعایەتی. ئەگەر ویژدانێکیان هەبا دەبوایە ناویان بنایە مەزەبی گریان و شیوەن؛ یان هەر ناوێ کە کاڵا پڕ بە باڵا بی. ئەوسا زۆر بە هاسانی دەکرا خەڵکی ڕەمەکی حاڵی کەین کە ئەم تازەداهاتگە نە ئیسلامە نە مەزەبی شیعەگەری. چونکە نە دادی تێدایە، نە دادپەروەر. ئەو کەسانەی شاعەبباسیان کردە ئیمام، ئاوڕووی هەموو ئیمامێکیان لە هەردێ دا و شووشەی دینیان لە بەردێ دا.

وا پتر لە هەزار ساڵە چارەڕەشین. بە درێژایی ئەو ماوەیە لەدەس دام و دەزگای عەرەب، لە کوشت و کوشتاری مەغول، لە بێگاری خان و بەگان، زاڵەمانە و خوێن دەگرین و خۆ دەگرین و خوو دەگرین و بە هەناسەساردی دەبین و بە هەناسەساردی دەمرین. دڵمان هەر بەوەندە خۆشە کە بە دەم خۆمان ناو ناوە لاگیر و پەیڕەوی عەلی. ئارێ، دەستەیەکی دز و دەسبڕ، خۆیان کردە ڕێبەری

دین و بۆ لاشەی گەنیوی دنیا دینەکەیان پڕ کرد لە قسەی پڕ و پـوچ و خەرافـات و ڕایان‌گەیانـد کە ئەمەیە شیعایەتی. وشەکانی: خواپەرسـتی، پـاڕانەوە، زیـارەتی مەکە و کەربەلا، قورعـان، ئـیمامەت، عەداڵەت، عەلی، ویلایەت، شەهادەت، حوسـێن، قیـامەت، شـەفاعەت، قەزا و قەدەر، چـاوەنۆڕی ئیمامـی هێشـتا نەهاتوو، گشتی بۆتە ئامرازی خەڵک خاپاندن و بۆتە مایەی کسپ و کاری کارنەکەرانی مفتەخۆر. تا حاڵ وابێ، خواش هەڵناگرێ چاوەنۆر بین کە لاوانی ڕۆشنبیری ئازادیخواز ـ کە بـۆ پێشـکەوت و یەکسـانی و دادپەروەری لەڕووی جیهاندا دەکۆشن ـ خۆیان باوێنە ناو داوی ئەو بەڵایە و هەرچـی ئەو بەنـاو دینـدارە گزیکارە دەیڵێن، بڵێ وایە و بڕوا بێنێ. نەخێر هەرکەس تۆزێـک هەسـت و شـعووری لابـێ، نـابێ بیـر و بڕوای وابێ کە ئەو تەنبەڵ و بێکارە و زمان‌لووسەی لەسەر ڕەنجی هەژار دەژین، نوماینده‌ی دین و خودا و ئیسلامەتین. ئیسلامەتی و خوداپەرستنی بەڕاست، گەلێـک لەوە بەرزتـرە کە ئەوانە باسـی دەکەن. ئیسـلام دەڵـێ خواپەرسـت بە! بەڵام نـاڵێ خواپەرسـتی هەر ئەوەیە لات وابـێ خـودایەک هەیە و هیچی‌تـر نـا. خواپەرستی لە ئیسلامدا مانای وایە: لە کرگاری خوا بنۆڕی، لە ژیانی جانەوەرانی بەژی و ئاوی، لە مـرۆ، لە ڕوەک، لە دار، لە عاسمان و ئەستێرەکان و لەم خۆکردەی لە بەرچاوە بتۆژیەوە.

ئیسلام دەڵێ: ئازاد بژی! چاوت لە دەستی کەس نەبێ! خۆت زاڵ کە بەسەر سروشتا و بیخە بەر کار. خودای ئیسلام جوان پەسندە. لە پیس و گەمار تووڕەیە. پەسندی زانایـان دەدا. خـودا لاگیـری ئـازایی و ئاکار چاکی و دەست و دڵ و دەروون پاکی و بەزە و ڕوحمە. مرۆ لە بەرانبەر خودا ئەمیندارە و کردوویەتە جێ‌نشینی خۆی لە هەردێ و بۆ فرشتە بۆتە ڕووگە.

پێغەمبەر فەرمووی ئاکارتان وەکوو ئاکـاری خـودابێ. خـوا عـادڵە؛ دژی زوڵـمە. جـا هەرکەس یـان هەر کەسانێک عەداڵەت لەبیر بکەن و بە گـژ زاڵـمدا نەچـنەوە، بە خـودا نەنـاس حەسـاون. جـا بـا ئەو ڕێـی گرتوویـــــــــانە نــــــــاوی ئیســـــــــلام یـــــــــان شـــــــــیعایەتی

لێ بنێین.
شیعایەتی سەرەتایی بۆ بە گژداچوونی زۆردار پەیدا بووە. وەک دەزانین ئەوانەی لاگیری عەلی و دۆستی ئەولادی عەلی بوون و خۆشیان ویستوون، پێیان وتوون شیعەی عەلی. شیعە واتا: دەستە و بەستە. لە هەموو دەور و زەمانان هەر کەوتوونە بەر جەزرەبە و شکەنجە و ئازار دراون و بە دایم زۆری لێکراو بوون. هەر بە ئاواتی ڕۆژێک بوون کە زوڵم و زاڵم نەمێنێ و لەژێر سایەی عەداڵەتا ئازاد بژین. جا وێستا هەرکەس ـ سا بە هەر بەهانە و ناوێک ـ زوڵم بکا یان یاریدەی زاڵم بدا، لە مەبەستی سەرەتایی شیعایەتیەکەی لایداوە و ناشێ هەر بێژێ ئیسلامم.
خودایەکی من دەیناسم دادپەروەرە؛ دژی زوڵم و زۆرداریە؛ لە بێکاری خۆشی نایە؛ دنەی کار و کۆشش دەدا. ژینی ڕەبەنی و نەداری لە ئیسلامدا پەسند نییە. پێغەمبەری خوا فەرموویە: بەلەنگازی لەوانەیە پیاو بەرەو کافر بوون بەرێ.
ئەبووزەری دۆستی نزیکی پێغەمبەر و ئیمام عەلی فەرموویەتی: نەداری لەم دەرگایەوە بێتە ژووری، ئیمان بە دەرگاکەی‌تردا بۆی دەردەچێ.
عەلی لە ئامۆژگاریەکدا بە کوڕی خۆی موحەمەد حەنیفە دەڵێ: «کوریژگەی خۆم! لەبەر خودا بپارێوە هەژار نەبی. هەژاری دین لاواز دەکا؛ ئاوەز تێک دەئاڵۆزێنێ؛ سینە پڕ دەکا لە کینە.»
ئەو دینەی دەڵێ ڕەبەنی و بەلەنگازی کاری باشە، ئیسلام نییە؛ دینی خاچپەرستان و چلەکێشی هیندوستانە. ئیسلام گەرەکیە توانا بی؛ ژیر و ئازاد و ئازا بی؛ دەس بە شمشێر لە خەزا بی. ئەو عەلی تۆ ناوی دێنی دەگەڵ ئەوەی کە من ناسیوومە لێک جیان. ئەو عەلی کە من دەیناسم گەورە و گچکەی بە چاوێک تماشا دەکرد. لە مووچە دابەش کردنا بۆعوسمانی کوڕی حەنیف، کە زۆری لێوە نزیکە و بۆ کۆیلەکەی، هەریەک سێ درەم دادەنێ.
ئەو عەلی ئەمن ناسیومە لە مزگەوتا دەس بە دۆعا نزا دەکا؛ لە مەیدانا دەس بە شمشێر خەزا دەکا. لەباری کۆمەڵایەتیدا دژی پیاوی نالەبارە؛ دوژمنی

چەوسێنەرانە؛ لە ڕیا و درۆ بێزارە؛ بەزەیی بە گزیکاراندا نایەتەوە. چوار هەزار خارجی قڕ کرد کە هەموویان قورعان ڕەوان و نوێژکەر بوون؛ نیشانەی سوژدە بردنیان لەسەر ئەنی ببووە پەڵە. لەمەڕ ئەو کارەوە فەرمووی: تاریکی فیتنە و ئاژاوە دنیای تەنی ڕۆژ بە ڕۆژ تەشەنەی دەکرد. ئەگەر ئەوانەم نەکوشتا لەوانە بوو دنیایە بەربەڵا بکەن. ئەم کارەش لەدەس من نەبا لەدەس کەسی‌تر نەدەهات. جگە لە من کێ زاتی بوو چوار هەزاری بە ڕواڵەتی لە خواترس و قورعان خوێن و تەرکەدنیا و لە ڕاستیشدا ماکی ئاژاوە و پشێوی قەڵاچۆ کا و گوێ نەداتە بەرژەوەندی باری ڕۆژ و تکای تکاکاران نەگرێ.

ڕەنگە ئەوانە لای خۆیان لایان وا بووبێ چاک دەکەن و ڕاپەڕینیان لەڕووی عەلی بۆ بەرژەوەندی ئیسلامە. بەڵام ئەوانە دەسخەرۆی عەمری عاس و ئەمەوی بوون. دەسخەرۆ بوونیش گوناهە. فریوخواردنیش تاوانە و تووشی گوناهانت دەکا. عەلی پاپای حوکم نەبوو؛ لەسەر نەبوونە خەلیفە کێشەی نەکرد. تەنیا دژی زۆرداری بوو. عەلی بە مالکی ئەشتەر دەڵێ: تا من فەرمانم ڕەوابێ، کەس ناتوانێ دەنکە جۆیەک لە دەم مێرووڵەش بڕفێنێ. هەموو مرۆ لام یەکسانن. ئەگەر موسوڵمانیش نەبن خۆ ئینسانن. دەبێ تۆ هەموو ئینسانێک وەک برای خۆت تماشا کەی.

ئیسلامی من نە ئیسلامی عەبدولڕەحمان کوڕی عەوفە و نە ئیسلامەتی عوسمانی کوڕی عەففانە. من ئیسلامی ئەبووزەرم خۆش گەرەکە کە تەنیا لە خوا دەترسا و لەسەر بڕوای ئیسلامەتی خۆی بەخت کرد.

عوسمان یاری پێغەمبەر و خەلیفە بوو؛ قورعان ئەو کۆی کردۆتەوە. موسوڵمانان لەسەر دراو وەکۆ کردن و ماڵی ئیسلام بە فێڕۆدان دەگژی ڕاچوون. یەک لەوانە ئەبووزەر بوو کە دەیگوت خودا فەرموویە: ئەی ئەوانەی خاوەن بڕوان! گەڵێک لە کەشە و ڕەبەنان بە ماڵی مەردم دەژین و ئەو کەسانەش کە زێڕ و زێو دەشێرنەوە و لەڕای خودای بەخت ناکەن با بۆ ئازاری زۆر بەژان ئامادە بن.

کەعبولئەحبار کۆنە مالمی جوولەکانی نۆموسوڵمان ـ کە ببووە دەمڕاستی

عوسمان ـ لە وەرامی ئەبووزەر دەیگوت ئەم ئایەتە بۆ حاخام و کەشەکان و خـاوەن سـەرمایەی زۆر زل و کۆیلەکڕی غەیرەدینە و موسوڵمانان ناگرێتەوە. ئەبووزەر دەیگوت: ئەو کەسانەی زێڕ و زێو کۆ دەکەنەوە و دەیشارنەوە ـ کافر بن یان موسوڵمان بن ـ وەکوو یەکە.

من ئیسلامی ئەبووزەر بەڕاست دەزانم کە بۆ ماڵی موسوڵمانان، بۆ نەمانی چینایەتی لە کۆمەڵدا، بۆ لادانی زوڵم و زۆری لەسەر بێدەست و بێزۆران، دەگەڵ زۆرداری نالەبار، بکەوێتە زۆرانبازی و سەر و ماڵی لە ڕێگەی بڕوایدا بڕوا.

**حەجمان چۆنە؟**

مامەحاجی! بمبوورە کە عەرزت بکەم حەجەکەتم بەدڵ نییە. حەجی عەزرەتـی ئیبراهـیم پەسـند ئەکەم کە بتەکانی شکاند و خوای تاکپەرستی دامەزراند.

ڕەنگە بفەرمووی جا کوا بت؟ بت نەماوە تا بیشکێنم؟ بەڵێ ماوە و زۆر لە جارانیش زۆرتر و حەستەمترن. بتی ئەودەم بەرد و دار بوون؛ بێئازار بـوون؛ کـردن و خواردنیـان نەبـوو. نە چاکەیـان لەدەس دەهـات نە خراپە. بەڵام بتەکانی ئێستا زیندوون؛ دەبزوون؛ دەخۆن؛ دەکەن. بتی ئێستا بەڕیشەوە، لای سـەرووی لـێ بڕیویەوە. خاوەنهێزە؛ دەستی دەڕوا؛ کۆشک و سەرای تازەی دەوێ؛ پووڵپەرستە؛ زێڕ و زێو کۆ دەکاتەوە و بە ڕیشی پیاوی ساویلکەی وەک من و تۆ پێدەکەنێ.

حاجی گیان! حەج نە ئەوەیە لەو دەشتە ڕەمڵە تۆز بکەی؛ گەرما بتگەزێ و مۆز بکەی و بارێک مـتومۆر بۆ دیاری لە مەکە و مەدینە بکڕی و بە کەشیدێکی زەردەوە بەرەو ماڵ بی و شەکراو بدەی بە جیرانان.

حەجی بەڕاستی ئەمەیە لە دیمەنی ئەو هەزاران هەزار کەسەی لەناو پۆشاکی ئیحرامدا هەمووی وەک یەک دێتە بەرچاو، لێت حاڵی بێ کە خوای مەزن پایە و مایەی سـەر دنیـایە بە هـیچ دەگـرێ و لە دەرگـای ئەو نەجیمزادە و بۆرەپیاگ و نەدار و دارا وەک یەکە و بەچاوێک تماشا دەکرێن.

حەج بۆ وەبیرهێنانەوەی ئیبراهیمە کە فرزەنـدی خۆشەویسـتی بە قوربـانی خـودا دەکـرد. تـۆ پێـنج فەرزە ماڵێکت کردۆتە ڕووگە و ڕووی تێدەکەی. لە حەجیشدا چەندین جـاران دەوری دەدەی. لە حەجـیش کە گەڕایتەوە، سوێندی گەورەت بە کابەیە. هیچ پرسیوتە ئەم ماڵە کەی بنیات نرا؟ بۆ کراوە؟ بـۆچی ئەوەنـدە پیرۆزە؟ هیچ پرسیوتە: گورگەلۆقەی سەفا و مەروایە بۆ چیـیە؟ لـێم ڕوونە نـا. بـا پێـت بڵـێم: کەنیزێکـی بەزێڕکڕاوی هاجەرناو، لە برایم زگی پڕ ببوو. برایم هێنایە مەکە و لەو چۆڵە وازی لێ هێنـا. هـاجەر لەوێ کوڕێکی بوو سمایل ناو. ژنەی زەیستان تینووی بوو. بۆ ئاو لە نێوانی سـەفا و مەروادا ڕای دەکـرد. بـرایم هات ئەم ماڵی کابەی بۆ هاجەر و مناڵەکەی ساز کرد. بە فەرمانی خودای گەورە ئێستا ئەو ماڵە ڕووگەیە و ئەبێ حەجاج بە دەوریدا بوخلێنەوە و لەو شوێنەدا ـ کە هاجەر لە ئاو گەڕاوە ـ وەک ئەو گورگەلۆقە بکەن. ڕەنگە ئێستا سەرێکی بۆ ڕاوەشێنی و لەبەر خۆتەوە بپرسی: پیاو نەمابوو لە دنیادا ماڵەکەی بکرێ بە ڕووگە، تەنیـا چاوەخـانووی ژنێـک نەبـێ کـراوە بەو جـێ پیـرۆزە؟ بەڵـێ خـودا ویسـتوویەتی حـاڵیمان کا کە لەبەر بارەگای ئەودا، هەر چاکی و پاکی لە کارە. باس باسی ژن و پیاو نییە؛ بێنـاو یـان خاوەننـاو نییە. ژنێکی بێکەس و کلۆڵ لەو بیابان و چۆڵەدا بێدەرەتان، زەیستانە. تینگی زۆری هێناوە. لەو بێروون و قاقڕەشدا، نە ئاوە، نە ئاوەدانی، نە شینکەیە، نە چێنکەیە، نە زنە، نە کوێرەکانی. لمی گەرمە و تینی هەتـاو. دیمەن ئەوەندە بەسامە زراوی پیاوی زۆر ئازاش دەکـاتە ئـاو؛ چجـای ژنێکـی لێقەومـاو. بەڵام هـاجەر، هاجەری پاک و خوداناس ـ کە بڕوای وایە خودای ئەو خاوەنبەزەیی و توانـایە؛ لە تەنگـانە و لێقەومانـدا جێگەی هومێد و هانایە ـ داوێنی هومێد بەرنادا و چاکی لێ دەکا بەلادا. سەرکەوتن لە خوا دەخوازێ و بە نیازی ئاو پەیداکردن بۆخۆی، بۆ کۆرپەساواکەی، دەکەوێتە کۆشش و تەقالا و خەبات و سەرەنجام دەگاتە ئاوات. خودای گەورە کە چاوەخانووی ئەو ژنەی بە خانەی خۆی ناو بردووە و شوێن پێهەڵگرتنی ئەوی کـــردۆتە ئەرکـــی حەجاجـــان، بێســـوڕ نیـــیە. ویســـتوویە حـــاڵیمان بکـــات

که بڕوای پاک و بێخڵته و له ژیندا ناهومێد نەبوون و هەوڵدان به تەمای خودا، چەند بەنرخه و ناڕوانێ نێره یان مێیه.
ڕەنگه بێژی دەیسا ئەگەر کارەکه هەر دەورەدانی ماڵی کابه و گورگەلۆقەی نێوان سەفا و مەرواکەیه، دەکرا تاکەتاکەش بکرێ. نەیگەرەک بوو ئەم هەزارەزیلەی حاجی له کاتێکی تایبەتیدا گشتیان له مەکه کۆ بن و پێکەوه ئیحرام ببەستن...
مامەحاجی! کۆبوونەوەی به دەستی جەم لەم شوێنەدا، کۆنگرەی حیزبی ئیسلامه که ساڵه و ساڵ دەبەسترێ. خوا ویستوویه موسوڵمانان ـ که برای دینن ـ پێکەوه ساڵێ جارێک چاویان به یەکتر بکەوێ؛ له دەرد و مەرگی یەکتری بەئاگا بن؛ دەهانای زۆرلێکراوان بێن. بەڵام به ناشکوری ناڵێم له هەزار حاجی یەکێکی نازانێ بۆ دەچێته حەج. کابرایەک لەناو ئاوایی یان له گەڕەک به مەڕ و ماڵ یان به کەل و پەل و کووتاڵ، لەچاو هەوماڵەکانی خۆی به ئێروتر دێته بەرچاو. مەلا و کوێخا و دەر و جیران دەوری دەدەن که تۆ حەجت لێ کەوتووه و ناشێ له دانی وامی خوا خۆ ببوێری! قەرزکوێر دوژمنی خوایه. کابرا له ڕوو دادەمێنێ؛ پسوولەی سەفەر وەردەگرێ؛ پووڵ و پارەیەک هەڵدەگرێ و دەچێته حەج. دەگەڵ هەزارانی وەک خۆی لەو ناوه تۆز و خۆڵ دەخوا. وێڕای خەڵک، له دەوری کابه خول دەخوا. لەنێوان سەفا و مەروادا له غاردان پشووی سوار دەبێ. بۆ گەیشتن به مینایه مله دەکا. شەیتان پیسه؛ ئەشێ کوچکی لێ بوارێ. چەند چەوێک دەشەیتان دەگرێ. هەرکه وتیان حەج تەواوه و سەریان تاشی، بەرگی ئیحرام دادەکەنێ و به پەلەپەل ئەکەوێته کەلوپەل کڕین بۆ دیاری. دیاره ئەوی ئەو دەیکڕێ زۆربەی ماڵی ئەمریکا و ژاپونییەکان و خوانەناسەکانیتره. واتا لەجیاتی مام حاجی که ئەشێ لەو چوونه حەجەی له زیارەتی ماڵی کابه و له یادی بتشکاندنی ئیبراهیم و گیان بەخشینی سمایل له ڕاهی خوادا بەهره بەرێ، قازانجەکه به گیرفانی بێدینانی خوانەناسی پیشەسازی لاوه دەگات!
به فەرموودەی ئیمام مووسای کازم: «چەقەچەق زۆر و حاجی کەم». بەڵێ

چەقەوهەرا و مانـدوو بـوون و لە گەرمـان ئـارەق كـردن و ديـاری كڕينـی لـێ دەركەی، چيـتری دەس نەكەوتووە. مەگين بێژين كەشيدە لەسەر نانەكەی، لەپی دەسـت ڕاموسـانەكەی، خەڵـك بە خـۆی بێـژن حاجی، بە خێزانەكەی حـاجیژن. هەروا كەم نـين: لەوە بەولا سـوێند بە ئـاڵقەی كـابە دەخـوا و كڕيـارە ديندارەكانی هاسانتر بۆ فريو دەدەرێ.

**دێمەوە سەر باسی قورعان**

باوە! فەرمووت ئيمانم بە قورعان هەيە. منيش ئيمانم بە قورعان زۆر پتەوە. ئێستا وەرە با تێك بگەيـن. تـۆ مەبەستت كام قورعانە؟ ئەو قورعانەی كە نازانی چی تێدايە؟ يان ئەوەكەی بـۆ فريـودان بە نووكەڕميـانەوە كرد؟ ياخۆ نيازت ئەو قورعانەس كە لە چارەگە چەرخێكدا هەزاران هۆزی عارەبی پێخواسی خودانەناسی هيچ نەزانی يەكتركوژ و لێك دوژمنی لە دەوری يەك كۆ كردەوە؟ سەد ساڵی تەواو نەخايانـد دەوڵەتێكـی وای دامەزراند كە دەوڵەتە هەرە بەهێزەكانی ئەو ڕۆژەی تاواندەوە. مەبەستی من قورعانێـك بە نـاوی خـوا دەس پێدەكا و بە ناوی مردم دوايی دێت. زۆربەی زۆری ناوەرۆكی دەربارەی باری ژيـان و پێشـكەوتن و زانابوون و گەشەداری كۆمەڵگايە. لە سوورەتەكان بڕوانە! بەشی زۆريان باسی سروشت و خۆكرد و ئاكار و خووی باش و بەكەڵكە لە ژيندا و تەنيا بەشێكی زۆر كەمی دەربارەی نوێژ و تاعەت و ژيـنەوە و قەبـر و قيامەتە. خوا قورعانی بۆ كەسێك نارد كە لە خوێندن و نووسين بەشی نەبوو. كەچی هەوەڵـين سـوورەتی لەسەر خوێندن و نووسينە. (بخوێنە بەناوی خودات... بە قەڵەم فێری مرۆی كرد). لە شوێنێكیتردا دەڵێ: (ماسی. سوێند بە قەڵەم. بەوەی كە پێشی دەنووسن.) زانايان دەڵێن پێشينان مەركەفيان لە جۆرێك ماسـی ساز دەكرد.

تۆ قورعانێكت خۆش دەوێ و بە ممبارەكی دەزانی كە هەر بەرگەكەی دەبينی بە نەخش و نيگار ڕەنگاوە و لەســـــــەر تـــــــــاقە دانـــــــــــدراوە و بە پيتـــــــــــــی مـــــــــــاڵی

دەزانی. ئەو قورعانەی کە بە بێداری نایزانی و نازانی باسی چی دەکا، بۆ خەو بن‌سەنیری دەخەی. بۆ چارکردنی سەرێشە و پشت و باداریت گەرەکە. لات‌وایە بۆ زیندوو نابێ؛ لەسەر مردووانی دەخوێنی. بەشی زۆر لە گۆڕستانان دەخوێندرێ و خێرەکەی بە مردوو دەدرێ. هیچ‌گا بیرمان نەکردەوە کە لە مانای تێ‌بگەین و بایەخ بەو پەندانە بدەین کە خودای خاوەن‌بەزەیی بۆ بەختەوەری و سەروەری و گەشە کردنمان دایداوین.

پێویستە فەرمانی خودا بخوێندرێ؛ تێ‌بگەین و تێ‌گەیەندرێ. نەک لەسەر ڕفحە دابندرێ و لە دوورەوە تماشای بەرگەکەی بکرێ.

گەلێک وامان هەبوون گوتوویانە وشەی قورئان لە «قەرەئە»وە نەهاتووە کە وەخوێندن دەگەیەنێت؛ لە ڕیشەی «قەرنە»یە کە بە مانا نزیک بوونە. واتا هەر دەبێ ببینی و نەخوێنییەوە! دەڵێن ئەگەر خوێندیشتەوە نابێ بپرسی دەڵێ چی و ناشێ دەماناکەی بگەی! چونکە مانای ئایەت زانین لە وزەی مرۆ بەدەرە. ئەوەندە سەخت و دژوارە ئەگەر زانا و تۆژەرەوی زۆر لە زەبریش هەزار ساڵان خۆ ماندوو کا، بۆ مانای تەنها ئەو بێیە کە لە پێش بیسمیلا دایە، پەی پێ نابا و ئەوەندە قووڵە پەی نادا. وتیان قورعان بە ماناوە حەفتا تویژە هەر توێژەی حەفتا گنجی هەس؛ هەر گنجەشی حەفتا چینی تێکەوتووە؛ هەر چینەشی حەفتا کون و کاژێڕی دیکەی تێدایە و تا هەتایە هەر پەردە لەسەر پەردەیە و تا پێدا بڕۆی حەفتایە! کەوابوو چار هەر ئەمەیە ئەگەر خوێندت وا بە ڕەشخوێنی بیخوێنە و لە ماناپرسین واز بێنە. هێندێکی‌ترمان لەوانەی بەناو زانان و لەژێرەوە دوژمنی ئێمە و خۆشیانن، قەوانێکی‌تریان سەرسخت. گوتیان ئەم قورعانەی ئێستا لەناو موسوڵمانان هەیە، دەگەڵ قورعانە ڕاستەکەی خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە یەکێک نییە. ئەم قورعانە هەڵبەستەیە. قورعانی ڕاست لە لای ئیمامی یەکەمین هەڵگیراوە و بە نهێنی دراوە بە دووەمین ئیمام و هەر ئیمامەی داویەتە دەست شوێنگیرەکەی تا گەیشتۆتە ئیمامی دوازدەهەمین و جگە لەو چەند ئیمامانە کەس قورعانی ڕاستەقانی لەلا نەبوو.

کاتێ ئیمامی دوازدەهەمیش وەکوو مانگ پەنای گرتووە و لەبەر چاوان نەدیو بووە، قورعانەکەشی بردووە و تا خۆی دەرنەکەوێتەوە، لە قورعانی خوا بێبەشین. هەرگا ڕۆژێ لە ڕۆژاندا ئیمام خۆی ئاشکرا بکا، چاومان بە دیداری خۆی و قورعانە ڕاستەقینەکە ڕۆشن دەبێ. ئەوسا ئیمام مانای قورعانی ڕاستیمان حاڵی دەکا و دەزانین دین دەبێ چۆن بێ.

هێندێکی دیش ـ کە لەوانە نەرم و نیانتر ئاخاوتوون ـ فەرموویانە ئەم قورعانە زۆربەی دەگەڵ قورعانی ڕاست یەکە؛ بەڵام دەسکاری کراوە و هێندێک ئایەت و سوورەتی لێ دزراوە و هێندێکی وەسەر خراوە. هەرگا ئیمامی زەمان هات، پاک و پووک لێک هەڵدەبژێرێ و دزراو بەسەر دەکاتەوە و وەسەرخراو دەرداوێژێ.

هەرکەس تۆزێک بە ژیری بیر بکاتەوە و سەروبەری ئەم گفتانە لێک داتەوە، زوو تێدەگا کە دین دوژمنانی ئێمە لە درێژایی مێژووی موسوڵمانەتیدا، چەند خەریک بوون دینەکەمان لێ تێک دەن و قورعانمان لەبیر بەرنەوە. زانیویانە تا قورعان لەناو موسوڵمانان مابێ و بەرانبەر بە فەرموودەکانی ببزوونەوە، دەداوی ئەوان ناکەون و هەمیشە هەر سەردەکەون. بەرەبەرە پێداهاتوون؛ جارێک بەوەندە ڕازی بوون هەر دەبەرگەکەی ڕامێنین و هەر بە پیرۆزی بزانین؛ ئیتر نەیخوێنین. نەخێر وەختێ دیتوویانە ئەو ممبارەک زانینەش لە قازانجی ئەوان نایە، بە زێڕ، بە زۆر، بە هەرچی لە بەردەستیانە، مەلای بە ڕواڵەت دینداری بێئاکاریان دنەداوە کە ئەم بەستانە هەڵبەستن و هەڵوەستێکی وا ڕێک بخەن کە قورعان لەناو موسوڵمان هەر ناوەکەشی نەمێنێ؛ بڵێن دەسکاری کراوە؛ بڵێن زۆری لێ دزراوە؛ بڵێن وەسەری خراوە؛ بڵێن تێک و پێک دراوە؛ بڵێن، بڵێن... تا موسوڵمانان لەو قورعانەی کە هەیانە دوودڵ دەبن. ئەوسا بڵێن ئەو قورعانە دەگەڵ قورعانە ڕاستەکەی خوا ناردوویە و سپاردوویە کە بە پیرۆزی بزانین، زۆر لێک جیان. قورعانی ڕاست وا لای ئیمامی نادیاری و تا خۆی نەیە کەس نایبینێ. وەک دەشزانین هەتا سەرێک ئەم پیلانە سەری گرت و ئەم ژەهره

موسوڵمانکوژە لەسەر ڕووپەڕی کتێبان بە نووسراوی هاتە بەرچاو؛ چاوی زۆر کەسیان پێ نووساند. دیسان چا بوو خودا و ڕاستان دەستەیەک لە زانایانمان بەرامبەر بەو فکرە وێستان و لە تەشەنەی ئەم ئاهۆیە بوونە لەمپەر و نەیانهێشت پیلانی شەیتان سەرکەوێ. ڕایانگەیاند کە ئەم قورعانەی هەمانە هەر هەمانە کە خودا بۆ پێغەمبەری نارد و بێزیاد و کەم گەیشتۆتە دەستی ئێمە. تۆزکاڵی لێ نەدزراوە و هیچی لێ پیلۆز نەکراوە.

مەلا دەڵێن ئەگەر عارەبیش بزانی، نابێ بە بێپرسی ئێمە مانا لە قورعان دەیەوە. چونکە پێغەمبەر فەرموویە: «هەرکەسێ بە ئارەزووی خۆی مانا لە قورعان داتەوە، لە ئاگری جەهەندەمدا جێ خۆش دەکات». ئەوان ئێمە بە جەهەندەم دەترسێنن. بەڵام خۆیان بە ئارەزووی دڵی خۆیان مانا بۆ ئایەت دەتاشن و بە هەر بارێ گەرەکیانە دەیچەرخێنن. چەند ئایەت هەن کە مانا لێدەرەوەکانی زانا! لایان وایە ئەم ئایەتانە چەند جوێن و تیر و تانەن بۆ کۆمەڵێک لە یارانی پێغەمبەر و خوا ئەوەندە لە پەردەدا ئەم جنێوانەی پێداون کە هیچی لێ تێنەگەن و دڵیان نەشکێ و تووڕە نەبن.

جا کەوابوو خودا لەڕووی بەندەی خۆیدا تەقیە دەکا و دەپەردەدا جنێو دەدا. وا دیارە ئەو ئەسحابانە ساویلکە بوون؛ دە فیکی خۆیان نەگەیون؛ تا مامۆستاکانی خۆمان ـ کە زۆر زیرەک و بەهۆشن ـ توانیویانە مەتەڵەکان شی کەنەوە و بە وردی لێکی دەنەوە و پێمان بڵێن خودا زیپکی دە ئەسحابەکان گرتووە و تێنەگەیون.

**برادەری ڕۆشنبیرم!**

لێم ڕوونە تۆش باش دەزانی دیندوژمنان چەند لەو قورعانە دەترسن. دەسا وەرە تۆیش بیزانە ئەوەی دوژمن لێ ترساوە، چی تێدایە؟ هیچ نەبێ لێت حاڵی دەبێ کە قورعان بۆ ناردراوە و چۆن دەردێکی پێدراوە؟ ئەو قورعانەی کە دەبوایە لە ژیاندا بەرنامە و ڕێینموونمان بێ و تێبگەین و دەکاری کەین، کرا

بە نوشتە و فاڵنامە؛ خەونی پێ لێک دەدەنەوە؛ لەسەر سفرەی ژن مارەکردن دادەنرێ؛ بە لانکەوە هەڵداوەسرێ. ئەو کەسەی بە سەفەر دەچێ گەرەک بە بنیا ڕاببرێ. جادووگەر جادووی پێدەکەن؛ جنۆکە و دێوی پێ دەگرن؛ ئاڵە و شەوەی پێ دەردەکەن؛ دەمی گورگی پێ دەبەستن. مانگای بێشیر وە شیر دەخا؛ بەرەکەت وە هەویر دەدا. لەجیاتی دەرمان و دوکتور دەکار دەکرێ. دەرمانە بۆ دەردەداران؛ زەنجیرە بۆ شێت و هاران. بەبێ ئەوە هیچ لە ماناکەی تێبگەن، هەموو کارێکی پێدەکەن. ئەوا وتمان قورعان فەرموودەی خودایە و ئەگەر نەشزانین چی تێیدا، هەر بە پیت و بەرەکەتە. بەڵام بۆ دۆعا چی بڵێین؟ زۆر کەس لە ئێمەی لای وایە ئەو دۆعایانەی مەلایان لە کتێبانیاندا نووسیوە ـ بۆ تەنگانە ـ لە قورعان فریاڕەسترن.

برادەرێکم پێی گوتم: لە زینداندا حەفتا کەس بووین لەسەر سیاسەت گیرابووین. گشمان دەربەستی مەزەب بووین. ڕۆژێک ویستم بۆ ئایەتێک چاوم بە قورعان بکەوێ، لە هەر کامم پرسی نەیبوو. بەڵام ئەم حەفتا کەسەمان سەد کتێبی نووشتە و نزامان لەلا بوو!

**نرخاندن و لێ نەزانین!**

برام! برای ڕۆشنبیرم! کاکی خوێندەوار و نووسەر! مامۆستای ئازادیخوازم کە پێت وایە موسوڵمانگەل لە داوی کۆنەپەرستی گرفتار و بێئاگا لە ڕۆژگارن و تاوانەکەش دەخەنە سەر قورعانەکە! ئاخر خۆت قورعان دەزانی؟ تێگەیشتووی چی تێدایە؟ یان هەر بەوەندەی کە هێندێک کوڵکە ئاخوندی بێئاگا لە قورعانەکە بۆی گوتووی، وا قوشقی بووی و دڵت لە قورعان بێزاوە؟ ئێستا ئەگەر کابرایەکی نەخوێندەوار ئەمە بڵێ، لۆمەی ناکەم. بەڵام تۆی پڕ لە زانست و هونەر ناشێ نەدیدە حوکم دەی. هەوڵدە قورعان بزانی تا زۆر باش بۆت ڕوون بێتەوە کە ئەوانەی وە دەم خۆیان ئێژن موسوڵمانین، چەندی ڕاستە؟ ئەمانە بە ناوی ئایین پڕوپووشی پڕوپووچیان دەمێشک و دڵ ئاخناوە. بوونە سەد دەستە، سەد تیرە و

هەمووشیان بە ناوی قورعان یەکتر بە کافر دەزانن. لەناو خۆیاندا شەڕیانە. نە ژینیان هەس نە دینیان هەس. تۆ هیچ نەبێ مێژووی پێشوو بخوێنەوە تا بزانی ئەم قورعانە لە دنیادا چی کردووە. لەولاوە فەلسەفەی یونان خاوەرزەوینی تەنیبوو؛ لەم لاوە شارستانییەتی و دەسەڵاتی ساسانییەکان باڵی بەسەر خوێندەواری و ژیاری دنیادا کێشابوو. گەلی عەرەب لەو ناوەدا بێناو، بێنان، بێکەس، بێدەر، پرژ و بڵاو، چۆڵپەرەستی دەوارنشین، نەخوێندەواری کوڵەوار، بەربەری ڕۆمان و ئێران، خوا بەسەریان دەکاتەوە. پیاوێکیان لێ هەڵدەکەوێ دەبێتە ئەسپاردەی خودا؛ قورعانی بۆ بە خەڵات دێ. ڕاپەڕینێک ڕادەپەڕێ کە لە ماوەدایەکی کەمدا مێژوو هەڵدەگەڕێتەوە و گەلی چەوساوە و ژێردەستی دەبێتە دەسەڵاتدار و تەخت و بەختی زۆردار سەرەونخون دەکا و حوکمی زەمین وەدەست دێنێ. ئەگەر کەیفت بە مێژووی لەمێژیش نایە، وەرە شۆرشی جەزایر شی کەینەوە کە من و تۆش لەبیرمانە چۆن سەرکەوت. فەرحات عەبباس ـ کە سەرکردەی بەناوبانگی جەزایرە ـ لەمەڕ شۆرشەوە دەڵێ: « خەڵکی باکووری ئەفریقا زۆر بە زبوونی و زەلیلی لەژێر دەستی داگیرکەری بێبەزەییدا دەژیان. خودا کردی شێخ موحەممەد عەبدەی میسری ـ کە شاگردی بەئیمانی سەید جەماڵەدینی ئەفغانی بوو ـ هاتە ناومان؛ بوو بە هۆی ڕووناک بوونەوەی دڵ و چاومان. حاڵی کردین کە لەباتی نوقمبوون لەناو کتێبی دۆعا و نووشتە، ئەو گشتە باسی دەسنوێژ و مردوشۆری و تارەت گرتنە و هەزاران جرِ و جۆنگی وا ـ کە وە ناوی حیکمەت و کەلام و ئوسول خەریکیانین ـ ئاوڕ دەینەوە سەر قورعان و هەرچی فەرمووبە وا بکەین. ئەم مەزەببازی و شەڕسازی بە ناوی ئایینداریەوە، لەناو بەرین و بە دەستی گەل خەبات بکەین تا لە ژێر باری بێگاری داگیرکەران ڕزگار ببین».

فەرحات عەبباس لەسەر وتارەکەی دەڕوا و دەڵێ: «پەندی شیخ موحەممەد عەبدەمان دەگوێ گرت و بامان داوە سەر قورعان و بە ماناوە دەمانخوێند و مەلاکان دەچوونە لادێ و مانای ئایەتی قورعانیان بە خوێندەوارانیش دەگوت. لە

ماوەیەکی زۆر کەمدا قورعان زانین کردیە کارێ هەر مەپرسە! بەرگی مەزەب مەزەبێنی لەبەر ڕۆحانی فێڵباز و لەبەر مەلای فریو خواردووی بەستەزمانۆکە داماڵی. ئاومالْک و لیتە و چڵپاوی پڕوپووچ و خەرافـاتی لە مێشک و دڵان ڕاماڵی. هەمووی کردینە یەک هێز و بە دەسـتی گەل دەگـژ فەرانسـە ڕاچـووین و کـامڕەوا بووین. بەڵێ ئەو هەزارە زیلەی دیلەی کە لە باکووری ئەفریقا بە خۆیان دەگوت موسوڵمان، سەتان سـاڵ بوو لەژێر چەکمەی بێگانەدا دەیانناڵاند، لەبەر خواش دەپاڕانەوە کە لە ئاگری جەهەندەم بە دووریـان کـا. کەس لەبیری نەبوو بێژێ لەسەر دنیاش لە جەهەندەمی داگیرکەر ڕزگارم کە!»

ژەنەڕاڵی فەرانسەوی (ئارگۆ) دەڵێ: ساڵان سەرانسەری جەزایر و توونس و مووریتانیا و مەراکشیان تاڵان دەکرد. بەڵام تاڵان کراوان لەبەر زیارەتی قەبران و لەترسی جەهەنـدەم گریـان، وا سـڕ ببـوون، هەسـت و خوستیان لێ بڕابوو.

ژەنەڕاڵ سوستێل لەوێوە نامەی بۆ ژنی نووسیوە؛ کە ژن لە فەڕانسە بـووە. بـۆی دەنووسـێ: وا مـن لەنـاو لێڕەواری تەلمەسان خەریکی ڕاوم. وا کوڕەکەشمان فێر دەکەم تفەنگ باوێ و بێتە نیشانە هەنگێو. تا ئێستا چەند عەرەبێکی هەنگاوتووە. حەز دەکەم تۆ بە دەماغ بـی. ئـێمە لێـرە زۆر بە شـادی ڕادەبـوێرین. زۆر بە کەیفـم. سەگەکانیشـم بە کەیفـن؛ عارەبەکانیشـم باشـن. زۆر بێـدەنگ و بەسـتەزمانن. سوسـتێل درۆی نەنووسیبوو. عارەبە موسوڵمانەکان ـ کە بەر تیری بەچکە ژەنەڕاڵ دەکەوتن و وەکوو کەروێشک ڕاو دەکران ـ لەبەر نوێژ و پاڕانەوە و خێرکـردن و ڕۆژووگـرتن، لەترسـی چـوونە جەهەنـدەم، نەیانـدەکرا بیـر لە دنیـا بکەنەوە. دنیاکەیان دوژمنی کافر دەیبرد و ئەوان خۆیان بە بەهەشتی پاش مردنیان دڵخۆش دەکرد.

لەو ڕۆژەوە کە پیاوانی زانای دینی و ئازادیخوای وەکوو موحەممەد عەبـدە و یـارانی، لە خەونـی خۆشـی بەهەشتیان ڕاپەڕاندن و لە مانای فەرموودەی خوایان تێ گەیاندن، ئیتر ئەو ساویلکە نەمان کە وەکوو ڕێوی ڕاو بکرێن و لە دنیا گزوفت بـدرێن. تێگەیشـتن کە ئەم دیـنە ئیسـلامە پـاکە بـۆیە نەهـات کە موسـوڵمان

بە تەنبەڵـی پـاڵ دەنەوە و هەر بە هۆمیـدی دوای مـردن دەسـتەوئەژنۆ دابنیشـن و ئـاوڕ وەژیـان نەدەنەوە. خەزاکردن لەڕای خوادا و خۆ ڕزگـار کـردن لە چنگـی سـتەمکار و داگیـرکەران، ئەو پەڕی خوداناسـینە. پێغەمبەری موسوڵمانان چەک بە دەسـت دەچـووە مەیـدان و بە گـژ دوژمنانـدا دەچـوو. ئەوی گوتـوویە پێویستە لە بەرانبەر دەستدرێژکەر ملت کز کەی، پێغەمبەری فەلەکان بوو کە هەرگیز بە قسەشیان نەکـرد. ئەگەر قورعان لەمەڕ تەرازووی خێر و شەڕ خەبەر دەدا، دەربارەی ئاسنیش دەدوێ. مـنەت لەسـەر بەنـدە دەکا کە ئەم شتە بەنرخەی پێ ناساندووە. ئاسن واتا شمشێر و تیر؛ ئاسن واتا ئەسـپابی ئاسـوودە ژیـان لە دنیادا.

قورعان دەڵێ: موسوڵمانان لەسەر کافر توند و تیژن؛ خاوەن بەزەن لەناو خۆدا. تێگەیشتن کە ئەو هەموو گێرە و نێـرە و هەرا و پێـک هەڵپڕژانەیـان لەسـەر جەبـر و ئیختیـار و فتـوای فـلان و فیسـار و هەڵـوا بـۆ مردوولێنان و زیارەتی چاک و پیران و دەستووری تارەت گرتن و ئاوی دەسنوێژ هەڵگرتن و مردووشـوتن، فڕی بەسەر دینە ڕاستەقینەکەوە نەداوە و هەر کەسیش ئەم جۆرە کارەی بە کـوڵەکەی دیـن زانیـوە، نـوێژ و حەج و زەکاتیشی بەهرەی نەبووە.

لەسایەی زانینی قورئان نامۆیی و هەرکەبۆخۆیی لە نێوانیاندا باری کرد. یەکدڵ و دەست و شانبەشـان ـ وەکوو دیوارێکی پۆڵا ـ لەڕووی داگیـرکەر وێسـتان و بـانگەوازی ئـازادیخوازی بەرز بـوو. داگیـرکەری فەڕانسەیان لە وڵاتەکەیان دەر کرد و بوونە دەوڵەت.

زۆر لە پیاوانی زۆر زانای جەزایـری کە دینـدارییان زۆر بە هـیچ و پـووچ دەزانـین و لایـان وابـوو ئـایین ئەفیوونی گەلانە و ترياککێش بۆ خەبات نابێ، بایان دایەوە سەر دین و ڕەگەڵ موسـوڵمانان کەوتـن. بـۆ نموونە: عومەر ئوزغان ـ کە لە زانستی فەلسەفەی مارکسیدا بەناوبانگ و سەرۆکی حیزبی شیوعی جەزایر بوو ـ شۆڕشی شۆڕشگێڕانی موسوڵمانی زۆر بەدڵ بوو؛ مەزەبەکەی خۆی وێڵ کرد و بـوو بە هـاوبەش لە شۆڕشـــــدا. کتێبێکـــــی لەژێـــــر نـــــاوی بەرزتـــــرین پـــــلەی خەبـــــات

دەربارەی شۆڕش نووسیوە. سەرەتاکەی فەرمایشتی پێغەمبەرە کە فەرموویە: «بە قسەش بە دەم، زوڵمکەران دادەیەوە کردارێکی خواپەسندە». جگە لە عومەر ئوزغانیش، یەکیەتی خوێندکارانی نیشتمانی لە جەزایر ـ کە چەپی بوو ـ هاتە ناو ڕیزی شۆڕش و ناوی خۆی نا: یەکیەتی خوێندکارانی موسوڵمان لە جەزایردا. تەنانەت ڕۆشنبیرانی ئورووپاییش کە لەو ناوەدا دەژیان و دەیاندی شۆڕشی قورئان چەند لە کارە، دڵیان بۆ ئیسلام دەکورکا و لە خەباتی شۆڕشگێڕان بەشدار دەبوون. بۆ نموونە: هەنری ئالگ، کە لە ڕۆژنامەی بەناوی کۆماری ئەلجەزایردا ـ زوانی حاڵی کمۆنیستانی جەزایر ـ سەرنووسەر بوو، وازی لە حیزبەکەی هێنا و هاتە ڕیزی موسوڵمانانی شۆرشگێڕ. پولیسی فەڕانسی گرتی و لە زینداندا زۆریان جەزرەبە و ئازاردا. لە بیرەوەری ڕۆژانەی گرتووخانەدا دەنووسێت: «زۆریان چەرمەسەرە داوم؛ بەڵام شەرمە کە دەربارەی خۆم هیچ بڵێم. چونکە ئەوەی بەسەر ئەو موسوڵمانانەی دێنن ئەو بەجەرگی و نەترسانەی کە لەوانییەوە دەبینم، ئازاری من، ئازایەتیم، خۆ نانوێنێ. هەر ساعەتە شۆرشگێڕێکی موسوڵمان لە بەرزایی چەند قاتەوە هەڵدەدێرن. هیچ کامێکیان ئامادە نین قسەی دڵیان لەلای دوژمن بدرکێنن؛ سووریش دەزانن دەکوژرێن. هەریەکە لەو نەبەردانە کە ئاوا هەڵیاندەدێرن، لەو کاتەدا بە دەمی پڕ لە خوێنەوە شتێک دەڵێن کە هیچ دەمانەکەی ناگەم. بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەو سرووده لە هەموو سروودێکی لە دنیادا بۆ هانەدانی شۆرشگێڕ بەهێزترە. بەو سرووده کە زۆر کورتە و لە چەند وشە تێناپەڕێ، ئەوەندە دەگەشێمەوە کە مەپرسە![17]

بەڵێ نزیکەی دوو چەرخ داگیرکەری ئورووپایی دوولینگەیان وەکوو دۆڵپا لە گەردنی موسوڵمانی ئەفریقایی هاڵاند. وەکوو گەنە خوێنی دەمژین و کەس نەبوو هاوارێک بکا. تا ئەوسا کە تێگەیەندران قورعان کتێبی خوێندن و ناوەرۆک

بەکاربردنە نە بۆ موفەرک و سوێندخواردن. ئامۆژگاری ڕای ژیانە نە ودمی جادووگەرانە و دەرمـانی سـپڵ کوتان و قۆڵنج و ژانی ناوشانە. بە هاسانی داگیرکەریان ڕاوەدوو نا و و دین و دنیای خۆیان پاراست.
خوا فەرموویە: کاتێ قورعان دەخوێندرێ، بێدەنگ بن و گوێ ڕادێرن. واتا تێبگە چی تێیدا. ئەو کەسەی مانای نەزانێ بەهرەی لەو بیستنە چییە؟
لە سەرەتای ئیسلامەتی، قورعان نووشتەی پێ نەدەکرا؛ دەخوێندرا و تێی دەگەین و دەکـار دەکـرا. دیـمان چەند زوو دەوڵەتی ئێران و ڕۆمی لەبەریەک برد. لەم چەرخەشدا لە ئەفریقـا قورعانزانـان پەتپەتێنیـان بە داگیرکەری کافر کرد.
ژەنەڕاڵ سوستێل ئەو گورگەی کە ڕاوەعەرەبی دەکرد، لە دەفتەری بیرەوەریدا نووسـیویە: «قورعـان کتێبـی ئایینی موسوڵمانان شەڕنامەیە. هیچ وەک کتێبی دین ناچێ. کتێبـی پیـرۆزی خۆمـان پـێمان دەڵـێ: نـابێ دنیاتان خۆش بوێ؛ ئاشتی خواز بن! ئەگەر جەزرەبەشتان بـدەن گـلە مەکەن! ڕک و کیـنە دەدڵ مەگـرن! تۆڵە لە کەس مەستێننەوە! کەچی ئەم قورعانەی ئەوان موسوڵمانان دنە دەدا هەرچی کافرە بیکـوژن! ژن و منداڵیشیان بەرن! لە تاڵانی دوژمنانتان ڕانەوەستن! لە ڕاستیدا ئەم قورعانە بۆ ئەو ڕووت و ڕەجاڵانە شـەڕ و هەرا هەڵگیرسـێنە. پـڕ کـراوە لە گفتـی جـادووگەرانە و بە دەنـگ و سـۆزێک دەیخـوێنن کە گـوێگر دەهاروو‌ژێنێ و دڵی بەرەو خۆی دەڕفێنێ. موسوڵمانان کە قورعانەکە دەبیسن، کرژ دەبن و لێمان دەبـن بە ئاگر و بە هیچ بارێ چاریان نایە».
گلادستۆن، جوولەکە بەناوبانگەکەی سەروەزیری ئینگلیزەکان ـ کە لە دنیا داگیرکـردن بەناوبانـگ بـوو ـ جارێک لە کۆڕی نوێنەران لە جەنگەی وتاردانیدا قورعانی بە مێزدا کوتا و بە تووڕەییەوە نەڕانـدی: «هەتـا ئەم قورعانە ماوە موسوڵمانگەل بۆمان نایەنە بەربار و ناتوانین وڵاتەکانیان بە هاسانی داگیر بکەین».
من ئێستا لەو بڕوایەدام دیندوژمنان، ئەوانەی چاویان بڕیوەتە ئیسلام خواردن، زۆر لەمێژ ساڵە تێگەیون کە بـــــــــایەخی قورعـــــــــــان چەنـــــــــــــدە و زانیویـــــــــــانە ئەگەر

ئێمە لە ماناکانی سەر دەرکەین و بیکەینە دەستووری ژیان، هەرگیز ناتوانن بمانخۆن. بگرە لەوانەشە ئێمە پەلاماری ئەوان بدەین و بەردەستیان کەین. جاکەوایە، بە هەموو هێز و توانایان کارێکی وایان کردووە کە تێ نەگەین چی تێدایە. کاکڵمان لێ بشارنەوە و لە دوورەوە بە دیمەنی تێکوڵەکەی بمانخافڵێنن.

جا هیچ بە دووری نازانم ئەو شتانەی هێندێک لە کۆلکەمەلایان خستوویانەتە ناو دین و هیچ فرێشی بەسەر دینەکەوە نییە، دەڵاوی مێشکی گڵاوی کافری موسوڵمانخۆر بێ. تۆ بڕوانە ئەوا چەند ساڵ و زەمانە مەلاکانمان پێمان دەڵێن کە هەر دەرد و بەڵایەکی بەسەرمان دێ لە خواوەیە. بەڵاش خەڵاتی خودایە دەمانداتێ. دەبێ سوپاسگوزاری بین و هەرکەس لە هەموو حاڵێکدا شوکری خودا نەکا کافرە. دنیا لاکی بۆگەنیوە. ئەوانەی دنیا دەخوازن سەگەلێکن لە دەوری مشتومڕیانە. دنیا تا سەر بۆ کەس نابێ؛ دەبێ هۆشمان هەر لەولا بێ. ئەگەر بەهەشتت گەرەکە، گەرەک لە دنیا واز بێنی. دوو گوندۆرە لە دەستێکدا هەڵناگیرێن.

کەچی دیندوژمنی زانای ئاگا لە قورعان دەزانن دەستووری ئیسلام وا نییە. قورعان دەڵێ: بەگژ داگیرکەردا بچن! دیندوژمنانتان بکوژن! بۆ هیچ هێزێک لە دنیادا ـ جگە لە خوا ـ سەر کز مەکەن! ئازاد هاتوونەتە دنیاوە؛ ئازاد بژین!

قورعان دەڵێ: «ئەو کەسانەی فەرمانی خوا بەجێ دێنن، نوێژان دەکەن، بۆ کاری خۆ ڕاوێژ بە یەکتری دەکەن، لە ڕۆزیەکی کە ئێمە پێمان بەخشیون ئەوانیش لەڕاهی خودا دەیبەخشن، ئەوانەیش کە تۆڵەی خۆیان لە زۆرکاران دەسێننەوە، لە بەرانبەر خراپەی خراپەکاردا خراپە دەگەڵ دەستدرێژکەر دەکەنەوە، خوا گازندەیان لێ ناکات.»

ویل دورانت ئەو نووسەرەی کتێبە بەناوبانگەکەی مێژووی تەمەدونی دنیای بۆ نووسیوین، لە شوێنێکدا نووسیویەتی ئەم ئایەتە: «هەرکەس تەعەدای لێ کردن ئێوەش بارتەقای تەعەدای تۆڵەی خۆتان بکەنەوە»، دەگەڵ ئەو ئـــــــــــــــــــــایەتەی

ئینجیل: «ئەگەر کەسێک زللەی لە لاڕوومەتی ڕاستت دا، تـۆ ڕوومەتـی لای چەپیشـی بـۆ ڕاگـرە. ئەگەر کەوایان داوا کرد، تۆ عەباکەشتیان بدەرێ.» بەرانـبەر بە یەکیـان بکەیـن، زوو تێـدەگەین ئـایەتی قورعـان دەرسێکە بۆ پیاوەتی و ئازایەتی؛ ئایەتی ئینجیل ئاکاری ژنانە فێری پیاو دەکا.

**برای زانای ڕۆشنبیرم!**

ببوورە کە عەرزت بکەم تۆ کە لە دواکەوتنی کۆمەڵگات پەرێشانی و لات وایە خەتای قورعانە کە تووشـی ئەو تووشییەی کردووین، بە هەڵە چووی. تۆ مەڕوانە ئەو ئاپۆرەی ڕەمەکیانە کە هیچ دە قورعـان نەگەیـون چی تیایە و هەر چاویان لە دەم مەلایە و مەلاش یان لە گزیکاری، یان لە ساویلکەیی و کەمزانی وای فێـر کردوون کە لایان وابێ قورعانیش هەر وەک نانی تەکیە وایە بۆ متفەرک نەبێ نابێ؛ وەک کێلی کۆنەقەبرانە هەر بۆ چلدانە گرتنەوە بەهرەی هەیە و هیچی‌تر نا. ئەو فێڵ بە قورعان کردنە لە مێژووی ئیسـلامەتیدا زۆر کۆن و لە مێژینەیە. پیاوی وەکوو ئەبووزەری غیفاری پێ لەناوبرا. چونکە دەیگوت قورعان چۆن دەڵێ، وا بکەن. قورعان کرا بە ئامرازی دەستی فێڵباز بە نووکەڕمبان داکرا.

بەر لە هەر شت پێویستە بۆخۆت مانای قورعانەکە باش بزانی! ئەوسا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئاخۆ مایەی نەگبەتە یان سەرمایەی سەرکەوتنە؟ بۆ نموونە کەربەلات وەبیر دێنمەوە:

کەربەلا ـ وەک مەلا دەڵێ و دەناو مێشکی خەڵکی نـاوە ـ دەشـتێکە ڕۆژێـک لە ڕۆژان بـووەتە شـەڕگە. جەنگێکی بەسام ڕووی داوە؛ چەند کەسی تێدا کوژراوە. ئێمە دەبێ بۆ ئەو کوژراوانە بگرین و لە گریان و شین بەولاوە هیچ لەو بارەوە نەزانین.

کەچی ئەگەر زانایانە وەبەر محەکی بیری دەین، تێدەگەین کە ئەم ڕووداوە چەنـد گـرینگە. کارەسـاتەکەی کەربەلا، نـــــامەی ئـــــازادی گەلانە کە بە خـــــــــوێنی ئـــــــاڵ

نووسراوە. گەورەترین دەرس و پەندە بۆ ئەوانەی لە بەرانبەر زۆردار و ستەمکاراندا ئازایانە خەبات دەکەن. فێرگەیەکە پێمان دەڵێ لە ڕێگەی ئاواتی پاکدا ئاوڕ وەسەر گیان دانەوە ڕەوا نییە.

دەوڵەتێکی هەرە گەورە بە سەد هەزاران چەکدار و شەڕکەرەوە دەبەر دەستی کەسێکدایە بەناو خەلیفەی ئیسلامە و بە کردەوەش هەرچی خوا فەرموویە نایکا. زوڵم و زۆری لە هەژاران، دادنەپرسینی بێچاران، کرووسینەوەی بێدەستان، ڕمێنی دنیاپەرستان، ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەدایە و هەروا ڕیشە ئاژۆ دەکا.

حوسێن ئەو خاوەن ئیمانەی بڕوای بە قورعان هێناوە و دەزانێ پێغەمبەر دەڵێ: «ئەگەر زوڵم و زۆر هاتە ناو، پیاو دەبێ بە گژیدا بچێ. ئەگەر توانا هەبوو بە دەست، دەنا بە دەم. ئەگەر ئەویش نەکرا بە دڵ؛ کە سێهەمیان ئیمانی هەرەلاوازە» نایەوێ لە فەرمانی دەرچێ و ناشیەوێ هەر بە دەم و دڵ بەرەنگار بێ، دەس بە شمشێر بەرەوپیری مەرگی لەڕای خوادا دەچێ. ئەو پێشمەرگەی بەرفەرمانە، ئەشێ بەرانبەر بە قورئان تێبکۆشێ تا بەدکاران لەناو دەبا یان گیانی خۆی بەخت دەکا. شۆرشی حوسێن کتێبە؛ شوێن و دەستوور و یاسایە بۆ هەموو ئازادیخوازان لە دنیادا؛ کە لە ڕێی دۆز و مەبەستا نابێ هیچ بیر لە هێزی زۆری دوژمن و ماف داگیرکەر بکەنەوە. خوێن بەخشین بۆ ڕزگار بوونت لە داگیرکەری هەژارخۆر، بەڵگەی هەرگیز نەمردنە. بەڵێ حوسێن و یارانی ئەو دەستە نەترساوە بوون کە لە پێناو ئازادی موسوڵماناندا، بە خوێنی گەش دەشتی کەربەلایان داشت و خەڵکی دنیایان تێگەیاند کە شەنگەداری ڕزگاری، خوێنی لاوانی پێدەوێ تا بەر دەگرێ. هەر ئاواتێکی پیاوانە ـ هەرچەندە زۆر دژواریش بێ ـ سەری لە ڕێگەدا بدرێ، هەر سەر دەگرێ. وا دەشزانین کە سەرەنجام بە کوێ گەیشت. ئێستا و ئێستاش بەدکارەکان ـ کە لایان وابوو سەرکەوتن ـ بە نەفرینەوە ئاوا بوون و توون بە توون چوون. ئەو شەهیدانەی کەربەلاش بەناوی چاکەوە زیندوون و خۆشمان دەوێن. خۆش ویستنی شۆرشگێڕانی وا پاک و چاک و بە ئیمان بۆ ئەوانەی کە فێڵباز و نەزانخۆرن، بەهەرە و قازانجی نەئەدا

ئەگەر مەبەست لە شەڕی دەشتی کەربەلا بەلای خۆیاندا نەگۆڕن. باسی شۆرش دژی زاڵم و خوێنمژان، بەگژداچوونی پیاوکوژان، ئازادبوونی دەستەی هەژار لە بێگار و چەوسانەوە ـ کە مەبەستی هەرە گرینگی حوسێن بوو ـ بن لیچ درا و حوسێنیان وەک سەرسۆفیلکەی مەنسووری هەللاج ئاسایی یان مەسیحی خاچپەرستان لە قەڵەمدا.

خاچپەرستان دەڵێن مەسیح هەر بۆیە پەیدا بوو خۆی بە جوولەکە بە کوشت دا و تاوانی پەیڕەوەکانی پێ ببەخشن. کۆلکە ئاخوندی مەش دەڵێن حوسێن ویستی لە کەربەلایە بیکوژن تا لە ڕۆژی قیامەتا خۆی بکاتە تکاکارمان. لەوە پێوە کاری نەبووە. دەئێستا ئەگەر ئەو کەسەی ناویان لێ ناوە ڕۆشنبیر وەک ئەو نەخوێندەوارانەی کە بە شات و شووتی مەلای نەزان یان حیلەباز لە ڕاستەڕێ بازدراون، بیر لە عاشورا و کەربەلا بکاتەوە، چۆن من پێی دەڵێم ڕۆشنبیر؟ بە بڕوای من هەزار باریش خوێندەوار بێ، لە نەخوێندەواران زۆر پتر زەین‌کوێر و کۆڵەوارە. ئەویش هەر مێشکی تەزیوە؛ بەڵام بە بارێکی‌تردا با بزانین لەبەرچی و بۆچی؟

**کۆنەپەرست و ڕۆشنبیر**

وەک دەزانین ئێمە ئەمڕۆ بەو کەسانەی کە بڕوایان بە قسەی پڕوپووچ و بن‌شڕ هەیە و بە ئافاتی خەرافاتەوە گیرۆدەن، ئێژین دەسەی کۆنەپەرست کە من بەڕاستی نازانم. بەبڕوای من بەو پڕوپووچ‌پەرستانە، دەبێ بێژین: دوورەهەست و گوێرەکەی گێژ. ئەو کەسانەش کە دوژمنی خەرافات و پڕوپووچن، تێگەیشتوون کە خەرافات کۆمەڵگا لەبەر یەک دەبا و زیانی ژیانە و گەرەکیانە بتۆژنەوە کە ئەم ئاهۆ مرۆکوژە کەی هاتۆتە ناو کۆمەڵ و چۆن جێگەی خۆی کردۆتەوە و چۆنی بیر لە ڕاستەقانی لەبیر خەڵک بردۆتەوە؟ چۆن توانیویە سەرچاوەی ڕوونی دینەکە شلوێ بکا و سەر لە مەردم بشێوێنێ؟ بە زانایی، دەراوەکان ڕوون کەنەوە و سەرچاوە بەسەر کەنەوە و بزانن ئایین لە پێشدا کە پەیدا بووە، چۆن بووە و

بۆچی وای بەسەر هاتووە؟ تیٚبکۆشن جەماوەری خاپێندراو حاڵی بکەن. واتا دەردیش بناسن و دەرمانیشی بدۆزنەوە و دەردی نەزانین چارە کەن، دەتوانین بەوانە بێژین ڕۆشنفکری خاوەن بەهرە. کەچی ئێستا لە ناوماندا دەستەیەک هەن هیچ ئاگایان لە ڕابردووی ئیسلام نییە؛ نازانن قورعان چی تێدایە. هەوڵیان نەداوە بزانن سەرەتای ئەو پڕوپووچ و خەرافاتە لە کوێوە سەری هەڵداوە. هەر دەزانن گاڵتە بەو مەردمە بکەن کە باوەڕیان بەو پڕوپووچانە هەیە. لایان وایە بە گەمە و گاڵتە بەو مەردمە بکەن کە باوەڕیان بەو پڕوپووچانە هەیە. لایان وایە بە گەمە و گاڵتە پیٚکردن دەبڕێتەوە. بە خۆشیان ئێژن ڕۆشنبیر! دەیسا من ئەم تەرزە کەسە زۆر بە تاریکبین دەزانم و دەگەڵ کابرای ساویلکەی بەستەزماندا فەرقی ناکەم. هەکیان وەک یەک بێچارەن و هیچ کارێکیان لەدەست نایە. ساویلکەی نەخوێندەواریش وەک ئەو لە قورعان نازانیٚ و نازانیٚ خوا چی فەرمووە. هەر لەوساوە ساوا بووە و تازە زمانی گرتووە و گوێی بۆ قسە و باس گرتووە، پێی گوتراوە ڕیٚ و شوێنی ئیسلامەتی، بڕوا بە خوا و بە قورعان و حەج کردن و زەکات دان و عەلی و حوسێن خۆشویستن و چاوەنۆڕی ئیمامی زەمان کردن و پەنا بردن بە مەرقەدی ئیمامزادانە. بێچارە تێگەیەندراوە کە پیاو با موسوڵمانیش بیٚ، با هەرچی فەرمانی خواشە پێکی بێنیٚ، دیسان لە بارەگای خودا وەک چڵەپووشێک نانوێنیٚ و زۆر حەستەمە دەنگی بە خودا ڕابگا. ڕێگای چارەی هەر ئەوەیە پەنا بەریٚ بە یەکێک لەو پیاوچاکانەی کە لە خوداوە نزیکن. ئەوان بۆی ببنە تکاکار کاری چاکە و لەژێر سایەی ئەو گەورە سایە چەورانە پاروو دەڕۆن هەڵدەکێشیٚ! لەم بارەوە هێندەی دەگویٚ ئاخنراوە کە ئەو نەزانە لای وایە هەر دەستێکی لە دامێنی تکاکارێکی وا گیر بیٚ، ئیتر بەسیە. با سەرپێچی لە فەرمانی خوا کردبیٚ، با ماڵی خەڵکی خواردبیٚ، با هەرچی دەڵێن لە شەرع و قورعاندایە نەیکردبیٚ، گرینگ نییە؛ تکای ئیمام و پیاوچاکان دەفریای دیٚ؛ ڕێگە نادا بەرپرس و حیساب بکەویٚ و عەداڵەت شوێنی خۆی بگریٚ.

ئەگەر فڵانە ئیماندار لە خەزادا بە کوشت چووە و شەهیدە و دەچێتە

بەهەشت، ئەم ـ کە تکاکاری هەیە ـ بە بێشەڕ و خۆ بەکوشت دان دەتوانێ پلەی چەند شەهید بەدەست بێنێ. وەک لەمەوبەریش لێی داوین بە فەرمایشتی مام ئاخوند فرمێسکڕشتن بۆ حوسێن بەسە بۆچوونی بەهەشت و دەرەجەی شەهید ساندن و خۆدزینەوە لە سزا و لێپرسینەوە. جا بەو پێیە هەروا تۆزێک سەرنج بدە و ئەم دیمەنە بێنە بەرچاو:

ڕۆژی زیندوو بوونەوەیە. هەموو گیاندار لە مەحشەر کۆبوونەتەوە. چاک و خراپ هاوێر دەکرێن. بانگ لە شەهیدان کراوە ڕیز ببەستن؛ هەتا چاکەی سەردنیایان بێتەوە ڕێ و پاداش لە خودا وەرگرن.

شەهیدانی خەزای بەدر، عەلی، حوسێن، هەمزە، عەبباس، حوڕ، جەعفەری تەییار، ئەنەس، خەباب، یاسری عەممار و هیکە لە ڕیز یەکەوە وێستاون. چەند کۆنەحاجی خۆماڵی ڕەزاگرانی خوێنتاڵی کەچەڵی زگ دەرپەڕیوی بەلەرە لەبەر بەز و پیو، تەزبیح بەدەست بە تەنیشتیانەوە وێستاون، چاوەچاون کەنگێ میداڵی شەهادەت لە فرشتەکان وەردەگرن.

وامن بە خەیاڵ حاجیەکی هەڵدەبژێرم کە هەر بزەی سمێڵیەتی و گاڵتە بە کلکی خۆی دەکا. دەچمە تەکیەوە و دەیدوێنم:

ـ سەلام، حاجیاغا گیان، خێرە؟ چۆنە تەشریفت لێرەیە؟!

ـ پاداشی شەهید وەردەگرم.

ـ تۆ لە کام خەزا بەشدار بووی؟ دەگەڵ کێ ڕا شەهید کرای؟

ـ ئای بابا وازمان لێ بێنە! خەزای چی و شەهیدبوونی چی؟ شەوێک هێندەم فەسەنجوون خوارد، گرفتم پێ کرد و مردم!

ـ بمبوورە ئەگەر لێت پرسم چۆن دەفەرمووی پاداشی شەهید وەردەگرم؟

ـ وەڵڵا پەرژین بێ لە ڕووتا؛ بیلامانێ. ئەو شەوەی کە تێیدا مردم یەکشەمە بوو. شەوەکەی هەینوی ڕابردوو عوسڵم کرد و چوومە ناوجێ. دۆعایەک هەیە مەلایەک فێری کردووم و دەیفەرموو هەرکەس لە شەوی هەینیدا حەفتا جارانی بخوێنێ، خوا لە قیامەت دەرەجەی حەفتا شەهیدی خەزای بەدری خەڵات دەکا.

به برام بڵێم هەر لەسەرجێ حەفتا کەڕەت دۆعا بۆرم خوێند و نووستم. هەر سەرم لە گۆڕ هەڵێنا، پیاوانی خوا هاتنە شوێنم؛ گوتیان وەرە! وامزانی دەمبەن حیسابی فەسەنجوونم لێ دەکێشن. بیری مردنی خۆم دەکرد. بیری ئەوەندەم نەدەبرد کە من خێری دۆعای گۆرینم پێ دەگا. وام دەبینی بە دەرەجەی حەفتا دانە شەهیدەوە لای ئەمانەی کە هەر یەکەی بە شەهیدێک دانراون ڕاوێستام. هیچ دەزانی چۆنە بە یەک شەهید ڕازی بووم و پلەی شێست و نۆ شەهیدم لە دەفتەر قەڵەم کێشاوە؟

ـ ئادەی بزانم لەبەر چی؟

ــ لەبەر دڵی ئیمام حوسێن. نازانی چەندەم خۆش دەوێ. وەک دەزانی ئەم ئیمامە نازەنینە دەگەڵ حەفتاودوو کەسدا لە خزم و کەس و یارانی لە خەزایە لەسەر دەشتی کەربەلایە شەهید کران. هەر یەکیان بە شەهیدێک دانراون. جا من بۆ ئەوەی ئیمامی خۆشەویستم بەزەیی بە خۆیدا نەیە و نەشکێتەوە، وتم منیش هەر بە شەهیدێک حیساب کەن. منیش وەک ئەو. چاکم نەکرد؟

ـ ئافەریم بۆ ماریفەتت. وەباڵ بەستۆم پیاوەتیت کرد.

ئێستا بۆمان هەیە بڵێین ئەو بۆرەپیاوەی لای وایە دۆعا لەسەر جێ بخوێنێ، بێدەردیسەر و ماندوو بوون لە بەهەشت پاڵ دەداتەوە، کونی دۆعای گوم کردووە. بەستەزمانە و فێڵبازێکی پیاوخەڵەتێن ئاوا لە خشتەی بردووە. بەڵام ئەگەر خوێندەوارێک کە بە خۆی دەڵێ ڕۆشنبیر، لای وابێ هەڵخەڵەتانی ئەم ساویلکە نەزانانە و فەرمایشتی فێڵبازانەی ئەو ئاخوندەی کە دۆعا فرۆشی دەکا بریەتین لە ئیسلامەتی ڕاستەقینە و هەرکەس بڵێ موسوڵمانم وەک ئەوانە و دەبێ گاڵتە بە ئەقڵی کەین، بەبڕوای من ئەویش وەکوو حاجیەکەی باسمان لێوە کرد ڕێگەی ڕاستی لێ تێک چووە؛ چونکە هەردووکیان لەڕاستی بێخەبەرن. ڕاستت دەوێ دەردەکەمان دوو سەرەیە: وا لە لایەکەوە دەیبینین سەتانساڵە کۆلکەمەلای گوێنەدەر و حەشاماتی نەخوێندەوار و کۆڵەوار لەناو لیتە و جڵیتاوی پڕوپووچدا دەتلێنەوە و ڕۆژ لە دووی ڕۆژ پتر نوقمی زەلکاوی خەرافات

دەبن. لەم لاشەوە چینی تازە پێگەیشتووی لاومان هەیە کە لە لاوە یان لە ناوخۆ دەرسی لاوەکی دەخوێنن؛ خۆیان ناو ناوە ڕۆشنبیر. هەر یەکتر دەناسن و بەس. جیغیـان بەلای جەمـاوەرەوە گرتـووە. لە زانکـۆدا لە سەرپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، بە وشەی نیوەبێگانەی ڕەق و دژوار، بە شیعری نویٚ ـ کە هەر بۆ خۆیان تێی دەگەن ـ هەر لە پەستا گاڵتە بەو مەردمە دەکەن کە فریوی ئاخونـدەکانیان خـواردووە. نـوکتەی سـەیر هەڵدەبەستن؛ قاقا پێیان پێدەکەنن! کەسیش نییە ئەو بەناو ڕۆشنبیرانە تیٚبگەیەنیٚ کە ئێوە بۆ گەلەکەتان لەو ئاخوندانە کەمتر نین کە ئێوە گەپیان پیٚ دەدەن. ئێوە ئەگەر بەڕاستی دڵسۆزی گەل بـان، دەبـوایە لەجیـات پێکەنین بۆی گریابان.

کابرای بەستەزمانی نەزان لەو ڕۆژەوە کە پای خستۆتە دنیاوە بە خەرافـات گـوش کـراوە. بەو بیـر و بـڕوا ناڕێکەی بە بڕوای تۆ گاڵتەجاڕە، بانگی بە گوێدا لیٚ دراوە و هەر بەمەش فرچک کراوە. چۆن فێر کراوە، وا ژیـاوە و تـا دەشـمریٚ هەروا دەژی. ئەو لای وایە قورعـان و ئیسـلام و ئـیمام هەر ئەوەیە کە ئاخونـدەکە گوتوویە. چۆن بزانیٚ ئەو ڕێگای ئەو گرتوویەتی ڕێگەی خودا و قورعان نییە؟

مامۆستا ڕۆشنبیرەکەی تازەکوورەش کە دەبوایە زۆر باش ئاگای لە دینە ڕاستینەکە با و ئەوسـا بە هێـدی و هێمنی و لەسەرخۆیی کابرای ساویلکە بدوێنیٚ و بە زمانی خۆش لەو هەڵەکاریەی دەربێنیٚ و بیخاتە سـەر ڕاستەڕێگە، ڕەپ و ڕاست پێی دەڵیٚ کەر و هیچنەزان و لە ڕوویدا دەحیلکێتەوە!

چۆن وا دەبیٚ؟ چۆن هەق نەدەین بەو چینە نەخوێندەوارە کە دەربارەی ئەو تازەکڵانە بێژیٚ: پۆلێـک منـاڵی هەرزەکار، سەرێک چوونە کافرستانی، پیت و لەتێکیان خوێندووە؛ ئیتر خۆیان لـیٚ گـۆڕاوە. دینەکەشـیان دۆڕاندووە و هاتوونەوە. ئێستا وەزوانیٚ شەق و شڕ، پڕ لە وشـەی ڕەق و دژوار ـ کە تەنـانەت ئاخونـدی ئاواییەکەشمان سەر لە مانایان دەر ناکا ـ تیـز و گاڵتەمـان پـیٚ دەکەن؛ وە دینەکەمـان ئەخەنـن. چـار هەر ئەمەسە دەریانکەین یان هیچ نەویٚ خۆمانیان لیٚ دوور خەینەوە.

بەبڕوای من تا وا بین و ڕۆشنبیرمان کردە و ئاکاریان ئەمە بێ، هەزار ساڵی دیش لەم شوێنەی کە ئێستای تێداین چەقیوین. نەزانەکان هەروا نەزان دەمێننەوە. لەجیاتی ئاوڕدانەوە سەر ئیسلامی ڕاستەقینە و قورعان خوێندن بە مانـاوە، دۆعـای مەلا دەخـوێننەوە. لایـان وایە دنیـا هەر ئەمەی تێـدایە و سـەرمایەی دوای مردینشیان دەنگی بە خودا ڕاناگا؛ گەرەکە داژدارێکی بێ کە خۆشەویستی خودایە تا بییـاتە بارەگـاوە. ئەو پەنا و تکا و ڕەجایەش چەند پلەیە: تۆ لەبەر ئاخوند وەپاڕێ! ئەویش دۆعات بـۆ لە ئـیمام بکـا، ئـیمام بە خوات بناسێنێ و تکات بۆ بکا و بچییە بەهەشت.

تا ئاخوندیش دێتە سەربار کە ئەم کارە ئەنجام بدا، ئەشێ تۆزێک خۆت بوخرێنی و دیاری و میاریەکی بـۆ بەری. قیامەتیش کەبابخانەیە! چەندی بدەی هێندە دەخۆی.

تۆی ڕۆشنبیر کە لە سەرتە ئەم کابرا نەخوێندەوارە تێ بگەیەنی: خودای گەورە لە قورعاندا ڕێ و شوێنێکی بۆ داناوین؛ هەرکەس تۆزێک لێی لابدا، سزای دەدا. ئیتر بەرتیل و تکاکار هیچ کارێـک لە خـودا نـاکەن، لۆمەی دەکەی؟ بەر تەشەر و تانەی ئەدەی؟ سورمەی دەچاوان ناکێشی، کـوێری دەکەی؟! دەرسـی دادە! ئازا و پووکی پێ نیشاندە! با ئەو بێچارە تێبگا ڕێگای ڕزگاری کامەیە؛ چۆناوچۆن دەستی بڕاوە و ژیـانی بە فێڕۆ دراوە. مەسەل دەڵێ: تۆ سکەی زیوی خۆت دەرخە! گاڵتە بە قۆشەی من بکە.

**لەپاش مردن هەستانەوە**

بەداخەوە ئەو چینە سەربەمێژەرەی ناومان لێ ناون ڕۆحانی، دەسـتیان دەم کـارەش وەرداوە و بە قـازانج و بەهرەی خۆیان، چەرخیان داوە. بۆخۆیان کە زۆر خۆش بژین، قەیدی نییە! بەڵام وایـان بـردۆتە مێشـکی ئێمەوە کە ئەگەر دنیامان دەوێ، گەرەکە ئەولامان نەوێ. ئەبێ ژینی سەردنیامان جەهەندەم بێ تا لەو دنیـا چاومـــان وە بەهەشـــت بـــکەوێ. بـــا بە ورکە نـــانی ڕەق و کەڕوو هەڵێنـــاو خـــۆ تێـــر کەیـــن؛

به تاڵی و سوێری ڕابـوێرین هەتـا دەمـرین. ئەوسـا پێخـۆری چەور و زۆر مەزەدار و تـورش و شـیرین لە بەهەشت چاوەنۆڕمانە. ئەم قسەیەش دژی ئایەتی قورعانە کە فەرموویە: «بێـژە! کێـیە ئەو شـتە جوانـانەی خودا بۆ بەندەی خۆی داهێناوە و ئەو ڕزقە خۆش و بەتامەی دەتانداتێ، پێتـان دەڵـێ نـاڕەوایە؟ بێـژە! ئەو هەموو خوشیک و خۆشە خوا بۆ ئەوانەی داناوە کە لە ژینی سەرزەمیندا باوەڕیان بە خوا هێناوە و لە ڕۆژی هەستانەوەشدا هەر دەیانبێ.»

پێغەمبەری خوا فەرموویە: «وا کۆشش بکە بۆ دنیات لات وابێ هەرگیز نامری! واش بۆ ئەولاش خەبـات بکە وەبزانە هەر سۆزی دەڕۆی!».

دینی ئیسلام دنەی موسوڵمانان دەدا زەوی و زاری زۆر بکـێڵن؛ بـاغ بنێـژن؛ لە بەرهەمـی شـان و بـاهۆی ماندووی خۆیان بەرێ بچن. چاویان لە دەسـتی کەس نەبـێ. پەیـدا کەن و لەڕای خـودا لێـی ببەخشـن. ئەوانەی دەڵێن هەر کەسێ لە دنیادا بەربەڵا بێ لە ڕۆژی هەستانەوەدا کەیفی سازە، حیلەبازن؛ بۆخۆیان لە دنیا سازن و نایانەوێ کەس بیانگاتێ. لێت ڕوون بێ خۆپەرستن و هیچیان خودا ناپەرستن.

**پاڕانەوە**

پـاڕانەوە و نـزا و دۆعـاش لە لایەن بە دیـمەن زانـای کەمـزانەوە لە ڕێـگەی خـۆی لادراوە. دەڵـێن بەنـدە لەسەریەتی خۆی وەک پووشێکیش نەزانێ. هەرگیز نابێ بڕوای وابێ کە هیچ کارێکی لەدەس دێ. ئەشێ بۆ هەموو ئاواتان دەستەودامانی خودا بێ. کەچی بەراوەژوو بۆی چوون و تێنەگەیون.

نزا ئەسپۆن و ئاو نییە پەڵەی پیسی بشواتەوە. کەس بە دۆعا و پاڕانەوە ناتوانێ قانوونی خودا بەربەست بکا و سەرەڕای گونا بەخشینیش خەڵات و پاداش وەرگرێ.

هەر لەم شـاری تـارانەدا، لەم ڕیـزە وتـارانەدا، ڕۆژێـک لە کۆنفڕانسـێکدا سـەبارەت بە ئـیمام سـەجاد و دۆعاکـــــــانی باســــــێکم کـــــــــرد. لە جەنــــــــگەی وتارەکەمــــــــدا

هاته یادم کە «پڕۆفسۆر ئەلکسیس کارل» دەربارەی چۆنییەتی نزا بڕوایەکی تایبەتی و سەربەخۆی هەیە کە من زۆرم لا پەسندە. لەمەڕ ئەویش هێندێک دوام. کاتێ لە پاریس دامەزرام بۆ یەکەمجار ساڵی **١٣٣٨** نووسراوێکی ئەو پڕۆفسۆرەم وەرگێڕا کە سەبارەت بە پاڕانەوە نووسیبوی. لەوساوە چەند جارێکی‌تر چاپ کراوە.

لەم ئاخر ئۆخریانەشدا، دەگەڵ باسە بەنرخەکەی «موهەندیس بازرگان»دا ـ کە ئەویش هەر لەم بابەتەس ـ لە نامیلکەیەکی جواندا چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەلکسیس کارل لای وایە پاڕانەوە لەبەر خودا لۆ بنیادەم وەک ئاو و هەوا پێویستە. ئێژێ نزا و پاڕانەوە لە گیانێکی پڕ لە تاسەوە دەردەچێ. ڕاز و نیازێکی زۆر پاکە لە هەناوی پڕ هاڵاوی ئەویندارانی خوداوە سەر هەڵدەدا. بەرهەمی پاڕانەوەمان بە دڵسۆزی گیان و دڵ مشت‌وماڵ دەکا. سۆمایی دەدا بە چاوان؛ سیسی پێ دەبووژێتەوە.

دەڵێ: «نیچە» تێنەگەیوە کە گوتوویانە: پاڕانەوە لەبەر خودا نیشانەی بێدەرەتانی و دەستەوستانی مرۆڤە و پیاو سووک دەکا. پێچەوانەی قسەی نیچە، پاڕانەوە دەبێتە هۆی گەیشتن بە بارەگای یار. لە خاکت جوێ دەکاتەوە و لە عاسمانان سەیر دەکەی.

ئەلکسیس کارل پێی وایە هەر گەلێک لەم دنیایەدا هەستی پاڕانەوەی نەما، لەبەین چووە.

وێستێ ئەگەر کەشیشێک ئەمەی بگوتبا دەکرا بڵێین بۆ قازانجی گیرفانی خۆی ئەمە دەڵێ؛ بەڵام هۆزان و هەڵکەوتەی وا بەناوبانگ لە دنیادا بیر و بڕوای دەربارەی دۆعا ئاوابێ، هەر لە سۆنگەی تۆژینەوە لەو بارەوە بۆ دووەمین جار جایزەی نۆبل وەربگرێت، ناشێ بایەخی پێ نەدرێ.

لەو ماوەدا کە خەریکی وەرگێڕانی دۆعانامەکەی کارل بووم، ویستم زۆرتر دەربارەی بیر و باوەڕی ئەو نووسەرە گەورە و گرانە بزانم. گش ئەوانەی دەربارەی نزای نووسیبوون خوێندمنەوە. بۆم دەرکەوت کە سەرچاوەی دۆعاکانی

ئیمانی خاچپەرستانەیە و دەگەڵ دۆعای موسوڵمانان جیاوازی تایبەتی هەیە.
دۆعا لەلای خاچپەرستان بۆ دوو شتە: یەکێ ڕاز و سکاڵای دڵدارانەیە دەگەڵ خودا، دووهەم داوای پێکهێنانی ئەو ئاوات و دڵخوازەیە کە خۆی دەستی پێ ڕاناگا و بۆی بە عەزرەت و تاسەیە. واتا نزا و پاڕانەوەی لەدوو بناوانەوەیە: یەک دڵداری؛ دوو نەداری. بەڵام نزا لە ئیسلامدا جگە لەم دەراوانە چەند سەرچاوەیتریشی هەس؛ بەتایبەتی لەلای شیعە. شیعە لە درێژایی مێژوو ژێرچەپۆکە و ئازاردراو و چاوترساو بوون. نەیانوێراوە ڕازی دڵ بە ئاشکرا بدرکێنن. ناچار بوون خۆیان، مەبەستیان لە نهێنیدا بهێڵن و لە ژێر سەرپۆشا بکۆشن. ئەم ڕازی دڵ پۆشینەشیان ناو لێناوە: تەقیە کردن کە مانای خۆپارازتنە. پاڕانەوەکانی شیعە ـ وێڕای ڕاز و نیازی دڵدارانەشیان ـ لەباری کۆمەڵایەتی و چەرخانی باری ڕامیاری بەرەو باشی و زۆر مەبەستیتری تێدا. نموونەی ئەو نزایانە لە «سەحیفەی سەجادیە» کۆبوونەوە و بە ڕۆشنی دێنە بەرچاو.
زۆربەی زۆریان بە سوپاس و ستایش و پەسنی خودا دەس پێدەکەن. ئەوسا پەیوەندی نێوانی خواوەند و ئافەریدەکانی دێتە گۆڕێ. وردەوردە باس دێتە سەر ئەرکی سەرشانی خواپەرست بەرانبەر بە کردگاری. لەوە بەولا دەربڕینی هەستی دڵە و نیشاندانی زەبوونی و دەرد و ئازاری کۆمەڵی ژێردەست و هەژار و بەئازار و دەردەدارە کە زۆرداران بێ بەزەیی ڕەفتاریان دەگەڵ دەکەن و لە ناڕەوا جەزرەبە و ئازاریان دەدەن. بێدەسان دەچەوسێننەوە؛ بێکەسان دەکرووسێننەوە.
ئەوسا داوای یارمەتی و هێز و بوێری لە خوا دەکا کە بتوانێ بەرەی زۆردار لەناو بەرێ و چینی هەژار و چەوساوە لە چنگ بەدفەڕی خوانەناس ڕزگار بکا.
بۆ نموونە: یەک لە نزاکان ئەمەیە: «خوایە! مەمکە بە یاریدەری زۆرداران. کارێک بکە لە دەستم بێ دەهانای لێقەوماوان و هەژار و زۆرلێکراوان بێم و دڵیان خۆش کەم.»
وا دەبینین ئەم بابەتە نزایانە فەلسەفەشن؛ باسی ئاکاری چاکیشن؛ بەرنامەی کاروباریشن. بەبڕوای من پیاو ئەگەر لەو شەو و ڕۆژدا چەند جارێک ئەمانە بێژێ،

دووسەرە بەهرە دەبینێ: یەکیان بیر لە خوا کرنەوە، دووهەم لە فیزوبایی بوون و خۆپەرستی تەکینەوە.
خۆ نەخوازە وتنی ئەم ڕاز و نیازە و ئەم داخوازیانە لە خودا، لە چەند وەخت و چەند شوێنێکی تایبەتیدا وەکوو تەنگی نوێژی شێوان، نیوەشەوان، بەرەبەیان، ڕۆژی هەینی، ڕەمەزانان، ڕۆژی جێژنان، لە گۆڕستان، کە پیاو زۆر دڵی ناسکە و لە تەهی دڵ دۆعا دەکا، لەپاڕانەوەی دەمی‌تر کاری‌ترن.
بەڵام با لە بیرمان نەچێ من کە وتم دۆعای شیعە، مەبەستم شیعەی پێشین بوو. نیازم نزای ئەوانە بوو کە وەک سەجاد خواپەرست بوون. نەک ئەو دۆعا پەڕپووتانەی کە ئێستا ئاخوندەکانمان ناویان ناون دۆعای شیعە و لە ڕاستیشدا دەبوو ناویان بنێن: «تەپکە بۆ بەستەزمانی ساویلکە».
حەشاماتی بەسەزمانی نەخوێندەوار فێر کراون بە عارەبیەکی ڕەق و تەق ئەو چەند نزایە بخوێنن و بەهەشت لە خودا بستێنن. لە هەزاران یەک نازانێ ئەوی دەیڵێ مانای چییە؛ ئەم نزایە چی تیایە و خوێنەر چی لە خوا گەرەکە. بەڵام پیاو لە هەق لانەدا؛ ئەم دۆعا تاشراوانەی لەم ڕۆژگارەدا بوونە باو، دوو کاری زۆر گرینگ دەکەن: یەکەم بازاڕی دەسبڕی دۆعانووسان وەبرەو دەخەن، دووهەم قورعان لەبیر خەڵک دەبەنەوە و کەس ئاوڕی وێ ناداتەوە.
کابرای نەخوێندەواری هیچ‌نەزان دۆعایەکی فێر کراوە دەبێ ڕەشخوێن لەبەری کا و هەرگیز نەپرسێ مانای چی؟ دەیخوێنێ دەستیش هەڵدێنێ. لای وایە خودا دەدوێنێ و داوای بەهەشتی لێ دەکا. ناشزانێ ڕاست باسی بەرەو بەهەشت چوونە یان نا. بەڵام ئەوەندە دەزانێ لە هەموو کۆڵانی شاران لە هەموو شوێن و ئاقاران هەروا بە دیمەن ئاخووندە و بەبار دۆعای نووسراوی خۆی بەو دیندارانە دەفرۆشێ.
جا ئەگەر ڕۆشنبیرەکان بەم جۆرە بۆرە دۆعایە پێ دەکەنن، لێیان ناگرم. بەڵام ناشێ وا بزانن دۆعای موسوڵمانی پێشووش هەر ئەوەیە و موسوڵمانەتی بەڕاستی لەم جرجۆنگانەی تێدا. ئەو خوێندەوارەی گەرەکـــــــــــــــــیە لە ڕووی زانســــــــــــــــــــتی

ڕاستەوە ڕووداوی دەوروبەری خۆی هەڵسەنگێنێ، ئەوسا بڕیار لەسەر سووک و سەنگینی شت بدا و بکرێ پێی بێژن ڕۆشنبیر، پێویستە بەر لە گاڵتەکردن بە دین، بزانێ داخۆ ئەم دینە لە پێشوودا چلۆن بووە؟ چەند دەستاودەستی کردووە؟ چەندە دەسکاری کراوە؟ تا گەیشتۆتە ئەمڕۆکە، لای چەند وەستای ناشی ڕەنگ کراوە و تێک دراوە؟

لێم ڕوونە ئەگەر ئەوانەی ئێستا بە دین پێدەکەنن، بزانن قورعان دەڵێ چی، بزانن پێشەواکانی سەرەتای ئیسلام چلۆن بوون، پێ ناکەنن؛ دەتوانم بڵێم بۆی دەگرین. دەزانێ تەنانەت نزای موسوڵمانانی پێشینە هەرگیز باسی خۆیان نەبووە و پاڕانەوەش جۆیەک بووە لە قورعان هەڵبەستراوە. عەلی، فاتم، حوسێن، زێنەب، یاسری عەممار، ئەبووزەر، لە وەختی نزا کردنا بۆ هەژاران پاڕاونەوە کە لە دەست چەوسێنەرەوان بێنە دەرێ. تووکیان لە زۆردار کردووە کە یاخوا تەرت و توونا بێ! موسوڵمانەکانی پێشوو هیچ کامیان لایان وا نەبوو تەنبەڵتەنبەڵ لە ماڵەخۆ پاڵدەنەوە و دۆعا بکەن، خوا هەموو کاریان بۆ دەکا. نەخێر؛ هەموو ڕەنجیان دەدا، کۆششیان بێ پسانەوە بوو. ماندوو دەبوون، ئەوسا لەبەر قاپی خودای خۆیان لارەمل دەپاڕانەوە کە لەو کارەی دەستیان داوەتێ سەریان خات.

پێغەمبەر ـ هەزاران دروودی خوای لەسەر ـ لە جەنگەی جەنگەکەی ئوحود، وەک زاناترین فەرماندە لە دنیادا لەشکری ڕاهێندراوی فێرکراوی مەیدانداری بەڕیز دەکا. دەڕوانێتە چەک و ئەسپاباتی شەڕیان داخۆ کەم و کورتی هەیە؟ تەواوی کا. ئەم جار دەڕوانێتە شەڕگە؛ کەلەبەر و جێ سەنگەر و خەڵ و چەپەری دوژمن و شوێنی بۆسە دانانەوە و هێرش بردن، کەم و زۆر دەبەرچاو دەگرێ؛ هەموو شت لێک دەداتەوە. ئەگەر شەڕ درێژەی کێشا بە کوێدا ئازووخەی بۆ بێ؟ چۆن دەستی بە ئاو ڕابگا؟ چۆن ڕێگەی ئازووخەی دوژمن بەربەست بکا؟ چۆن ڕێ نەدا بگەنە ئاو، لە توونیان تەنگەتاو ببن؟ پاش ئەو هەمموو کاروبارە، ئەوسا دەستی پاڕانەوە بەرەو عاسمان بڵند دەکا و لەبەرخوا دەپاڕێتەوە: «چیای ئوحود

له چیاکانی بەهەشتە؛ خۆشمان دەویێ. ئەویش ئێمەی خۆش گەرەکە. خـوایە! کـارێکی وا بـکەی کێـوی ئوحود بە سوودمان شایەتی بدا نە لە دژمان».

ئیتر نەیفەرموو «خودایە! ئەم چەند سۆفیلکەی تەنبەڵ و ئەسپێون و لاگوپ کوڵکنی بێهونەر و جەوهەرەم کۆ کردۆتەوە، کە قەت شەڕیان نەکردووە و بـۆ ژێردەسـتی گـۆش کـراون و بە بێهەسـتی و خۆپەرسـتی ژیـاون؛ بە گەورەیـی خـۆت سـوێند دەدەم لەسـەر دوژمنـی پڕچەکـی ڕێـکوپێکی پسـپۆڕ لە جەنـگ و خاوەنهێز زاڵیان بکەی! خوایە ئێمەی کە هەر پێکەوە شـەڕمانە و گەرمە بـازاڕی گەڕمـانە و هەرکەسـێک پێمان دڵسۆزە و نیازی وایە پێشمان بخا، بەرلەوە هەنگاو هەڵێنێ خۆمان قاچی دەبڕینەوە، بەرلەوە دوژمـن بگاتێ خۆمان چوار نیخەی دەکێشین و کەوڵی دەکەیـن، بـیکە بە خـاتر حوسـێن و منـاڵە وردیلەکـانی لە بەڵای ئەو بێدینانە بنپارێزە!».

عەلی لەپێش سوپای لایەنگرانییەوە ـ کە ئامادەی چوونە جەنگـن ـ دۆعـا دەکـا: «ئەگەر ئـێمەت بەسـەر دوژمناندا زاڵ کرد، دەدڵمان نـێ کە لە خۆبـایی نەبـین و زوڵـم لە ژێرکەوتـوو نەکەیـن. ئەگەر دەرۆسـتی دوژمنیش نەهاتین و ئێمە شکاین، بە شەهیدمان لە قەڵەم دە!». حوسێن کە بۆ ڕەزای خودا، بۆ پارێزگـاری لە مافی ڕەوای بێچارە و نزاران، بـۆ بـووژانەوەی ڕێ و شـوێنی ڕاسـتەقینەی ئیسـلامەتی دەگـژ زۆرداران ڕادەچێ و گیانی خۆی و خزم و کەس و خاو و خێزانی بەخـت ئەکـا، لە دوادەمـا، لەکـاتی ئاویلکەدانـا، لاوێچێک لە خوێنی گەشی لەشی بەرەو حەوا دەپڕژێنێ و بە نزاوە خودای بانیسەر دەدوێنـێ: «خـودایە! من لە ڕێی تۆدا گیانی خۆم دا؛ بە هومێدم قبوڵی کەی.»

بەڵێ برای ڕۆشنبیرم! خوشکی زانام! ئەوانە چەند نموونەیەک بـوون لە دۆعـای ئیسـلامی پێشـین. نـزای ئەوان خشت و خاڵی ناهومێدی ڕادەماڵی؛ خەو خەوی وەخەبەر دێنا؛ دڵی سیسی پاراو دەکـرد؛ خەبـاتی بەرەو ئاواتی فێری بەرەی داماو دەکرد. نەک لەو توخمە ویردانە بوون کە ئێستا بۆمان دەنووسن: هەرکەس لەبـن لێـوانەوە ئەم چەنـد ڕەسـتەیە وەخـوێنێ، خـوا دەرەجەی چـل شــەهیدی وەک شــەهیدانی

بەدری پێ دەبەخشێ.

**بێینەوە سەر قەزا و قەدەر**

لێتان ڕوون بێ قەزا و قەدەر ـ وەک باوک و باپیر و ئێمە و کۆلکەمەلای لێ حاڵی بوون ـ هەر هیچ فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییە؛ پێچەوانەی فەرمانەکانی قورعانە. ئەگەر مانای قەزا و قەدەر وەک ئەمانە ئێژن وابێ، هەرچی لە ژیان بەسەرمان دێ، هەر کۆسپێکی دێتە بەرمان، بەرلەوە لە دایک ببین لە چارەنووسمان نووسرابێ و خۆمان بە بەرد و داردا دەین نەکرێ خۆمانی لێ لادەین، خوا پێغەمبەری بۆ ناردوون؟ بۆ پێی سپاردوون کە مەردم هانە بدەن چاکە بکا و لە خراپە بە پارێز بێت؟ بۆچە ئێژن گوناهـ بکەی خوا بە ئاگر داغت ئەکا و ئەگەر لە ڕاستەڕێ بڕۆی لەپاش مردن بێستان و باغت پێ ئەدا؟ ئەگەر خۆم لە دەستم نەیە ڕێبازی ڕاست هەڵبژێرم و قەزا و قەدەر خۆی بزانێ بۆ کوێ دەچم، ئیتر پەند و ئامۆژگاری و ترساندن و مزگێنی دانی بۆ چییە؟

ئەو تەرزە قەزا و قەدەرەی کە ئەمڕۆ دەمێشکی ئێمە خزێنراوە، ئەگەر سەرچاوەکەی وەدەین، دەمانباتە سەر ئەفسانەی ئایینی جوولەکەکان و چیرۆکەکانی کەونارای یۆنانیان و چلەکێشانی هیندوستان. خەلیفەکانی ئەمەوی بەهۆی مەلا کلکەکانیان خستوویانەتە کتێب و دەگەڵ دینە پاکەکەدا لێکیان داوە؛ ویستوویانە ژێردەستانیان وا نەزانن دەتوانن بە خەبات کردن لە چنگ زۆردار ڕزگار بن. قەزا و قەدەر کردوونی بە ژێرچەپۆکە و نابێ ببزوون. ئەشێ بە زەبوونی بژین. وردەوردە ئەو هزر و بیرە بێپیرە پەرەی سەند و لەناو کۆمەڵگای ئیسلاما تەشەنەی کرد. زۆر کەس لەو تەوەزەلانەی لەشی کارکردنیان نەبوو، ئەم بیری هەوسار بە دەستی قەزا و قەدەر سپاردنەیان کەیف گرتی بە ناوی دین، بە ناوی سۆفیگەریەتی، لە ناویاندا بڵاوەی کرد. گوتیان هەرچی بەسەرتان دێ سووچی گەردوونی چەپگەردە! کەسیش بە بیریدا نەهات کە پێغەمبەر فەرموویەتی: «قەدەریەکان، مەجووسی ئۆمەتی منن». کەس نەیگوت خودا فەرموویە: «ڕۆژێ کە هەرکەس هەر ئەوەی دێتە بەرچاو کە کردوویە».

قورعــان دەڵــێ: «هەمــوو گیانێــک بــارمتەی کــردەی خــۆیەتی». خــوا فەرمــوویە: «هەر گەلێــک، هەر کۆمەڵگایەک کە لەمەوبەر سەرنخون بوون، هەر بۆیە بوو خۆیان زوڵمیان لەخۆ دەکرد». خــوا فەرمــوویە: «پیاو هەرچی بۆی تێنەکۆشێ، گیری نایە». تەنانەت بە پێچەوانەی ماتریالیسمی دیالکتیــک و مارکســیزم کە لای وایە: پێشکەوتن و دواکەوتن و سیسی و گەشی کۆمەڵگایان بە ئاڵوگۆڕی ئابووری و هۆی بژیوی مەردمەوە بەستراوە و دەگەڵ گۆڕانی کەرستەی بژیودەر و بەرهەمهێنانی ئابووری بیر و باوەڕیش دەگۆڕێ و بیری نوێتر دێتە گۆڕێ، قورعان دەڵێ: «خوا لە هیچ گەلێک ناگۆڕێ تــا خۆیــان دڵیــان نەگــۆڕن.» واتــا گۆڕانی کۆمەڵگاش هەرکاری بە بڕوا و بیرە نەک ئابووری و ماکی ژیان.

ئێستا ئێمە لە شوێنێکین سێ ڕێگەی لێ دەبێــتەوە. ئــاخۆ بە کامیانــدا بــڕۆین؟ یەک ئەو قەزا و قەدەرەیە کە ئەمڕۆ لەناومان باوە و ئێمەی لێ تێگەیەنراوە. هەر وەک پێشوو ئەو ڕێ خۆشکراوە بگرین و هەتا دەمــرین دەستە و ئەژنۆ چاومان دەعاسمان ببڕین و دەس لە ڕەش و سپی نەدەین. لامان وابــێ هەرچــی بەســەرمان هاتووە و بەسەرمان دێ، زۆر لە مێژە لە چارەنووسمان نووسراوە و تەقەلامان خۆڕاییە.

یان بدەینە سەر شۆپی ئەو خوێندەوارە تازانەمان کە بە بوختان ناومان لێ ناون ڕۆشــنبیر. کاروبارمــان هەر ئەوە بێ بە ئاپۆرەی فریودراو بخەنین و بە کەللەی کۆنیان ناو بەرین و هەوڵــیش نەدەیــن هــۆی نەگبەتیــان نیشان دەین و بەرەو ڕووناکی سەریان خەین. کە من بەبیر و بڕوای خۆم ئەو دەستەیە چەپیــان دەبەر قەزا و قەدەر زەدەکاندا نییە. هەر دووک لا هیچ کارێک ناکەن کە بۆ کۆمەڵ بەهرەی هەبێ.

یان با دەینەوە سەر ڕێگەی ئیسلامە ڕاستەقینەکەی پێشینەکان و بڕوانین ئەوان چیان کرد، ئێمەش بــیکەین. ئاخۆ ئەوانیش وەک ئێمە هەر چوار پەلیان بە گوڵمێخی قەزا و قەدەر داکوترابوو؟ هێز و بڕستیان بڕابــوو؟ دامــابوون و تووشــی هەر دەردێــک دەهــاتن، خەتاکەیــان دەخســتە ســەر قەزا و قەدەر؟ ســەرباری بەڵا و

ئازاریش، سوپاسی عاسمانیان دەکرد؟ چونکە قەزا و بەڵای بۆ ناردبوون!

کەسێک هەر تۆزێک شارەزای ڕابردووی موسوڵمانانی بەرێ بێ، دەزانێ ئەوان چلۆن بوون. بڕوایان بە قەزا و قەدەر هەر بۆ چوونە مەیدانی جەنگ دەکار دێنا. دەیانگوت لەچی بترسین؟ خودا مەودای هەودای ژیانی هەموومانی داناوە کەی بپسێ و بمرین. هەتا وەختی خۆمان نەیە، هەودای ژینمان هەر لە دوو دێ و ئەگەر وەختی مردنیش هات ـ با لەناو قەڵای پتەویش خۆ وەشێرین ـ دەمانگاتێ. واتا هەر بۆ مەیدانی جەنگ، بۆ سڵ نەکردن لە دوژمن، قەزا و قەدەریان دەناسی. بەڵام وەکی دی لە ژیاندا بۆ لابردنی کەساسی، بۆ بەرانبەری زۆرداران، بۆ ڕزگاری و بەختەوەری لە دنیادا بە باهۆی خۆیان دەنازین. ئاگایان لە قورعان هەبوو؛ دەیانزانی تا خۆیان تەقەلا نەدەن، تێنەکۆشێن و کار نەکەن، قەزا و قەدەر هیچ کاریان بۆ ئەنجام نادا. نان دەبێ نان دەبێ لە زەوی دەرخەی؛ لە عاسمانەوە نابارێ. بەڵێ ئەم قەزا و قەدەرەی کە ئەمڕۆ لە ناومان باوە و چینی بەستەزمانی سادەی نەخوێندەوار تەواو بڕوای پێ هێناوە، زۆر لەدوای سەرەتای ئیسلام پەیدا بووە. لە چیرۆکی یۆنان و هیندۆکانەوە ڕاگوێزراوە و بۆ پێکهێنانی ئارەزووی فەرمانڕەوایانی لاسار دەناو کتێب ئاخنراوە و ڕەنگی ئیسلامی لێدراوە. دەستەڵاتداری خوانەناس ویستوویانە گەلی ژێردەست هەستی بەربەرەکانی کردنی لانەمێنێ. بۆ بێگار و سەرانەدان بەربار بێ و مل دابنوێنێ و قەرەبەختی و نالەباری کار و باری لە قەزا و قەدەر بزانێ و گلە نەکا. وردەوردە ئەو بڕوایە لە لایەن فەیلەسووفان و سۆفیانەوە وای پەرە ساند کە ناویان لێنا فەلسەفەی زانستی موسوڵمانەتی و کرا بە فێرگەی دینداری؛ هەرچەند کە قورعانی پیرۆز پێچەوانەی ئەم بیرەیە.

قورعان ئینسان بەرانبەر بە کردەوەی خۆی، لەخۆی لە کۆمەڵی دەوری بە لێپرساو دەزانێ. نەک هەر ئینسان خۆی بە تەنیا بگرە ئەندامی لەشیشی دەکەونە بەر پرسینەوە. «گوێ، چاو، دڵ، هەموو ئەوانە بەرپرسیارن».

سارتر دەربارەی پەیوەندی هەرخۆیی (وجوودی)و ڕەسەنایەتی مرۆ (اصالت

انسان) پێودانێکی وای داناوه که بەڕاستی بیری وا ژیرانه و پەسند هەرلەخۆی دەوەشێتەوه. بۆ مرۆ له کۆمەڵگادا کردەوەی چاک هەڵبژاردن یان خۆ به کاری ناپەسند هەڵپەساردن، ڕێ و شوێنێکی هێنده ڕۆشن نیشان دەدا که تا ئەمڕۆ هیچ فێرگەیێکی دنیایی نەیتوانیوه به قولەقاپەشی ڕابگات.
سارتر دەڵێ: بۆ گەشەدان به کۆمەڵگا یان بۆ کەنەفت کردنی، ئاکاری تاک له کۆمەڵدا، له باوەڕ به دیار و نەدیار، له گۆڕانی کەرستەی بەرهەمهێنان و بڵند بوونی پلەی ئابووری و کزبوونی، له هەموو یاسا و دەستووری به زۆر سەپاو کاریتره. ئەمجار دێته سەر شی کرنەوەی مەبەست و پێمان ئێژێ: تاک ئازاده. هەر کارێ خۆی گەرەکی بێ ئەوه دەکا. ئەمجار ئەو تاکه ئازاده ئەگەر دڵ و دەروونپاک بێ، ئاکاری چاک دەکار دەکا و بەهره به کۆمەڵگا دەدا.
ـ چۆن بتوانین ئەو ئاکار چاکی تۆ دەڵێی له ناپاکی جوێ کەینەوه؟
سارتر وەرام دەداتەوه: هەر بابایەک لەو کۆمەڵگا گوشادەدا که تێدایه چاری ناچار کارێکی ڕەچاو کردووه گوزەرانی پێوه دەکا. ئەو کابرایه زۆر به هاسانی دەتوانێ بەدی و باشی ئاکارەکەی بەر محەکی هەستی دەروونی خۆی بدا و بۆی دەرکەوێ. ئەگەر له دڵدا حەز بکا لەو کارەدا که ئەو دەیکا هەموو هاوپیشه و هاوکاران وەک ئەو بکەن و به لاسا کرنەوەکەیان کەیفی ساز بێ، دەردەکەوێ ئەو مرۆیه خاوەنی ئاکاری چاکه و قازانجی بۆ کۆمەڵ هەیه. دژیشی له دژەکەی بگره.بۆ نموونه: قەسابێکه ئێژێ گۆشت بەرخ دەفرۆشم؛ بەڵام له جیاتی گۆشت بەرخ، گۆشتی بزنی ڕەشۆکی و موو به کڕیارەکان دەفرۆشێ. حەز ناکا هیچ قەسابیتر پەی بەو گەندەڵ فێڵەی بەرن و چاو لەو بکەن. واتا ئەم حەز نەکردنه نیشانەیه که ئەو قەساوه خەراوه و بێئاکاره. بەڵام ئەگەر ئەو قەسابه به گۆشتی زۆر باش لەو نرخەی که شارەداری بۆی داناوه کەمێک هەرزانتر بفرۆشێ، حەز دەکا هەموو گۆشت فرۆشانی شار وەک ئەو بکەن. وەک ئەوەیه که دەیەوێ ڕێ و شوێنێک بۆ هەموان دانێ و ئەو ئارەزووه پاکه و چاکەی بکاته یاسایێک بۆ گەل. جا ئێستا بەو پێودانه دەتوانین بێژین هەرکەسێک کردەوەیەک ڕەچاو دەکا،

گەرەکە لێکی داتەوە کە ئاخۆ ئەم کردەوەیە ئەگەر لەناو ئـاپۆرە تەشـەنە بکـا، بە قـازانجی کۆمەڵگـایە یـان زیانە؟ ئەگەر ئەو تاکە تەنیایە و دەزانـێ کەس بە ناچـاری دەمەلاسـکەی ناکـاتەوە و لەخـۆی بەدەر کەس ئاوڕی وێ ناداتەوە، ناکرێ گازندەی لێ بکرێ؛ وا پکە وا مەکەی پێ‌نـاوێ. تـاک ئـازادە و بـا بە ئـازادی ڕایبوێرێ. تاکێکی وایش ـ خراپیش بێ ـ زیانی بۆ کۆمەڵ زۆر کەمە. بەڵام ئەگەر تەنیا هەر خۆی بۆ خۆی نییە و سەرۆکی حەشاماتێکە و دەزانـێ هەرچـی ئەو بیکـا، ئەوانـیش دەدەنە شـوێنی و لاسـای سـەرۆک دەکەنەوە، لە سەریەتی بۆ دۆزینەوەی کـاری خـۆی، بـۆ ئاکـاری لە کۆمەڵـدا تـا زۆر بە وردی و زانـایی سەروبەری پێک نەهێنێ، بڕیار نەدا. ئەم تۆژینەوە و بڕیارە لە فەلسەفەی هەرخۆییدا ناو نراوە: «دڵەتەپـێ»؛ چونکە ئەو تاکە دەزانێ هەرچی بیکـا بـۆ پەیـڕەوان دەبێـتە یاسـا و ڕێ و شـوێن و دەرس و فێـرگە، نـابێ ویژدانی ڕێ بدا کە جگە لەکاری چاکە و بەهرەدەر بۆ کۆمەڵگاکەی لێ ڕووبدا.

دەبڕوانن ئەم شیرینکاری سارترە دەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر چۆن تەواو وەک یەک دێنەوە کە فەرمـوویە: «هەریەک لە ئێوە شوانێکە و هەریەکەتان ئەرکی بەردەستانی خۆتان لەسەر شانە».

**چەند چەل و ملێکی دیکە**

وەک وتمان چارەنووسەکە لێمان کرا بە قڕنوو، گەنە و نووسەکە و چنگی لە گیانی زیندوومان گیر کـرد و هەر بەرمان نادا. چەند شتێکی‌تریش هەیە لە ئیسلامی ئەمڕۆی ئێمە بوونە قیلی کەواسپی و بە پشت ملیەوە نووساون؛ وەکوو زوهد و قەناعەت و سەبر و تەوەکول و چەندی‌تریش؛ کە دەپێشـوودا بـاش بـوون و لە دواییدا لە شوێن خۆیان ترازاون. ئەمانە لە سەرەتادا لەناو ئیسـلامە ڕاسـتەکان ڕێشـاندەری بەرزی گیـانی ئادەمی بوون و بەرەو خودایان سەر دەخست؛ کەچی ئێستا وا لە مانا سەرەکیەکە هەڵتەکاون و تێکدراون و لێکـدراون کە هەریەکەی بـۆتە سـەرمایەی بەدبەختـی و هێـز و پێـز لە پیـاو دەسـتێنێ و بەرەو

تەنبەڵی و بێکاری دەیڕەتێنێ.

بەڵێ ئەم ڕستە و وشانە ـ کە ئەمڕۆ لەناو ئێمەدا بناغەی چارەڕەشین و بوونە ئامیانی بێبەشی ـ لە ڕۆژگاری سەرەتای ئیسلامەتیدا ـ وەک قورعان و پێغەمبەر باسیان کردووە و وەک خەباتکەرانی ئیسلام حاڵی ببوون ـ دەگەڵ ئەو مانای ئێستاکە دەگوێی ئێمە ئاخنراون، نێوانیان عەرز و عاسمانە.

بەداخەوە ئەو کەسانەی کە خۆیان لێمان گۆڕیوە و بە پێشەوای دینی خۆمانیان دەزانین، لە ڕاستیشدا بوونە ئەو ئەلخەنناسانەی بە ئاشکرا و بە نهێنی دڵان دەخەنە وەسوەسە و جادووگەرن؛ گرێ لە تاڵی ژین دەدەن؛ بە دەم و دڵ فوو لە گرێی ئاگری دین‌سووتێن دەکەن. ئەو چەند ناوە جوانانەیان کە بۆ واتای پڕ لە بایەخ داندرابوون، لە ناوەرۆک تەکاندووە. بە ئارەزووی دڵی ڕەشیان خشت و خاڵ و پەڕۆ و پاڵیان تێ ئاخنیوە. بڕوای ڕاستی ئیسلامەتی ـ کە سەرمایەی گەشانەوەی ژیان و گیانە ـ کردوویانەتە هۆی مەرگ و بە کەساسی و دیلی ژیان. بەرگی جوان و دڵ پەسندی ئیسلامەتیان بەرەو ئاوەژوو پۆشیوە و تێکۆشیون هێندە دزێو بێتە بەرچاو کە زەندەقی خەڵکی بەرێ و هەموو کەس لەبەری هەڵێ.

دینەکانی دیکەی دنیاش وەنەبێ وەک خۆیان مابن و دەسکاریان تێدا نەکرابێ، بەڵام ئەوان هەر ئەوەندە دەستیان لە دینەکە داوە کە زۆر بە هێدی و هێمنی لەبیر خەڵکیان بردۆتەوە و لەباتی دین بە ماندوو بوون بۆ دنیا خافڵاندوویانن. کەچی ـ بە ناشکوری ناڵێم ـ فێڵباز و دەسبڕانی مە دینەکەیان بۆ بەهرەی دنیاکەی خۆیان چەرخ داوە. ئەم فێڵەش لەناو شیعەدا بەتایبەتی لە مەزەبەکانی ناشیعە! پتر برەوی ساندووە. با بزانین چۆن؟ لە بڕوای شیعەگەریدا وێڕای بڕوا بە عەداڵەت و ئیمامەت، هانابردن، تکاکردن، پارێزگاری، تۆبە، مشت و ماڵی گیاندان (تزکیەی نفس)، شوێنەونکە کردن کە ناومان لێناوە تەقیە، بە دەربەستە خۆ بە مەلایەک سپاردن واتا: تەقلیدیش هەن کە ئەوانە زۆر هاسانە پیاوی

فێڵباز بە هەوای خۆی چەرخیان بدا و بەکەیفی خۆی بامان بدا و ڕامان بدا و گوردی خۆی لە نەزان بگرێ. کە گرتیشیان هەر جار کەسێک یان کەسانێک ویستوویانە هۆی بەدبەختی بدۆزنەوە و بۆ بەربەرەکانێ کردنی دەس بەکار بن؛ دژایەتی و فەرق و فرووق لەناو کۆمەڵدا نەهێلن، ئەو بەناو گەورەی دینانە، بە ناوی تەقیە یان تەقلید یان پارێزگاری و قەناعەت و چی و چی دەستیان بە دەمدا گرتوون و نووکە و جووکەیان بڕیون.

لە لایەکی‌تریشەوە مێژووی شیعە زۆر ڕووداوی لێک جیای تێدا قەوماوە. ئیمامەکان هەر یەکەیان بەپێی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئەو ڕۆژگارەی تێدا ژیاون، ڕەوشتێکی سەربەخۆیان گرتۆتە بەر؛ کەم وایە وەکوو یەک بووبن و بە ئاکار وەکوو یەک چووبن.

بۆ نموونە: ئیمام حەسەن سوڵحێ دەکا؛ ئیمام حوسێن شۆڕشگێڕە. ئیمام سەجاد سەرگەرمی نوێژ و دۆعایە؛ ئیمام سادق دەرسێ بە فەقێیان دەڵێ. ئیمام مووسا لە زیندانی هاروونی گیرۆدە بووە و تازە لێی دەرنەکەوتووە؛ ئیمام ڕەزا بە ڕواڵەت بە جێ‌نشینی مەئموونێ ڕازی دەبێ. ئیمامەکانی دیکەمان خۆپارێزن. ڕاپەڕینی چەکدارانە و ڕامیارانەی بە ئاشکرا بە ڕەنجی بێوەر دەزانن و لایان وایە مایەی زیانن. واتا هەر یەک لە ئیمامان بەرانبەر بە زەمانی خۆی نەریت و ڕێ و شوێنێکی تایبەتی و سەربەخۆی هەڵبژاردووە؛ خۆی لە کاری ئیمامانی پێشتر لە خۆی هەڵبواردووە. لە سۆنگەی ئەم جیاوازیە لە ئاکاری ئیماماندا، ڕێگەی ئەو گزیکارانەی کە هەوساری بیر و بڕوای کۆمەڵی سادە و هەژاریان لە دەستایە و بەرەو قازانجی خۆیانی ڕادەکێشن، زۆر تەخت و خۆش و بێگرێ خۆ دەنوێنێ. دەیانکرا لە کام لاوە، لە چاولێکەری کام ئیمام پتر قازانج و سوود ئەبەن، پەیڕەوانیان بەرەو ئەولایە لێخوڕن. بۆ نموونە دەیانتوانی بڵێن: هیم و بنچینەی شیعەتی لە جێگای داد و ئیمامەت

خۆپارێزی و عیبادەتە. یان لەباتی شۆڕشی کەربەلای حوسێن، ئاشتیخوازی ئیمام حەسەنیان ڕانابا و بیر و بڕوای ئاپۆرەی نەخوێندەواریان بەلای حەسەندا ڕادابا. هەموو ساڵێک لە بیرەوەری ئەو ڕۆژەی حەسەن دەستی لە خەلیفەتی بەرداوە و بەو هۆیەوە نێوان ناخۆشی نەماوە، بەزم و ئاهەنگ بگیرابا و مەلایان لە سەر بەرزەکان باسی ئەو کارە چاکەیان بکردایە و بیان بردایەتە مێشکی گەل کە ئاشتی دەگەڵ دوژمن و پێکهاتن دەگەڵ زۆردار و چاوپۆشین لە کاروباری ناڕەوای دەستەڵاتداری نالەبار و خۆپارازتن لە کێشە و هەرا و کوشتار و ئاگرەسوورە لە خۆم دوورە ـ کە ئیمام حەسەن کردوویە و قازانجی خۆی تێدا دیوە ـ زۆر ڕەوشتێکی پیرۆزە و هەرکەس شیعەی بەڕاستی بێ، گەرەکە وەک ئەو ئیمامە نەرم و نیان خۆی لە کێشە بدزێتەوە. بۆچ وایان نەکرد؟ نازانم.

ڕێبەرەکانی دینیمان ئەگەرچی تەقیە و تەقلیدیان کردە شاڕەگی شیعەتی، بەڵام بەوەندە نەوەستاون و ڕایانگەیاند کە لەنگەری شیعایەتی بەندە بە عەداڵەت و ئیمامەتەوە. وەک دەشزانین لە عەلی ڕا ئیمامەتەکە دامەزرا. لەدوای عەلی حەسەن ئیمامی دووهەمە. حوسێن لە دوای عەلی و حەسەن بۆتە ئیمام. ماوەیەکی چەندین ساڵەش لە تەمەنی گوزەراوە تا لە کەربەلا شەهید بوو. زانایانی دینی ئێمە کە دەبوایە مێژووی سەرەتای ئیمامەت بگێڕنەوە بۆ سەر عەلی، یان هیچ نەبێ ڕۆژی ئاشت بوونەوەی حەسەن بکەن بە سەرەتای مێژووی شیعە یان تەنانەت ڕۆژگاری ژیانی حوسێن بەرلە چوونی بۆ کەربەلا بکەن بە ڕوانگەی مەزەب، هاتوون ڕۆژی عاشورایان کردۆتە سەرەتای مێژووی جێگەی شانازی شیعە. واتا بناغەی مەزەبمان بوو بە سێ شت: ئیمامەت و عەداڵەت و یادی عاشوورای کەربەلا. پیاو بە سەرچڵی بڕوانێ وادەزانێ کارێکی زۆر باش کراوە. مەزەبەکە زۆر لە پێشوو بە پێزتر و جێگیر بووە؛ چونکە جاران کە هەر لەسەر دوو پایەی داد و ئیمامەت دامەزرابوو، بە تێکەڵبوونی کەربەلا دوو

چوکڵە بۆتە سێ چوکڵە و بەرۆش لەسەر سێ کوچکە بێ، کەمتر دەبزوێ و دەلەرزێ.
بەڵام ئەگەر بە وردی لێی بتۆژینەوە، دەردەکەوێ کە فێڵبازان چۆن توانیویانە سەرکەون و چەند بە زیتـی و زانایانە توانیویانە ئەم هەرسێ ئاگردانانە بە یەکجاری سارد کەنەوە.ئەم سێ سـەرچاوە ڕۆشـنەی کە ژیـن و دین و خەبات و ڕاپەڕینیان لێ هەڵدەقوڵێ، شلوێ کەن و ڕەنگ و چێـژە و بەرامەکەی وا بگـۆڕن کە نەک هەر نەخوێندەواری سادە، بگرە بەرەی ڕۆشنبیری زانا و ژیریش  ـ کە ڕێـبەری دادپەروەر و ڕاپەڕینـی دژی زۆرداری و لاساری و خەڵک چەوساندنەوە و چینی هەژار پارازتنیان بە دڵ دەوێ و ئەو پەڕی ئارەزوویانە ـ لەو تێکەڵ بوونی سێ هیمە وەهایان سەر لێشێواوە کە مەزەبە سەرەکیەکە ناناسـنەوە و لایـان وایە بـووتە مایەی داکەوتن و مێشک تەزین و زەبوونی. ئۆبال بەستۆشم ڕاست دەکەن تێکیان داوە.
لە وەرگێڕان و تێکدانی دینەکەشدا زۆر کارامە و بەڕاپەڕ بوون. توانیویانە بە تێکڕایی ئیسلامەتی و بەتایبەتی شـیعەگەری وا سـەرەونخوون نیشـاندەن کە بەو ئەنـدازەی لەپێشـدا دنەدەر و وەکـارخەر و بەهـرەدار و دڵڕاکێشەری کۆمەڵ بوون، پتر بیکەنە گەپجاڕ و دژی کـار و مـایەی زەبـوونی کۆمەڵگـا و بـڕوا و بیـری ئیسلامەتی، قێزی خەڵک هەڵستێنێ و دنیا لێی بتەکێتەوە.

**چاوەنۆڕی**

یار لە دانشکەدەی ئابادان و چەند شـەو پێشـیش لە حوسـێنیەی ئیرشـادا لەو بـارەوە وتـارم دا و بەهـرە لە چاوەڕێ بوونی دەرچوونی ئیمام زەمانم شی کردەوە و تێم گەیاندن کە ئەم چاوەڕێ کردنە پێچەوانەی بیر و بڕوای ئەوانەیە کە لایان وایە بێ‌گومان ئـیمام ڕۆژێـک لە بەرپیـواری دەرەدچـێ و بەکـاری دنیـا ڕادەگـا.
پێچەوانەی خەیاڵی ئەو کەسانەشە کە دەڵێن ناگەڕێتەوە؛ چونکە هەردووک لا (چ بێ‌باوەڕ، چ بەبـاوەڕ) وا دەزانــــن ئەم چـــــاوەنۆڕی کــــردنە چــــاری ناچــــار سەردەکێشــــێ بــــۆ بێکــــاری و

تەوەزەلی.

زۆر لەوانەی کە باوەڕیان بەو گەڕانەوەی ئیمامی نەدیو هێناوە، لایان وایە کۆشش و هەوڵدانی پیاو بۆ لە تەنگانە ڕزگار بوون، بۆ بەرەو ئاسوودەیی چوون، ئاو لە ئاونگدا کوتانە. دەبێ ڕاوەستێ تا ئیمام خۆی دێ و کاری بۆ پێک دێنێ. کە بێگومان ئەم تەرزە بیر و باوڕە، گیان سیس دەکا و پیاو دەکاتە کۆلکەدارێک کە هەر بۆ سووتان دەست ئەدا.

تۆ دەستەوستان دانیشی و دەست لەبان دەست چاو ببڕیە ئاسۆی خەیاڵ و لات وابێ بۆ خۆت هیچت لەدەست نایە و بەتەما بی کەسێک ڕۆژێک پەیدا دەبێ و چیت گەرەکە ئەو بۆت دەکا، هەرگیز ناگەیتە مراد و بەو پەڕی هەناسەساردی و دەم لە پووشی دەژی و دەمری.

چاوەنۆڕی ئیمام کردن ـ بەراوەژووی بڕوای ئەم جۆرە کەسانە ـ نابێ مایەی داهێزان و تەنبەڵی بێ. دەبێ هۆی چوست و چالاکی و نەبەزین و پڕکاری بێ. بزانین چۆن؟

گەلێک، کۆمەڵێک، یان تاکێک کە دەبینێ دنیا پڕە لە زوڵم و کاری ناڕەوا، دەستەڵاتدارانی لاسار هەژاران دەکرووسێننەوە، بێچاران هەر لە ناڕەوا ئازار دەدەن، تاریکی زوڵم و زۆرداری دنیای کردۆتە شەوەزەنگ، بەڵام دیسان داوێنی هومێد بەرنادا و بڕوای وایە ئەو زوڵمە هەتا سەر نابێ و ڕۆژێک هەر دێ کە دنیا بە ئارەزووی ئەو بە ئارەزووی لێقەوماوانی ئاواڵی بوخلێتەوە. ڕووناکایی دادپەروەری و ڕەواکاری لە ئاسۆی نادیارەوە پەیدا ببێ و خوا ڕێبەرێک بۆ هەژاران بەڕێ بکا کە بتوانێ پێشیان کەوێ و بە گژ زۆردارياندا بکا و ڕزگار ببن. جا دەبێ بەو چاوەنۆڕی کردنە خۆسازدانی بۆ ئەو ڕۆژە ـ کە ڕێبەر دێ و بەگژ زاڵمیدا دەکا ـ لەبیر نەچێ؛ تەواو ئامادە و تەیار بێ؛ زۆر وشیار بێ لە تەنبەڵی و خەو بێزار بێ؛ ئەوەندە چوست و بەکار بێ کە لەژێر بەیداخی ئیمامدا ـ هەر کاتێ هات ـ خۆی بنوێنێ و بە شانازی بە سەربازێکی زۆر ئازا

وەربگیرێ و لە تێکدانی دەزگای زوڵم و لە دامەزرانی عەداڵەت لە سەرزەمین، وەک پاڵەی چاک، کەرخی دروێنەی دیاری بێ.

لە مێژوو دەخوێنینەوە کە لە ڕۆژگارانی پێشین لە زۆر شوێنان سەرەڕای خەڵکی ڕەمەکی، تەنانەت پیاوانی دینیش هەموو پاش نیوەڕۆی هەینی دەچوونە گرێوە و غار و تیرئەندازی و خۆیان فێری هەنگێوەیی و چاپکسواری دەکرد. گەمە و یاری لەسەر دراو، کە لە ئیسلامدا حەرامە، بۆ گرێوە غاری ئەسپ و تیرئەندازی ڕێ دراوە. زاناکانی موسوڵمانان، موسوڵمانیان دنە دەدان کە سوارچاک و ئەنگێوە بن. خۆشیان ـ وێڕای خەڵکی دیکە ـ توندوتۆڵ و بە گورد و گورجوگۆڵ دەکرد کە بتوانن لە بەرانبەر دوژمناندا دەستەوەکەری بکەن و لەش خاو و خلیسک نەبن.

ئەوساکە ئەگەر بیانگوتا چاوەنۆڕین ئیمامی زەمان پەیدابێ و پێشمان کەوێ و لەژێر سەرکردەیی ئەوا مەردانە خەبات بکەین و توخم و تۆوی زوڵم و زەلالەت نەهێڵین و هێندە عەداڵەت دامەزرێ کە گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە، دەمانگوت ڕێگەی تێ دەچێ کە بتوانن. بەڵام ئێستا بەرانبەر بەو ڕێبەرانەی کە دینداری لە تەنبەڵیدا دەبینن دەبێ چۆن بین؟

زۆر لەو ڕێبەرانەی دینی ـ با بە گورد و تاقەتیش بن ـ لایان وایە دەبێ خەڵک وا نەزانن هیچ تین و تابشتیان هەیە. با وا بزانن مام مەلا لەبەر کەمخۆری و کەم خەوتن و نوێژ و ڕۆژووی فرە و زۆری، ئەو هێز و گوردەی نەماوە لەڕێ ڕۆیشتن، لە سواری، لە ڕاپەڕین و داپەڕین بارتەقای هەرزەکاران بێت.

مەلام دیوە خەپە و قەڵەو، لاڕوومەتی دوو کولێرە چەور دەکا. لە ژەمێکیش بە دەئەستورکان خورێنە. مست لە ورچ بدا دەیخا. بەڵام کاتێ لە دەرگای ماڵ دەچێتە دەر، بە هەنگاوی ورد و بچووک، بە نرکە و

نـاڵە و نووکەنـووک، بەحـاڵ پـێ لە زەوی دەنـێ. دەبـێ دوو کەس دەس دەبـن هەنگڵـی بگـرن نەوەک سەرەنگرێ بەرێ! ئەگەر لە گوندێک بۆ گوندێک سەفەر بکا و سواری کەر بێ، دەبێ یەکێک لینگـی بەرز بکاتەوە و یەکێک پاڵ بە پاشڵیەوە نێ تا سەرکەوێ. ئەو خۆ بێهێز نیشـاندانەی نـاوی ویقـار و هەیبەتـی پیاوانی خودای لێ نراوە. جا چۆن پیاوی هێندە پارێزگار و دیندار وەکوو لاوێکی هەرزەکار خۆی هەڵداتە سەر پشتی ئەسپ و بارەبەر؟

ئەم تەرزە مفتەخۆرانە کە وەک زەروو لەسەر خوێنی مەردم ژیـاون و دەژیـن و دەیـانەوێ هەر پـاڵکەون و پارووبان بە دەمەوە کەن، ڕەنگی دین و چاوەنۆڕی هاتنی ئیمامی زەمانیان دەو تەوەزلیە هەڵسووە و پینەیان پێدا گرتووە. دەڵێن ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کە ڕۆژی خۆی ئیمامی نەدیار دێتەوە و هەر کارێکی هەمانە ئەو بۆمان دەکا و هەرچی ئارەزووی دڵمانە پێکی دێنێ. تا ئەویش تەشریف نەهێنێ هـیچ کارێـک لەدەس مە نایە. باش هەروایە ڕاوەستین و چاوەنۆڕ بین.

ئەم جۆرە فەرمایشانە کارێکی کردۆتە سەر گەل کە لای وایە نابێ بەگژ زۆرداری لاساردا بچێ. نابێ لەسەر ماڵی تاڵانکراوی خۆی هەرا بکا. با بە ژیانی تاڵ بساچێ و لەژێر چەپۆکی دوژمندا بتاڵێنێ و هومێـدی بە خۆشی نەبێ و تەنیا چاوی هەرلەوە بێ کە کەی ئیمامی نادیاری پەیدا دەبێ و دەفریای دێ.

نەخێر هەرکەس بڕوای وابێ کە دەبێ بە تەمای ئیمام دەستە و ئەژنۆ دابنیشێ و بە ژیانی حیـز و سـلامەت قنیات بکا و بەئاواتی چاوەنۆڕی ئیمامەوە هەموو ژینی بە نزا و گریان ببوورێ، هەڵەکارە و هیچی لە هیچ نەزانیوە.

سەرچاوەی ئەو چاوەنۆڕیە بڕوا بە ڕەوتی تاریخە و هومێدە بە دادپەروەری خودای مەزن. خوا فەرمـوویە:

«لە زەبـــــــــــــــــــــــووردا نووســـــــــــــــــــــــــــــــــــیومانە ئەم

زەمینە کەلەپوورە بۆ پیاوچاکان.» عەلی لەم بارەوە دەڵێ: «ئەگەر پتر لە یەک ڕۆژیش تەمەنی دنیا نەمابێ، خوا هێندەی مەودا دەداتێ کە ئەم ئاواتە بێتە جێ».

چاوەنۆڕی و هومێد بە ئایندەی خۆشتر، جگە لەوەی کە لە هەمـوو ئـاینە عاسـمانییەکاندا ـ بەتـایبەتی لە قورعاندا ـ باس کراوە، لەناو غەیرە دینانیشدا، لەناو دین دوژمنانیشدا، باوی هەبووە و باوی هەیە.

ماکپەرستانی کمۆنیست لایان وایە مێـژوو بـیەوێ و نەیەوێ ئەوە ڕەوتـی ڕۆژگـارە: چینـی چەوسـاوەی کرێکار سەرمایەدار لەناو دەبا و خۆی ئەبێتە فەرمانڕەوا لەسەر زەمین. بەڵام ئایـا هەر بە هومێـدی ئەو ڕۆژە هیچ کار ناکەن و چاوەنۆڕن بێ ماندوو بوون ئەم ئاواتەیان بێتە دی؟ نەخێر. دەزانن بەربەرەکانی و خەباتی بێپسانەوە و ڕەنجکێشانی خۆیان نەبێ هەرگیز بەو ئاواتە ناگەن.

**خوشکم! برام!**

وەک زانیمان چاوەنۆڕی بۆ دوارۆژێکی ڕووناکترە، هانەدەری چالاکیە. بەو مەرجە فێڵباز و دەسـبڕ تێکـی نەدەن. تەوەکول، حەج، قەناعەت و سەبریش لەو بابەتەن. حەج بـێجگە لە کۆبـوونەوەی موسـوڵمانان لە شوێنێکدا و ئاگاداری لە بەسەرهاتی یەکتری سێ پەندی زۆر پڕبایەخمان دەخاتە بیر: با زۆر لە تەنگانەشدا بین، دڵسارد و ناهومێـد نەبـین؛ دەس لە تەقەلا و کۆشـش و داواکـاریمان بەرنەدەیـن؛ چاومـان لە بەزەی خوداش بێ و لامان وابێ خودا کەسی بێکەسانە و فریاڕەسی بێدەسانە. هاتوچۆی هاجەر لەنێوان سـەفا و مەروا کە هەڵوەدا بوو لە شوێن ئاو، شەش جار ئەو ناوەی پشکنی، هیچی نەدی. دیسـان هەر ناهومێـد نەبوو؛ لە کۆشش وچانی نەدا. هەوساری چارەنووسی خۆی، ڕۆڵەی سـاوای بەجێهێشـتووی، بە بەزەی خوا سپاردبوو. کۆششی بێپسانەوە، هیوای بەهێز، ئەوسا تەوەکول بە خودا هەمـوو ئـاواتی پێکهێنـا و لە حەوتەمین هاتوچۆدا هەم ئاو، هەم ئاوەدانی پەیدا کرد.

عەلی لە گەرمەی شەڕیدا پەندی ڕۆڵەی خۆی دائەدا: «کێویش ببزوون، ئەتۆ مەبزوو! ددان بەسەر یەکدا بێنە! سەرت بە خودا بسپێرە! پێت لە زەوی بچەقێنە! چاو ببڕە ئەوپەڕی شەڕگە! هیچ بیر لەخۆت مەکەرەوە! سەرکەوتن لە خوا بزانە!».

لەم ئامۆژگاریەی عەلیدا کۆشش و سەبر و تەوەکول ـ وەک بۆ موسوڵمان پێویستە ـ خۆ دەنوێنن. تەوەکول مانای وا نییە تۆ هیچ مەکە و هەموو کارت بە خوا بسپێرە و پاڵدەوە. عارەبێک لەلای پێغەمبەر گوتی: من وشترەکەی خۆم بە تەمای خوا بەرهەڵدای بیابان دەکەم. فەرمووی نا. ئەژنۆی ببەستە و ئەوسا بە خودای بسپێرە!

سەبرەکەش ـ هەر وەک تەوەکول ـ لە واتا بە بەهرەکەی خۆی لادراوە. زۆر هەڵەین کە پێمان وابێ ئەگەر زوڵمیشمان لێ بکرێ، ئازادیمان لەناو ببرێ، مافی ڕەوای خواپێداومان بەرپێ بدرێ، لەسەرمانە سەبر بکەین؛ بۆ ڕزگاربوون هەوڵ نەدەین. خوا کە فەرمووی سەبرتان بێ، نیازی تەواو پێچەوانەی ئەم فکرەیە. قورعان دەڵێ: «ئەی ئەوانەی باوەڕیتان بە ئیسلامە! سەبرتان بێ و لە یەکتری جوێ مەبنەوە!». ئەم ئایەتە بۆ خەزاکەران هاتووە کە لە مەیدانا بچەقن و هاریکاری یەکتر بکەن. لە شوێنێکی‌تر فەرموویە: «ئەی پێغەمبەر! هانەی موسوڵمانان بدە با شەڕ بکەن. بیست لە ئێوەی خاوەن سەبر بەسەر دووسەتا زاڵ دەبن. سەت لە ئێوە هەزار لەوانە دەشکێنێ کە باوەڕیان بە خوا نییە؛ چونکە ئەوان دە هیچ ناگەن. ئێستا خودا کە دەزانێ سستیتان دەناو دەکەوێ، ئەرکی سەرشانتان سووک دەکا. ئەگەر سەتی پشوو لەسەر خۆتان هەبێ، بەسەر دووسەتا زاڵ دەبن. هەزاریشتان بەرەنگاری دووهەزار بن، بە ئیزنی خوا سەردەکەون. خوا دەگەڵ خاوەن سەبرانە».

ئەم ئامۆژگاری و فەرمانە خودا لە جەنگی بەدردا بۆ پێغەمبەری ناردووە. ئەو سەبرەی خودا ویستوویە واتا: لە شەڕ پێداگرتن، واتا بەرەنگاری کردن، واتا کەمیش ـ کە هەق‌خواز بێ ـ نابێ لەبەر زۆری ناڕەواخواز و خوانەناس دەست

دانەوێنێ و ببەزێ.

**قەناعەت**

لە مانای ئەم وشەیەشدا بە هەڵە چـووین؛ وا حـاڵی بـووین کە قەنـاعەت واتـا: نەداری و هەژاری. ئەگەر پێخۆرێک شک نابەی، ئەگەر دەستت بە نـانی گەنـم ڕاناگـا، بە نـانی وشـکی جـۆ و هەرزن بسـاچێنە و مەبۆڵێنە و کۆشش مەکە و ماندوو مەبە لە ڕێگای ژینی خۆشتردا و بە بەشی خودا ڕازی بە! ئەگەر دەبینـی زگ‌زلی پاروورفێنی مرۆخۆر دەتچەوسێنن، هەرچی هەتە لێت دەستێنن، نقەت نەیە! کاری خوایە و ئەشێ شوکرانەبژێر بی!

زۆربەی زۆرمان لامان وایە ئیمانداری ڕاست کەسـێکە بە پێـنج سـیر نـانی تـافتوونی و پەرداخێـک ئـاو، دەمەژەمی دەرباز بکا و ئەوپەڕی بەختەوەریشیان لەوەدایە نانێک دە شۆرباوێک بوکشن. پـاش تێرخـواردن دەبن لێفەکورسی خزێن؛ سوپاسیشیان لەبیر نەچێ. سوپاس بۆ خوا کە ڕۆزی و ددانی داوە. سـوپاس بـۆ ئەو ئاغایانەی کە لە سایەی ئەوانەوە پەنا و پێخۆری دەسکەوت.

ڕاستت دەوێ ئەو قەناعەت و سـاچانە تەواو ژیـانی سـەگانەیە و لێـی لا نـادات. هەسـتیارێکی لاوەکـی هەڵبەستەیەکی پاراوی لەو بارەوە هۆندۆتەوە کە ئەمە ماناکەیەتی:

شەوێکە تۆف و سەرما. سێ سەگ لە کۆختەیەکان. شەو چەلەی شەونشـینییەکە، گێـڕانەوەی بەسـەرهاتی ڕۆژانەیە:

**دەمەتەقەی سەگانە**

**ورچە:** چەند خۆشە خەوتن لە دەوەڵانێ

**گوررزە:** چزەی گۆشت بیستن لە ئاشپەزخانێ

**شێرە:** کوریژگەی ئاغا کلکت بکێشێ

بەناز بمرێنی یانێها دێشێ

**ورچە:** دەنگی کوچ‌کوچی کەیبانوو لە گوێم

خۆم لێ دەگۆڕێ، نازانم من کێم

**گورزە:** سەولەی کەپەکی لەسەر سێڵ برژاو

**شێرە:** بەرماوی میوان، نانی تێ گووشراو

**ورچە:** ئێسکم بۆ هەڵدەن، هەڵی قۆزمەوە

چەورایی بلکێ بەسەر پۆزمەوە

ڕاستی زۆر خۆشە ژیانی سەگانە

**گورزە:** ئاخ لەدەست قەمچی، چەندە بەژانە!

**شێرە:** ناشکوری مەکە! سپڵە باش نییە

سەولە و ئێسک و نان خۆ بەلاش نییە

جاروبارەیەک دار لێدانیش هەس

لەگەڵ هەنگوینا پێوەدانیش هەس

**ورچە:** ئای کە هەرجارێ لەپاش لێدانم

دەبەژن و باڵای ئاغام دەڕوانم

وەقرووسکەی من بەزەی دێتەوە

گش زامی لەشم دەبرژێتەوە

ئەگەر ئێمە ئەم گفتوگۆ سەگانەیە بە وردی لێک بدەینەوە و دەگەڵ ژینی نەمرنەژی هاووڵاتیانی خۆماندا لەبەر یەکتریان ڕاگرین، تێدەگەین ئەوەی پێی دەڵێن قەناعەت و بێ‌نیازی و سەبر و شوکرانەبژێری، دەگەڵ سەبر و لە ئێش و ئازاری قامچی و دڵخۆشی بە دەوەڵان و شانازی بە بەزەی ئاغا و بەرماو خواردنی سەگانە بەرانبەرن.

کۆمەڵناسە پسپۆڕەکانی لاوەکی لەو باوەڕەن ئەوەی ئێمە ناومان ناوە شارستانییەتی گەشەدار، وەکوو بەردە تراویلکە لە دوور وەکوو ئاو دەبرووسکێ؛ بەڵام تینوەتی ناشکێنێ. هەر کەسێکی تۆ دەیبینی ڕۆژ و شەوی لەبەر نییە، تێدەکۆشێ بەرهەم زۆر کا تا بتوانێ زۆر خەرج کا. بەرهەمی زۆر ـ کە ڕەنجی لە ڕێدا ئەدەی ـ بە چی ئەدەی؟ بە کەل‌وپەل و کەرستەی تازە داهاتووی پیشەسازانی هەندەران.

سەتا نەوەدی ئەو خەڵکە دەستیان بە دەمیان ڕاناگا. هەر ئەوەندە پێ ڕادەگەن پوول پەیدا کەن و بەختی کەن. هەرکەس ڕادیۆ دەکاتەوە یان تەلەفزیۆن دەبینێ یان لە ڕۆژنامە دەڕوانێ، سەر و بن و پوخت و پاراوی مەبەستان باسی شتی تازەداهاتووی سەمەر و دراو قووت‌دەری پیاوڕووتکەرە. دەچێ دەکڕێ. نەغدەکەی پێشەکی دەدا، ساڵ و دوو ساڵ لە قیست و سفتە دەرناچێ. هێشتا لە وامێک دەرنەچووە، شەشی‌تری هاتۆتە سەر. پەیداکردن لە ڕێی خەرج، خەرج کردن بۆ پەیدا بوون، هەودایەکە دوایی نایە و بنەتاکەی لە بەردی گۆڕیچە بەندە. بە دەردی گای کۆلوبیر چوون. لەهەر کوێوە دەس‌پێدەکەن تا ئێوارە هەر لەو شوێنەن. ماندووبوونەکەشیان سەربار.

کتێبە هێژاکەی سارتر لەژێر ناوی ڕەشانەوە لە داستانی سزیفدا ئەم ژینە دەخاتە بەرچاو: «زئوس خودای خوداکانی یۆنان لە خێوێک بەناوی «سزیف» ڕقی هەستا؛ بێگارێکی بۆ بڕیەوە. سزێف دەبوو هەموو ڕۆژێ بەرەبەیان، گابەردێک لەسەرشان دانێ، لە کێوێکی بەرزی سەرخا، تا ئێوارە بە نیخەنیخ گابەردی دەبردە سەر کێو. هەر دایدەنا گاشەی لێ خلۆر دەبۆوە و دەهاتەوە شوێنی دوێنێ. دیسان دەبوو بیباتەوە سەر ترۆپک و دیسان لێی گلۆر بێتەوە هەتا... هەتا».

ئەو کەسەی بە قەرز و قۆڵە خۆی ساز دەکا، واتا تەمەنی ئایندەی دەگرەو دەنێ. بۆچی دەبێ پیاو تەمەنی هێشتا نەهاتووی بفرۆشێ؟ فرۆشتوویە چی کڕیوە؟

ئەو شتانەی سەرمایەداری دنیاخۆر بۆ گیرفان داتەکاندنی حەشاماتی

بەستەزمانی ئەرکدەری خاکەسەری بە خۆنەزانیان ساز داوە، بە شاتوشوت و چاپ و گوپ وایان لەبەرچاو ڕەنگاندوون کە بێچارە لایان وایە تا ئەو شتانەیان نەبێ نابن بە ماڵ؛ نابن بە پیاوی نەجیمی شارستانی. کەچی ئەگەر باش بڕوانی لە سەد یەکیان لەوانە نین پەکیان لەسەری کەوتبێ و نەیانبێ نەتوانن بژین. زۆربەیان ئەو کەلوپەلەن کە ناویان لێناون لۆکس و تەنیا دیمەن و دیکۆرن. هەر بەینابەینێکی کەمیش ئەمانە لە داب دەکەون؛ ئەشێ سەرلەنوێ بیگۆڕن. تازە هات کۆنە خەڵاتن! ئەم لۆکسبازی و گۆڕینە، پووڵ و پارەی زۆری دەوێ. کابرا ناچارە وێکەوێ، لێرولەوێ خۆی دەگرەوی شیرکەت و سوتخۆران بنێ. سوتیش بە دەردی دەبەگلوو، هەتا دێ هەر زۆرتر دەبێ. ئیتر تا بەخۆی دەزانێ لە سونگەی خەرجی بێهوودە، بووەتە کۆیلەی ئاڵقەبەگوێ.

پێشوو کۆیلەیان دەفرۆشتن. ئەوانەی بەدیل دەگیران لە بازاڕان دەفرۆشران؛ دەبوونە ماڵی کڕیاران. کاریان دەکرد بەرهەمی کار بۆ ئاغا بوو. ئاغاش نان و ئەنوا و دەرمان و بەرگی لەسەر بوو کە بیانداتێ.

ئێستا دڵمان بەوە خۆشە کۆیلەفرۆشی نەماوە و هەموو کەس وەک یەک ئازادە و بەو ئازادبوونە دڵشادین. کەچی ئەگەر هەروا تۆزێک بیر لە خۆمان بکەینەوە، دەزانین ئێمە لەو کۆیلەی پێشوو هەبوون کلۆڵترین. کار دەکەین و ڕەنجەکەمان دەچێتە گیرفانی ئاغا و کەسیش ئاوڕمان وێ نادا مایەی ژیانمان دابین کا. ئەگەر کۆیلەکانی بەرێ بە زۆرداری دەخرانە سارد و سەوداوە و لە ناچاری ملیان دەدا، ئێمە هەر بەخۆشی خۆمان خۆ دەفرۆشین! بە پاڕانەوە و تکاکار تێدەکۆشین خاوەن شرکەت بمانکڕن! نرخەکەمان بڕکەبڕکە و بە سووتەوە لێ وەستێنین. ئێمەش لەژێر باری وامیان بچەمین و ماندوو بین و هەموو ڕۆژیش تازە داهاتوویێکی لە نوێ گزوفتی چاومان بدا. لەجیاتی سووکبوونی بارمان دەقات کارمان لێ زیاد ببێ و بە دەردی سزێفەکە چین کە سارتر بۆمان باس دەکا، هەر سەروکەوین و داکەوین. ئایندە و تەمەن فرۆشتن

ئازادی بیر و باوەڕیش لەناو دەبا. ئەو کەسەی لەڕای دیمەنـی زەرق و بەرقـی سـواغی خـانووی، لەپێنـاو شیوی ناو قوتووی ـ بە گفتی خۆی نەجیمانە ـ کەوتۆتە ژێر باری قەرز و بە هـیچ تەرزێ ڕزگـار نـابێ، چ خوا بەرداره لای وابێ ئازادی لە دەست نەداوە. ئەو بابایەی کە شەو و ڕۆژی بۆ نییە و نازانێ سانەوە چییە و هۆش و گۆشی بە دەربەستە دەبەردەستی ورگی ناوە و لەبەر سفتە ئیمزاکردن پێ ڕاناگا سەر بـوخرێنێ، کوا هەلی ئەوەی دەمێنێ ئاوڕ وەسەر دڵ و دەروون بداتەوە و پلە و پیاوەتی خۆی وەک مرۆ بەسەر کاتەوە. بە گفتی برادەر «جەلال» ئەو کەسانە لە پیاوەتی داتەکاون و ئامپای ئاژەڵی خەساون.

جـا ئەو جـۆرە خۆفرۆشـانە بە دنیـا، لە سـۆنگەی گەنـدەخۆریەوە ـ کە هەرچـی بەردەسـتیان کەوێ دە ورگەبۆری داخنن ـ زۆر پـێ نـاچێ دەبـنە مالۆسـی دابەسـتە: ملێکـی قـوڵە و ئەسـتوور و لـووت وەک چەوەندەری سـوور و چەنەکـورت و بەرچـێڵە بە گـنج و شـۆڕ و تووکەپێشەسـەرووەریوی ورگ و پاشـڵ دەرپەڕیـوی گەد و گیپـاڵی شـل و ول، هەمیشـە پشووسـوار و فـل. تـل دەدەن، گەلاوگەڵ دەڕۆن. لە جووڵانەوە دەوەستن؛ بە نەوسی خۆیان ناوەستن. هەر هێندە دەزانن بخۆن؛ تا دەتوانن چاوچنۆک بـن. بە فێڵ بە تەڵەکەبازی، بە مەرایی و خوازەڵـۆکی پەیـدا کەن و لە زگبـازی و لە تـۆلازی بەخـت کەن و هـیچ وەختێک چاویان تێر نابێ. ئەمانە گەر ڕاستت دەوێ بەدبەختی دنیا و قیامەتن.

جا لێرەدا قەناعەتی ئیسلامەتی ئەو قەنـاعەتەی قورعـان و خـودای قورعـان فەرموویـانە ـ نەک ئەوەی بە ئێمەیان گوت ـ دەردەکەوێ چەند هێژایە.

ئیسلام دەڵێ: تۆ بەو بەشەی خودا دەتداتێ ڕازی بە. چاوت لە ئەم و ئەو نەبێ. چاولێکەری و چاوچنۆکی و ئێرەیی بە خەڵک بردن لە مێشک و هۆشت دەراوێ. نەیفەرموو دەبێ نەدار بیت. دەڵـێ دارا یـان هەژار بیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــت،

پێ بەقەد بەڕەی خۆت ڕابکێشە. خۆت خێوی پیاوەتی خۆت بە. هەوساری خۆت مەدە دەستی ئارەزووی نەوسی چنۆکت. تۆ بە ئازادی خوڵقاوی؛ خۆت بە ورگی هەڵمساو و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ مەفرۆشە. بە پێی توانا بخۆ! بنۆشە! بپۆشە! بە هەژارانیش ببەخشە! ئەندازەش دەبەرچاو گرە! خودا لە زمان لوقمانەوە بە پێغەمبەری فەرمووە: «دەستەکانت مەکە بە تۆقی گەردنت! تەواویش پانیان مەکەوە، بکەویە بەر تیر و تانە و بە خەمانەوە دامێنی.» واتا نە ڕژد و چرووک بە لۆمەت بکەن؛ نە ئەوەندە دەسبڵاو بە بتخاتە سەر ساجی عەلی و چیت نەمێنێ.

خوا فەرموویە وەکوو خوا بەشی تۆی داوە تۆش بەشی خەڵکی لێ بدە! بەشی خۆشت لە دنیادا لەبیر مەکە! واتا هەر وەک ژینی خۆشی خۆت لەبیرە، کۆمەڵگاکەشت لەبیربێ! هەر وەک قازانجی خۆت دەوێ، قازانجی خەڵکیشت بوێ! هەروەک ناتەوێ فێڵبازان دەستت ببڕن، لە دەسبڕینی بێنازان تێمەکۆشە! بە شوکرانەی ئەو هێزەی خودا داویە پێت، بۆ بەهێزبوونی لاوازان خەبات بکە! ئیسلامەتی دوو ڕێگەی بۆ دیاری کردووین ئەگەر بێتوو بەریان نەدەین بەختەوەری دنیا و دینمانی تێدایە. یەکەم: دەڵێ هێندە زێڕ و نەغدینە وەسەریەک مەنێ و مەیشێرەوە کە هەر بە پاس لێکردن و بژاردنییەوە خەریک بی و بیر لە چیتر نەکەیتەوە. دووهەمینیش لە چاونەزێری و چنۆکی و خوازەڵۆکی بتەکیەوە. چونکە چنۆک و خوازەڵۆک چاری ناچار بۆ نامەردان مل شۆڕ دەکا و سەر بۆ پیاوی خۆڕی و تۆڕی دەچەمێنێ و پیاوەتی و قەدر و حورمەتی بۆ نامێنێ و بە کورتی خۆی دەدۆڕێنێ.

ئەم قەناعەتەی ئیسلامی ڕاستەقینە، ئەمڕۆش لەکن ڕۆشنبیرانی جیهانی شارستانییەتی گەشەدار زۆر پەسندە. ئەم جۆرە قەناعەتەیان ناو ناوە سۆفیەتی شۆڕشگێرانە (زُهد انقلابی)! ئامۆژگاری مرۆ دەکەن کە ناشـــــــــــــــێ بـــــــــــــــــــۆ زێـــــــــــــــــــــدەخەرجی و

لووکس‌بازی و زگ زل‌کردن خۆت و دوارۆژت بفرۆشـی و ئـاوڕووت لە ڕێـی پـارە و پـارووودا بڕێـژی و پیاوەتی و ئازادی ژیانت لەکیس بدەی.

بەڵێ برام! ئیسلامیش هەر ئەوەی دەویست کە ئەمڕۆش لەلای زانایـان زۆر بەنـرخە. بەداخەوە فێڵبـازان و بەڕواڵەت زانای نەزانمان واتای قەناعەتیان گۆڕی. گوتیان قەناعەت ئەمەسـە بێنـان و بەرگ و بـێپێڵاو بژی و شوکرانەبژێر بی! تەنانەت هەر قەناعەتیان بە هەژاری و بێ‌ئەنوایی مانا دەکرد. لایان وابوو هەرکەس ڕووت و برسی نەبـێ، خـوا ناناسـێ. پـرودون و مـارکس، هەقیـان بـوو کە ئەم زڕە قەنـاعەتە نـاو بنێن: بێدەرەتانی فەلسەفە و فەلسەفەی بێدەرەتانی.

بەڵێ ئەو هەڵەکارانەی بە خاپاندن خۆیان کردە ڕێشاندەرمان و لەسەرمان بوونە کەیخـودا، هەر بەوەنـدەوە نەوێستان کە برسیەتی و نەداریمان لێ بکەن بە بناغەی ئیمان؛ گوتیان هەرکەس دوور لە خۆمـان، لە دنیـا خۆشی ببینێ، لە بەزەی خودا بێبەشە!

بۆ قەناعەتی ئیسلامی سەرەتایی، ڕووداوێکتان بۆ باس دەکەم: لە ڕۆژگـاری خەلیفـایەتی عەلیـدا، عاسـم ناوێک کوڕی زیادی حارسی ببوو بە گۆشەنشین و دەستی لە دنیا بەردابوو. کسپ و کارێکی نەدەکرد هەر خەریکی نوێژ دابەستن و دۆعا بوو. عەلی ڕۆژێک بە تـووڕەیەوە تێـی‌خـوڕی: تـۆ شـەیتان فریـوی داوی کراوی بە دوژمنی خۆت! تۆق و کۆتی لە ملی ژن و منداڵتدا. ئەگەر بەزەت هیچ بە خۆتا نایەتەوە، بەزەت بە منداڵتدا بـێ! بـڕۆ ڕەنـج بـدە! پەیـدا کە! تـۆ چـۆن ئەوەی خـودای گەورە ڕەوای دیـوە، لەدەم خـۆتی دەگریەوە؟ مام عاسمی سەرسۆفیلکە کە بە خەیاڵ وایـدەزانی موسـوڵمانی ڕاسـت ئەوەیە وەک ڕەبەنـانی خاچپەرست گۆشەگیر بێ و هەرگیز دنیای لەبیر نەبێ، لە وەرامی عەلی دەڵێ: تـۆ بـۆچی باسـی خـۆت ناکەی؟ جلک و بەرگت کـۆنە و زورە؛ خۆراکـت هەژارانەیە. وا منیش چـاو لەتـۆ دەکەم! عەلـی زۆر بە ڕق‌هەستاوی بەر دەبێتە سەر و گوێلاکی مام عاسم؛ پێی دەڵێ: هەی نەفامی گێژ! من بۆ وەک تۆم؟ ئەگەر دەبەر نـــــــــاکەم، نـــــــــــــاخۆم،

من فەرمانڕەوای ئەو خەڵکەم. دەمەوێ دەردی هەژاران هەست پێ بکەم؛ بزانم برسی و ڕووت چۆنن، بە دەرد و مەرگیان ڕابگەم. ئەگینا من نە تەنبەڵم، نە لە کار خۆم دەدزمەوە، نە لام وایە تێری و تەسەلی و پۆشتە بوون پێچەوانەی دینەکەمە.

**براکەم! کەس و کارەکەم!**

ئەو خودایەی من دەیناسم بەرتیل ناخوا. کاری بە تکاکار و کوێخا و گزیر و کاردار و باجگر و باجئەستێن نییە. نە بە دیاری بۆ پیر بردن نەرم ئەوێ و نە ئەگەر تکاکار نەوێ، ڕێگەت نادا. تۆش و پیرت لەلای خودا وەکوو یەکن؛ وەکوو یەک دەنگتان دەیگاتێ. خواماڵی خۆی بە ماڵی خەڵک ناو دەبا: «هەوەڵ ماڵێکە بۆ مەردم دامەزراوە».

خودا یاری ئەوانەیە کە یاریدەی چینی بێدەستەڵات دەدەن؛ لەسەر هەژاران دێنە جواو؛ دەگژ زۆرداران ڕادەچن. پێغەمبەری ڕادەسپێرێ خوار و بێبار و بەدکاران بە دمە شمشێر ڕاست کاتەوە. بە دەردی ڕۆدنسۆن دەڵێ: پێغەمبەری بەچەکەوە! جا ئەگەر ئەو فەلەزلە بە تانەوە ئەمە دەڵێ، من شانازی پێوە دەکەم. چونکە پێغەمبەری ئیسلام وەک مەسیحی کاتۆلیکی ڕۆمی نییە بەینی کۆڵەدار و کۆیلە، زۆردار و ناهەقی لێکراو، داگیرکەرانی ڕۆمانی و زێد لێ داگیرکراوانی فەلەستینی نەکا و بێژێ: گەرەک گشتیان یەکتریان خۆشبوێ. ماڵی قەیسەر بۆ قەیسەر و ماڵی خودا بۆ خودایە. کەس نابێ وە کەس بکەوێ. هەرکەسێ ئازارت ئەدا دۆعای بەخێری بۆ بکە تا سەرەنجام کاری دەگاتە ڕادەیەک دوو جەندرمەی ڕۆمی بێن و دڕکەزی دەسەر بپێچن و ڕەپێچی کەن بۆ پای سێدارەی داگیرکار.

پێغەمبەری موسوڵمانان دەسەر دوژمنیەوە ناچێ؛ سزای غەیان دەداتەوە. لەسەر غەدرێک، جوولەکەی بەنووقورەیزەی قەڵاچۆ کرد. پێنجسەت کەسی سەر

بڕین و لاشەکانی هەڵداشتە ناو کەندالّەوە. وا ئێستاکێ کە ئەو شیرە لە کالاندا ژەنگاوی بوو، دوژمنانمـان ئێمە بەو دەردە دەبەن و پێنسەدپێنسەد دەناو بودڕمان داوێژن.

ویل دۆرانت لە نووسراوێکیـا دەربـارەی پێغەمـبەر دەڵـێ: «هـیچ کەسـێک لە پێغەمـبەران پەیڕەوانـی بـۆ بەهێزبوون و ئـازایی وەک مـوحەمەد ڕانەهێنـا و هـیچ پێغەمبەرێـک جـگە لەو نەیتوانیـوە لەم مەبەسـتەدا سەرکەوێ».

پێغەمبەری موسوڵمانان بۆ ژیانی پڕ بەخـتەوەری و دادپەروەری لەسـەر زەمـین تێدەکۆشـا. کـاری زۆر و بەرهەمهێنانی ڕادەسپارد. لە ماڵی گڵیندا دەژیا و گوێی نەئەدا بە زەرق و بەرقـی بێهـوودە. هەمـوو ژیـانی تەرخانی خزمەت بە خەڵک و لابردنی بێئاکاری و زۆرداری بوو. پەیڕەوانی گوێ بە فەرمانی پێغەمـبەر ـ وەک مێژوو شایەتی دەدا ـ زۆربەی زۆریـان لە بەربەرەکـانێ زۆرداران نەوێسـتاون و گیـانی خۆیـان لەو ڕێگەیەدا بەخشیوە؛ کە عەلیش و ڕۆڵەی عەلیش لەوانە بوون.

**بەڵام قسە بۆ کێ دەکەی؟**

ئەو بەرەی لە ئایین تەرە لە ناوماندا ـ کە چینێکی خوێندەوارە ـ بۆ پەرەدانی بڕوای خۆی ڕۆژنـامەی هەس؛ گۆڤاری هەس؛ نووسەری باش؛ کتێب وەرگێڕی کارامە، خاوەنی زمانی پاراو، دیوانە شێعری چـاپکراو، چیرۆک و نومایشنامە و فیلم و سەتان لەو بابەتەی دەبەردەستا، لە پەستا هێـرش دەکەنە سـەر دیـنەکە. ئەم کەرستە دژەدین و ڕەنگینانە بە نرخێکی کەم و هەزاران لە بازاڕدا دەس دەکەوێ. کوڕ و کچمان بە هاسانی دەیخوێننەوە و هێدیهێدی لە مەزەب دەتەکێنەوە.

لەولایشەوە ئەوانەی خۆیان ناو نـاوە موسـوڵمانی خـاوەنئیمان، وەک مێشیشـیان میـوان نەبـێ وایە. هەر تەقەشیان لەسەر نایە. خەمی چیانە؟ هەزاران تەکیە و مزگەوت و بەرزەک و مینبەریان هەیە. چیان گەرەکە و چۆنیان دەوێ، کەرستە لەبەر دەستایە.

لەم ناوەدا کەسانێکی کە دەگەڵ مندا هاوبیرن، تێگیراون. نە ئەنوایە کە بیچنێ نە دەتوانن ئەوی لە دڵیاندایە دەری خەن. بێدەرەتان و سەرگەردان!

بە هەزار دەرد و مەخسەرە و چەرمەسەرە، سیپارەیەک، نامیلکەیەک لە چاپ بدەم. لە گش لاوە بەرتانە و شاڵاو دەکەوم و تاڵاوم بە دەمدا دەکەن. لاوان دەڵێن لەم ڕۆژگارە ـ کە لە چەرخی بیستەمین‌داین ـ دیسان باسی ئایین دەکەی؟ دیسان چیرۆکی ئەبووزەر؟! کۆنەکانیش تیژتر بە گژمدا دێن: چۆن ناوی پێغەمبەر نووسین سەڵواتی نەبێ ڕەوایە؟ کوا ئەو کەسەی سڵاوەتی تەواوی بۆ نەنووسیوە؟ تا وەبەر داری حەدی دەین!

ئێمەی کە بە خۆمان ئێژین ڕۆشنبیری خاوەن ئایین، ئەبێ چی بکەین؟ ئێمە بووینە دەنکە گەنم لەنێوان دوو بەرداشاندا قەتیس ماوین؛ هەر بزووینەوە هاڕاوین. نە هاوارمان بە کەس دەگا نە کەسیش دەهاوارمان دێ. هەر بنووسین، بنووسەکەمان دەشکێنن. هاوار بکەین، دەم و قوڕگمان دەدڕێنن. بچینە بەر هەر ئەنوایەک دەیڕووخێنن. عاسمان دوور و زەوی سەخت! چنجڕووکمان لەچی گیر کەین؟

**دایە! باوە! براکەم! هاووڵاتیەکەم!**

هەوڵدەن دەقورعان بگەن! تا تێبگەن کە ئەوەی ئێستە لاتانە و لاتان وایە ئیمانە بە خوا و بە قورعان، درووس نییە. عەلی ئامۆزای پێغەمبەر نە قارەمانی چیرۆکە نە بتیشە بۆ پەرستن. نایناسین و دەیپەرستین! عەلی موسوڵمانی ڕاست و خواپەرستێکی بێخەش بوو. دژی گەلخۆر و زاڵم بوو. بۆ ڕزگاری چینی چەوساو تێدەکۆشا.

جا بۆ ئەوە کە نەیاران پێتان نەڵێن شیعەگەری دەسکاری ئێرانییەکانە و دایان هێنا تا ئیسلامی پێ لابەرن، کارێک بکەن کە شیعەتی ـ بێزیاد و کەم ـ دەگەڵ مانای قورعانەکە بەرانبەر بێ. دەگەڵ پێشداچوونی دنیا گەشە بکا و لە هەموو دەور و زەمانێک بەهرەی بۆ

گەل و کۆمەڵ بێ. زانستی تازەبابەتی مایەی پێشکەوتن بخوێنن و منداڵەکانتان بۆ پیشە و هونەری باش و بەهرەدەر بۆ گەل ڕابێنن. لە دین و ئایینەکەشیان تێ بگەیەنن. کە مەبەستم لە دینەکە، فەرموودەی دەقی قورعانە؛ نەک هەر شیوەن و گریانە و لەخۆدانە و هیچی‌تر نا.
پیاوی چابن! تۆزێک لە خۆتان وریا بن! ژیرانە بیر بکەنەوە! ئەوەی ئێستا ئێمە لێرە ناومان ناوە خواپەرستی، فڕی بەسەر خواوە نییە؛ بۆیە تازەلاوەکانمان پێتان دەڵێن: کۆنەپەرستی بێکارە و گەمە و گاڵتەتان پێدەکەن. لاشتان وا نەبێ ئەوانەی هەر چوونکە چوونە ئورووپا و گەڕانەوە و بە خۆیان دەڵێن ڕۆشنبیر، ڕووناکبیرن. نەخێر، بەشی زۆر لەوانیش ـ وەک نەخوێندەوارەکانمان ـ چاوبەستە و کوێرانە دەژین. هەر ئەوەندەی لێ دەزانن دەمەلاسکەی ڕۆژاوایی بکەنەوە و خۆیان وەک ئەوان نیشان دەن. لە بابەت زانستیشەوە، هیچیان دەباراندا نییە. واتا ـ بە ناشکوری ناڵێم ـ نە کەونەکانمان بەکار دێن نە تازەکان. ئێمە فێرگەیەکمان دەوێ کە باری ئێستا بگۆڕێ. خوێندەوارمان زیتانەتر لە کۆمەڵگاکەی بنۆڕێ. هەم دینەکەی ـ وەک لە قورعاندا هاتووە ـ ئاگا لێ‌بێ، هەم لە زانست و هونەری خەڵکی دنیا خەبەردار بێ.
ئێمە دەبێ ئازاد بیرکرنەوە، ئازاد ژیان بخەینە مێشکی خەڵکەوە. کارێک بکەین لاوەکانمان وێڕای کاروانی شارستانییەتی گەشەداری ئەم زەمانە بخەینە ڕێ و نەشهێڵین دینە ڕاستەکەی ـ کە خوا و قورعان فەرموویانە ـ لەدەس بدەن. قورعانەکەش نەکەینە تەلیسمی دێوان؛ لامان وابێ هیچ کەسێک ناشێ بیزانێ.

**باوه! دایه!**

ئەم دنیایە ـ کە ئێوە لێی بێخەبەرن ـ زۆر گۆڕیاوە. دوژمنانمان زۆر بەهێزن. ئەگەر ئێمەش بەبیر و بڕوای تازەوە خۆ نەنوێنین بەرگەی لێشاوی ڕۆژاوای زانا و چاوچنۆک ناگرین.

با ڕاپەڕین. ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕ. بە خوێندن و بیری ئازاد، ئێمەش خۆمان وەک دوژمنەکان بەهێز کەین. تا هەل ماوە ئەو تۆزە دینە و ژینەمان ـ کە لاماوە ـ بپارێزین. ئەگینا هێندەی پێ ناچێ ئەوەی ئێستا ناومان ناوە دین و ئایین دەتوێتەوە و شوێنیشی کوێر دەبێتەوە. ئەوسا هەزار حەیف و پەکوو بە پوولێکە و پەشیمانی بەهرە نادا.